سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (٢) تەمموزی ٢٠٢٠

## لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە

### داهات، خەرجی، چاکسازی و ئایندەی ئابووری هەرێم لە دۆسێیەکدا



- سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە چوارچێوەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# ئایندەناسی


CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢) تەمموزی ٢٠٢٠

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



سەرنوسەر
د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژکاران
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org



سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و کاریگەرییان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا
...21-10



ئایندەی هێزە چەکدارەکانی ناو پەرلەمانی عێراق؛ بەدر و عەسایب
...35-22



گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان
...57-34




ئابووریی سیاسی، پووکانەوەی دامەزراوەکان و گەندەڵیی فەرمی؛ دۆسیێی عێراق
...129-116



چۆن خزمەتی بەژەوەندییەکانی ئەمەریکا بکرێت لە ڕێگەی پاراستنی ئابووریی کوردستانەوە
...137-130



بێکاریی شاراوە و بندیواریی مۆتەکەی چاکسازیی
...151-140




**سیناریۆکانی بەبازاڕکردنی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان**
...69-58






**پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە چوارچێوەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی**
...97-72





**هەڕەشەی هەژاری لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران**
...115-98





**یاسای چاکسازیی هەرێم ئاستەنگ و پێشهاتەکان**
...163-152






**خوێندنەوەی کتێبی "سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان"**
...169-166





**پێشبینی**
(التنبؤ - Prediction)
...171-170

سەروتار

# قەوارەی هەرێم

## لە هەڵێنجانێکی مێژووییەوە بەرەو گوتارێکی ئایندەساز



د. هەردی مەهدی میکە

ئەزموونەکانی نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و قەوارەی هەرێم، هەڕەشە ڕاستەقینەکانی سەری چین؟ ئەزموونەکان چۆن لەناوچوون؟ چۆن مێژوویەکی دیکەی هەڵوەشانەوە نەبێتە ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان؟

پێش هەر شتێک وەک بنەمایەک گرنگە تێبگەین لە کەشکۆڵی ئەدەبیاتی سیاسییدا، سیستمی سیاسیی(دەوڵەت) و حکومەتەکان هێڵی ڕوونی نێوانیان بۆ کێشراوە و جیاکراونەتەوە، ئەوە سەرەتایەکی سادەی سیاسەتکردن و چوارچێوەی ململانێکردنە، دەکرێت دژی حکومەت و گوتاری سیاسیی حاکم بیت و هەڵیوەشێنیتەوە، بەڵام ناکرێت دژی سیستمەکە بیت، ناکرێت ڕەتکەرەوەی سیستمێک بیت و لەناویشیدا ململانێی دیموکراسیانە ئەنجام بدەیت و ئامانجیشت لوتکەکەی بێت لە بنجیشدا دژی هەبوونی بیت! بۆ نمونە دەکرێت لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکا و دەوڵەتەکەیدا، داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی بکەیت، بەڵام ڕێگە نادرێت هەڵوەشێنەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەستوورکەی بیت، چونکە ئەمە دەبێتە یاخیبوونی ڕادیکاڵانە کە بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی کردووە و دەست لە ئیمتیازەکانیشی هەڵدەگریت یان ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدار کونجێکی پارتیزانانە یان سەنگەرێکی بەرەنگاربوونەوە هەڵدەبژێریت، کورت و پوخت لە سەرجەم وڵاتانی جێگیری سیاسییدا لەم دوو ئەگەرە زیاتر جێی نابێتەوە. بۆ هەرێمی کوردستانیش دەبێت ئەمە بنەما بێت و بیر لە کۆڕاییەک بۆ بونیادی جۆرە سیستمێکی سیاسیی قەوارەکە لە هەناوی بزوتنەوە مێژووییەکەیدا بکرێتەوە و بە دەستورێک ڕێک بخرێت، ئیتر گرنگ نییە ململانێی و هەڵوەشێنەرەوەی جۆری بەڕێوەبردن و کابینەکانی بەڕێوەبردنەکەشی بیت.

تا ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق بە تایبەت و گوتاریی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانی بە گشتی، هێشتا سەرکەوتوو نەبووە گوتارێکی نیشتمانی کۆگیر بەرهەمبهێنێت کە تیایدا مۆدێلێک و جۆرە سیستمێکی سیاسیی وەک بناغە و نەگۆڕێک بۆ چوارچێوەی هەر قەوارە و خەباتێک بێت، بەڵام لەبری ئەوە حاڵەتێکی مێژووکرد (نەک سیستمێکی بەهایی پابەندکەر) لە هەناوی هەمان بزوتنەوەی ڕزگارییخوازدا هاتووەدی کە کۆویژدان و شوناسێکی هاوبەش و نەیارناسییەکی وەک نەگۆڕ لای گوتارە باوەکان و تاکی نیشتمانپەروەر درووستکردووە و بووەتە بنەما و کولتووری سیاسیی لە جوڵانەوەکەدا، کە بریتییە لە ڕێزگرتن و پاراستنی قەوارە و بەهەدەرنەدانی توانا مرۆیی و مادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لادان لەم پرنسیپە باوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەرچوون بووە لە چوارچێوەی ئەو گوتارەی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانیی کوردستانی.

بەڵام لە واقیعدا چی دەبێتە هۆکاری ڕەچاونەکردنی ئەم بنەمایە و مەترسی سەر قەوارەکان، بە هەڵێنجانی مێژوویی نێو جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان گەر پێکەوە بیانبەستینەوە و وەک تەسبیحێک ئەزموونەکانیان وێنا بکەین و دیققەت لە هەڕەشە کوشندەکانی سەریان بکەین لە سێ هەڕەشە تێپەڕ نەبوون: ١.نەبوونی هاوشانیی و هاوبەشی ڕاستەقینە لە کار و ئامانجدا و بەشداری پێنەکردنی ئەوانی دیکە لە بڕیاری چارەنووسسازدا کە توانای ئەزمونەکەی لەتکردووە و ڕێگربووە لە گەیشتن سیستمێکی تۆکمەدا، ٢.گەندەڵیی و خۆرەی نێوخۆیی کە متمانەی جەماوەرەکەی لەدەست دەرهێناوە، ٣.تێنەگەیشتن لەوەی کە دۆزی هەرێمی کوردستان دۆزێکی هەرێمایەتییە و

بە دبلۆماسیەتیکی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمیی پاشان دۆخی نێودەوڵەتی، پاراستنی دێتەدی بەو مانایەی بزوتنەوەی کوردستانی ناتوانێت بەبێ دۆزینەوەی دەرچەیەکی هەرێمی و دانوستان و ڕازیکردنی یەکێک لە پایتەختەکانی دابەشکراو بەسەریدا(بەغدا، ئەنکەرە، تاران و شام) مانەوەی مسۆگەر بکات، مێژووی سیاسیی کورد دەریخستووە ناتوانرێت پارێزگاری لە ئەزموونێک بکرێت تەنانەت گەر پشتیوانی نێودەوڵەتیشت هەبێت بە بێ ڕەچاوکردنی دۆخی هەرێمایەتی، ڕەنگە خوێندنەوەی دەرئەنجامەکانی پرۆسەی ڕیفراندەم تەجەللاکەری ڕوونی ئەم فاکتە بێت. زۆرجار هەرسێک لەمانە یان لانیکەم دووانیان پێکەوە ئەزموونەکانیان لەنێو بردووە یان لاوازیان کردووە.

لە ئەزموونی نەهرییەوە بۆ جوڵانەوەی قەڵای چارێی سمکۆ، تا ئەزموونی ئۆتۆنۆمی ئازاری١٩٧٠ و دوا ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا، ریفرەندەم و ١٦ی ئۆکتۆبەری کەرکوک و مەترسییەکانی ئێستای سەر قەوارەی هەرێم، لەو سێ هۆکارەوە یان لانیکەم دووانیان پێکەوە هەڕەشەی ڕاستەقینە یان لەناوبەری ئەزموونەکان بوون. بۆیە بۆ ئایندەسازییەکی باش بۆ پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بیرکردنەوە و کار لەو هەڕەشانە ئەرکێکی هەنووکەییە. ئەمانە هەڕەشەی ڕاستەقینەی سەر هەرێمن.

قەوارەی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و تاقانە هەرێمی ناو دەوڵەتانی سازێنراوی ناوچەکەیە، پەیتا پەیتا چ لە نێوخۆ بەهۆی بەڕێوەبردنێکی نالەبار و ڕێکنەخستنی ململانێکان لە چوارچێوەی گووتارێکی سیاسیی حاکم کە سیستەمساز و تەواوکار بێت بە جۆرێک هەر سووکە پێکدادان یان ململانییەکی حزبی سەرجەم قەوارەکە لەبەردەم هەڕەشەی نغرۆبووندا قووت دەکاتەوە. چ هەڕەشە و پیلانی هەرێمایەتی کە نەریتی وڵاتانی دراوسێییە و کولتوورەکەیان ناناوەندێتی و دان بە غەیرە خۆیاندا نانێن، چ پشتتێکردنی نێودەوڵەتی و لاوازبوونی بەرژەوەندییەکانیان بێت. دواجار هیچ جیاوازییەک لە ئەنجامەکەیدا نییە و ئەوەی تیادەچێت و دەگەڕێتەوە خاڵی سفر، کیانەکە و بەهەدەردانی خۆبەختکردنی مرۆیی و تێچووی مادیی و مەعنەویانەیە کە دەبێتە ئایندەیەکی گریمانە بۆکراوی گەلێک و دەیکاتە "قەدەر"ی، لە کاتێکدا هیچ ڕێگا و دەرچەیەکی دیکە نییە بۆ خۆپارێزی لەو مێژووە دووبارەیە کە وەک ڕۆژی ڕوون یەکێکە لە سیناریۆکانی ڕووداوە ئایندەییەکان کە دەبنە فاکت وەک چۆن فاکتی ڕابردوویەکی نزیکن، تا لە دەرگەی سێ کۆڵەکەی ئایندەساز نەدەین:

١. یەکەم چاکسازیی ڕاستەقینە بۆ بەهێزکردنەوەی متمانە بە گوتاری پێویستیی مانەوەی قەوارەکە لای تاکی کوردستانی.

٢. هاوبەشیی(شەراکەت) ڕاستەقینە لە سیاسەتکردندا، بۆ کەمکردنەوەی درز و لەتنەکردنی تواناکان (چونکە لەم حاڵەتەشدا هێشتا توانای پێویستی بەرەنگاریی و یەخانگیرییەکانمان کەمە).

٣. بنیادنانی گفتوگۆ و دانوستانێکی ڕاستەقینە لەگەڵ بەغدا و عێراقدا، چونکە:

یەکەم، لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا سەلمێنراوە، کە دۆزی کورد دۆزێکی هەرێمایەتییە، بەر لەوەی نێودەوڵەتی بێت، بەو مانایەی گەر ڕای گشتی جیهانیش پشتیوانی دۆزەکە بێت، بەڵام وڵاتانی هەرێمایەتی دەتوانن لەباربەر و پووچکەرەوەی بەرخودان و قەوارەکانمان بن.

دووەم، هەنووکە هەرێمی کوردستان، تەنها هەرێمی دانپیانراوی دەستوورییە و هەر بەو دەستوورەی عێراقی نوێ بەم هەرێمە پێکهاتووە(پێچەوانەکەشی یانی هەڵوەشانەوەی عێراق)، دەکرێت بۆ دەرچوون لە هەژمونی ئەوانی دیکە و هەڕەشەی دراوسێ ناوەندگەراکانی وەک تورکیا و ئێران، لە دەرچەی بەغدادەوە تەوقی کۆکبوونی هەرێمایەتی تەبای دژە کوردستان بشکێنرێت و لەم ناجێگیرییە سیاسییە ناهەمووارەی ناوچەکەدا گوزەرێکی سیاسیی و ئایندەیەکی هێمنتر بکرێتە قەدەر نەک مێژوویەکی دوبارەی تاڵ.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا



پ.ی.د. ئومێد ڕەفیق فەتاح



**بەرایی**

گرنگیدان بە سەنتەری توێژینەوە، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ بوونی پێشکەوتنی بیرکردنەوەی ستراتیژی و ئایندەیی دەوڵەت و بڕیاری سیاسیی عەقڵانی، بەرامبەر بەو کێشە و گرفت و ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت یان هەر یەکەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی دەبێتەوە. گرنگیدان بە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە وەکوو بابەتێك بۆ گفتوگۆ و توێژینەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە تازە پێگەشتوون؛ لە ڕووی مێژووییەوە زۆر نزیکە، سەرەڕای ئەوەی سەرهەڵدان و گرنگیدان بەم سەنتەرانە بەتایبەت لە ئەمەریکا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر، بۆیە گرنگ نییە زۆر لەم باسەدا بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنیان، بەڵام گرنگە بزانین مەبەست لە سەنتەرەکانی توێژینەوە چییە.

لەبەر ئەوەی کێشە زۆرە لەسەر شوناسی ئەم سەنتەرانە لەبەر بوونی تێکەڵی لە ناو تەنانەت، کاری ئەم سەنتەرانە لەگەڵ هەندێك ناوەندی تر بۆ نموونە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە قازانجنەویستەکان،



بۆیە ڕەنگە لە کارکردن و ئامانج؛ لە یەکتری جیاواز بن. تەنانەت جیاوازیی نێوان سەنتەرەکانی بیرکردنەوە و سەنتەرەکانی توێژینەوە، بەتایبەتی ئەم جیاوازییە لە ئەمەریکا زۆر دیارە، ئەوەیە سەنتەرەکانی توێژینەوە زیاتر ئامانجی ئەکادیمین، زیاتر هەوڵی بێلایەنی (بێلایەنیی زانست) دەدەن، لە کاتێکدا سەنتەرەکانی بیرکردنەوە ئامانجی ستراتیژیی دوورمەودا و دیاریکراویان هەیە، کە دەیانەوێت کاریگەری لەسەر دروستکەری بڕیار دروست بکەن[١]. بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە سەنتەرەکانی بیرکردنەوە هەموو ئەو ڕێکخراو و دەستە و پەیمانگا و سەنتەرانە لەخۆ دەگرێت، کە توێژینەوەی چڕ و ورد ئەنجام دەدەن بۆ دۆزینەوە و پێشکەشکردنی چارەسەری کێشەکان و پڕکردنەوەی خواستەکان.

## یەکەم: ئاست و نەوەکانی گەشەکردنی سەنتەرەکان

دیارە ئەم سەنتەرانە بە شێوە و کاتی جیاواز گەشەیان کردووە، بۆیە "دۆناڵد ئیبلسۆن" بەپێی گەشەکردنیان دابەشیان دەکات بۆ چوار نەوە[٢]:

نەوەی یەکەم: ئەو نەوەیەیە کە دەیەوێت پانتاییەك لەنێوان خۆی و لەنێوان سیاسییەکانی ئەمەریکادا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بێلایەنی و سەربەخۆیی ئەکادیمیی خۆی بکات.

نەوەی دووەم: لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم گەشەی کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەمەریکا لەم جەنگەدا وەکوو هێزی براوە و بەسەرکەوتوویی لە جەنگەکەدا دێتە دەرەوە، بۆیە ئەمەریکا زیاتر بیر لە دروستکردن و پێویستیی توانا و ئەزموونی ئەم سەنتەرانە دەکاتەوە، بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی تازە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا. بۆ نموونە؛ لە ساڵی ١٩٤٨دا "دەزگای ڕاند" دروست دەبێت کە لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێت، ئەم دەزگایە کاری سەرەکیی ئەوە دەبێت کە پێشنیار و ئالنگارییەکان پێشکەش بە بڕیار دروستکەرانی سیاسی دەکات.

نەوەی سێیەم: بە پێچەوانەی نەوەی یەکەمەوە، کاری سەرەکییان ئەوەیە توانا و ئەزموونی خۆیان پێشکەش بە بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوە بکەن. لە نموونەی ئەم سەنتەرانە، "سەنتەری هێرتدج فاوندەیشن"ە لە ساڵی ١٩٧٣، هەروەها "پەیمانگای کاتۆ" لە ساڵی ١٩٧٧. بە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئەم سەنتەرانە، لە ئێستادا ئەم سەنتەرانە لە کێبڕکێدان بۆ ئەوەی بە لانی کەمەوە سەرنجی ڕای گشتی بۆ خۆیان ڕابکێشن لە لایەك، لە لایەکی ترەوە دروستکەرانی بڕیاری سیاسی لە ڕێگەی ئەم سەنتەرانەوە ئاڕاستە بکرێن بۆ هەر بڕیارێکی چارەنووسساز.

نەوەی چوارەم: ئەو سەنتەرانەن کە دەیانەوێت کار لەسەر باکگراوندی سیاسیی کەسایەتییە سیاسییەکان بکەن، یان بە لانی کەمەوە بە ناوی ئەو کەسایەتییانەوە کە وەکوو سیمبوڵ وان؛ کار بکەن، لەوانە: پەیمانگەی کارتەر، پەیمانگەی نیکسون بۆ شەڕ و ئاشتی، پەیمانگەی جیمس بێکەر.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستن، لە ساڵی ٢٠١١دا سەنتەرێکی ئەمەریکی ئامارێکی بڵاوکردۆتەوە، ژمارەی

سەنتەرەکان دەگەنە ٦٤٨٠ سەنتەر کە (٥٪)ی ئەم ژمارەیە لە ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بەپێی کاریگەرییان لە ڕووی جیهانییەوە، ئەمەریکا لە پلەی یەکەم دێت، پاشان بەریتانیا، چین، ئەڵمانیا، سویسرا، دانیمارك، ڕووسیا، دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، تورکیا، ئوستورالیا. ڕۆڵی ئەم سەنتەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر دیاریکراوە[٣].

**دووەم: جۆرەکانی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە**

پێش ئەوەی باس لە جۆرەکانی سەنتەرەکانی توێژینەوە بکەین، گرنگە ئەوە بزانین ئەم پۆلێنکردنە بەپێی پێوەرەکان؛ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت:

**یەکەم: پێوەری پاڵپشتیی دارایی**

بەپێی ئەم پێوەرە، سەنتەرەکانی توێژینەوە دابەش دەبن بەسەر سێ جۆردا:

١. سەنتەری توێژینەوەی حکومی: سەنتەرەکانی سەر بە حکومەتن یان دەزگای یاسادانان، وەکوو: پەیمانگای توێژینەوەی کۆنگرێس، سەنتەری شاهانەی یەکگرتوو بۆ توێژینەوەی ئاسایش و بەرگری لە بەریتانیا.

٢. سەنتەری توێژینەوەی ئەکادیمی: ئەو سەنتەرانەن سەر بەو زانکۆیانەن کە حکومەت پاڵپشتیی داراییان دەکات، وەکوو: پەیمانگای هۆڤەر لە زانکۆی ستانفۆرد، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، سەنتەری بیلفیر لە زانکۆی هارڤارد.

٣. سەنتەرە تایبەتەکان: ئەم جۆرە، هەموو ئەو سەنتەرانە لەخۆ دەگرێت کە بە ئاراستەی قازانجی گشتی یان تایبەت دامەزراون، ئەمانەش لە دونیادا ژمارە زۆرەکەن.

**دووەم: پێوەری ئایدۆلۆجی**

بەپێی ئەم پێوەرەش، دەکرێت ئەم پۆلێنە بخرێتە ڕوو:

١. سەنتەرەکانی توێژینەوەی لیبراڵی

٢. سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی کۆنسەرڤاتیز (ئایینی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی)

٣. سەنتەرەکانی توێژینەوەی چەپگەرایی

٤. سەنتەرە سەربەخۆکان لە ڕووی هزرییەوە

> “ژمارەی سەنتەرەکان لەجیهاندا؛ لەساڵی ٢٠١١ دەگەنە ٦٤٨٠ سەنتەر کە (٥٪)ی ئەم ژمارەیە لە ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە”

**سێیەم: پێوەری سەربەخۆیی**
بەپێی ئەم پێوەرە، دەکرێت ئەم پۆلێنە بخرێتە ڕوو:
١. سەربەخۆکان
٢. نیمچەسەربەخۆکان
٣. سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانکۆکان
٤. سەنتەری توێژینەوەی حیزبی
٥. سەنتەرە حکومییەکان

ئەم سێ پێوەرە بە مانای ئەوە نییە کە لێکچوون و بەیەکداچوون لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازییە سەرەکییەکە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك کاریگەری و هێزیان هەیە لەسەر دروستکردنی بڕیار.

**سێیەم: ئامرازەکانی کاریگەریی سەنتەرەکان لەسەر دروستکەری بڕیاری سیاسی**

ئاسان نییە سروشتی کاریگەری و ڕۆڵی دەزگاکانی توێژینەوە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و وەرگرتنی بڕیار دیاری بکرێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکوو ئەمەریکادا، لە لایەك لەبەر بوونی تۆڕێکی زۆری ڕێکخراوی سەنتەرەکان، لە لایەکی تر بە هۆی ئاڵۆزیی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکی و پاراستنی ئالنگارییەکان. ئەمە جگە لە بوونی ململانێی توندی گرووپەکانی فشار و کۆمپانیاکان، هەروەها بوونی زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، هەروەها دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەتایبەت گەڵاڵەکردنی بیروڕا لەنێو حیزبە سیاسییەکان و وەرگێڕانی بۆ بەرنامە و سیاسەتی حکومی[٤].

لە ڕاستیدا سەنتەری لێکۆڵینەوە و کاریگەرییەکانی؛ پەیوەندیدارە بە ژینگەی سیاسی و سروشتی حوکمڕانی و پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتەکان، بۆیە سەنتەری توێژینەوەی بەهێز و کاریگەر؛ زەحمەتە لە سیستمێکی سیاسیی تاکڕەو و ئاڕاستەکراودا



دەربکەوێت، ئەمە جگە لە تەرخانکردنی پشتیوانیی دارایی و سەربەخۆییان، چونکە پێوەری سەربەخۆی سەنتەرەکان و کۆنترۆڵنەکردنیان، تا ڕادەیەکی زۆر گرەنتییە بۆ کاری باش لە ڕووی کوالێتییەوە.

بۆیە دەبینین سەنتەرەکانی ئەمەریکا لە ڕووی گەشەکردن و ژمارەشەوە، زۆر لەپێش وڵاتانی جیهانەوەن و زۆرترین کاریگەرییشیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە و دەوڵەت، ئەوەش بە هۆی ئەوەی سەرچاوەیەکی باشی ئەزموون و زانیاری و شیکاری و مەعریفەن.

هەندێك لەو ئامرازانەی دەتوانرێت ئاماژەیان پێ بکرێت، ڕۆڵی سەنتەرەکانە لەپێش هەڵبژاردنەکان، لە ڕێگەی ئەو نەخشەڕێگا و شیکارییانەی پێشکەش بە حیزبەکان و کەسایەتییەکانی دەکەن. ئەم بابەتە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە ئەمەریکا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، تا ئەو ڕادەیەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا ناتوانێت بگاتە کورسیی سەرۆکایەتی بەبێ هاوکاریی ئەم سەنتەرانە(٥).

ئامرازێکی تری کاریگەری ئەم سەنتەرانە، بریتییە لە ڕێگەی پێگەیاندن و ڕاهێنانی کادر لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەی لەبەر دەستیانە، چونکە لە کاتی هەڵبژاردنەکان و تیمی هەڵبژاردن و بانگەشەدا، پێویستیان بە ستراتیژ و پلانی تایبەت و کاریگەر هەیە. ئامرازێکی تری کاریگەر، بریتییە لە ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، کە ئەم سەنتەرانە لە ڕێگەی شیکارییەکانەوە دەتوانن کاریگەر بن و پانتاییەکی گەورە لە میدیا قۆرخ بکەن. هەروەها ئامرازێکی تر، سەرنجڕاکێشانی سەرکردە و کارگێڕیی لۆکاڵییە بۆ ئەو بابەتانەی لە ڕووی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە سیستمی ناوخۆیی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی بڕیاری ورد و دروستی لە بارەوە بدرێت. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەبێت ڕای زۆرینە یان کۆدەنگیی لەسەر دروست بکرێت.

> **سەنتەرەکانی ئەمەریکا لەڕووی گەشەکردن و ژمارەشەوە، زۆر لەپێش وڵاتانی جیهانەوەن و زۆرترین کاریگەرییشیان هەیە لەسەر کۆمەڵگەو دەوڵەت**



ڕێگەیەکی تری کاریگەر لە ئەمەریکا هەیە، ئەویش زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە سەنتەرەکان کار دەکەن؛ یان پێشتر لە سیاسەت کاریان کردووە و ئەزموونێکی باشیان هەیە، یاخود کەسانی ئەکادیمیی ناسراون، هەردوو ڕێگەکە دەمانباتە سەر یەك دەرئەنجام، ئەویش ئەوەیە کە نزیکایەتییان لەگەڵ کەسانی خاوەن بڕیار هەیە لە دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، ئەوەش لە ئەمەریکا هەیە لە کاتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سەرۆکەکان، بەشێکی زۆر لە کارمەندەکان دەگۆڕن کە ژمارەیان (٤٠٠٠) کەس دەبێت، لەم ژمارەیە بەشێکیان بۆ وەزیر و ڕاوێژکار و سەفیر و دادوەر و کارمەندی کۆشکی سپی دادەمەزرێن، بۆیە ژمارە زۆرەکە لەم سەنتەرانەوە دادەمەزرێن[٦].

بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەندازەی کاریگەری و ئامرازەکان زۆر کاریگەر دەبن لەسەر بیروڕا و گەڵاڵەکردنی بەرنامە و سیاسەتی حکومەت، تا ڕادەی گۆڕینی دونیابینیی دروستکەرانی بڕیار لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە.

## چوارەم: سەنتەرەکانی توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان

سەنتەری توێژینەوە پێش ئەوەی بەرهەمێکی کولتووری و مەعریفی بێت، دەستکەوتێکی شارستانیی جیاکەرەوەیە، بە مانایەکی تر: دیوی ناوەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت پیشان دەدات، کە تا چەند گرنگی و بایەخ بە تێڕوانین و ئایندەناسی و دونیابینیی زانستی دەدەن و بەلایانەوە گرنگە کار بکەن و بڕیاری دروست لە بارەی ئایندەوە بدەن. لەم ڕوانگەیەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی زۆر لە دواوەن، ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت کە دەوڵەتی بەرخۆر و کۆمەڵگەی نەخوێندەوار و حوکمڕانیی ناتەندروست؛ کار نەکات بە پێوەری زانستی، زیاتر خەمی ئێستای بێت و خەونی داهاتووی نەبێت، دەستکەوتە مێژووییەکانیش بۆ ئێستای بتوانێت هاوکاری سیاسییەکان بێت بۆ مانەوە. بۆیە دەستەبژێری سیاسی خۆی لەسەروو بیرکردنەوە و توێژینەوەی زانستی و شیکاریی سەنتەرەکانەوە دەبینێت.

> **“مێژووی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆکان و حیزبە سیاسییەکان، پاشان دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی”**

لێرەدا لە دوو بڕگەدا باسی واقیعی توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان دەکەین:

یەکەم: سەنتەرەکانی توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان

مێژووی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆکان و حیزبە سیاسییەکان، پاشان دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. بۆیە بەپێی ئەو پێوەرانەی لە بەشە تیۆرییەکاندا باس کران، لە کوردستاندا بەتێکەڵاوی کار دەکەن، ناتوانرێت بخرێنە نێو ئەو پۆلێنکردنەوە.

**لە هەرێمی کوردستاندا ئەم پۆلێنە زیاتر کار دەکات:**

١. سەنتەرەکانی توێژینەوەی حکومی، کە زیاتر ئەو سەنتەرانەن سەر بە زانکۆکانی کوردستانن، یان کە زیاتر کاری توێژینەوەی ئەکادیمیی بێلایەن ئەنجام دەدەن.

٢. سەنتەرە ناحکومییەکان، ئەو سەنتەرانەن کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کار دەکەن و سەر بە کۆمەڵی مەدەنین.

٣. سەنتەری توێژینەوەی حیزبی، ئەم سەنتەرانە سەر بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن.

فاکتەری بەهێز لە کوردستان بۆ دروستبوونی دەزگاکانی توێژینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کرانەوەیەی کە لەدوای ٢٠٠٣ لە عێراق دروست بوو، دوابەدوای ڕووخانی سیستمی سیاسیی داخراوی بەعس لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بە هۆی زۆربوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هۆشیاری و کرانەوەی زانکۆکانیش بە ڕووی زانکۆکانی جیهان، زۆربوونی چالاکی و کۆنفرانس و دروستبوونی فەزای گشتی و زیادبوونی تۆڕەکانی زانیاری، ئەم چالاکییانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێك خرا[٧].

هەروەها کاری سەنتەرەکان لە زانکۆکان بە سیستمی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٥ و پاشان پاشکۆی ڕێنمایی ژمارە (١٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ و ژمارە (١٥٨)ی ساڵی ٢٠٠٥؛ ڕێك خران، بەپێی مادەی (٣٦، یەکەم) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دەستەیەك دامەزرا بە ناوی "دەستەی کوردستانی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی و لێکۆڵینەوەی زانستی"[٨].

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦، ڕێنمایی ژمارە (٦)ی تایبەت بە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ناحکومی دەرچوو، ئەم ڕێنماییە پاڵنەرێکی باش بوو بۆ کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی ئەکادیمی لە دەرەوەی زانکۆکان و لەژێر چەتر و ڕێنمایی زانکۆکان. بۆیە هەندێك سەنتەری ئەکادیمیی دیکە لە کوردستان کرانەوە، لەوانە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ناحکومی، کە کار دەکات بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەی ئایندەیی و پرسی ڕاوێژکاری زانستی، بەتایبەت پرسی زانستی ئاسایش لە کوردستان.

ئەوەی ئەم سەنتەرانە لە کوردستان لە سەنتەرەکانی جیهان جیا دەکاتەوە، جگە لەو سەنتەرانەی لە چوارچێوەی سەنتەری سەربەخۆی توێژینەوە کار دەکەن، زیاتر کار لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵگەیی دەکەن، کە ئەمەیان بەشێکی ئەرکەکەیە، بەتایبەت سەنتەرەکانی سەر بە

ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەڵام ئەرکی سەرەکیی سەنتەرەکانی بیرکردنەوە، وەکوو لە پێناسەکەدا دیاری کرا، بریتییە لەو دەزگایانەی کە توێژینەوە ئەنجام دەدەن و ئاراستەی بڕیاردەری سیاسیی دەکەن، بۆ ئەوەی بڕیاربەدەستانی سیاسی؛ تێگەیشتنێکی قووڵ و دروستیان هەبێت لەسەر ئەو پرسانە و بەرنامە و سیاسەتی دروست بدەن.

لە کوردستاندا ژمارەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە بە هەرسێ جۆرەکە زۆر کەمە، بوونی ئەم ژمارە کەمە؛ بۆخۆی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر نەبوونی پێویستی و ئیدراکی دەستەبژێری سیاسی بە بوونی ئەم سەنتەرانە. کاری ئەم سەنتەرانە و ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە کە گریمانەی ئەوە دەکات هەر چەندە بڕیاردەرانی سیاسی لە بڕیارەکانیاندا پشتئەستوور بن بە ڕاوێژ و پێشنیاری سەنتەرەکانی توێژینەوە، بە ئەندازەی ئەوە لە بڕیارداندا عەقڵانی دەبن و بڕیاری تۆکمە و تەندروست دەدەن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە لە هۆکارەکاندا باسی دەکەین لە کوردستان، ئاماژەیەکی ئەرێنی سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی سەنتەرەکان بەدی ناکرێت لەسەر دروستکردنی بڕیار. لە کاتێکدا کوردستان بە هۆی ئەوەی ئەزموونێکی کەمی لە حوکمڕانی هەیە و تواناکانی دیاریکراون، گریمانەی ئەوە دەکرا کە زیاتر گرنگی بەم سەنتەرانە بدرایە.

> “کوردستان بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی کەمی لەحوکمڕانی هەیە و تواناکانی دیاریکراون، گریمانەی ئەوە دەکرا کە زیاتر گرنگی بەم سەنتەرانە بدرایە”

**دووەم: هۆکارەکانی لاوازیی سەنتەرەکانی توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان**

زۆرینەی دەوڵەتانی جیهان گرنگیی زۆر بە سەنتەرەکانی توێژینەوە دەدەن و تا ئەو ڕادەیەی سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئێستادا بوون بە یەکێك لە بنەماکانی حوکمڕانییەکی دروست، هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێویستیی زۆری بە بوونی سەنتەرەکانی توێژینەوە و پاڵپشتیکردنیان، بەڵام تا ئێستا ئەم سەنتەرانە بە هۆکاری جیاواز لە کوردستان لاوازن و کاریگەر نین لەسەر دروستکردنی بڕیار، بەپێچەوانەوە بۆ هەر دۆسیەیەکی ئاڵۆز و ستراتیژی لە بوارەکانی (سیاسی، ئابووری، ئاسایش، ستراتیژی)، پشت بە ڕا و وێنابیری

کەسی دەبەستن، بەو پێیەی لەدوای ٢٠٠٥، کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراو لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە لەسەر دۆسیەکانی (ناوچە جێناکۆکەکان، نەوت و وزە، بودجە و مووچە، هێزەکانی پێشمەرگە و سیستمی بەرگری)، بەڵام لە کوردستان بۆ هەریەکێك لەو دۆسیانە و لەسەر بنەمای زانستی، بیروڕای سەنتەرەکانی توێژینەوە وەرنەگیراوە، کە حکومەتی هەرێم و وەفدەکانی دانوستانکار سوود لە پێشنیار و چا رە سە ر ییە کا نیا ن وەربگیرێت. لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین و دیارترین ئەو سیما و تایبەتمەندییانە دەکەین، کە هۆکارن بۆ لاوازیی سەنتەرەکانی توێژینەوە:

١. ژینگەی سیاسی: ژینگەی سیاسی بۆ کاری توێژینەوە؛ ژینگەیەکی دروست و لەبار نییە، لە لایەك لەبەر نەبوونی ئازادیی ڕاستەقینە، چونکە کاری توێژینەوە پێویستی بە ئازادی هەیە، لە لایەکی تر نەبوونی شەفافیەت بۆ گەیشتن بە زانیاری؛ کۆسپ و ڕێگریی گەورە دروست دەکات بۆ توێژینەوە، ئەمە جگە لەوەی سیستمی سیاسی سیستمێکە دەسەڵاتگەرایی و کەسییە، ئەمەش وا دەکات هەموو جۆرە ڕا و ڕ ا و ێژ ێك



ڕ ە ت بكا تە و ە ، یاخود بە لانی کەمەوە خۆی لەسەروو سەنتەرەکانی توێژینەوە ببینێت. ئەم بابەتە ڕەگوڕیشەی لەناو بابەتە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کە پەیوەندیی بە عەقڵیەتی خێڵ و میزاجی بەڕێوەبردنی تەقلیدییەوە هەیە، بۆیە هەموو پێشنیار و ڕێگەچارەیەکی توێژینەوە کە ئاڕاستە ڕاستەقینەکە دیاری دەکات بۆ بەعەقڵانیکردنی بڕیاردان پەراوێز دەخات. ئەمە وا دەکات دەرگای دروستکردنی بنەمای کاری توێژینەوەی ڕاستەقینە دابخرێت و ئیرادەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە نەبێت بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکانی توێژینەوە. ڕاستە لە کوردستان لە دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن؛ سەنتەرەکان بوونیان هەیە، بەڵام کە بڕیارەکان دەدرێن، زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لە ڕا و ڕاوێژی سەنتەرەکان سوودیان نەبینیوە.

٢. پاڵپشتیی دارایی:

پاڵپشتیی دارایی هۆکاری سەرەکییە بۆ بەردەوامیی سەنتەرەکانی توێژینەوە، بە هۆی کەمی و نەبوونی پاڵپشتیی دارایی، یاخود بوونی پاڵپشتیی دارایی مەرجدار، وا دەکات سەنتەرەکانی توێژینەوە نەتوانن بەرهەمەکانیان لە ئاست چاوەڕوانیدا بن. ئەگەر نموونەیەك وەربگرین لە کۆی ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی، کۆی ئەو

بودجەیەی تەرخان دەکرێت بۆ سەنتەرەکان، ناگاتە ٠,٣٪ لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٣. ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە لەچاو دەوڵەتانی پێشکەوتوو کە بە ڕێژەی جیاواز لەنێوان ١٪ تا ٣٪ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن، لە کاتێکدا ئیسرائیل ٤٪-ی تەرخان دەکات[٩].

بەڵام لە کوردستان تا ساڵی ٢٠١٣ کە یاسای بودجە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری لێ دراوە، بەپێی ئەو یاسایە هیچ بڕێك لە بودجە بۆ بواری توێژینەوەی زانستی تەرخان نەکراوە، جگە لەو بودجە کەمانەی بەپێی توانای کەمی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ سەنتەرەکانی توێژینەوە تەرخانی کردووە، بەڵام ئەم بڕانە لەناو بودجەدا شایانی خوێندنەوە نین. هەر چەندە لە سەردەمی کابینەی هەشتەم، وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگییەکی تایبەتی بەم بوارە دا، بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرد و بۆردێکی باڵای بۆ دروست کرد و گراندێکی بۆ باشترین توێژینەوە ڕاگەیاند، بەڵام بابەتی توێژینەوەی زانستی؛ بابەتێکە پێویستی بە ژێرخانی توێژینەوە و بیرکردنەوەی ستراتیژی هەیە.

٣. لاوازیی ژێرخانی توێژینەوە و کەمیی ئەزموونی توێژینەوەی هاوچەرخ، بوونی دەیان ڕێگری تەکنیکی و بیرۆکراتی، یەکێك لەو تەکنیکە گرنگانەی کە هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ توێژینەوەی کاری تیم و بە گرووپە کە زیاتر لە سەنتەرەکان ئەنجام دەدرێت. ئامارێك لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە کە تێکڕای ئەو توێژەرانەی لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان هەن، یەکسان نین بە ژمارەی تەنها یەك دەوڵەتی ئەورووپیی وەکوو فەرەنسا[١٠].

ئەمە ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە کە دەوڵەتی دواکەوتوو بایەخ بە پێگەیاندنی توێژەر نادات بۆ ئەوەی لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە کار بکەن، ئێستا لە کوردستان جگە لەو بابەتانەی کە لە ئاماژەمان پێکرد و چەند چارەنووسسازن لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، ڕۆژانە کێشەکانی داهات و خەرجییەکان و ناهاوسەنگی لە وەبەرهێنان و پەرەپێدانی کەرتەکانی تر جگە لە کەرتی نەوت و وزە، جێگەی مشتومڕی ڕۆژانەن، ئەمە جگە لەوەی کوردستان لە ئێستادا وەکوو هەموو جیهان؛ تووشی

**“سەنتەرەکان دەبن بەهۆکاری بەیەکگەیشتن و سازان لەپێشکەشکردنی بیروڕای زانستیی قەناعەتپێکەر و گونجاو و بێلایەن”**

کێشەی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڤید نۆزدە بۆتەوە، وەکوو کێشەیەکی تەندروستیی جیهانی، بەڵام دەبینین لە کوردستان لەبەر نەبوونی سەنتەری پێشکەوتوو لە بواری پەتازانی و تاقیگەی پزیشکی و ژێرخانی تەندروستیی باش، کوردستان لە دەرەوەی بیرکردنەوەیە لە دۆزینەوەی چارەسەر، لەگەڵ بوونی توێژەر، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کوردستان لە هەموو ئەو گرفتە گەورانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پێشبینیکردنی ئایندەی نەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی باس کران کە فاکتەری سەرەکین بۆ لاوازی و نەبوونی توانای سەنتەرەکانی توێژینەوە، ڕەنگە هۆکاری تریش هەبن. پێش هەموو هۆکارەکان، دەبێت ئەوە بزانرێت کە ڕۆڵی سەنتەرەکان لە دونیای زانیاریی تەکنەلۆجیدا؛ ڕۆڵێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو سەنتەرەکانی توێژینەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەعەقڵانیکردنی بڕیاری سیاسی، لەمەش زیاتر سەنتەرەکان بە کاری بیرکردنەوە هەڵدەستن لەبریی حکومەت و دەزگا فەرمییەکان، هەروەها سەنتەرەکان ڕۆڵێکی تریان هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆر جار لەنێوان دەزگا بیرۆکراسییەکانی دەوڵەت؛ ناهاوسەنگی و ململانێ لەسەر سیاسەتێك یان بەرنامەیەکی سیاسی دروست دەبێت، سەنتەرەکان دەبن بە هۆکاری بەیەکگەیشتن و سازان لە پێشکەشکردنی بیروڕای زانستیی قەناعەتپێکەر و گونجاو و بێلایەن.

**ئەنجام**

بونیادنانی دەزگای توێژینەوە لە کوردستان، پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی و ستراتیژیی بونیادنەر هەیە، بە شێوەیەك کە سیستمە سیاسییە دیموکراسییەکانی جیهان؛سەنتەرەکانی توێژینەوە دەکەن بە هاوبەشی سەرەکی لە دروستکردنی بڕیاری ستراتیژی. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی سیاسی و زانستیی بەرهەمهێن و پاڵپشتی دارایی، ئەزموونی باشی کاری توێژینەوە و ژێرخانی توێژینەوە بوونی نییە، بۆیە بڕیاری سیاسی لە کوردستان پێچەوانەی ئەو گریمانەیە کە هەر چەندە سەنتەرەکانی توێژینەوە بەشدار بن لە دروستکردنی بڕیار، بە ئەندازەی ئەوە بڕیارەکان عەقڵانی دەبن.

سەرچاوەکان:

١. أميمة عبداللطيف، "قراءة في خرائط المراكز الفكرية، متاح على الموقع الاليكتروني"، .www.alaasr.ws.index.cfm

٢. ابلسون، دونالد (٢٠٠٧)، هل هناك أهمية للمؤسسات البحثية؟، أبوظبي: مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، صص ٣٦-٣٧.

٣. سامي الخزندار و طارق الاسعد، دور مراكز الفكر والدراسات في صنع السياسات العامة، متاح على الموقع الاليكترونى، www. iugaza.edu.ps.

٤. مجلة العرب الاسبوعي (٢٠٠٩/٩/٢١)، "مراكز التفكير حلقة أساسية في صنع السياسة الخارجية الامريكية"، www.alarab.co.uk، (متاح: ٢٠٢٠/٦/٤).

٥. محمد عبدالعزيز (١٩٩٩)، صنع السياسة الامريكية والعرب، الاردن: دار الكرمل، ص١١٧.

٦. عمر عبدالعاطى، مؤسسات الفكر والرأي والسياسة الخارجية الامريكية، www. annabaa.org.nbanews.

٧. قانون رقم (١) لسنة ٢٠١١، قانون المنظمات غير الحكومية في اقليم كوردستان - العراق.

٨. قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٨، قانون وزارة التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان.

٩. قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٨، قانون وزارة التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان.

١٠. احمد سليمان ال طعمة، البحث العلمي ودوره في تنمية المجتمع، ..www fcdrs.com

# ئایندەی هێزە چەکدارەکانی ناو پـــــــ



یاسین تەها
توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



# ـــــەرلەمانی عێراق؛ بەدر و عەسایب



## بەرایی

بزووتنەوە و باڵە چەکدارییەکانی شیعە، بەردەوام لە زیادبوونی ژمارە و گۆڕینی گوتار و میکانیزمی کارکردندان، لەم میانەیەشدا دووان لە سەرەکیترین ئەو گرووپانە؛ ڕێکخراوی بەدر و بزووتنەوەی عەسایب، لە ساڵی ٢٠١٧ پابەندیی خۆیان بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕاگەیاند بۆ دابڕینی باڵی چەکدار لە ڕێکخستنە سیاسییەکەیان. بەو پێیەی ئەم بڕیارە دەقاودەق بوو لەگەڵ بڕگەی سێیەمی مادەی ٨ی یاسای حیزبە سیاسییەکان (بەشی سێیەم)، کە بە مەرجێ دانراوە کاری حیزب لە شێوەی ڕێکخستنی سەربازی یان نیمچەسەربازی نەبێت و هیچ پەیوەندییەکیشی بە هێزی چەکدارەوە نەبێت، بەڵام دواتر ڕووداو و پێشهاتەکان دەریانخست ئەو پابەندییە ڕووکەشانەیە، چونکە ئەو لیوا و فەوج و پێکهاتە سەربازییانەی بەدر و عەسایب کە لەناو حەشدی شەعبیدان، هێشتا هەر موڵکی ئەم دوو ڕێکخراوەن، بەشی زۆی سەرچاوەی هێزی ئەمانەش لە فەوج و لیوا چەکدارەکانیانەوە لەناو حەشدی شەعبی؛ سەرچاوە دەگرێت، بەبێ ئەوەی تێکەڵی یەکتر ببن یان لە بۆتەی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا بتوێنەوە، هەر ئەمەش وای کردووە سەرۆکایەتیی حەشدی شەعبی لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٠دا گشتاندنی ژمارە ٢٣١٥ دەربکات بۆ پێداگریکردن لەسەر جیاکردنەوەی باڵی سیاسی و باڵی چەکدار. ئەم توێژینەوەیە لەسەر پێشینە و ئایندەی کاری ئەم دوو بزووتنەوە شیعەیە هەڵوێستە دەکات کە بە کۆمەڵ و ئینتیمای فەرمی؛ عێراقین، بەڵام لە ڕووی هێڵی کارکردن و مەرجەعیەتی سیاسی و مەزهەبییەوە لە فەزای «شۆڕشی ئیسلامیی ئێران»دان.

## یەکەم: ڕێکخراوی بەدر

### سەرەتاکانی دامەزراندن

ئەم ڕێکخراوە لە بنەڕەتدا باڵێکی سەربازی بووە لە سەرەتاکانی ساڵانی هەشتا، لە دوو کۆمەڵ پێك هێنراوە: چەکدارەکانی فەوجی «شەهید سەدر»ی سەر بە حیزبی دەعوە[١]، لەگەڵ ئەو تەوبەکارانەی سوپای ڕژێمی سەددام کە لە گرتووخانەکانی ئێراندا دیل بوون. یەکەم سەرۆکایەتیی ئەم باڵە سەربازییە دراوەتە دەست «محەمەد تەقی ئەلمەولا» کە شیعەیەکی تورکمانە[٢]. دەستپێشخەری یەکەمی پێکهێنانی بەدر هیی «سوپای پاسدارانی ئێران» بووە لە ساڵی ١٩٨٢، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی سەددام لە لایەك، وەك پەرچەکردارێکیش بەرامبەر دالدەدانی «موجاهیدینی خەلق» لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە لاکەی تر[٣].

بەر لە ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەی چەکدارەکانی بەدر دەگەیشتە نزیکەی ١٥ هەزار چەکدار. ئەم ڕێکخراوەش وەك باڵی سەربازیی «ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی» کاری کردووە کە لە دوا وێستگەدا ڕێبەرایەتییەکەی کەوتە دەستی «بنەماڵەی حەکیم»[٤]. بەدر بەشداریی زۆری کردووە لە جەنگی هەشت ساڵە لە بەرژەوەندیی ئێران، زەقترین چالاکیی سەرەتاکانی ڕاگەیاندنیشی لە ئۆپەراسیۆنێك بووە دژی هێزەکانی عێراق لە ناوچەی قەرەداغی کوردستان، سەردەمێکیش هەڵگری ناوی لیوای (٩)ی بەدر بووە بەر لەوەی ببێتە فەیلەق و ڕێکخراو، ناوەکەشی لە جەنگی بەدر (ساڵی دووی کۆچی) وەرگیراوە کە بەناوبانگە لە مێژووی ئیسلام[٥].

فەیلەقی بەدر بەشداریی لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووردا کردووە، لە ٢٠٠٣ هێزێکی سەربازیی سەرەکی بووە[٦]، لە زۆربەی قۆناغەکانیشدا لەلایەن ئەفسەرانی باڵای سوپای پاسدارانەوە ئۆپەراسیۆنەکانی بەڕێوە براوە[٧]. بەر لە ٢٠٠٣، یەکێك لە لقەکانی بە ناوی لیوای مستەفا لە ناوچەی قەسری شیرین جێگیر بووە و یەکێك لە فەوجەکانیشی لە ناحیەی مەیدانی نزیك دەربەندیخاندا بوون[٨]. لەپاش کەوتنی سەددام (٢٠٠٣)، پرۆسەی کوشتنی فرۆکەوان و تەسفیەکردنی کەسە دیارەکانی بەعس و سوننە خرایە ئەستۆی بەدر، وەك باڵێکی ئێرانیی دڵسۆز و چالاك لە عێراق[٩].

### لەنێوان فەیلەق و ڕێکخراو و گرووپی شەڕکەردا

لە ساڵی ٢٠٠٤، پۆڵ برێمەری فرمانڕەوای مەدەنی ئەمەریکی لە عێراق، فەرمانی ژمارە ٩١ی بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان دەرکرد. بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەمە، بەدر خۆی وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی ڕاگەیاند و وازی لە ناوی فەیلەق هێنا[١٠]. لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێکخراوەکە سەربەخۆیی وەرگرت لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و جیا بوویەوە، سەرۆکایەتییەکەشی کەوتە دەست «هادی عامری»[١١]، ناوبراو لەپەنا ئەمەشدا بووە وەزیری گواستنەوە لە کابینەی دووەمی مالیکی (٢٠١٠-٢٠١٤)، لە هەڵبژاردنی ٢٠١٤شدا لە ڕیزەکانی هاوپەیمانێتیی مالیکی، ٢٢ کورسییان بەدەست هێنا. هەر بە هاوکاریی مالیکی لە ساڵانی سەرۆکوەزیریدا، بە ڕێژەی ٧٠٪ کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانی وەزارەتی ناوخۆیان کردبوو[١٢]،

هەر لەبەر ئەمەش لە کابینەی عەبادیدا وەزارەتی ناوخۆیان وەرگرتەوە[١٣]، لە کاتێکدا ئەوان پێشینەیەکی میلیشیاییان هەبوو.

شەڕی داعش دەرفەتی ڕەخساند ڕێکخراوی بەدر وەك هێزێکی فریادڕەس دەربکەون، چونکە کاتێك ئەم ڕێکخراوە توندڕەوە نزیك بوویەوە لە پشتێنەی بەغدا و سیستمی بەرگریی عێراق هەرەسی کرد، بەدرییەکان لەو چەکدارە شیعانە بوون کە خاوەنی ئەزموون بوون و زۆر بەکەڵکی پاراستنی دەسەڵات و پێگە جەماوەرییەکانی شیعە هاتن، هەر ئەمەش چانسی ئەوەی پێ دان کە بەدر ببێتە گرنگترین گرووپی پێکهێنەری حەشدی شەعبی[١٤]، بەڵام شانبەشانی ئەرکە عێراقییەکانیان، لەناو وەزارەتی ناوخۆ و حەشدی شەعبی، لە چوارچێوەی پلانی ئێـــراندا هێزیان ناردە سووریا بۆ پاڵپـــشتیی ڕژێمی ئەسەد[١٥]، جگە لەوەش کەوتنە پاکتاوی سوننەکان و کۆنترۆڵکردنی پارێزگای دیالــە بۆ ڕێکخراوەکەیان و کردیانە شارێکی جێ نفوزی ئێران[١٦]، ئەمەش بەشێکە لە دژیەکی و بەرکەوتنەکانی ئەرکی فەرمی و نیشتمانی عێراقییانە و ئەرکی ئایینی و لایەنگریی سیاسیی ئێرانییانەی بەدر.

## دووەم: بزووتنەوەی عەسایب

سەرەتاکانی سەرهەڵدان

بزووتنەوەیەکی چەکداری و لە هەمان کاتدا سیاسیی ڕادیکاڵی شیعەیە، کە لە قۆزاخەی ڕەوتی سەدر و سوپای مەهدی هاتووەتە دەرەوە[١٧]. لە بارەی هۆکاری جیابوونەوەشی، لێکدانەوەکان ئاماژە بۆ خەونی بەسەرکردەبوونی قەیس خەزعەلی ڕێبەری بزووتنەوەکە[١٨]، هەروەها پاڵپشتیی ئێرانییەکان لەم خەونە دەکەن بۆ ڕکابەریکردنی سەدر[١٩] هەر بە هۆی ئەم پەیوەندییە قووڵەوە بە ئێران و بە تۆمەتی پێشێلکردنی سەروەریی عێراق، «خەزعەلی» لەگەڵ «لەیس»ی برای خراونەتە لیستی تیرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا[٢٠]. ژمارەی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە، ٧ بۆ ١٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێن[٢١]. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١١، نزیکەی

> “بەدرییەکان لەو چەکدارە شیعانە بوون کە خاوەنی ئەزموون بوونو زۆر بەکەڵکی پاراستنی دەسەڵات و پێگە جەماوەرییەکانی شیعە هاتن”



شه‌ش هه‌زار چالاكییان دژ به سوپای ئه‌مه‌ریكی ئه‌نجام داوه، به‌م هۆیه‌شه‌وه سه‌ركرده‌كانی له‌ ڕیزی پێشه‌وه‌ی بێزراوه‌كانی واشنتندان و ئیداره‌ی ئه‌مه‌ریكا به‌ باڵی سوپای پاسدارانیان له‌قه‌ڵه‌م ده‌دات[٢٢].

زۆر جار نووری مالیكی وه‌ك یه‌كێك له‌ باوكانی ئه‌م ڕێكخراوه‌ ئاماژه‌ی بۆ ده‌كرێت، چونكه‌ پێشتر ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌؛ گرووپێكی بچووك بوون، كه‌چی له‌ سایه‌ی ویلایه‌تی دووه‌می ئه‌ودا (٢٠١٠-٢٠١٤) په‌ره‌یان پێ درا و له‌ ٢٠١٢ مانۆڕی سه‌ربازیی پاڵپشتیكراویان له‌ناوه‌ڕاستی به‌غدا بۆ ڕێك خرا[٢٣]. ئه‌م گرنگیدانه‌ی مالیكی به‌ عه‌سایب، له‌ لایه‌ك وه‌ك كارتێكی دژه‌سه‌دری و له‌ لایه‌كه‌ی تر بۆ قایمكردنی پشتی خۆی بوو له‌ هه‌وڵدانی به‌رده‌وامی بۆ به‌ده‌ستهێنانی ویلایه‌تی سێیه‌م[٢٤] و دروستكردنی تۆڕێك میلیشیای هاوته‌ریبی ده‌زگا ئه‌منییه‌ فه‌رمییه‌كان كه‌ به‌ هۆی فره‌یی ئینتیماوه‌ ئاسان كۆنترۆڵ نه‌ده‌كران.

## پێشینه‌ و جیاوازیی ئه‌میندار

قه‌یس خه‌زعه‌لی؛ ئه‌مینداری گشتیی عه‌سایب، له‌دایكبووی ١٩٧٤ی شارۆچكه‌ی سه‌دره‌، ده‌رچووی جیۆلۆجیای زانكۆی به‌غدایه‌ و له‌ ساڵی ١٩٩٤ له‌ نه‌جه‌ف چاوی به‌ ئایه‌تولڵا محه‌مه‌د سادق سه‌در (باوكی موقته‌دا سه‌در) كه‌وتووه‌ و ده‌وترێت له‌م دیداره‌دا «سه‌در به‌ قه‌یس خه‌زعه‌لی سه‌رسام بووه‌» و نامیلكه‌یه‌كی فه‌له‌كناسییشی بۆ

چاپ کردووە»[٢٥]. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، خەزعەلی وەك یاریدەدەری موقتەدادا دەردەکەوت[٢٦]، بەڵام دواتر لێی هەڵگەڕایەوە و «عەسایبی ئەهلی حەقی» دامەزراند و بوو بە بەشێك لە «بزووتنەوەی موقاوەمەی ئیسلامی»[٢٧]. لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بە هۆی پەیوەندیی مۆبایلەوە؛ حەشارگەکەی ئاشکرا کرا و دەستگیر کراوە، پاش دوو ساڵ و لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٩، لە دیل بە دیلی عەسایب و شارەزای «IT»ی بەریتانیدا، پیتەر مۆر، ئازاد کراوە[٢٨].

ئەمینداری عەسایب سەر بە هیچ لە بنەماڵە ئایینیە ناسراوەکانی شیعە نییە، بەر لە گەیشتنی بە سەدری دووەم، هیچ ناوبانگێکی لە کایەی مەزهەبیدا نەبووە، ئەمەش تا ڕادەیەك پێشهاتێکی نوێی ناو شیعەی عێراقە، چونکە کاریزما و بنەماڵە و پاشخان؛ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە هەڵکشان و درەوشانەوەی ئەستێرەی کەسایەتییەکان. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە پێشینەی چەکداری و سیاسیی لە سەردەمی ڕژێمدا نییە، جیاواز لە حیزبی دەعوە و فەیلەقی بەدر کە لە ئێران و سووریا، بەرهەڵستی ڕژێمی بەعسیان دەکرد.

## بەریەککەوتنی بەردەوامی عەسایب و سەدر

بزووتنەوەکەی خەزعەلی؛ چەکداری و سیاسییشە لە هەمان کاتدا و کێشمەکێش و شەڕی قورسی لەگەڵ موقتەدادا سەدر هەیە کە ئەویش هەردوو باڵەکەی هەیە، ئەمەش هانی سەدری داوە هەندێك جار بە «ئەهلی باتڵ» و «میلیشیا پیسەکە» ناویان ببات[٢٩]. لەپاش شەڕی داعش، هەندێ سەرکردەی شیعە هەوڵیان دا سەدر و خەزعەلی ئاشت بکەنەوە، خەزعەلییان برد بۆ ماڵی سەدر لە حەنانەی نەجەف[٣٠]، بەڵام ئەو ئاشتەوایە شلۆقە زۆری نەخایاند و بەدوایدا چەندین گرژی و پێکداهەڵپژانێکی میدیایی؛ هەوڵەکانیان شکست پێ هێنا[٣١].

هۆکارەکانی بەریەککەوتنی عەسایب و سەدر زۆرن، لەوانەش عەسایب لە ڕەوتەکەی سەدر هاتوونەتە دەرەوە، وەك موقتەداش خۆیان بە میراتگر و درێژکراوەی میراتی سەدری دووەم دەزانن، بەڵام هێندە هەیە عەسایب بۆ تەقلیدی کاروباری مەزهەبی؛ پەیڕەوی لە مەرجەعیەتی «ئایەتوڵا کازم حائیری» دەکەن، بۆ ویلایەت و کاروباری سیاسی؛ دەگەڕێنەوە سەر «عەلی خامنەیی» ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی[٣٢]. حائیری لە شاری قوم دادەنیشێت و لە بەرەی ویلایەتی فەقیهی ئێرانییە[٣٣]، لە ڕابردووشدا دۆستی نزیکی سەدرییەکان و جێگە متمانەی زۆری سەدری دووەمی باوکی موقتەدادا بووە[٣٤]، ئەم میرات و پەیوەندییە هاوبەشەش وەها دەکات هەمیشە گرژی و بەریەککەوتن لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە ڕووبەری کارکردن و بنکەی جەماوەرییان نزیکە لە یەکتر و شەڕی هەردوو لایان لەسەر شەرعیەت و میراتگری و گوتاری هاوبەشە و نزیك لە یەکترە.

## ناوبانگی خراپی عەسایب

بزووتنەوەی عەسایب تۆمەتباری سەرەکین بە تێوەگلان لە کوشتاری تایفی (٢٠٠٦-٢٠٠٨)،

ئەمەش بە هەوڵی پاکتاوی سوننەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت، جگە لەوەش هەمیشە تۆمەتباری سەرەکین لە کەیسەکانی کوشتنی گەنجانی ئیمۆ و مۆدێلەکانی جلوبەرگ[٣٥] و بەم دواییانەش زۆر جار بە کوشتنی چالاکوانان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران تاوانبار کراون، وەهاش باوە کە پلانی تیرۆری نەیارانی خۆیانیان هەیە[٣٦]، هەندێك جاریش هەندێك لەو تۆمەتانە لە لایەن شیعەکانەوە پشتڕاست کراونەتەوە[٣٧]. لە دەرەوەی سنوور و جوگرافیای عێراقیش، قسەوباسی زۆر لەسەر تێوەگلانی عەسایب هەیە لە تاوانەکانی کوشتن و بڕینی سووریا، لە چوارچێوەی بەشێك لە هێزە شەڕکەرەکانی ئێران لە شام[٣٨]، بەتایبەت کوشتوبڕی سوننەکانی سووریا، ئەمەش لە هەندێ ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیدا پشتڕاست کراوەتەوە[٣٩]، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە بەرزترین ئاست و هەموو جار ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە[٤٠].

## هەڵکشانی عەسایب لەناو پەرلەمان

عەسایب لە ساڵی ٢٠١٧دا وێنەی کلاشینکۆفیان لە ئارمی سەرەکیی خۆیان لا برد، مۆڵەتی فەرمییان وەرگرت بۆ کاری سیاسی وەك حیزبێکی مەدەنی[٤١]و باڵە چەکدارییەکەشیان چوونە ناو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، کە بەپێی هەندێك ئامار دەوروبەری ١٠ هەزار چەکدار بوون[٤٢]. لەپاش بەرگگۆڕینی عەسایب بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی، قەڵەمبازێکی گەورەیان دا لە هەڵبژاردنی ١٢ی ئایاری ٢٠١٨، چونکە ڕێژەی کورسییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە یەك کورسییەوە هەڵکشا بۆ ١٥ کورسی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەمەش لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی «فەتح»دا کە چەتری کۆکردنەوەی هێزەکانی حەشد و ڕاگرە سیاسییەکانیان بوو[٤٣]، ئەم ڕێژە کورسییەش دەکاتە دەوروبەری ٣٠٪ی دەنگەکانی هاوپەیمانێتیی فەتح[٤٤]. ئەم هەڵکشانە خێرایەش بۆ هێزێك کە لە ٢٠١٤ و لە سەردەمی ویلایەتی مالیکیی پشتیوانیاندا تاقە کورسییەکیان بەدەست هێنابێت، بووە جێگەی سەرنج و تێڕامان.

باس لەوە دەکرێت ئەم هەڵکشانەی دەنگەکانی عەسایب؛ بەرەنجامی ساختەکاریی هەڵبژاردنە، چونکە ئەمینداری عەسایب، قەیس خەزعەلی، خاوەن کاریزمایەکی بنەماڵەیی نییە، ئەم بزووتنەوەیەش جەماوەری نییە[٤٥]، بەڵام هەندێکی تر هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ بەشداریی چالاکانەی ئەم گرووپە لە شەڕی داعش، لەگەڵ بەرزکردنەوەی درووشمی ستراتیژی لە هەڵبژاردنەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی میدیا و کەناڵەکەیان (العهد) بەباشی لە چەشنی کەناڵی «المنار»ی حیزبوڵڵای لوبنان[٤٦].

## هەڵوێستی بەدر و عەسایب لە پرسە کوردییەکان

ئەگەرچی لە هەندێك جومگەدا جیاوازی هەیە لەنێوان بەدر و عەسایب، بەڵام لە هەڵوێست بەرامبەر پرسە کوردییەکان، خاڵی هاوبەشیان زۆرە. لەم میانەیەشدا ساڵی ٢٠١٤، چەکدارەکانی بەدر و عەسایب تۆمەتبار کران بە بەشداریکردن لە پلانی سەرکوت

و ڕاوەدوونانی کوردەکانی بەغدا و دەرپەڕاندنیان لەسەر ماڵی خۆیان[٤٧]، دواتر هەردوو لایان لە ٢٠١٧ بەتوندی دژی ڕیفراندۆم وەستانەوە[٤٨]، هەروەها لە شەنگال و دەوروبەری و لە تێکڕای ناوچە جێناکۆکەکان، بە کاری کوشتن و بڕین و ڕفاندن تاوانبار کراون[٤٩].

هەردوو هێزەکە لەسەر شوناسی عێراقییانەی کەرکووك کۆکن و کورد لەو شارە بە کەمینە دەزانن بەرامبەر عەرەب و تورکمان[٥٠] و پێداگرن لەسەر ئەوەی دۆخی شارەکە نەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کە شارەکەی تێدا گەڕایەوە بۆ کۆنترۆڵی تەواوەتیی عێراق[٥١]. لە دەوروبەری دوزخورماتووش بە پاساوی پاراستنی تورکمانی شیعەوە، چەکدارەکانی هەردوو لایان هەڕەشە و بەریەککەوتنی هەبووە لەگەڵ لایەنە کوردییەکان و خەڵکی کوردی قەزاکە[٥٢]. لە ناوچەکانی دیالەش، هەردوو لا بەشێك بوون لە هۆکاری هەراسانکردنی کوردەکانی دەوروبەری جەلەولا[٥٣]. لە هەندێ وێستگەشدا عەسایب بەئاشکرا

> **«بزووتنەوەی عەسایب تۆمەتباری سەرەکین بەتێوەگلان لەکوشتاری تایفی (٢٠٠٦-٢٠٠٨)، ئەمەش بە هەوڵی پاکتاوی سوننەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت»**

هەڕەشەی بەریەککەوتنی چەکدارییان کردووە لەگەڵ کورد[٥٤]، هەروەها کورد تۆمەتبار دەکەن بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمەریکا و هەوڵی کردنەوەی بنکەی سەربازی بە مەبەستی «پەرەپێدانی خواستە جوداخوازییەکان»[٥٥]، لەبەر ئەم هۆیانەش داواکاری گشتیی هەرێم لە ٢٠١٧/١٠/١٦ داوای لێپێچینەوەی یاسایی کردووە لەگەڵ قەیس خەزعەلی؛ ئەمینداری بزووتنەوەکە، لەگەڵ ١١ کەسایەتی تردا کە زۆرینەیان شیعەن، بەپێی مادەی ٢٢٦ لە یاسای سزادان کە تایبەتە بە بێڕێزیکردن[٥٦].

## ئایندەی کاری بەدر و عەسایب

ئەگەرچی بەشی زۆری چارەنووسی بەدر و عەسایب بەستراوەتەوە بە یەکلابوونەوەی چارەنووسی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، لەنێوان بژاردەکانی دابەشکردنیان بەسەر هێزە ئەمنییەکان یان مانەوەیان وەك دۆخی ئێستا لەگەڵ ئەگەری تری یەکلابوونەوەی ئینتیمای سیاسییان بۆ ئێران لە شێوەی باڵی سوپای پاسداران لە عێراق، بەڵام هەردوو هێزەکە بەردەوام لە جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا خەریکی جێگەپێ قایمکردنن. لە دوا هەڵبژاردندا (٢٠١٨)، ڕێکخراوی بەدر بە سەرۆکایەتیی هادی عامری لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی فەتح توانییان ٢١ کورسی بەدەست بهێننەوە، کە ئەنجامێکی نزیکە لە هەڵبژاردنی پێشوو بە جیاوازیی

یەك کورسی[٥٧]. ئەم ئەنجامە ئەگەرچی تا ڕادەیەك خراپ نییە لەچاو زۆریی لیستە شیعەکان لە هەڵبژاردنەکەدا، بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکییانەی بەم دواییانە یەخەی ڕێکخراوەکەیان گرتووەتەوە بە هۆی نارەزایی لە دابەشکردنی ئیمتیازات و شێوازی بەڕێوەبردنی عامری[٥٨]، ڕێکخراوەکەیان خستە بەردەم ئەگەری جیابوونەوە (انشقاق) بەر لەوەی کپ بکرێتەوە[٥٩]. لە سایەی ئەم



دۆخـــەی دوایی بەدردا، وردە وردە ڕێکخراوەکە خەریکـــە بچێتە ڕیزی هێزە «پیرەکـــانی شیعە» کە زیاتر وەك ڕێکخراوێـــکی چەکداریی بێ پڕۆژە تەماشا بکرێت کە زیاترین ئەرکی؛ پاداشتکـــردنی جەنگاوەرە دێرینـــەکانیەتی. ئەم ڕێکـــخراوە ئێستا لە کێبەرکێدایە لەگەڵ هێزە «ڕاسترەوە شیعییەکان» لە چەشنی عەسایب و باڵە ڕاستەوخۆکانی ئێران و چارەنووسی ڕێکخراوەکەش بەستراوە بە چانسی مستەفا کازمـــی. شکستهـــێنانی سەرۆکـــوەزیرانی نوێ، دەبێتە پاشەکشە بۆ ڕێکخراوەکە و بەپێچەوانەشەوە، چونکە سەرباری ئێـــرانیبوونەکەی بەدر، تاڵەمووی لەگەڵ ڕەوتی نائێرانی ناو حکو مـــە تی عێراقیشدا هەیە و تا ڕادەیـــەك لەسەر بەرەی کازمی ئەژمارە لە ئێستادا.

سەبارەت بە عەسایب، لەپاش چەسپاندنی پێگەی نوێیان لەناو پەرلەمانی عێراق، پێشبینی دەکرێت بزووتنەوەکە هەوڵی لاساییکردنەوەی ڕۆڵی حیزبوڵڵا بدەن لە عێراق، کە هەم بزووتنەوەیەکی چەکداری بێت و هەم فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کە بە ناوی موقاوەمە کار دەکات. هەندێ ئاماژەش لەم بوارەدا بەردەستن، لەوانەش دەرکەوتنی قەیس خەزعەلی لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧، هەروەها هەوڵی لاساییکردنـــەوەی نەسروڵڵا لە بڵاوکردنـــەوەی تۆماری ڤیدیۆیی وتارەکانی، ئەمەش بارگرانیی زیاتر بۆ حکومەتی عێراق دروست دەکات. لە لایەکی ترەوە عەسایب هاوشێـــوەی حیزبی دەعوە، ئـــەوەندەی بەدوای کاریـــگەریدا دەگـــەڕێن، هێندە لە خەمی جەماوەرییبووندا نین، هەر لەبەر ئەمەش گرنگیدانی زۆریان بە میدیـــایە، لە سەردەمی عەبدولمەهدیشدا وەزارەتی ڕۆشنبـــیرییان وەرگرت، بەڵام کوژرانی قاسم

سلێمانی و ئەبو مەهدی لە سەرەتای ٢٠٢٠، وەهای کرد جارێکی تر بچنەوە خانەی ئەو گرووپە چەکدارانەی بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێن.

پەراوێزەکان:


(١) المخابرات العراقية، مديرية مكافحة التجسس، (د. ت)، دراسة عن فيلق العمالة بدر، بغداد، ملف غير منشور، ٣.

(٢) الخيون، رشيد (٢٠١١)، ١٠٠ عام من الإسلام السياسي بالعراق، مركز المسبار للدراسات والبحوث، دبي، الكتاب، ٣٠٧.

(٣) المخابرات العراقية، مصدر سابق، ٣.

(٤) على، نجاح محمد، تعريف بمنظمة بدر https://www.swissinfo.ch/ara/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81-، (10/3/2020 متاح).

(٥) المخابرات العراقية، مصدر سابق، ٣.

(٦) الجزيرة (٢٠٢٠)، بدر ميليشيات عراقية حاربت صدام وقاتلت مع الأسد https://www.aljazeera.net/ encyclopedia/ movementsandparties/2016/2/10/%D8%A8%D8%AF%D8%B1-، (10/3/2020 :متاح).

(٧) المخابرات العراقية، مصدر سابق، ٣-٤.

(٨) نفس المصدر.

(٩) البيان (٢٠١٨/٣/١٩): تغوّل الميليشيات.. مأساة العراق الكبرى بعد الغزو. https://www.albayan.ae/one-world/arabs/2018-03-19-1.3214140 (متاح ٣٠/ ٥/٢٠٢٠).

(١٠) الجزيرة، بدر... مصدر سابق.

(١١) براثا (٢٠٠٩/٥/٥)، «العامري: منظمة بدر مستقلة ولن تحتاج الى الانشقاق عن المجلس الاعلى»، http://burathanews.com/arabic/news/٦٥١٤٠، (متاح: ٢٠٢٠/٣/٥).

(١٢) ريناد منصور و فالح عبدالجبار (٢٨ نيسانى ٢٠١٧): الحشد الشعبي ومستقبل العراق، carnegie-mec.org/2017/04/28/ar-pub-68812 (متاح: ٢/ ٦/ ٢٠٢٠).

(١٣) كهلان القيسي (٢٠٠٥/١٢/١٤)، إيران تَدير العراق عبر مليشيات بدر، الحوار المتمدن-العدد: ١٣٩٩، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=52291&r=0؛ العرب (٢٠١٦/٨/١): منصب وزير داخلية العراق يشعل الصراع داخل ميليشيات بدر، alarab.co.uk/%D9%85%D9%86%D8%B5%D8%A8-%D9%88%D8%B2%D9%8A%D8%B1-

(14) SOWELL, KIRK H (13\8\2015): Badr at the Forefront of Iraq's Shia Militias, https://carnegieendowment.org/sada/61016 (accessed: 29\5\2020)

(١٥) حاتم الفلاحي (٢٠١٩/٤/١): الميليشيات العراقية في سوريا: الدور والمستقبل. studies/aljazeera.net/ar /reports/٢٠١٩/٠٤/١٩٠٤٠١٠٩٢٣٥٦١٤٣.html، (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٩).

(16) SOWELL, ibid.

(17) AL-AMIRY, KHOLOUD RAMZI(19\4\2012), Has al-Maliki miscalculated in his rapprochement with Asa'ib Ahl al-Haq?, carnegieendowment, link: https://carnegieendowment.org/sada/47909) accessed: 29/2/2020)

(١٨) حيدر سعيد (٢٠١٩/٥/٢٧)، قيس الخزعلي... «قائد الميليشيا» الباحث عن صفة رجل السياسة، https://www.independentarabia.com/node/28191 (متاح/٢٠٢٠/٤/٤).

(١٩) بوابة الحركات الإسلامية (٢٠٢٠/١/٤)، عصائب أهل الحق .. انشقاق الميليشيات الشيعية .. صناعة ايرانية، https://www.islamist-movements.com/11052 (متاح: ٢٠٢٠/٤/٢٠).

(٢٠) الحرة (٢٠٢٠/١/٢)، واشنطن تدرج «عصائب أهل الحق» على قائمة الإرهاب، https:// www.alhurra.com /a/%D8%A5%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%AC- (متاح:٢٠٢٠/٢/٩).

(21) CEP (2020): Asaib Ahl

al-Haq, //www.counterextremism.com/threat/asaib-ahl-al-haq. (accessed: 10/3/2020).

(٢٢) الحرة (٢٠١٩/١٠/٢٩): «محطات دموية في تاريخ العصائب»، https:// www.alhurra.com /a/%D8%B9%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A3%D9%87%D9%84- (متاح:٢٠٢٠/٢/٢).

(23) SOWELL, KIRK H (2015): The Rise of Iraq's Militia State, Carnegie endowment, https://carnegieendowment.org/sada/59888, (accessed: 12\3\2020)

(24) AL_ AMIRY:Ibid.

(٢٥) أهل الحق، السيرة الذاتية لسماحة الشيخ قيس الخزعلي، الموقع الرسمي، https://ahlualhaq.com/%d8%a7%d9%84%d8%b3%d9%8a%d8%b1%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%b0%d8%a7%d8%aa%d9%8a%d8%a9 (متاح:٢٠٢٠/٢/٩).

(٢٦) اليوتيوب (٢٠٢٠/٥/٧): الشيخ قيس الخزعلي في معركة النجف مشاهدة نادرة. https://www.youtube.com/watch?v=Q57EDub5CzA (متاح: ٢٠٢٠/٦/٢).

(٢٧) نفس المصدر.

(٢٨) نفس المصدر؛_AL AMIRY:Ibid

(٢٩) الشرقيةنيوز (٢٠١٧/١١/٢١)، لقاء بالحرف الواحد مع الصدر، موقع الشرقية نيوز. https://www.youtube.com/watch?v=3c7WAefoUw0 (متاح: ٢٠٢٠/٣/٧).

(٣٠) جريدة المدى (٢٠١٦/١٠/١٩)، مصالحة الصدر مع زعماء الحشد، العدد ٦١٣٧، ص ١.

(٣١) الغالي، خالد (٢٠١٩/٥/٣٠)، «قيس ومقتدى.. زمن الحرب بالصفحات»، https://www.irfaasawtak.com/a/496717.html، (متاح: ٢٠٢٠/٣/١٢).

(٣٢) المؤمن، أحمد رضا (٢٠١٩/٦ /٢٠)، «مرجعية العصائب ومدرستها الفكرية .. إمتداد طبيعي للمرجعيات الحركية، صحيفة عصائبيون»، https://www.asaebyoon.iq/%D9%85%D8%B1%D8%AC%D8%B9%D9%8A%D8%A9- ((متاح:٢٠٢٠/٢/٢٩) ؛ العصائب، السيرة الذاتية، مصدر سابق ٢٠٢٠.

(٣٣) الحائرى (١٩٨٦)، الإمامة وقيادة المجتمع، قم، ص٢٤٧.

(٣٤) الصدر(٢٠١٨). بحث حول التقليد، النجف: المكتب الخاص للشهيد الصدر، ص١٠.

(35) AL_ amiry: Ibid.

(٣٦) أبو كباش، بلال (٢٠١٩/١٢/٦)، «عصائب أهل الحق»..ذراع إيران وقاتلة المحتجين العراقيين، موقع ٢٤ الإماراتي، https://24.ae/article/539462/-%D8%B9%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A3%D9% 87%D9%84- متاح: ٢٠٢٠/٣/١).

(٣٧) الوطن، (٢٠١٩/١/١٩): تبادل الاتهامات بين «تيار الحكمة» و «العصائب» إثر اغتيالات ببغداد، موقع جريدة الوطن. https://alwatannews.net/article/811799?rss=1، (متاح: ٢٠٢٠/٣/١٢).

(٣٨) الحرة، محطات دموية، مصدر سابق.

(39) Amnesty (14\10\2014): IRAQ: ABSOLUTE IMPUNITY: MILITIA RULE IN IRAQ, amnesty international, https://www.amnesty.org/en/documents/MDE14/015/2014/en/ (12\3\2020).

(٤٠) بى بى سى العربيه (٢٠١٩/١٢/١٧)، لقاء حصري: قيس الخزعلي ينفي قتل العصائب للمتظاهرين ويشيد بإيران وسليماني، https://www.youtube.com/watch?v=NpNOS7af-38، (متاح: ٢٠٢٠/٣/١٢)؛ الميادين(٢٠١٦/١/٢٣): الشيخ قيس الخزعلي امين عام عصائب اهل الحق _ حوار خاص، قناة الميادين، http://www.almayadeen.net/episodes/733205/_%D8%A7%D9%84%D8%B4%D9%8A%D8%AE- (متاح ٢٠٢٠/٤/١٤).


(٤١) الحرة، محطات دموية، مصدر سابق.

(٤٢) بي بي سي عربي (٢٠١٧/٢/٢٣): الحشد الشعبي في العراق: من فصائل غير نظامية إلى تشكيل قتالي

رسمي، متاح: https://www.bbc.com/arabic/middleeast-38383048، (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٧).
(43) Smyth: ibid.
(٤٤) المسلة (٢٠١٨/٥/٢٠): هكذا حقّقت العصائب الإنجاز الكبير.. من نائب (١) الى (١٥) ممثل، متاح: https://almasalah.com/ar/News/137446، متاح ٢٠٢٠/٥/٢٧.
(٤٥) (٩٤) كاظم، سجاد تقي (٢٠١٨/٥/٣٠)، «تزوير العصائب»، https://www.sotaliraq.com/2018/05/30/%D8%AA%D8%B2%D9%88%D9%8A%D8%B1-، (تاريخ الزيارة ٢٠٢٠/٣/١٣).
(46) Smyth, ibid.
(٤٧) قريش (٢٠١٤/٦/١٠)، المالكي يخول العصائب وبدر تصفية الأكراد وتهجيرهم في بغداد، http://www.qoraish.com/qoraish/2014/07/ (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٧).
(٤٨) كنوز ميديا (٢٠١٧/٩/٢٨): منظمة بدر: اصرار الكرد على اجراء استفتاء انفصال إقليم كردستان «غباء سياسي». https://www.knoozmedia.com/261939/ (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٥).
(٤٩) الخليج أون لاين (٢٠١٥/١١/٩)، ما بعد تنظيم «الدولة».. المليشيات تهديد حقيقي لإقليم كردستان https://alkhaleejonline.net/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A9/%D9%85%D8%A7-%D8%A8%D8%B9%D8%AF-.
(٥٠) العراق نت (٢٠١٩/٧/١٤): منظمة بدر تخاطب مسعود بارزاني: الاكراد اقلية وكركوك ليست كوردستانية، متاح: https://ali-raqnet.net/%D9%85%D9%86%D8%B8%D9%85%D8%A9-%D8%A8%D8%AF%D8%B1- (متاح ٢٩ /٥ /٢٠٢٠).
(٥١) الإباء (٢٠١٩/١/٩): منظمة بدر :مستقبل الكرد لا يبنى بالفوضى، https://www.alebaa.tv/2019/01/09/18140/، (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٨)؛ الراصد (٢٠١٨/٢/٤): الخزعلي: كركوك عراقية لا كردية ولن تعود كما كانت خلال الفترة السابقة، https://www.youtube.com/watch?v=hZHbi78QFKU، (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٠).
(٥٢) إيلاف (٢٠١٥/١١/٢): صراع العرب والكرد حول طوزخرماتو، https://elaph.com/amp/Web/NewsPapers/2015/11/1057250.html (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٨).
(٥٣) ROJNEWS (ايار ٢٠٢٠)، المكون الكردي في جلولاء ضحية داعش ثم العصائب، https://rojnews.news/ar/2Xdx/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%83%D9%88%D9%86- (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٨).
(٥٤) بغداد بوست (٢٠١٧/٨/٧): ميليشيا العصائب تلوّح بصدام مسلح مع الأكراد، https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/42353/ (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٠).
(٥٥) آفاق (١١ اذارى ٢٠٠٨): العصائب تحذر من نوايا أميركية لإنشاء أكبر قاعدة في المنطقة على الأراضي العراقية بالتنسيق مع الكرد، http://afaq.tv/contents/view/details?id=54093 (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٣).
(٥٦) العالم (٢٠١٧/١٠/٢٣): «أهل الحق» ترد على مذكرة القبض الكردية، https:// www.alalamtv.net /news/3102831/%D8%A3%D9%87%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%82 (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٩).
(57) Smyth, Phillip, (11/6/2018), Iranian Militias in Iraq›s Parliament: Political Outcomes and U.S. Response washingtoninstitute, link: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/iranian-militias-in-iraqs-parliament-political-outcomes-and-u.s.-response,(accessed:11\3\2020).
(٥٨) النشمي، فاضل، (٢٠١٩/٣/٢) انشقاق في منظمة بدر العراقية، الشرق الأوسط، العدد، ١٤٧٠٤، https://aawsat.com/home/article/1614441/%D8%A5%D9%86%D8%B4%D9%82%D8% A7%D9%82- 5/3/2020 (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٦).
(٥٩) بغداد بوست (٢٠١٥/٢/٢٨): منظمة بدر تنكر حدوث انشقاق في صفوفها، متاح: https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/154656/، 25/ 5/ 2020 (متاح: ٢٠٢٠/٥/٢٦)

# گرفتەکانی داهاتی گشت

## ڕێگەکانی چار



# ـــــی لە هـەرێمی کوردستان و
# رەسەرکردنیان





جیهانگیر سدیق گوڵپی ماستەر لە زانستی ئابووریی/پسپۆڕی دارایی گشتی

## بەرایی

**لە دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە تاکوو ئێستا، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمەکە؛ گرفتی داهاتە گشتییەکانە، کە گرفتێکی فرە ڕەهەندە و کەمی و لاسەنگی و ناسەقامگیری؛ بوونەتە سیما سەرەکییەکانی.**

**کورتهێنانی داهاتی گشتی لە هەرێم کە گرفتە سەرەکییەکەیە، هەم دەرکەوتەکانی جۆراوجۆرن، هەم هۆکارەکانی زیاتر لە هۆکارێکن و هەم ڕێگەچارەکانیشی زیاتر لە ڕێگەچارەیەك دەخوازن. ئەم گرفتە هەم لە دۆخی ئاساییدا بوونی هەیە و هەم لە سەروبەندی قەیرانە دارایی و ئابوورییەکاندا. گرفتەکە خۆی ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، بەڵام لە سەروبەندی دۆخە جیاوازەکاندا؛ شێوازی دەرکەوتنی زیاتر بارگاوییە بە تایبەتمەندییەکانی دۆخەکە. لە ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٧، بە هۆی بڕانی پشکی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغدا و دابەزینی نرخی نەوتەوە، زۆر بەتوندی یەخەی هەرێمی گرت و لە ئێستاشدا بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەریی پەتای کۆرۆناوە؛ لە ترۆپکیدایە.**

**کێشەی بونیادی ئابووریی هەرێم، هۆکارێکی بنچینەییە بۆ کورتهێنانی داهات، کێشەی بەڕێوەبردنی دارایی و کێشەی پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدایش بە هەمان شێوە لە هۆکارە سەرەکییەکانن، هەر بۆیە ڕێگەچارە سەرەکییەکانی ئەو گرفتە؛ ڕێکاری کارگێڕی و یاسایی و سیاسی و ئابووری دەخوازن، لە ڕووی مەودای زەمەنییشەوە هەنگاوی خێرا و مامناوەند و درێژخایەن.**

**ئەم باسە لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناسینی کورتهێنان و ڕێگەچارەکانی پێشکەش دەکات و لە بەشی دووەمیشدا بە داتا و ژمارە؛ شیکاری بۆ دۆخی زیاتر لە ٢٠ ساڵی ڕابردووی داهاتە گشتییەکان لە ڕووی قەبارە و پێکهاتە و ئاستی سەقامگیرییەوە دەکات، لە هۆکارە ڕیشەییەکانی گرفتەکە دەکۆڵێتەوە و ناساندن بۆ جۆری کوتهێنانەکە دەکات، لە بەشی سێیەمیشدا ڕێگەچارەکان دەخاتەڕوو.**

**بەشی یەکەم: کورتهێنانی داهاتی گشتی و ڕێگەکانی زیادکردنی، لە ڕوانگەی زانستی ئابووری و داراییی گشتییەوە**

**یەکەم: چەمکی داهاتی گشتی و گرفتی کورتهێنانی**

مەبەست لە داهاتی گشتی، هەموو ئەو داهاتانەیە کە حکومەت لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە دەستی دەکەوێت، بە مەبەستی ڕووپۆشکردنی خەرجییە گشتییەکان و هێنانەدیی ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی[١]. داهاتە گشتییەکان جۆراوجۆرن و بە چەندین شێوە دابەشکارییان بۆ کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لەیەکەوە نزیکن، وەك دابەشکاریی داهاتەکان لەسەر بنەمای دەسەڵات و ڕێکاری وەرگرتن کە پێك هاتوون لە: داهاتە سیادییەکان و داهاتە ئابوورییەکان و داهاتە ئیئتیمانییەکان. داهاتە سیادییەکان بریتین لە «باج و ڕسومات و پێبژاردن و... هتد»، داهاتە ئابوورییەکان بریتین لە داهاتی چالاکییە ئابوورییەکان و داهاتی موڵکەکانی دەوڵەت: «دۆمینی گشتی و تایبەت، دۆمینی عەقاری و پیشەسازی و بازرگانی و دارایی»، مەبەست لە داهاتە ئیئتیمانییەکانیش؛ قەرزوقۆڵەیە. یان شێوازی دابەشکاریی داهاتەکان لەسەر بنەمای بەردەوامی و دووبارەبوونەوە: (ئاسایی و بەردەوامەکان، نائاساییەکان). داهاتە ئاساییەکان وەك «وەك باج و ڕسومات و پێبژاردن و داهاتە ئابوورییەکانی موڵك و چالاکییەکان» و داهاتە نائاساییەکانیش وەك «قەرزی ناوخۆیی و قەرزی دەرەکی و دەرکردنی دراو»[٢].

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی دروستمان هەبێت بۆ کێشەی کورتهێنانی داهاتی گشتی، دەبێت لە دوو گۆشەنیگای سەرەکییەوە لە بابەتەکە ورد بینەوە، یەکەمیان گۆشەنیگای کەمیی سەرچاوەکان وەك جەوهەری کێشەی ئابووری، دووەمیش گۆشەنیگای کێشەی کورتهێنانی بودجەی گشتی وەك کێشەیەکی داراییی فرەڕەهەند.

**١- کەمیی داهات و سەرچاوەکان وەك جەوهەری کێشەی ئابووری**

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، کێشەی سنورداریی داهات کێشەیەکی بنچینەییە. بەپێی زانستی ئابووری، کرۆکی کێشەی ئابووری بریتییە لە بێسنووریی پێداویستییەکان و سنوورداریی ئامرازەکانی پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە[٣]. بەو پێیەی کە داهات سەرچاوەی خەرجکردن و ئەویش ئامرازی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانە، ئیدی دەتوانین بڵێین کە بەگشتی و هەموو دەم داهات و سەرچاوەکان لە ئاست پڕکردنەوەی پێداویستییە بێسنوورەکان کورت دەهێنن، بەڵام ئەو سنوورداری و کورتهێنانە بەگشتی سنوورداریەکی ڕێژەییە و بەو ڕادەیە نییە کە داهات و سەرچاوەکان بۆ

هەمیشە توانای پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانیان نەبێت، بەڵکوو لە ئاستی بێسنووریی پێداویستییەکاندا کورت دەهێنن، ئەوەی کە زۆر جار داهات و سەرچاوەکان تەنانەت بەشی خەرجی و پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانیش ناکەن، زیاتر پەیوەندیی بە خراپ تەرخانکردن و بەکارهێنان و نادادی لە دابەشکردن هەیە. زانستی ئابووری بۆ چارەسەری ئەمە، بایەخ بە پرەنسیپی باشترین تەرخانکردن و باشترین بەکارهێنانی سەرچاوەکان و دادوەری لە دابەشکردنیان دەدات، زانستی داراییش لەسەر هەمان ڕێچکە؛ بایەخ بەو پرەنسیپانە دەدات و لەسەر ئەو بنەمایە و لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا داهات و خەرجییەکان ڕێك دەخات[٤].

**٢- کورتهێنانی بودجەی گشتی و جۆرەکانی لە ڕوانگەی زانستی دارایی گشتییە وە**

مەبەست لە کورتهێنانی بودجەی گشتی ئەوەیە کە «خەرجییە گشتییەکان زیاتر بن لە داهاتە گشتییەکان لە ماوەی ساڵی داراییدا[٥]». ئەمەیش لە کاتێکدایە کە خەرجییە گشتییەکان لە بودجەدا لەسەر بنەمای پڕکردنەوەی گشت پێداویستییە بێسنوورەکانی کۆمەڵگا داناڕێژرێن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سنووردار و لەسەر بنەمای ئەولەویەت دیاری دەکرێن.

ئەگەر سەیری داتاکانی بواری دارایی دەوڵەتانی جیهان بکەین[٦]، ئەوە بەدی دەکەین کە زۆرینەی دەوڵەتان بە چاوپۆشی لە ئاستی پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی، هەژاری و دەوڵەمەندی؛ بودجەی گشتییان زۆربەی ساڵ لە دۆخی کورتهێناندایە، هەر بۆیە سەرەڕای گرنگیی دۆخی بودجەی گشتی وەك پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی دۆخی دارایی و ئابووریی دەوڵەت، بەڵام ناتوانرێت بە تاکە پێوەری ورد و پشتپێبەستراو دابنرێت بۆ ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە، چونکە نە کورتهێنان هەموو دەم نیشانەی قەیران و لاوازی و هەژارییە و نە سەرڕێژی (زیادە) نیشانەی پێشکەوتن و دەوڵەمەندی و گەشەی ئابوورییە. داتاکان ئەوە نیشان دەدەن لە کاتێکدا بودجەی زۆربەی دەوڵەتانی پیشەسازی و پێشکەوتوو لە کورتهێناندایە، کەچی هەندێ لە وڵاتانی هەژارتر لەوان؛ سەرڕێژیی بودجەیان هەیە.

دۆخی بودجەی گشتی زیاد لە هەموو شتێك پەیوەندیی بە شێوازی بەکارهێنان و تەرخانکردنی سەرچاوە و داهاتەکان و بەکارهێنانی خەرجییەکان و لەقاڵبدانی پێویستییەکانەوە هەیە، ئەوەیش لە زەمینەی کارگێڕی و سیاسی و ئابووریی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێ، لەم ڕووەیشەوە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر ڕۆڵی کارا دەگێڕن: ئاستی گەشەی ئابووری و پەیکەربەندیی

ئابووری، قەبارەی دەوڵەت و فەلسەفەی ئابووری و سنووری دەستتێوەردان و لەئەستۆگرتنی ئەرکەکان، ئاستی توانستی دەزگای کارگێڕی و...هتد؛ لەو فاکتەرانەن[٧].

بۆ ئەوەی لەسەر ئەم ئاستە بە هۆکار و خەسڵەتەکانی کەمیی داهات لە ئاست خەرجییەکان ئاشنا بین، پێویستە سەرنجی جۆرەکانی کورتهێنانی بودجەی گشتی بدەین، چونکە ئاست و هۆکار و کاریگەرییەکان و ڕێگاکانی چارەسەری کورتهێنانی بودجە بەپێی جۆرەکانیان جیاوازن. لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر چەند جۆرێکی سەرەکیی کورتهێنانی بودجەی گشتی:

**أ- کورتهێنانی کاتی و کورتهێنانی بونیادی (Structural Deficits and Cyclical Deficits)**

کورتهێنانی کاتی: ئەو کورتهێنانەیە کە پەیوەستە بە ئاستی چالاکیی ئابووری و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە شێوەی سووڕی ئابووریدا ڕوو دەدەن. لە کاتی داکشانی ئابووریدا، کەمبوونەوەی داهاتەکانی حکومەت بە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نەتەوەییەوە، دەبێتە هۆی کورتهێنانی بودجەی گشتی، ئەوەیش پاشتر دۆخی بووژانەوەی بەدوادا دێت و دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و کەمبوونەوەی کورتهێنان. ئەم جۆرە کورتهێنانە ڕووبەڕووی زۆربەی دەوڵەتان دەبێتەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە بە جێگەی مەترسیی گەورە دانانرێت، بەتایبەتییش ئەگەر ماوەیەکی کەم بخایەنێت و سیاسەتێکی دارایی ژیرانە بگیرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەسەر ئاستی ئابووری[٨].

کورتهێنانی بونیادی یان ستراکچەری: کورتهێنانێکی درێژخایەن و بەردەوامە، تەنها پەیوەست نییە بە سووڕی ئابوورییەوە، ڕەهەندەکانی لە سنووری

> **“ لەکاتی داکشانی ئابووریدا، کەمبوونەوەی داهاتەکانی حکومەت بە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نیشتیمانیی، دەبێتە هۆی کورتهینانی بودجەی گشتی ”**

دارایی و ژمێریاری تێدەپەڕن.

ئەم جۆرە کورتهێنانە لە پەیوەندییەکی دووسەرەدایە لەگەڵ لاسەنگییەکانی پەیکەری ئابووری، لە سایەی ستراکچەر و خەسڵەتی ئابوورییەکی لاسەنگ و تاك سەرچاوە و دواکەوتوو و شێواودا؛ هەمیشە خەرجییەکان لە داهاتەکان زیاترن، چونکە ئابووریی نیشتمانی و توانای داهاتی نەتەوەیی لە ئاستی لەئەستۆگرتنی ئەرکی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دەستەبەرکردنی داهاتی پێویستدا نییە بۆ پارەدارکردنی خەرجییە گشتییەکان[٩].

ب- کورتهێنانی لاوازی و کورتهێنانی بەهێزی (Strength Deficits and Weakness Deficits)

کورتهێنانی لاوازی: ئەو کورتهێنانەیە کە لە لاوازیی دەزگای کارگێڕیی حکومەتەوە سەرچاوە دەگرێت، لە بێتوانایی بۆ بەدەستهێنان و کۆنترۆڵکردن و کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنی ناعەقڵانی و بەهەدەردان.

کورتهێنانی بەهێزی: ئەو جۆرەیە کە بە هۆی پلان و پرۆژە و پاڵپشتییە داراییەکانی حکومەتەوە دروست دەبێت، کە لەسەرووی ئاستێکی گونجاوی پێداویستییە سەرەکییەکانەوە پێشکەشی دەکات، بە ئامانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی تێکڕاکانی گەشەی کەرتە ئابوورییەکان[١٠].

ت- کورتهێنانی بەمەبەست (پلان بۆ دانراو) (Planned Deficit): کورتهێنانێکی بەمەبەست و ڕێپێدراوە لە سنوورێکی دیاریکراو و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورد و بابەتییەوە حکومەت ڕێگە دەدات بە کورتهێنانێکی سنووردار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی بارودۆخ و پێویستیی تایبەت، بە مەبەستی هێنانەدیی چەند ئامانجێکی ئابووریی وەك بەرزکردنەوەی ئاستی بەگەڕخستن و هاوسەنگکردنەوەی ئابووری لە سەروبەندی داکشانی ئابووری، یان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی گەشە... هتد[١١]. هەر بۆیە دۆخی ئەم شێوازەی کورتهێنان، نزیکە لە دۆخی کورتهێنانی کاتی و کورتهێنانی بە هێزییەوە.

ئەم جۆرە کورتهێنانە لە بنەڕەتدا بەرەنجامی تێزەکانی «کینز»ە. بەپێی تیۆری کینز، پێویستە لەسەر دەوڵەت لە کاتی پووکانەوەی ئابووریدا کە ئابووریی نیشتمانی لە ئاستێکی لاوازی بەگەڕخستندایە و بێکاری لە ئاستێکی بەرزدایە، کار بکات بۆ زیادکردنی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی باج کە دەبنە هۆی زیادبوونی خستنەڕووی دراو و بەرزکردنەوەی ئاستی خواستی کارا و بەرهەمهێنان و بەگەڕخستن و لەوێیشەوە زیادبوونەوەی داهات[١٢].

## دووەم: ڕێگەکانی چارەسەری کورتهێنان و زیادکردنی داهاتە گشتییەکان

### زیادکردنی داهاتی گشتی

تەنها ئامانجی ئەو حکومەت

و دەوڵەتانە نییە کە لە دۆخی کورتهێنانی دارایی بەرچاودان، بەڵکوو ئامانجێکی سەرەکیی ئابووریی هەمووانە لە هەموو کاتێکدا، بەڵام ئەم ئامانجە چۆن دێتە دی، ئەوە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زانستی ئابووری. بۆ قسەکردن لەو بابەتە، سەرەتا پێویستە جیاکارییەك لەنێوان زیادکردنی داهات بە مەبەستی کورتهێنانێکی دیاریکراوی بودجە و زیادکردنی داهات وەك ئامانجێکی ئابووریی بەردەوام بکەین.

حکومەتەکان وەك نەریتێك بۆ بەدەستهێنان یان زیادکردنی داهات بۆ پڕکردنەوە یان پارەدارکردنی کورتهێنانی بودجە، زیاد لە هەموو شتێك پشت بە داهاتی نائاسایی دەبەستن، وەك: قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی و هاوکاری و دەرکردنی دراو، هەندێ جاریش پشت بە زیادکردنی باج و فرۆشتنی موڵکەکانی دەوڵەت و داهاتی پرۆسەی بەتایبەتیکردن دەبەستن. ئەم ڕێکارانە خۆیان بەتەنیا بۆ تێپەڕاندن یان کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کورتهێنانی کاتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دروستن، بەڵام بۆ کورتهێنانی جۆری بونیادی و لاوازی؛ چارەسەری ڕیشەیی نین، بەبێ چارەسەری هۆکارە بنەڕەتییەکان، هەموو هەوڵێکی پڕکردنەوەی کورتهێنان یەکسان دەبێت بە بەردەوامیدان بە دۆخی کورتهێنان و کەڵەکەبوونی قەرزەکان.

بۆ چارەسەری کورتهێنانی جۆری بونیادی و لاوازی، چاکسازی و توندوتۆڵکردنی سیستم و دامەزراوەکانی کۆنترۆڵکردنی داهات، پەیڕەوکردنی پرەنسیپی باشترین تەرخانکردن و خەرجکردنی ژیرانە و بەهەدەرنەدان و چاکسازیی ئابووری و فرەچەشنەکردنی پێکهاتە و سەرچاوەکانی داهات و گەشەپێدانی ئابووریی بەردەوام؛ چارەسەری ڕیشەییە، بۆ ئەم چارەسەرەیش ئاساییە لە سەرەتادا کورتهێنانی بەمەبەست لە بودجەدا بەرپا بکرێت، قەرزەکانیش هەڵبکشێن. ئەگەر پلان و سیاسەتێکی گونجاو بۆ پەرەپێدان هەبێت و زۆرینەی خەرجییە گشتییەکان لەسەر بنەمای باشترین تەرخانکردن و کاراترین شێوازی جێبەجێکردن و بە ئاڕاستەی وەبەرهێنان بن، ئەوا لە داهاتوویەکی دیاردا هەم قەبارەی داهاتی گشتی زیاد دەبێت و هەم پێکهاتە و پەیکەربەندییەکەیشی هاوسەنگ و فرەچەشن دەبێت و هەم قەرزەکانیش کەم دەبنەوە و دۆخی کورتهێنانی لاوازی و بونیادیش کۆتایی دێت، چونکە کورتهێنانی بونیادی و لاوازی؛ زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە سووڕی ئابووریی کاتییەوە هەبێت، پەیوەندیی بە پەیکەری ئابووری بەگشتی و پەیکەری بودجە و بەڕێوەبردنی دارایی و ئابوورییەوە هەیە[١٣].

**بەشی دووەم: گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان**

لەم بەشەدا لە سێ ڕووەوە لە داهاتە گشتییەکانی هەرێم دەکۆڵینەوە، ئەوانیش: لە ڕووی قەبارەوە، لە ڕووی پێکهاتە و پەیکەربەندییەوە، لە ڕووی سەقامگیری و بەردەوامییەوە.

**یەکەم: قەبارەی داهات و خەرجییە گشتییەکان و کورتهێنانی بودجەی گشتیی هەرێم**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمەوە، کەمیی داهات و کورتهێنانی بودجەی گشتی یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی (١٩٩٣)ەوە تاکوو ئێستا، چ لە سایەی حکومەتی یەکگرتوو و بودجەی یەکگرتوو، چ لە سایەی دوو ئیدارەیی و دوو بودجەیی، چ لە ساڵانی هاتنی پشکی بودجەی هەرێم لە بەغداوە، چ لە کاتی بڕانی ئەو پشکە، چ پێش دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، چ لەپاش ئەوەوە؛ هەمیشە بودجەی هەرێم ڕووبەڕووی کورتهێنان بووەتەوە، وەك لە خشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت.



> **"چ لەکاتی بڕانی پشکی هەرێم، چ پێش دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، چ لەپاش ئەوەوە؛ هەمیشە بودجەی هەرێم ڕووبەڕووی کورتهێنان بووەتەوە"**

خشتەی (١)، کورتهێنانی بودجەی گشتی لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٧-٢٠١٩) (ملیۆن دینار)[١٤]

| ساڵ | داهاتە گشتییەکان | خەرجییە گشتییەکان | بڕی کورتهێنان یان سەرڕێژی لە بودجەی گشتی | ڕێژەی کورتهێنان و سەرڕێژی بۆ بودجەی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1997 | 347,402 | 444,761 | -97,359 | -.22 |
| 1998 | 463,157 | 572,680 | -109,523 | -.19 |
| 1999 | 480,637 | 585,192 | -104,555 | -.17 |
| 2000 | 408,142 | 667,683 | 259,541- | 38.87- |
| 2001 | 441,600 | 724,295 | 282,695- | 39.03- |
| 2002 | 533,256 | 805,114 | 271,858- | 33.77- |
| 2003 | 1,119,162 | 1,174,382 | 55,220- | 4.70- |
| 2004 | 2,553,854 | 3,118,437 | 564583- | 18.10- |
| 2005 | 3,222,007 | 3,651,075 | 429,068- | 11.75- |
| 2006 | 4,315,702 | 4,418,818 | -103,116 | 2.33- |
| 2007 | 6,163,534 | 7,847,660 | 1,684,126- | 21.46- |
| 2008 | 8,593,124 | 9,541,371 | 948,247- | 9.94- |
| 2009 | 8,283,172 | 8,857,236 | 574,064- | 6.48- |
| 2010 | 10,597,176 | 11,432,176 | 835000- | 7.30- |
| 2011 | 12,386,000 | 13,950,670 | 1,564,670- | 11.22- |
| 2012 | 13,200,950 | 15,245,797 | 2,044,847- | 13.41- |
| 2013 | 15,257,849 | 16,942,749 | 1,684,900- | 9.94- |
| 2014 | 8,184,741 | 14,695,616 | 6,510,875- | 44.30- |
| 2015 | ---- | --- | ---- | --- |
| 2016 | --- | ---- | ---- | --- |
| 2017 | --- | ---- | ------ | --- |
| 2018 | 11,014,408 | 11,821,232 | 806,824- | 6.8- |
| 2019 | 13,331,751 | 13,651,190 | -319,439 | 2.4- |


خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە قەبارەی داهاتەکانی هەرێم بە درێژایی زیاتر لە (٢٣) ساڵ، هەمیشە لەچاو خەرجییەکانیدا کەم بوون و دۆخی دارایی گشتی لە هەرێم لە کورتهێنانی بەردەوامدا بووە. زیادبوونی گەورەی قەبارەی داهاتەکان لە هەندێ ساڵدا نەیتوانیوە کۆتایی بە کێشەی کورتهێنان بهێنێت، چونکە هەمیشە ڕێژەی هەڵکشان و زیادبوونی داهاتەکان کەمتر بووە لە ڕێژەی هەڵکشانی خەرجییەکان.

کەمبوونەوەی قەبارە و ڕێژەی کورتهێنان لە هەندێ ساڵدا بنەما ئابوورییەکەی ناردوست بووە و بەشێکی لەسەر حیسابی بەردەوامیدان بە لەقاڵبدانی خەرجییە گشتییە گرنگ و پێویستەکان بووە، بەتایبەتییش لە بواری وەبەرهێنان و پڕۆژەکان، واتە لەسەر حیسابی ناهاوسەنگیی ئابووری بووە، تاکوو ساڵی ٢٠١٣ زۆربەی کورتهێنانەکانی بودجەی خەمڵێنراو لە ڕێگەی جێبەجێنەکردنی بەشێك لە تەرخانکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنانەوە پڕ کراونەتەوە، هەر بۆیە تاکوو ئەوکات باسێك لە کورتهێنانی کەڵەکەبوو لەئارادا نەبوو. واتە کێشەی کەمی و کورتهێنانی داهات لە هەرێم، سەرەڕای گۆڕانکاریی ڕێژەیی لە قەبارە و ڕێژەکەی، دواجار نەخۆشییەکی درێژخایەنە و دەبێ بەو جۆرە تێی بڕوانرێت.


**دووەم: پێکهاتە و پەیکەربەندیی داهاتە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان**

پێکهاتە و پەیکەربەندیی داهاتە گشتییەکان، لە سەرەتای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمەوە تاکوو ئێستا؛ بە جۆرێکە کە لاسەنگیی گەورە و تاك سەرچاوەیی بەتەواوی بەسەریدا زاڵە. تاکوو ساڵی ٢٠٠٤، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم بریتی بوو لە گومرگ، لە ٢٠٠٥ تاکوو ٢٠١٣، بەشی سەرەکیی داهاتە گشتییەکانی هەرێم لەو پشکی بودجەیە پێك دەهات کە لە بودجەی فیدراڵیی عێراقەوە وەریدەگرت. لە (٢٠١٤)ەوە تاکوو ٢٠١٧، زیاتر پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و قەرز بەستراوە بۆ دابینکردنی خەرجییەکان. لە (٢٠١٨) یشەوە، داهاتی فرۆشتنی نەوت و ئەو بڕە پارەیەی لە بەغداوە هاتووە، بەشی سەرەکیی داهاتەکانی پێك هێناوە.

بەپێی داتاکانی بواری دارایی لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هەرێم لە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٧)، داهاتی باجەکان بەگشتی نزیکەی ٧١,٥٪ی داهاتە ناوخۆییەکانی پێك دەهێنا، هەر لەو ماوەیەشدا لاسەنگییەکی زۆر لەنێوان داهاتی باجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەبوو، گومرگ کە بەشی سەرەکییە لە باجی ناڕاستەوخۆی هەرێم، نزیکەی ٨٢,٥٪ی ئەو داهاتانەی پێك دەهێنا[١٥].




وێنەی ژمارە (1)، ناوەندی ڕێژەی بەشداریی داهاتی گومرگ و باجەکانی تر لە کۆی داهاتی باجەکان (٢٠٠٠-٢٠٠٧)




وێنەی ژمارە (2)، ناوەندی بەشداریی هەریەك لە داهاتە ناوخۆییەکان و پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی لە کۆی داهاتە گشتییەکانی هەرێم لە بودجەی ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٣)

لەسەر ئاستی کۆی داهاتە گشتییەکانیش لە ماوەی (٢٠٠٥-٢٠١٣)، پشکی هەرێم کە لە بودجەی فیدراڵییەوە وەریدەگرت، نزیکەی ٪٩٦ی کۆی داهاتەکانی بودجەی هەرێمی پێك دەهێنا[١٦].

لە (٢٠١٤-٢٠١٨)یش، بە هۆی بڕانی پشکی بودجەی هەرێم، داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم زیاتر لە ٪٧٥ی داهاتە ئاساییەکانی پێك دەهێنا و بەشەکەی تریش بریتی بوو لە داهاتە ناوخۆییەکان لە باج و گومرگ و ڕسومات و داهاتەکانی تر و هاوکاریی هاوپەیمانان، کورتهێنانیش لە ڕێگەی پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران و ڕاگرتنی پڕۆژەکان و قەرزوقۆڵەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

لە مانگی ئاداری (٢٠١٨)ەوە تاکوو کۆتایی ئەو ساڵە، مانگانە لە بەغداوە بڕی ٣١٧ ملیار دینار وەك داهات دەهاتە سەر هەژماری هەرێم و لە سەرەتای (٢٠١٩)یشەوە تاکوو ئاداری ٢٠٢٠، ئەو بڕە بریتی بوو لە ٤٥٣ ملیار دینار، کە ١٢ ملیاری لێ دەبڕا لەبریی قەرزی بانکە بازرگانییەکان. پوختەی داهاتی فرۆشتنی نەوت لەلایەن خودی هەرێمەوە بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ ساڵی ٢٠١٨، نزیکەی (٥,٧٣٥,٠٠٨,٥٥٠٠٠٠) دینار و بۆ ساڵی ٢٠١٩؛ (٥,٣٧٣,٣٥١,٧٣٣٠٠٠) دینار بووە[١٧]، ناوەندی داهاتی ناوخۆیش مانگانە نزیکەی ١٩٠ ملیار دینار بووە، هاوکاریی هاوپەیمانانیش مانگانە لەنێوان نزیکەی ٢٢ ملیار دینار بوو. سەبارەت بە ناوەندی ڕێژەی بەشداریی داهاتەکانیش بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، ڕێژەی فرۆشتنی نەوت لە کۆی داهات بریتی بوو لە ٪٤٦ و پشکی بودجە لە بەغدا ٪٣٤ و داهاتە ناوخۆییەکان ٪١٨ و هاوکاریی هاوپەیمانان ٪٢، وەك لە وێنەی ژمارە (٣)دا دیارە.




وێنەی ژمارە (3)، ناوەندی ڕێژەی بەشداریی داهاتەکان لە کۆی داهاتی گشتیی هەرێم (2018) و (٢٠١٩)

### سێیەم: دۆخی سەقامگیریی داهاتە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

ژمارە و زانیارییەکانی سەرەوە ئەوەیان بۆ ڕوون کردینەوە کە هەرێم لە سەرەتادا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بە داهاتی گومرگ بەستووە، پاشتر بە پشکی بودجەی عێراق و ئێستایش بە فرۆشتنی نەوت و پشکی بودجەی عێراق. پشتبەستن بە تاك سەرچاوەیی؛ خۆی هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی داهاتە، سەرەڕای ئەوەیش جۆری داهاتی پشتپێبەستراو کاریگەریی گەورەی هەیە لە زیادکردنی ئاستی ناسەقامگیری. ئەو سەرچاوانەی کە هەرێم پشتیان پێ دەبەستێت؛ بە سەرچاوەی ناسەقامگیر دادەنرێن، چونکە هەم داهاتی نەوت بەوە ناسراوە کە داهاتێکی ناسەقامگیرە و هەمیش خەسڵەتی دەوڵەتی عێراق و پەیوەندییە ناسەقامگیرییەکانی نێوان هەرێم و بەغدایش وایان کردووە کە پشکی بودجەی هەرێم لە عێراق ناسەقامگیر و هەمیشە لەبەردەم ئەگەری بڕان و کەمبوونەوەدا بێت، ئەمەیش جگە لەوەی کە خودی داهاتی عێراقیش داهاتێکی نەوتی و ناسەقامگیرە. داهاتی گومرگیش تا ڕادەیەك بە داهاتێکی ناسەقامگیر دادەنرێت، چونکە ئەو جۆرە داهاتە بارمتەی دۆخی پەیوەندییە دەرەکییەکانە و بازرگانیی دەرەکی و گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارەیە[١٨].

لە ئێستادا بە هۆی ئەو لاسەنگی و ناسەقامگیرییەوە، کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت و دروستبوونی تەگەرە لەبەردەم گەیشتنی پشکی بودجە لە بەغداوە؛ زۆر توند و مەترسیدارن، بە ڕادەیەك کە هەرێم بووەتە نموونەیەکی دەگمەن لە ڕووی ڕێژەی کەمبوونەی داهات و نەبوونی هیچ دەرەتانێك بۆ چارەسەری ئەو تەنگژەیە، بە جۆرێك نزیکەی لە ٨٥٪ی داهاتەکەی لەدەست داوە، ئەمەیش



لە کاتێکدایە کە دەرەتانی بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی لە ئامرازە نەختی و داراییەکان زۆر سنووردارە، وەك ئەوەی کە دەوڵەتانی تر لە پەناگەی یەدەگی نەختی و بەڕێوەبردنی سیولە و سیستمی بانکدارییدا وەك هەنگاوی خێرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە سوود وەردەگرن.

**چوارەم: خوێندنەوەی هۆکارە ریشەییەکانی گرفتی داهاتی گشتی لە هەرێم**

کەمی و ناهاوسەنگی و ناسەقامگیریی داهاتە گشتییەکان، سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر یەکتر، نەخۆشیی درێژخایەن و ڕەگوریشەی قووڵ و فرە ڕەهەندیان هەیە، بەتایبەتییش لە لایەنی ئابووری و کارگێڕی و سیاسییەوە، لێرەدا بەخێرایی لە چەند دەروازەیەکەوە هەوڵی ناسینی زیاتری ئەو نەخۆشی و گرفتانە دەدەین:

**١- گرفتی داهاتی گشتیی هەرێم وەك بەرەنجامی کێشەی بونیادی ئابووری**

ڕیشەی گرفتەکانی داهات لە هەرێم، بۆ ئەو نەخۆشییە درێژخایەنە دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە پەنجا ساڵە ئابووریی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەویش لاسەنگییەکانی پەیکەری ئابوورییە کە سەرەکیترینیان ئەمانەن: لاسەنگیی پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) و پەیکەری داهاتە گشتییەکان و پشتبەستنی زۆر بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو، گەورەبوونی قەبارەی کەرتی گشتی و لاوازی و بچووکیی قەبارەی کەرتی تایبەت، کورتهێنانی تەرازووی بازرگانی و پشتبەستن بە کاڵا و خزمەتگوزاریی هاوردە بۆ پڕکردنەوەی بەشی زۆری پێویستییە ناوخۆییەکان و کورتهێنانی بودجەی گشتی، ئەوانەش بەرەنجامی ئەو سیاسەتانەیە کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەوڵەتی عێراق گرتییە بەر[١٩].

سەرەڕای گیرۆدەبوون بەو نەخۆشییانەی ئابووریی عێراقەوە، کوردستانی باشوور هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە بە هۆی قەدەغەکردنی ناوچە کشتوکاڵییەکان و ڕاگواستن و چۆڵکردنی و گوندەکان و دوورخستنەوەی بەشی زۆری هێزی کار لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی تری ئابووری و خزاندنیان بۆ ناو دامەزراوە مەدەنی و سەربازی و ئەمنییەکان لە شێوەی بێکاریی شاراوە و بێبەشکردنی ناوچەکە لە پێشخستنی لە ڕووی پیشەسازی و ژێرخانی ئابوورییەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بوونە هۆی ئەوەی کێشەکانی بونیادی و لاسەنگیی پەیکەری لە ئابووریی کوردستانی باشوور قووڵتر ببنەوە، بە جۆرێك کە هیچ یەك لە سێکتەرە ئابوورییەکان توانای دروستکردنی داهاتی پێویست و وەخۆگرتنی قەبارەیەکی گونجاوی هێزی کاریان نەبوو و دەبوو خەڵکی ناوچەکە بۆ کار و بژێوی؛ پشت بە حکومەت و داهاتی نەوت ببەستن[٢٠].

کاتێکیش کە حکومەتی هەرێم جڵەوی فەرمانڕەوایی

ناوچەکە دەگرێتە دەست، حکومەتێك بەبێ سەروەری و دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بێ ئەزموون و بەبێ پاڵپشتیی ئابووریی پێویست و لەژێر دوو گەمارۆی ئابووریدا، میراتێك لە ئابوورییەکی شێواوی بەسەردا بەجێ دەمێنێت و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیشی نییە، ئیدی بۆ دابینکردنی داهاتی پێویست بۆ خەرجییەکانی؛ بە ڕێژەیەکی زۆر پشت بە داهاتی گومرگ دەبەستێت، لەگەڵ هەندێ کۆمەك و هاوکاریی مرۆیی نێودەوڵەتی. بەو داهاتە سنووردارە و بەو دۆخە ئابوورییە پەککەوتوو و لاسەنگە و لە سایەی گەمارۆکاندا، نەك هەر دەرفەتی پەرەپێدانی ئابووری و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و زیادکردنی داهات لەئارادا نییە، بەڵکوو کەمیی داهات و کورتهێنانی بودجە بۆخۆی ڕاستی بەرەنجام و ئەمری واقیعە[21].

بەپێی ئەو خوێندنەوەیە لە سەرەوە کرا و بەگوێرەی پێوەرەکانی جیاکردنەوەی جۆرەکانی کورتهێنان، دەتوانین بڵێین کە کورتهێنانی بودجەی هەرێم؛ کورتهێنانێکی بونیادییە.

**٢- گرفتی داهاتی گشتی لە هەرێم وەك بەرەنجامی لاوازیی بەڕێوەبردن**

حکومەتی هەرێم بە هۆی نەبوونی سەربەخۆیی و دەرفەت و ئامرازە تایبەتەکانی دەوڵەتی خاوەن سەروەرییەوە (وەك سیاسەتی نەختی، یەدەگی دراو، سیاسەتی دارایی و سیاسەتی بازرگانی)، تا ڕادەیەك بواری بۆ پەرەپێدانی ئابووریی بەردەوام و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی سنووردارە[22]، بەڵام هۆکاری مانەوەی دۆخی دارایی و ئابوورییەکەی لەم ئاستە نالەبارەدا، زیاد لە هەر شتێك پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردن و ڕەفتاری دامودەزگە کارگێڕی و سیاسی و ئابووری و یاساییەکانیەوە. حکومەتی هەرێم

چەندین ساڵ بە هۆی جەنگی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و ناکۆکی و ململانێ حزبییەکانەوە، نەیتوانیوە لە بواری بەڕێوەبردنی داراییدا هەنگاوی پێویست بنێت، تاکوو ئێستا نە خاوەنی دامەزراوەگەلی دارایی و بانکی و سیستمی باجگیری و کۆکردنەوەی داهاتی یەکگرتوو و پێشکەوتووە و نە وەکوو پێویست پەیڕەویی لە پرەنسیپەکانی شەفافیەت و بەشداری و لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی دەکات. حکومەتی هەرێم کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە بودجەی گشتیی عێراقی ڕادەست دەکرا، نەیتوانی



وەکوو پێویست سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە و بووژاندنەوەی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بنیاتنانی سەرچاوەی داهاتی سەقامگیر و فراوانکردنی بوارەکانی بەگەڕخستنی هێزی کار و دروستکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر، بەڵکوو بەردەوام بوو لە هەنگاوە هەڵەکانی، وەك: دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەناو دامودەزگەکانی حکومەت و حزبەکان، زیاترکردنی بێکاریی شاراوە، فەرامۆشکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و پشتبەستن بە هاوردەکردنی بەشی هەرە زۆری پێداویستییەکان.



حکومەت لە کاری ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەو داهاتانەی کە شیاوی بەدەستهێنان بوون، کەمتەرخەمیی زۆری ئەنجام داوە و تاکوو ئێستا سیستمێکی ڕێکخراو و تۆکمە و هەوڵ و هەنگاوێکی کردەنیی سەردەمییانەی بۆ ئەو مەبەستە نییە و سەرەنجام زۆرێك لە داهاتەکان، یان وەرنەگیراون و کۆ نەکراونەتەوە، یان نەچوونەتە ناو گەنجینەی حکومەتەوە. کاری دابەشکردنی تەرخانکردنەکان و خەرجکردن و بەهەدەردان و گەندەڵی و قۆرغکارییش بە جۆرێك ئەنجام دراوە، کە نەك تەنیا ببێتە هۆی گوشاری زۆر لەسەر بودجەی گشتی، بەڵکوو بە شێوەیەکی خراپیش کار بکاتە سەر گەشەنەکردنی سێکتەرە سەرەکییەکانی ئابووری و بوارەکانی بەرهەمهێنان. بابەتەکانی سیستمی بانکی و قەرزدان و هاندان و ڕێکخستنی پاشەکەوتکردن و ئاراستەکردنی بۆ وەبەرهێنان و چەندین بابەتی تری گرنگی پەیوەست بە بەڕێوەبەردنی کەرتی داراییەوە، هەنگاوێکی ئەوتۆیان بۆ نەنراوە. هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی داهاتی گشتیی هەرێم، زۆر بەسنوورداری و ناهاوسەنگی و ناسەقامگیری بمێننەوە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە بەشێکی گەورەی کورتهێنان لە هەرێم، لە جۆری کورتهێنانی لاوازییە. لێرەوە کورتهێنانی جۆری لاوازی لە داهاتەکانی هەرێم، دەبێتە سەرباری کورتهێنانی بونیادی کە لە دەروازەی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە.

**٣- گرفتی داهاتی هەرێم وەك بەرەنجامی کێشەی پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا**

وەك لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، لە ساڵانی ڕابردوو تاکوو ئێستاش، هۆکاری کەمی و کورتهێنانی داهاتی هەرێم؛ بەشێکی گەورەی پەیوەندیی بە سیاسەتی بەپاشکۆکردنی

ئابووریی هەرێم بۆ عێراق و گیرۆدەبوون بە نەخۆشییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە و مامەڵەی دەسەڵاتدارانی بەغداوە هەبووە.

کوردستانی باشوور بە درێژایی مێژووی لکاندنی بە عێراقەوە(جگە لە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣)، پاشکۆی دارایی عێراق بووە و لەلایەن بەغداوە پارەدار کراوە و زۆرینەی داهاتەکانی دابین کراون، لە سەردەمی عێراقی نوێ و فیدراڵیشدا تا ڕادەیەك دۆخەکە بە هەمان شێوەیە، هەر چەندە وەك خەسڵەتی دەوڵەتی فیدراڵی، زۆرینەی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهات و نەخت و دارایی لەدەست ناوەنددان و ڕایەڵە نەختی و داراییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ڕێگەی تەواو بە بێباکبوون و بێنیازبوونی هەرێمەکان بۆ ناوەند نادەن، بەڵام پشتبەستنی هەرێم بە بودجەی بەغدا؛ زیادەڕۆیی تێدایە و تاکوو ئێستا هەرێم نەیتوانیوە ڕادەی پشتبەستن بە بەغدا وەك پێویست کەم بکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە پشتبەستن بە بەغدا؛ شایستەی متمانە و مایەی دڵنیایی نییە، تاکوو سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی گشتیی هەرێم؛ بودجەی عێراق بێت، ئەوا دۆخ و قەبارەی داهاتی گشتیی هەرێم پەیوەست دەبێت بە دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە، خەسڵەتی پەیوەندییەکانیش لە دەوڵەتی عێراقدا بە جۆرێکە کە کەمتر سەقامگیری بەخۆیانەوە دەبینن، لە سایەی دۆخێکی لەو جۆرەشدا داهاتە گشتییەکانی هەرێم بەناسەقامگیری دەمێننەوە.

هۆکاری ئەم ناسازی و ناسەقامگیرییەی پەیوەندییە داراییەکانیش لەنێوان هەولێر و بەغدا، بۆ بڕوانەبوونی تەواو بە فیدراڵیەت و سازنەبوونی بنەما یاسایی و دامەزراوەییەکانی فیدراڵیەتی دارایی دەگەڕێتەوە، کە مەرجی پێویستن بۆ سەقامگیریی پەیوەندییە داراییەکان و بابەتەکانی تایبەت بە دابەشکاریی سامان و داهات و بودجە[٢٣].

**“دۆخی ئێستای داهاتە گشتییەکانی هەرێم، بەر لەهەرشتێك؛ پێویستی بەهەڵگرتنی هەنگاوو ڕێگەچارەی خێراو فریاگوزارییە”**

**بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی چارەسەری گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێم**

خو ێند نە و ە و ئەنجامگیرییەکانی بەشی دووەم ئەوەی بۆمان سەلماند کە داهاتە گشتییەکانی هەرێم؛ گیرۆدەی گرفتی کەمی و ناهاوسەنگی و ناسەقامگیرین و کورتهێنانی داهاتەکانیش لە جۆری کورتهێنانی بونیادی و لاوازییە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوانە و بە ڕەچاوکردنی دۆخی نائاسایی ئێستای داهاتە گشتییەکان، ڕێکارەکانی چارەسەر بە سێ شێواز دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: ڕێکارە خێراکان**

دۆخی ئێستای داهاتە گشتییەکانی هەرێم بەر لە هەر شتێك؛ پێویستی بە هەڵگرتنی هەنگاو و ڕێگەچارەی خێرا و فریاگوزارییە، بۆ ئەمەیش پێویستە لە چەند دەروازەیەکەوە هەنگاو بنر ێت :

**دەروازەی نەختی و دارایی**

زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەری خێرای لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە، پشت بە ڕێکاری نەختی و دارایی دەبەستن، وەك دابەزاندنی نرخی سوو، ئاسانکاریی بانکی و پرۆسەی قەرزوقۆڵە، پارەدارکردنی بازاڕ و سێکتەرەکانی کار، بەردەوامیدان بە خەرجییە گشتییەکانی حکومەت و پارەدارکردنیان لە ڕێگەی قەرزە گشتییەکانەوە. هەموو ئەمانەیش لەپەنای بانکی ناوەندی و یەدەگی نەختی و سیاسەتی نەختی و سیستمی دارایی و بانکداریدا دەکرێن، کە هەرێم لێی بێبەشە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ئەوەیە کە هەرێمەکان لەو دەسەڵات و تایبەتمەندییە خۆش دەبن بۆ ناوەند، تاکوو بە ڕێکار و سیاسەتی یەکگرتوو بە سوودی سەرانسەری وڵات بخرێنە گەڕ[٢٤]. بۆ ئەوەی هەرێمیش وەك هەموو دەوڵەتان و وەك بەشەکانی تری عێراق؛ لەم دەروازەیەوە هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەری قەیرانەکە بنێت، پێویستە هەوڵی تەواو بدات بۆ دوو مەبەست:

١- وەرگرتنی پشکی بودجەی هەرێم لە بەغدا. بێگومان لەم دۆخەدا پارەدارکردنی بودجەی عێراق تەنها لە ڕێگەی قەرزە گشتییەکان و سوودوەرگرتنی ناڕاستەوخۆ لە ڕەسیدی دیناری بانکی ناوەندی و دامەزراوەی بانکیی عێراقی و یەدەگی دراوی بیانییەوە دەبێت، هەریەك لەمانەیش هەرێمی تێدایە، هەروەك ئەوەی کە بارگرانی و لێکەوتەکانیشی لەسەر هەرێم گران ڕادەوەستن.

٢- دەرکردنی قەواڵەی دارایی لەلایەن هەرێمەوە، چ بۆ فرۆشتنی لە بازاڕ بە هاوڵاتیان و وەبەرهێنن و بانکەکان، چ بۆ بەکارهێنانی بۆ پێدانی بە مووچەخۆران لەبریی بەشێك لە مووچەکانیان، لێرەدا مووچەخۆران زیانمەند نابن، چونکە حکومەت دەبێت

به‌های قه‌واڵه‌کان له‌سه‌ر فه‌رمانبه‌ر به‌ که‌متر هه‌ژمار بکات، تاکوو له‌ کاتی فرۆشتنه‌وه‌ی به‌ وه‌به‌رهێن و ناوه‌ندگره‌ داراییه‌کان؛ مووچه‌خۆران زیانیان پێ نه‌گات و وه‌به‌رهێن و ناوه‌ندگره‌کانیش قازانج بکه‌ن و حکومه‌تیش سه‌ره‌ڕای سوودوه‌رگرتن له‌ کات، سوود له‌ کاشی بازاڕ و که‌رتی تایبه‌ت و وه‌به‌رهێن و بانکه‌کان وه‌ربگرێت، خه‌سڵه‌ته‌کانی قه‌واڵه‌ی داشکێنراویش خۆیان هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ن. ئه‌مه‌ پێویستی به‌ دوو مه‌رج هه‌یه‌: یه‌که‌م: ڕه‌زامه‌ندیی به‌غدا، ئه‌مه‌ش له‌ ماده‌ی ٤٠ و ٤١ و ٤٣ی یاسای کارگێڕیی دارایی ئیتیحادیی ساڵی ٢٠١٩دا هاتووه‌ و هه‌رێم مافی سوودوه‌رگرتن له‌و ڕێکاره‌ و قه‌رزی ناوخۆیی به‌گشتی هه‌یه‌، به‌م جۆره‌ قه‌واڵه‌کان له‌ بازاڕی دارایی عێراق به‌گشتی و له‌لایه‌ن تێکڕای بانکه‌کان و بانکی ناوه‌ندیشه‌وه‌ مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ده‌کرێت.

مه‌رجی دووه‌میش: ئه‌وه‌یه‌ که‌ حکومه‌تی هه‌رێم ده‌سته‌به‌ری ساغکردنه‌وه‌ی ئه‌و قه‌واڵانه‌ له‌ کاتی یاسایی خۆیدا بکات.

ئه‌گه‌ر ئه‌م هه‌نگاوه‌ بنرێت، نه‌ك هه‌ر به‌شێك ده‌بێت له‌ چاره‌سه‌ری خێرا بۆ گرفتی کورتهێنان، به‌ڵکوو ده‌بێته‌ سه‌ره‌تایه‌کیش بۆ ده‌ستپێکی چالاکیی بانکی و جووڵه‌ی دراو به‌ شێوه‌ی سیستماتیك و گه‌ڕانه‌وه‌ی متمانه‌ بۆ دامه‌زراوه‌ی بانکداری و دانانی بناغه‌ی بازاڕی دارایی و که‌مکردنه‌وه‌ی مامه‌ڵه‌کردن به‌ کاش.

٣- سه‌ره‌ڕای جیاوازیی شێوازی قه‌رزپێدان و وه‌رگرتنی له‌لایه‌ن حکومه‌تی هه‌رێمه‌وه‌، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی قه‌رزه‌کان تا ڕاده‌یه‌کی زۆر ده‌که‌ونه‌ چوارچێوه‌ی ده‌روازه‌ی نه‌ختی و دارایی، بۆیه‌ له‌م خاڵه‌دا جه‌خت ده‌که‌ینه‌وه‌ له‌سه‌ر وه‌رگرتنه‌وه‌ی قه‌رزه‌کانی حکومه‌ت له‌ به‌ڵێنده‌ران و سوودمه‌ندان.

**ده‌روازه‌ی موڵکه‌کانی حکومه‌ت**

یه‌کێك له‌ سه‌رچاوه‌کانی داهاتی گشتی له‌ دنیادا، بریتییه‌ له‌ موڵکه‌کانی ده‌وڵه‌ت که‌ له‌ شێوه‌ی موڵکی عه‌قاری و بازرگانی و پیشه‌سازی و داراییدان. حکومه‌تی هه‌رێم بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی خێرای ئه‌م قه‌یرانه‌، ده‌توانێت چه‌ند هه‌نگاوێك بنێت.

١- فرۆشتنی به‌شێك له‌و زه‌وی و موڵکه‌ عه‌قاری و بازرگانی و پیشه‌سازییانه‌ی که‌ یاساکانی دۆمینی تایبه‌ت ده‌یانگرێته‌وه‌، ئه‌ویش به‌ مه‌رج و ڕێکاری یاسایی و تایبه‌ت، به‌ جۆرێك فرۆشتنیان هه‌م ببێته‌ داهاتێکی ڕاسته‌خۆ بۆ حکومه‌ت، هه‌م به‌کارهێنان و سوودوه‌رگرتنیان له‌لایه‌ن کڕیارانه‌وه‌ هاوته‌ریب بێت له‌گه‌ڵ که‌ڵکی ئابووری بۆ هه‌رێم. حکومه‌تی هه‌رێم خاوه‌نی زه‌وی و موڵکی جۆراوجۆری سوودلێوه‌رنه‌گیراوی گرانبه‌ها و به‌نرخه‌، له‌ ئێستادا فرۆشتنی و سوودوه‌رگرتن له‌ داهاته‌که‌ی؛ نه‌ك هه‌ر

هەنگاوێكـــی بەجێیـــە، بەڵكوو پێویســـتییەكی ناچارییشـــە.

٢- پێداچوونـــەوە بـــە كـــرێ و داهاتـــی هەمـــوو ئەو موڵكانەی كە بە شـــێوەی كرێ و موســـاتەحە دراون بە وەبەرهێن و ســـوودمەندان، ئەوانـــەی كە پرۆژەیـــان لەســـەر دروســـت كـــراوە و كەڵكـــی ئابووریـــی هەمەلایەنەیـــان هەیـــە؛ پێداچوونـــەوە بـــە كرێكانیـــان بكرێـــت، ئەوانـــەی كرێیـــان نـــەداوە و یـــان دواكەوتـــووە؛ لێیـــان وەربگیرێت. ئـــەو زەوی و موڵكانـــەی كـــە ســـوودیان لـــێ وەرنەگیـــراوە، لێیـــان وەربگیرێتـــەوە و ڕێكاریـــی یاســـاییان لەگەڵ بگیرێتە بەر و موڵكەكان بە شـــێوەی زیادكردنی ئاشـــكرا بدرێنـــە وەبەرهێنی تر، بە كرێـــی زیاتر و بـــە وەرگرتنی بارمتـــەی گەروەتـــر بەپێـــی بەهـــای شـــوێنەكە و ئاســـتی خواســـت لەســـەری.

٣- چارەســـەری كێشـــەی ئـــەو زەوی و موڵكانـــەی حكومـــەت بكرێت كـــە لەلایەن كەســـانی ئاســـایی و بەرپـــرس و دەستڕۆیشـــتووانەوە دەســـتی بەســـەردا گیـــراوە و كـــراوە بە بـــاخ و ڤێـــلا و شـــوێنی حەوانە و خۆشـــگوزەرانی، یـــان كراون بـــە پـــرۆژەی ئابـــووری، یـــان بگەڕێنرێتـــەوە بـــۆ حكومـــەت و بـــۆ ئـــەوەی ســـوودی لـــێ وەربگیرێت، یان پاش وەرگرتنی ڕێـــكاری پێبـــژاردن لەبریی ئەو هەنگاوە نایاســـاییە و وەرگرتنی كرێـــی كەڵەكەبـــوو، ئەوەندەی یاســـا ڕێگە دەدات، یـــان پێیان بفرۆشـــێتەوە بە نرخی بازاڕ، یان بخرێنـــە زیادكردنی ئاشـــكراوە. یاســـاكان تایبـــەت بـــە زەوییە كشـــتوكاڵییەكان تـــا ڕادەیەك بۆ ئەوە ڕێگرن، بەڵام پێویســـتە بە هەر جۆرێك بێت ئـــەو موڵكانە بـــۆ ســـوودی داهاتی گشـــتی بـــەكار بهێنرێـــن، دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێكـــردن؛ هەمـــوو ڕێكارێـــك بـــۆ ئەمـــە بگرنـــە بەر.

**دەروازەی باج و ڕسومات و پێبژاردن و داهاتی دەروازە سنوورییەكان**

١- زیادكردنـــی گومـــرگ و كـــرێ و ڕســـومات و پێبژاردن لەســـەر هەمـــوو ئـــەو كار و چالاكییانـــەی كـــە پێویســـتیی ســـەرەكی نیـــن، لـــە بوارەكانی بەرهەمهێنـــان و وەبەرهێنـــان و بازرگانـــی و بەكاربـــردن، زیادكردنـــی باجـــی گومـــرگ بە ڕێژەیەكـــی زۆر لەســـەر جگەرە و كهـــول و كاڵای كەمالـــی و جوانـــكاری و كەلوپەلـــە زیانبەخشـــەكان و دانانی باجی بەكاربردنیـــش لەســـەریان.

٢- زیادكردنـــی باجـــی گومـــرگ لەســـەر هاوردەكردنـــی گشـــت ئەو كاڵا و خزمەتگوزارییانـــەی كـــە لـــە ناوخۆدا توانـــای بەرهەمهێنانیان هەیـــە، ئەمـــەش بـــە مەرجی توندوتۆڵكردنـــی چاودێریـــی بازرگانـــی و كۆنترۆڵی جۆری، بۆ ئەوەی نرخی كاڵا پێویستەكان لە بـــازاڕی ناوخۆ بـــەرز نەكرێتەوە و كوالێتییشـــیان دانەبەزێنرێت.

٣- زیادكردنـــی كـــرێ و ڕســـومات لەســـەر كردنـــەوە و كاركردنـــی ئـــەو شـــوێنە بازرگانـــی و گەشـــتیارییانەی كە پەیوەســـت نین بە پێویســـتییە ســـەرەكییەكانی هاوڵاتیانـــەوە، وەك: یانـــە و كافتریـــا و گازینۆ و شـــوێنە گەشـــتیارییەكان و... هتد .

٤- سنووردانان بۆ لێخۆشبوونەکانی گومرگ و ڕێگریکردن لە خۆدزینەوە لە باجدان و وەرگرتنی باج لە هەموو ئەو کەس و یەکە و دامەزراوانەی باج دەیانگرێتەوە.

٥- ڕێخستنەوەی کاروباری دەروازە سنوورییەکان و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی دانی باجی گومرگ و نەهێشتنی ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر داهاتی گشتی لەلایەن کۆمپانیا و کەسانی دەڕۆیشتووەوە سوودی لێ وەردەگیرێت و ناچێتە گەنجینەی حکومەتەوە.

## دەروازەی خەرجیيە گشتییەکان

لەبەر ئەوەی کورتهێنانی داهات بەشێکی پەیوەندیی بە قەبارەی خەرجییەکانەوە هەیە، بۆیە زۆربەی جارەکان و لە تەواوی وڵاتانی دنیاشدا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی کورتهێنانی بودجە لەپاڵ زیادکردنی داهاتدا، کەمکردنەوە یان ڕێکخستنەوەی خەرجییەکانیش ڕێکارێکی پشتپێبەستراوە. زیاتر لە ٨٥%ی کۆی خەرجییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سێ بوارن، کە هەرسێ بوارەکە بەهەدەردانی زۆریان تێدایە و دەرفەتی کەمکردنەوەی و چاکسازییان هەیە، ئەوانیش: خەرجییەکانی بواری مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی، خەرجییەکانی بواری بەرهەمهێنان و گواستنەوە و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی بواری نەوت و کۆمپانیا نەوتییەکان، خەرجییەکانی بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حکومەتی هەرێم هەروەك بەڵێنی داوە و هەنگاویشی بۆ ناوە، بە زووترین کات ئەو بەهەدەردان و لەبەرڕۆیشتنانە چارەسەر بکات.

## ڕێکارە مامناوەندییەکان

مەبەست لە ڕێکارە مامناوەندییەکان ئەوەیە کە ڕێکارەکان بە پرۆسەی بەردەوامتر و درێژخایەنتر بن لەچاو ڕێکارە خێراکاندا، بەشێکی زۆری ئەو ڕێکارانەش کە لێرەدا دەخرێنە ڕوو، تایبەتن بە چارەسەری کورتهێنانی جۆری لاوازی کە جۆرێکە لە کورتهێنانی داهات لە هەرێم، لەو هەنگاوانە:

١- ئەنجامدانی چاکسازیی گشتگیر لە بواری کارگێڕی و دارایی بەگشتی، بەتایبەتییش سیستم و دامەزراوەی باجگیری و بانکداری و بەرزکردنەوەی توانای بەجێگەیاندنی حکومەت بۆ ئەرکەکانی لە بوارەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێریی بازاڕ و پابەندبوون بە یاساکان و لێپرسینەوە.

٢- دانانی یاسای بودجەی هەرێم، پەیڕەوکردنی ژمێرەی کۆتایی ساڵانە و ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی چاودێریی دارایی.

٣- کارکردن بۆ هاوسەنگکردنی سەرچاوەکانی داهات: زیادکردنی دەفر و ڕێژەی باجەکان، بەتایبەتییش

باجە ڕاستەوخۆكان: باجی هەڵكشاوی داهات و باجی سەرمایە، بە جۆرێك كە باجی داهات بە ڕێژە و ئاستی گونجاو؛ مووچەخۆرانی كەرتی تایبەت و حكومەتیش بگرێتەوە و پێداچوونەوە بە كرێ و ڕسومات و پێبژاردنەكان و داهاتەكانی تر بكرێت.

٤- خێراكردنی هەوڵەكان بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر لە گازی سروشتی.

٥- كاركردن بۆ دیاریكردنی گونجاوترین ڕادەی خەرجییە گشتییەكان و نەهێشتنی گەندەڵی و بەهەدەردان و كەمكردنەوەی خەرجی، لەسەر بنەمای خەرجكردنی ژیرانە نەك تەنها بە سكهەڵگوشین، پەیڕەوكردنی پرەنسیپی توانستی لە تەرخانكردن و كارایی لە خەرجكردن.

٦- گو نجا ند نی دەرفەتی لەبار بۆ چالاكی كەرتی تایبەت و سێكتەرە ئابوورییەكانی پیشەسازی و بازرگانی و كشتوكاڵ و گەشتیاری، بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی داهاتی تاكەكان و دەرفەتی كار و پاشتریش سەرچاوەی داهاتی گشتی لە ڕێگەی باج و ڕسومات و كرێوە، ئەمەش بە پەیڕەوكردنی دوو جۆر سیاسەتی ئابووری لە یەك كاتدا، ئەوانیش: یەكەم: سیاسەتی پاراستنی پیشەسازی و بەروبوومی ناوخۆیی لە ڕێگە سنووردانان بۆ كاڵا و خزمەتگوزاریی هاوردە، دووەمیش: سیاسەتی پاراستنی مافی بەكاربەر و پاراستنی كەشی كێبەركێی بازاڕ و نەهێشتنی قۆرغكاری لە ناوخۆدا.

٧- هەنگاونانی جددی بە ئاراستەی ڕێككەوتنی سەقامگیر لەگەڵ بەغدا و بنیاتنانی سیستمی فیدراڵیەتی دارایی، سەركەوتن و سەقامگیربوونی فیدراڵیەتی دارایی لە عێراق و پەیوەندییە داراییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا؛ كارێكی سەختە و بنەما سیاسی و كولتووری و یاسایی و دامەزراوەییەكانی ساز نین، بۆیە تا ماوەیەكی درێژ شەڕی وەرگرتنی ماف و شایستەكان لە بواری سامان و دارایی بەردەوام دەبێت، پێویستە هەرێم لەگەڵ هەنگاوەكانی كەمكردنەوەی پشتبەستن بە بەغدا، لە ئێستاوە پێبەپێی كار بكات بۆ لابردنی زۆرینەی كۆسپە سیاسی و یاساییەكانی بەردەم سەقامگیریی پەیوەندییەكان و بەدەستهێنانی ماف و شایستەكانی، ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە؛ یەكگرتوویی و یەكگوتاری و هەوڵ و هەنگاوی بەردەوامی دەوێ و لە ڕووی یاساییشەوە پێویستی بە هەمواركردنەوەی چەندین یاسای فیدراڵی هەیە كە بەپێی دەستوور پێویست بوو یاسای نیشتمانی بن و ببنە بنەمای فیدراڵیەتی دارایی، بەڵام لەلایەن عێراقەوە بە شێوەیەكی ناوەندگەرایانە داڕێژران و پەسەند كران كە خۆیان كۆسپن لەبەردەم پەیوەندییە داراییەكاندا، وەك یاساكانی: دەستەی گشتیی چاودێریی تەرخانكردنی داهاتە ئیتیحادییەكان، دەستەی گشتیی پاراستنی

مافی هه‌رێم و پارێزگاكان، كارگێڕیی دارایی ئیتیحادی، كۆمپانیای نه‌وتی نیشتمانیی عێراقی، ده‌سته‌ی ده‌روازه سنوورییه‌كان... هتد.

٨- پێداچوونه‌وه به هۆكاری كورتهێنانی دامه‌زراوه‌كانی كه‌رتی گشتی و فرۆشتن و به‌تایبه‌تیكردنی ئه‌وانه‌یان كه شیانی ئه‌وه‌ی هه‌یه، وه‌ك كۆمپانیاكانی سه‌ر به وه‌زاره‌تی بازرگانی و كۆمپانیای دڵنیایی سه‌ر به وه‌زاره‌تی دارایی و... هتد، له‌گه‌ڵ پێداچوونه‌وه به هۆكاری كورتهێنانی فه‌رمانگه‌كانی ته‌مویلی زاتی، وه‌ك بانكه بازرگانییه‌كان و فرۆكه‌خانه‌كان و شاره‌وانییه‌كان.

### ڕێكاره درێژخایه‌نه‌كان

وه‌ك پێشتر ڕوونمان كردووه، به‌شێكی گه‌وره‌ی كورتهێنانی داهات له هه‌رێم؛ له جۆری كورتهێنانی بونیادییه و هۆكاره‌كانیشی په‌یوه‌ستن به په‌یكه‌ری ئابووریی هه‌رێمه‌وه، چاره‌سه‌ری ئه‌وه پێویستی به ڕاستكردنه‌وه‌ی لاسه‌نگییه سه‌ره‌كییه‌كانی په‌یكه‌ری ئابووری هه‌یه، به‌تایبه‌تییش لاسه‌نگیی په‌یكه‌ری كۆبه‌رهه‌می نه‌ته‌وه‌یی و لاسه‌نگیی ته‌رازووی بازرگانیی ده‌ره‌كی و لاسه‌نگیی نێوان قه‌باره‌ی كه‌رتی تایبه‌ت و كه‌رتی حكومی، ئه‌وانه‌یش به ڕه‌خساندنی ژینگه‌ی ته‌ندروست بۆ كه‌رتی تایبه‌ت و فه‌راهه‌مكردنی دۆخی كێبه‌ركێ و نه‌هیشتنی قۆرغكاری و په‌ره‌پێدارنی سێكته‌ره ئابوورییه‌كانی پیشه‌سازیی گۆڕین و پترۆكیمیایی و كشتوكاڵ و چاندن و ئاژه‌ڵداری و گه‌شتیاری ده‌كرێت.

ئه‌م كاره پرۆسه‌یه‌كی درێژخایه‌نه و به‌ربه‌سته‌كانیشی كه‌م نین، كاره‌كه ئاسان نییه و ته‌نها هه‌بوونی سه‌رچاوه‌ی سروشتی و مرۆیی؛ ده‌سته‌به‌ری سه‌ركه‌وتنی ناكه‌ن، پرۆسه‌كه زنجیره‌یه‌ك پلانی ورد و سێ ساڵه و پینج ساڵه‌ی ستراتیژی و یه‌ك له‌دوای یه‌كی پێویسته، سه‌رمایه‌گوزاریی گه‌وره و هێنانی سه‌رمایه و ته‌كنۆلۆژیا و ڕاهێنانی ده‌ستی كار و هه‌مواركردن و ده‌ركردنی چه‌ندین یاسای گرنگ و داڕشتن و جێبه‌جێكردنی كۆمه‌ڵێك سیاسه‌تی ئابووری و دارایی و بازرگانیی پێویسته، به‌ڵام ئه‌گه‌ر حكومه‌ت و دامه‌زراوه‌ی خاوه‌ن ئیراده و به‌به‌رنامه هه‌بێت و كاری لێبڕاوانه‌ی بۆ بكات، نه‌ك كارێكی ئه‌سته‌م نییه، به‌ڵكوو له میانه‌ی پرۆسه‌یه‌كی درێژخایه‌ندا، ئه‌گه‌ری سه‌ركه‌وتنیشی زۆر و دڵخۆشكه‌ره، سه‌ره‌ڕای هه‌موو شتێكیش؛ ئه‌وه تاكه ڕێگه‌ی مانه‌وه و گه‌شه‌كردن و پێشكه‌وتنه.

---


سه‌رچاوه‌كان:

١ - عبدالمطلب عبدالحميد (٢٠١٠), اقتصاديات المالية العامة, القاهرة: الشركة العربية المتحدة للتسويق و التوريدات, ص٢٢٣.

٢ - محمد شاكر عصفور (٢٠٠٩), اصول الموازنة العامة, عمان: دار المسيرة للنشر والتوززيع و الطباعة, ص٣١٤-٣١٧.

٣ - طارق الحاج, مبادىء علم الاقتصاد, عمان: دار الصافء للنشر والتوزيع, ص١٥.

٤ - عبدالمطلب عبدالحميد, نفس المصدر, ص١٤.
٥ - عبدالله حمد الدباش و ميسون مجيد الناصر (٢٠١٨)، «دراسة اقتصادية لبعض العوامل المؤثرة على العجز المالي في الموازنة العراقية (٢٠٠٣-٢٠١٦)»، مجلة جامعة جيهان اربيل العلمية, عدد ٢، ص٥٤٠.
6 - The World Fact book, Central Intelligence Agency, https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/rankorder/2222rank.html
٧ - سوزى عدلى ناشد، اساسيات المالية العامة, منشورات الحلبي الحقوقية, ص٦٤-٧٠.
8 - Robert .J. Gordon(2009), Macroeconomics, person Addison Wesly, E11, New York, p143.
٩ - عادل احمد حشيش (١٩٩٢), اسايسات المالية العامة, مدخل الى اصول الفن المالي للاقتصاد العام, بيروت: دار النهضة العربية, ص ٣٤٨.
10 - Robert .J. Gordon, Ibid, p 479.
11 - Ansgar Belks (2009), «Fiscal Stimulus Packages and Uncertainty in times of Crisis Economic Policy for Open Economies», Economic Analysis & Policy, Vol.39 No,1, March, p15.
12- Jonathan Millar (1997), The Effect of Budget Rules on Fiscal Performance and Macroeconomic Stabilization, Bank of Canada, p13.
١٣ - جهانگير صديق احمد (٢٠١٥)، الاختلالات الهيكلية للموازنة العامة واليات المعالجة/اقليم كوردستان العراق (حالة دراسية للمدة٢٠٠٠-٢٠١٣), رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة صلاح الدين, اربيل, ص٤٣.
١٤ - خشتەی ژمارە (١)، بە پشتبەست بەم سەرچاوانەی خوارەوە ئامادە کراوە:
ژمارەکانی ١٩٩٧-٢٠١٣، ژمارەی بودجەی گشتیی خەملێنراو و پەسەندکراون بە پشتبەستن بەم سەرچاوانە:
- هيوا عثمان اسماعيل الحيدري (٢٠١٤), تحليل اثر تقلبات سعر الصرف الاجنبي في الموازنة العامة لاقليم كوردستان العراق للمدة ١٩٩٧-٢٠١٣, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة صلاح الدين, اربيل, ص١٢٥.
- جهانگير صديق احمد, مصدر السابق، ص١١٤.
ژمارەکانی ساڵی ٢٠١٤، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی وەرگیراون کە بە شێوەی بەیانی دارایی ئامادە کرابوو. بۆ ٢٠١٥-٢٠١٧، زانیاری و داتای دروست دەست نەکەوتن.
ژمارەکانی ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت و لێدوان و زانیارییە بڵاوکراوەکان لەلایەن بەرپرسانی حکومییەوە ئامادە کراون.
١٥ - جهانگير صديق احمد، مصدر السابق، ص١٤٦.
١٦ - نفس المصدر، ص١٤٣.
17 -https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2019/
١٨ - شلير على صالح، واقع النظان الضريبي وافاق تطوره في كوردستان العراق للفترة (١٩٩٢-١٩٩٨), رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة صلاح الدين, ١٩٩٩, ص٩١.
-١٩ جيهانگير سديق گوڵپی، کێشەی دارایی هەرێم، ڕەهەند و بەرپرسیارێتی و چارەسەرەکان، بەشی یەکەم: /http://penus.krd
-١٩-٠٢-٠٤-٢٠١٨/index.php/ckb
-١٨-٠٢-٠٩-٢٠١٨-٥٥٣/item/٣٣-١١
٣٨-٥٦
٢٠ - هەمان سەرچاوە.
٢١ - هەمان سەرچاوە.
٢٢ - هەمان سەرچاوە.
٢٣ - جیهانگیر سدیق گوڵپی، شکستی فیدراڵیەتی دارایی لە عێراق: http://penus.krd/index.
/٣٣-١١-١٩-٠٢-٠٤-٢٠١٨/php/ckb
٣٨-٥٦-١٨-٠٢-٠٩-٢٠١٨-٤٥٨/item
٢٤ - هەمان سەرچاوە.

# سیناریۆکانی بەبازاڕکردنی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان



بێستوون محەمەد سەنگاوی
ماستەر لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز



**بەرایی**

**خواستی جیهانی بۆ گازی سروشتی؛ بەردەوام لە زیادبووندایە، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەوە ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەمەش پەیوەندیی بە چەندین فاکتەری سروشتی، ژینگەیی، ئاسانیی بەکارهێنان و گواستنەوە و عەمبارکردن و... هتد؛ هەیە. لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیستمی سیاسی، ئابووری، کارگێڕی و... هتد؛ هاتنە ئاراوە، هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێییەکەی، یەکێك لەو هەنگاوە دیارانەی کە دەستیان پێ کرد، بەپیشەسازیکردنی نەوت و گاز بوو، واتە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز دوای دۆزینەوەیان و دواتر بەبازاڕکردنیان. لە ئەنجامی ئەو گەڕانانەدا دەرکەوت جگە لە نەوتی خاو، یەدەکێکی زۆری گازی سروشتییش لەژێر خاکی کوردستاندا هەیە، کە دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ مەبەستی پیشەسازیی کارەبایی و لە داهاتووشدا دەتوانرێت وەکوو سەرچاوەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەکار بهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت بەشێك لە پێداویستی و خواستی دەرەوە، بەتایبەتی عێراق و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا دابین بکات. سەرەتا و لە ساڵی ٢٠٠٧، بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆنسۆرتیۆمی کۆمپانیاکانی (دانا گاز، هیلال، پیترۆڵیۆمی نێودەوڵەتی و پێرڵ پترۆڵیۆم) بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و لە ساڵی ٢٠١٦دا لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی خاوەن سەرمایە بە ناوی ڕۆسنەفت (Rosneft)، کە کۆمپانیایەکی ڕووسییە و لە بواری نەوت و گازدا وەبەرهێنان دەکات، ڕێککەوتنی سەرەتایی کردووە بۆ دروستکردنی بۆرییەکی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا و ئەورووپا.**

**زۆربوونی خواست بۆ گازی سروشتی لە جیهاندا**

بەکارهێنانی گازی سروشتی لە جیهاندا بە شێوازێکی خێرا لە زیادبووندایە، بە شێوەیەك لە ساڵی ٢٠١٢دا بڕی ١٢٠ تریلیۆن پێ سێ جای لێ بەکار هاتووە، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی ٢٠٣ ترلیۆن پێ سێ جا زیاد دەکات لە ساڵی ٢٠٤٠دا. بەکارهێنانی گازی سروشتی بۆ مەبەستی پیشەسازی (١,٧٪) زیاد دەکات لە ساڵێکدا، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ کارەبا دەگاتە (٢,٢٪)، بە جۆرێك (٧٣٪)ی بەکارهێنانی گازی سروشتی بە مەبەستی پیشەسازی و بەرهەمهینانی کارەبا دەبێت لە ساڵی ٢٠٤٠-دا[1].

لە ساڵی ٢٠١٨ لە کۆی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا، بەکارهێنانی گازی سروشتی بە ڕێژەی

٢٤٪ و بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین بە ڕێژەی ٢٧٪ و بەکارهێنانی نەوت بە ڕێژەی ٣٤٪ بووە. زۆربەی ئەو گازە سروشتییەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بووە بە ڕێژەی ٣٤٪ و بۆ سێکتەری پیشەسازی بە ڕێژەی ٣١،٣٪، بەکارهێنانی لە سێکتەری نیشتەجێبووندا بە ڕێژەی ٢٠،٧٪ و بە مەبەستی بازرگانی بە ڕێژەی ١٣،٨٪ و بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکان بە ڕێژەی ٠،١٥٪ بوو[٢].

## سیناریۆی یەکەم

*** ئایا گازی سروشتیی کوردستان دەتوانێت چارەسەری کێشەی کارەبا بکات لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا؟**

گازی سروشتی گونجاوترین سەرچاوەی وزەی نوێنەبووەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پیشەسازی لە جیهاندا. بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیەی وزە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە گەشەکردندایە، بە شێوەیەك لەنێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ ڕێژەی خواست لەسەر ئەم سەرچاوەیەی وزە (٤،٩٪) زیادی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٨-دا پێداویستیی جیهان گەیشتووەتە نزیکەی (٣٩٢٢) ملیار مەتر سێجا[٣].

یەکێك لە کێشە گەورەکانی عێراق، دابینکردنی کارەبایە بۆ هاونیشتمانیانی. سەرەتاکانی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١. پێش دەستپێکردنی شەڕ، حکومەت توانای دابینکردنی ٨٧٪-ی کارەبای هەبوو، بەڵام شەڕ بووە هۆکاری لەناوبردنی نزیکەی ٧٠٪ی سەرچاوەکانی کارەبا، بە شێوەیەك ٨٠٪-ی یەکەکانی تۆربایینە گازییەکان لەکار کەوتن و ئەو یەکانە کەم بوونەوە بۆ نزیکەی ٥٠ یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبا کە ئەوانیش تەنیا توانای دابینکردنی (٢،٣٢٥) مێگاواتیان هەبووە. بەڵام پێش دەستپێکردنی شەڕ و لە ساڵی ١٩٩٠، توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لەم وڵاتەدا نزیکەی (٩،٢٩٥) مێگاوات بووە، کە پێکهات بوو لە ١٢٠ یەکەی تۆربایین کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانیان بریتی بوو لە «Thermal, Gas Turbine, Hydroelectric»[٤].

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، حکومەتی عێراق نزیکەی ٤٠ ملیار دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا خەرج کردووە، بەڵام نەتوانراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەمە جگە لەوەی مەزەندە دەکرێت نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلاری تر پێویست بێت بۆ چارەسەری کۆنکرێتییانەی کێشەکە، لە کاتێکدا ئەگەر گەندەڵی و بەهەدەردان نەکرێت وەکوو ئەوەی لە ٤٠ ملیار دۆلارەکەی پێشوودا کراوە[٥].

لە ئێستادا عێراق پێویستی بە نزیکەی ٢٥ هەزار مێگاوات کارەبا هەیە، بەڵام توانای دابینکردنی نزیکەی ١٥-١٦ هەزار مێگاواتە، لەم بڕە نزیکەی ١٢٠٠ تا ١٥٠٠ مێگاواتی لە ئێران دەکڕێت، ئەم بڕە کارەبایە نزیکەی ٣٧-٣٨ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی پێویستە و عێراق نزیکەی ٣،٥ تا چوار ملیار

دۆلار سالانە دادەتە ئێران لەبریی ئەو بڕە لە گازی سروشتی و دابینکردنی ئەو بڕە لە کارەبا، هەر چەندە ئەو بڕە پارە زۆرە کە لە کڕینی کارەبادا دەدرێت بە ئێران، بارگرانییەکی زۆری ئابووریی لەسەر عێراق دروست کردووە، بەڵام وڵاتەکەی تا ڕادەیەك لە بەشێك لە کێشەی کارەبا بەتایبەت بۆ پارێزگاکانی بەسرە و دیالە و میسان ڕزگار کردووە و پێناچێت عێراق بتوانێت دەست هەڵبگرێت لە ڕێککەوتنی کڕینی کارەبا و گازی سروشتی لە ئێران لەژێر فشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە چوارچێوەی سزا ئابووری و سیاسییەکان بۆ سەر ئێران، هەتاوەکوو جێگرەوەیەك بۆ دابینکردنی کارەبا و کڕینی گاز نەدۆزێتەوە، ئەویش تەنها وڵاتانی دراوسێیەتی، چونکە بە دەرچوون لەو ڕێککەوتنە، قەیرانی کارەبا زۆرتر دەبێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستاشدا حکومەت تەنها توانای دابینکردنی ٦٠٪-ی کارەبای هەیە، بەو بڕەشەوە کە لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات[٦]، لە کاتێکدا عێراق پێویستی بە نزیکەی ٧٠ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە بۆ دابینکردنی کارەبای تەواوەتی، جگە لەوەی کە بەشێکی تری سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا؛ سەرچاوەکانی تری وزەیە جگە لە گازی سروشتی[٧]. ئەمە لە کاتێکدایە لە دوایین سەردانی «عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی»؛ وەزیری دارایی عێراق بۆ عەرەبستانی سعودی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢٣، ڕایگەیاندووە کە عێراق پابەندی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران دەبێت و کڕینی کارەبا و غاز لە ئێران ڕادەگرێت و لەبریی ئەوە، ڕێککەوتنی کڕینی وزە لە عەرەبستانی سعودی ئەنجام دەدات.

هەرچەندە عێراق و کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆری یەدەکی گازی سروشتین، بەڵام هەتاوەکوو ئێستا نەتوانراوە کارەبای پێویست و پێداویستییەکانی گازی

**"عێراق پێویستی بە نزیکەی ٧٠ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە بۆ دابینکردنی کارەبای تەواوەتی"**

سروشتی بەتەواوەتی دابین بکرێت، یەدەکی گازی سروشتیی کوردستان بە نزیکەی ٢٠٠ تریلیۆن پێ سێجا دەخەمڵێنرێت، کە دەکاتە (٥,٦٧)تریلیۆن مەتر سێجا، ئەم بڕە نزیکەی ٣٪-ی یەدەکی جیهانە[٨]، هەر چی یەدەکی گازی عێراقە نزیکەی ١١٢ تریلیۆن پێ سێجایە کە دەکاتە نزیکەی ١,٦٪-ی یەدەکی جیهانی[٩].

توانای دابینکردنی ڕۆژانەی گازی سروشتی لەلایەن کوردستانەوە تەنها بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بریتییە لە ٤٠٠ ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی، کە دەکاتە نزیکەی (١١٣,٢٦٨) مەتر سێجا بۆ دوو وێستگەی کارەبا لە سلێمانی و یەك وێستگە لە هەولێر[١٠]، هەروەها بەپێی ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆنسۆرتیۆمی کۆمپانیاکانی (دانا گاز، هیلال، پیترۆلیۆمی نێودەوڵەتی و پێرڵ پترۆلیۆم) کە لە ساڵی ٢٠١٧ ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، دەبێت توانای بەرهەمهێنانی گاز لەلایەن پێرڵ زیاتر بکرێت لە کێڵگەی کۆرمۆر بە توانای (٥٠٠) ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا، لە ماوەی دوو ساڵدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی زیادە، ١٦٠٪ زیاد بکرێت لە هەمان کێڵگە، ئەمە جگە لەوەی لە کێڵگەی کۆرمۆر بلۆکەکانی ژمارە ١٩ و ٢٠ بە هەمان مەرجەکانی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا لە بلۆکی کۆرمۆر لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ گەڕان و بەرهەمهێنانی گاز و نەوت دەست پێ بکات[١١]، بەپێی ئەو پلانەی کە داڕێژراوە، توانای بەرهەمهێنان لە کێڵگەی کۆرمۆر لە ساڵی ٢٠٢١ دەگەیەنرێتە نزیکەی ٦٥٠ ملیۆن مەتر سێجا و لە ساڵی ٢٠٢٢ دەگەیەنرێتە نزیکەی ٩٠٠ ملیۆن مەتر سێجا[١٢]. هەروەها لە ئێستادا عێراق ڕۆژانە نزیکەی ٢٣ ملیۆن مەتر سێجا توانای بەرهەمهێنانی گازی سروشتیی هەیە و زۆربەشی لە پارێزگای بەسڕەیە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بەراورد بە پێداویستیی ڕۆژانە، هەر چەندە ئەم وڵاتە بەرنامەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئەم سەرچاوە سروشتییەی هەیە بۆ نزیکەی (١٠٠) ملیۆن مەتر سێجا لە ساڵی ٢٠٢٥. ئەگەر بتوانێت ئەم پلانە جێبەجێ بکات، ئەوکات پێویستی نە بە هاوردەکردنی کارەبا دەبێت لە ئێران و نە پێویستی بە گاز و کارەبا دەبێت لە هەرێمی کوردستان[١٣].

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بتوانن بگەن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی وزە، ئەوا گازی سروشتیی کوردستان توانای دابینکردنی نزیکەی (٣/١)ی پێداویستیی غازی عێراقی دەبێت، چونکە توانای بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەدوای ڕێککەوتنەکەی حکومەتی هەرێم و کۆنسۆرتیۆم؛ توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانە بۆ نزیکەی ١٦٠٪ بەرز دەکاتەوە، کە ئەوکات واتە لە ساڵی ٢٠١٧ کە بەرهەمهێنان نزیکەی ٣٣٠ ملیۆن پێ سێجا بووە، بەرز دەبێتەوە بۆ (٨٠٠) ملیۆن پێ سێجای ڕۆژانە[١٤].

## سیناریۆی دووەم

### * هەناردەکردن و فرۆشتنی گازی سروشتیی کوردستان بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا


تورکیا وڵاتێکی گرنگ و گەورەی پیشەسازییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی کە ئەم گرنگییەی پێ بەخشیوە؛ بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە هەیە، ئەم وڵاتە پردی گواستنەوەی کەرەستەی خاوە بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا و گواستنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان بەپێچەوانەوە، چونکە خاوەنی کەناری ئاوییە لەسەر دەریای ڕەش و دەریای سپیی ناوەڕاست، بەڵام ئەم وڵاتە خاوەنی یەدەك و بەرهەمهێنانێکی زۆر کەمی نەوتی خاو و گازی سروشتییە. هەموو توانای ئەم وڵاتە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت، رۆژانە کەمترە لە ٥٠ هەزار بەرمیل و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی بە بڕی ٦٣٢ ملیۆن مەتر سێجای ساڵانە[١٥]، بەڵام بڕی پێویستی رۆژانەی نەوت لەو وڵاتە نزیکەی ١,٠٠٢,٨٨٥ بەرمیل نەوت[١٦] و بڕی ٤٧,٣ ملیار و مەتر سێجا گازی سروشتی بووە لە ساڵی ٢٠١٨-دا[١٧].

لە داهاتوودا کوردستان دەتوانێت پردی بەیەکگەیشتن و دابینکردنی گازی سروشتی بێت بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا، چونکە ئەم هەرێمە خاوەنی نزیکەی ٥ تریلیۆن و ٦٧ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییە و ئەم سەرچاوەیەی وزە زۆر لە نەوت گرنگترە و خواستی بەکاربەرانی سەرچاوەکانی وزەی زۆر زیاترە بە بەراورد بە نەوت بەتایبەتی لەلایەن ئەورووپاوە. کوردستان دەبوایە لە ساڵی ٢٠٢٠ دەستی بکردایە بە هەناردەکردنی گازی سروشتی و بەپێی ئەو پلانەی کە هەبوو؛ بیتوانیایە ٦٪ی گازی سروشتیی ئەورووپا دابین بکات، چونکە کۆمپانیای ڕۆسنەفت دەڵێت: ساڵی ٢٠٢٠ گازی کوردستان دەگەیەنینە بازاڕەکانی ئەورووپا، دوای ئەوەی بۆریی گواستنەوەی گاز لەنێوان کوردستان و تورکیا دروست دەکرێت، ئەو بۆرییە توانای گواستنەوەی ساڵانەی بریتییە لە ٣٠ ملیار مەتر سێجا[١٨].

لەم ڕوانگەیەوە کوردستان لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای وزەوە گرنگتر و بەبایەختر دەبێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە بەدیلی دابینکردنی وزە بۆ ئەورووپا و تورکیا، چونکە هەموو جیهان خاوەنی نزیکەی ١٨٧ ترلیۆن و ٣٠٠ ملیارد مەتر سێجا گازی سروشتییە. کوردستان بەو ڕێژەیە دەچێتە ڕیزبەندیی نۆیەمین گەورەترین وڵاتی خاوەن یەدەکی گازی سروشتی و لەدوای ڤەنزوێلا کە خاوەنی نزیکەی ٥ ترلیۆن و ٧٢٤ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتییە، دەکەوێتە پێش نەیجیریا کە خاوەنی نزیکەی ٥ ترلیۆن و ١٠٠ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییە.

هەر چەندە پرۆژەی «Nord Stream و Nord Stream ٢»؛ دوو پرۆژەی گواستنەوەی گازن لە ڕووسیاوە

بۆ ئەڵمانیا، بە درێژایی ١٢٠٠ کیلۆمەتر بە دەریای بەڵتیکدا تێدەپەڕن و توانای گواستنەوەی نزیکەی ١١٠ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییان هەیە لە ساڵێکدا[١٩]، بەڵام ئەم ڕێژەیە کەمترە لە (٤/١)ی پێداویستی ساڵێکی یەکێتیی ئەورووپا کە بریتییە لە (٤٥٨,٥) ملیار مەتر سێجا. هەر چەندە هەریەك لە وڵاتانی ڕووسیا و ئێرانە کە خاوەنی زۆرترین گازی سروشتین لە جیهاندا، لە ڕووی جوگرافیاوە نزیکن لە ئەورووپا و تورکیاوە، بەڵام کێشمەکێشی سیاسی و دوورکەوتنەوە و لیکنزیکبوونەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ناسەقامگیریی سیاسییان؛ وایان کردووە بازاڕێکی خاوەن متمانە نەبن بۆ ئەورووپا و تورکیا و ئەم دوو جوگرافیایەش هەم ئەورووپا و هەم تورکیا، یەدەك و بەرهەمهێنانی گازی سروشتییان زۆر کەمە و هاوردەکردن و بەکاربردنیان زۆرە[٢٠].




**پلانی کۆمپانیاکانی دانا گاز و ڕۆسنەفت سەبارەت بە گازی سروشتیی کوردستان**

لە ساڵی ٢٠١٧دا، توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی گازی سروشتی لەلایەن کۆمپانیای دانا گاز و هاوبەشەکانیەوە لە کێڵگەی کۆرمۆر بریتی بووە لە نزیکەی ٣٣٠ مەقمەق(ملیۆن پێ سێجا)، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنە نوێیەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانای بەرهەمهێنانی گاز لەلایەن پێرڵ دەبێت زیاتر بکرێت بە توانای ٥٠٠ مەقمەق، واتە برەکەی زیاد بکرێت بۆ ٨٣٠ مەقمەق لە ڕۆژێکدا. لە ئێستادا بەرهەمی گازی کۆرمۆر گاز بۆ وێستگەکانی کارەبای چەمچەماڵ و بازیان، وێستگەی هەولێر-خورمەڵە و سێمێل و بەشێك بۆ کەرکووك و موسڵیش دەنێردرێت. هەر چی کۆمپانیای ڕۆسنەفتە، بەپێی هەواڵێك کە ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ساڵی ٢٠١٧دا بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ڕۆسنەفت ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوانیاندا هەیە، دەیخەنە

بـــواری جێبەجێکردنـــەوە کـــە بەشـــێکی بریتییە لە دامەزراندنی بۆرییـــەکی گواســـتنەوەی گازی سروشـــتی بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتـــانی یەکێتیـــی ئەورووپا، هەروەهـــا بەشـــێکی ئـــەو گازە بۆ پێداویســـتیی وێســـتگەکانی کارەبـــا و کارگـــەکان بـــەکار بهێنرێت. توانـــای هەناردەکردنی ســـاڵانەی گازی سروشـــتی لەم بۆرییـــەوە، بریتییە لـــە ٣٠ ملیار مەتر ســـێجا کە دەکاتـــە ٦٪-ی خواســـتی ئەورووپـــا بـــۆ گازی سروشـــتی. لـــە ســـاڵی ٢٠١٩ کارەکانی ئـــەم بۆرییـــە دەبووایە تـــەواو ببووایـــە و لـــە ســـاڵی ٢٠٢٠ هەناردەکـــردن دەســـتی پـــێ بکردایـــە. دامەزراندنی ئەو بۆرییـــە لەلایەن ڕۆســـنەفتەوە بەپێی سیستمی «BOOT» واتە دروســـتکردن، خاوەندارێتیکردن، بەکارخســـتن و هەناردەکـــردن دە بێت [٢١].

هـــەر چەنـــدە هەتاوەکوو ئێســـتا باردۆخـــی ئابووریـــی کوردســـتان پێـــمان دەڵێـــت بەڕێوەبردنـــی نـــەوت و گاز لە هەرێمـــی کوردســـتان وەکـــوو درووشـــمی ئابووریی سەربەخۆ؛ ســـەرکەوتوو نەبـــووە، ئەمەش پەیوەندیی هەبـــووە و هەیە بە جـــۆری گرێبەســـتە نەوتییەکان و دابەزینـــی نرخـــی نـــەوت و ســـەرهەڵدانی ڕێکخـــراوی دەوڵەتی ئیســـلامی لـــە عێراق و شـــام (داعش)، ســـەرهەڵدان و تەشـــەنەکردنی جیهانییانـــەی مەترســـیی ڤایرۆســـی کۆرۆنا و ناشـــەفافی لـــە بەڕێوەبـــردن و دابەشکردنی ناشەفافانەی قازانج لەنـــاو گرێبەســـتە نەوتییەکان لەنێـــوان هاوبەشـــەکاندا و ناشـــەفافی لـــە ژمـــارەی بەرمیلـــە بەرهەمهاتووەکانـــی نـــەوت و کـــۆی تێچوونەکانـــی عەمەلیەی نەوتـــی. هەتاوەکوو ئێســـتا لەلایـــەن حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانەوە ئەوە ڕانەگەیەنـــراوە کـــە مامەڵـــەی بازرگانـــی بـــە گازی سروشـــتی کرابێـــت بـــە شـــێوەیەك کـــە هەنـــاردەی بازاڕەکانـــی جیهان کرابێـــت. بێگومـــان بەشـــێك لەو کێشـــانەی کـــە ڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی نـــەوت بوونەتەوە لە کوردســـتاندا، بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی بەرهەمهێنانی گازی سروشـــتییش دەبنـــەوە، وەکوو ناشـــەفافی لـــە بەڕێوەبـــردن و هەڵبـــەز و دابـــەزی نرخی گازی سروشـــتی لـــە جیهاندا.

## کوردستان وەك بازاڕێك بۆ فرۆشتنی گاز بۆ ئەورووپا و تورکیا

لە ئەگـــەری جێبەجێکردنی پلانی هـــەردوو کۆمپانیـــای دانا گاز و ڕۆســـنەفت لە بارەی گازی سروشـــتیی کوردســـتانەوە، ئایا کوردســـتان دەبێتـــە بازاڕێك بۆ فرۆشـــتنی گازی سروشـــتی بـــە ئەورووپـــا و تورکیا؟


ڕێـــژەی یەدەکـــی گازی سروشـــتی و شـــەیڵ گاز، توانای بەرهەمهێنـــان و ڕێـــژەی بەکارهێنـــان، بـــڕی گازی هاوردەکـــراو، هەموو ئـــەو داتا و زانیارییانـــە پێـــمان دەڵێن تا چەند گازی سروشتیی کوردستان دەتوانێـــت بازاڕێـــك بێـــت بۆ ئەورووپـــا و تورکیـــا:

١. ڕێـــژەی یـــەدەکی ئامـــادەی گازی سروشـــتی لـــە ئەورووپـــادا کەمترە بـــە بەراورد بـــە هەمـــوو کیشـــوەرەکانی تـــری ســـەر گـــۆی زەوی. وڵاتی «نەرویج» کـــە زۆرترین یەدەکی

گازی هەیە لەنێو هەموو وڵاتانی ئەورووپادا، بڕەکەی نزیکەی (٣,٣١٣) ترلیۆن مەتر سێجایە و لە ڕیزبەندیی شازدەهەمین وڵاتی زۆرترین یەدەك و هۆڵەنداش لە ڕیزبەندیی بیست و پێنجەمینە بە بڕی ٢٩٢ ملیار مەتر سێجا و بەریتانیاش لە ڕیزبەندیی چل و یەکەمینی وڵاتانە و بڕی ٢٩٢ ملیار مەتر سێجا و هەریەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا، پۆڵەندا، فەڕەنسا و ئیسپانیا لەم بڕە کەمتر لە گازی سروشتی لەژێر خاکەکەیاندا هەیە. هەر چی تورکیاشە، نزیکەی ٦ ملیارد و هەشتا و هەشت ملیۆن مەتر سێجا یەدەکی گازی سروشتیی هەیە لە ڕیزبەندیی ٨٥ی وڵاتی دنیادایە لە یەدەکی گازی سروشتی[٢٢].

٢. لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتیدا، هەموو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی (١٣٢,٣٠٠) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییان هەیە، ئەم ژمارەیە کەمترە لە نزیکەی چوار هێندەی توانای بەرهەمهێنانی وڵاتێکی وەکوو ئێران و پێنج هێندەی ڕووسیا و حەوت هێندەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. سەبارەت بە تورکیا، تەنیا توانای بەرهەمهێنانی بڕی ٦٣٢ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی هەیە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە و لە ڕیزبەندیی (٦٨)ەمین وڵاتانی دنیادایە. عێراقیش توانای بەرهەمهێنانی بە بەراورد بە یەدەکی گازە سروشتییەکەی، زۆر کەمە و تەنها نزیکەی (٨٨٠) ملیۆن مەتر سێجایە لە ڕیزبەندیی (٦٥)ەمین وڵاتی دنیایە. نەرویج و هۆڵەندا و بەریتانیا لە ڕیزی ئەو وڵاتانەی ئەورووپادان کە توانای زۆرترین بەرهەمهێنانی گازی سروشتییان هەیە[٢٣].

٣. یەکێتیی ئەورووپا لەسەر ئاستی جیهان؛ دووەمین گەورەترین بەکارهێنەری گازی سروشتییە لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە ئەمەریکا ساڵانە نزیکەی (٧٧٨) ملیار مەتر سێجا و یەکێتیی ئەورووپا (٤٥٨,٥) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی بەکار دەهێنن[٢٤]. هەریەك لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، تورکیا، فەڕەنسا، هۆڵەندا، ئۆکرانیا، ئیسپانیا، ڕۆمانیا، پۆڵەندا، نەرویج، ئێرلەندا، دانیمارك، یۆنان، کرواتیا، فیلەندا و سوید؛ بەدوای یەکدا گەورەترین بەکارهێنەرانی گازی سروشتین لە ئەورووپادا، بە شێوەیەك ئەڵمانیا بڕی (٩٢,٠١٠) ملیار مەتر سێجا و ئیتاڵیا (٧٥,١٥٠) ملیار مەتر سێجا و بەریتانیا (٧٩,٥٦٢) ملیار مەتر سێجا؛ گازی سروشتی بەکار دەهێنن بۆ هەر ساڵێك[٢٥].



لە هاوردەکردنی گازی سروشتیدا، یەکێتیی ئەورووپا لە ڕیزی یەکەمی هاوردەکاراندایە و نزیکەی نیوەی گازی هاوردەکراوی جیهان لەلایەن ئەو یەکێتییەوەیە، بە بڕی (٤٢٠,٦٠٠) ملیار مەتر سێجا ساڵانە. زۆرترین ڕێژەش لەلایەن ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەڕەنسا و هۆڵەنداوە بووە، بە شێوەیەك کە ئەڵمانیا (٩٩,٦٣٠) ملیار مەتر سێجا و ئیتاڵیا (٧٠,٢٠٠) ملیار مەتر سێجا و بەریتانیا (٥٣,٦٣٠) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییان هاوردە کردووە. تورکیاش وەکوو یەکێك لە وڵاتانی هاوردەکاری جیهان، ڕیزبەندیی نۆیەمینی وەرگرتووە و ساڵانە نزیکەی ٣٨ ملیار و ٤ ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هاوردە دەکات. سەبارەت بە هەناردەکردنی گازەوە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا، بازرگانییەکە بە بڕێکی زۆر کەم و لەنێوان چەند وڵاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت[٢٦].

**ئەنجام**

ژمارەکانی یەدەکی خەمڵێنراوی گازی سروشتیی کوردستان و ئەو هەمووو پێداویستییە بە گازی سروشتی لەلایەن عێراق بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەروەها یەدەکی کەمی گازی سروشتی لە هەریەك لە وڵاتانی ئەورووپا و تورکیا، ڕێژەی بەرهەمهێنانیان و بەکارهێنانیان و هاوردەکردنی گازی سروشتی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە، پێمان دەڵێن داهاتووی جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای وزەی هەرێمی کوردستان گرنگتر و ستراتیژتر دەبێت و کوردستان تا ڕادەیەك دەتوانێت جێگرەوەی بێت بۆ دابینکردنی بەشێك لە سەرچاوەی وزەی گازی سروشتی بۆ عێراق و ئەورووپا و تورکیا. بە یەدەکی ٥ تریلیۆن و ٦٧ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییەوە، کوردستان دەتوانێت بڕێکی زۆر بە پێداویستی نزیکەی (٣/١)ی پێداویستیی گازی عێراق دابین بکات و پێی بفرۆشێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هەروەها کوردستان بەتەنها دەتوانێت بۆ ماوەی نزیکەی ١٤ ساڵ گازی سروشتیی هەموو ئەورووپا دابین بکات، بە مەرجێك بتوانێت:

١. چارەسەری کێشەکانی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بکات لە هەرێمی کوردستان.

٢. پەیوەندییەکی نوێی سیاسی و وزە دروست بکات لەگەڵ حکومەتی ناوەند، بەتایبەتی بە فرۆشتنی گازی سروشتی بەو حکومەتە، ئەم پەیوەندییە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هاوبەش دروست بکر ێت .

٣. بەردەوامی بدات بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ناو ڕێککەوتنەکەی کۆمپانیای ڕۆسنەفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی ئەو بۆرییە گازییە لە کوردستانەوە بۆ تورکیا و لەوێوە گەیاندنی گازی کوردستان بە بازاڕەکانی ئەورووپا.

٤. ڕ ێککە و تنە کە ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای داناگاز جێبەجێ بکرێت بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی

کۆرمۆر و دەستکردن بە کارکردن لە کێڵگەی چەمچەماڵ و کێڵگەکانی تری ناو ڕێککەوتنەکە، تاوەکوو توانای بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەو کێڵگانە برەوی پێ بدرێت.

٥. بە وریایی زیاتر مامەڵە بکات بۆ دووبارەنەبوونەوەی کێشەیەکی تری وەکوو کێشەکەی کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو حکومەتە زیانی زۆری ماددیی لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو کێشەیەوە کردووە.

٦. بەردەوام کار بکات بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، هەتاوەکوو لەمپەر دروست نەبێت لەبەردەم دامەزراندنی بۆریی گواستنەوەی گازی کوردستان بۆ تورکیا. کار بکات بۆ واژووکردنی گرێبەستی نوێ لەگەڵ کۆمپانیاکانی گاز و نەوت لە جۆری گرێبەستی خزمەتگوزاری کە ئەم جۆرە قازانجی زۆرتری لە ڕووی ماددییەوە بۆ کوردستان هەیە، بۆ گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەی نوێی گازی سروشتی.

## سەرچاوەکان


1- U.S. Energy Information Administration | International Energy Outlook، (2016) Natural gas، available from (online) << https://www.eia.gov/outlooks/ieo/pdf/nat_gas.pdf>> (02 May 2020)

2- Statistical Review of World Energy (2019)، primary Energy Consumption، <<https://www.bp.com/content/dam/bp/business-sites/en/global/corporate/pdfs/energy-economics/statistical-review/bp-stats-review-2019-full-report.pdf>>(02 May 2020)

3- IEA (2019) Natural gas information، Detailed and comprehensive annual data on natural gas supply، demand and trade، available from (online) <<https://www.iea.org/reports/natural-gas-information-2019>> (03 May 2020)

4- G، Michel (2003). Joint Iraq Needs assessment: Electricity (Report). United Nations / World Bank (03 May 2020) .

5- Rawabet Center (2019) raq and the electricity crisis in the summer of 2019، available from (online) <<https://rawabetcenter.com/en/?p=6981>> (04 May 2020) .

6- Hawramy، F. (2019) Iran-Iraq gas and electricity payment mechanism yet to be finalised: official، available from (online) <<https://www.rudaw.net/english/middleeast/iran/14092019>> (05 May 2020) .

7- Rudaw TV (2020) Iraq needs nearly 70 million cubic meters of Natural gas each day to produce electricity، (05 May 2020)

8- EIA (2012) TODAY IN ENERGY، Global natural gas consumption doubled from 1980 to 2010، available from (online) Oct 02، 2017`` https://www.eia.gov/todayinenergy/detail.php?id=5810>> (05 May 2020)

9- Worldometer (2017) Gas Reserves in Iraq، << https://www.worldometers.info/gas/iraq-natural-gas/>> (06 May 2020).

10- Zhelwan Z. Wali (2020) Dana Gas production stable despite oil plunge and COVID-19 pandemic: official available from (online) << https://www.rudaw.net/english/business/25032020>> (07 May 2020).

١١- بێستوون محەمەد سەنگاوی، (٢٠١٧)، ڕێککەوتنەکەی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای دانەغاز: ڕاگرتنی زیانی بەردەوام https://www.milletpress.com/Detail.aspx ?Jiamre=46491&T=86% D9%87 (10 May 2020).

12- Reuters (2019) Dana Gas، Crescent sign 20-year gas sales deal with Iraq›s

(online) Sep 22، 2017، <http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/596-krg-and-rosneft-deal-on-construction-of-natural-gas-pipeline،-exports-expected-in-202013 Aug 2017>> (16 May 2020).

21- Energy Information Administration (2018) Natural gas - proved reserves، Atuabo gas project to propel more growth» p:94. (16 May 2020)

22- Global Energy Trends – BP Statistical Review 2015، Energy، Environment and Policy، available from (online) (May 22، 2020)

23- Elham; Varaminian، Farshad (2017). «Effects of non-ionic surfactants on formation kinetics of structure H hydrate regarding transportation and storage of natural gas». Journal of Natural Gas Science and Engineering. 37: 397–408.

24- Statista (2020) Natural gas consumption in the European Union from 1998 to 2018، <<https://www.statista.com/statistics/265406/natural-gas-consumption-in-the-eu-in-cubic-meters/>> (27 May 2020).

25- OPEC Annual Statistical Bulletin، (2018) World natural gas demand by country، Organization of the Petroleum Exporting Countries، p: 120. (26 May 2020)

servations>>. (13 May 2020).

17- Statistical (2020), Natural gas consumption in Turkey from 2005 to 2018, available from (online) <<https://www.statista.com/statistics/703684/natural-gas-consumption-turkey/>>(-15May 2020).

Reuters (2017) Russia›s Rosneft clinches gas pipeline deal with Iraq›s Kurdistan، available from (online)

<<https://www.reuters.com/article/us-kurdistan-rosneft/russias-rosneft-clinches-gas-pipeline-deal-with-iraqs-kurdistan-idUSKCN1BT0MQ>>(15May 2020).

18- Gazprom (2019) Nord Stream 2 A new export gas pipeline running from Russia to Europe across the Baltic Sea, available from (online) << https://www.gazprom.com/projects/nord-stream2/>> 15May 2020).

19- Rank Order (2014) Natural gas - proved reserves، report on oil and gas companies، Promoting revenue Transparency Transparency International، p: 113. (15 May 2020)

20- KRG Ministry of natural resources (2017) KRG and Rosneft Deal on Construction of Natural Gas Pipeline، Exports Expected in 2020، available from

KRG، available from (online) << https://www.reuters.com/article/uk-emirates-dana-gas-iraq/dana-gas-crescent-sign-20-year-gas-sales-deal-with-iraqs-krg-idUSKCN1QN1GD>>(12 May 2020).

13- Geo expro (2018)، Gas Production in Iraq، Aditya Saraswat، Analyst; Rystad Energy، Doubling hydrocarbon production in 2022 as the giant Miran-Bina Bawi project ramps up. The favourite petroleum geoscience magazine. This article appeared in Vol. 15، No. 1 – 2018. (28 May 2020).

١٤- بێستوون محه‌مه‌د سه‌نگاوی، (٢٠١٧)، ڕێککه‌وتنه‌که‌ی حکومه‌تی هه‌رێم و کۆمپانیای دانه‌غاز: ڕاگرتنی زیانی به‌رده‌وام، https://www.milletpress.com/De-(tail.aspx?Jiamre .(13 May 2020

15- Europe›s Energy Portal، (2015) Fuel، Natural Gas and Electricity Prices From Past to Present» available from (online) Sep 22، 2017 <<https://www.energy.eu/#Domestic>> (13 May 2020).

16- CEIC (2020) Turkey Oil Consumption, available from (online) <<https://www.ceicdata.com/en/indicator/turkey /oil-consumption# :~:text=Turkey›s%20Oil%20Consumption%20was%20reported,to%202018%2C%20with%2054%20ob-

# ئایندەناسی

# وەرگێڕان

# پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە چوارچێوەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی

نووسین: فاتیح موسلو
وەرگێڕان: هێمن محەمەد قادر




تێبینی: لەبەر درێژی توێژینەوەکە و ناپێویستی و پەیوەستنەبوونی بە دۆسێی ئەم ژمارەیەی ئایندەناسییەوە، هەندێ بەشی ئەم توێژینەوە وەرنەگێڕدراوە .



## پرۆفایل

فاتیح موسلو؛ خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سینسیناتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پسپۆڕ لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆسێی عێراق و سووریا

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا کاریگەریی کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی(OVAKÖY) لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، کاریگەریی لەسەر ئاسایشی هەرێمی تورکیا؛ بەوردی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.

پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی لەگەڵ ئەوەی پرۆژەیەکی نوێ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم ماوانەی دواییدا دووبارە هاتۆتەوە بەر باس و بووە بە پرسێکی هەنووکەیی. زۆرێک لە بەرپرسان لە کاتی باسکردنی ئەم خاڵە سنوورییەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێویستە بە زووترین کات دەست بە کارکردن لەم پرۆژەیەدا بکرێت. لە دۆخی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا، لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و بەغداد دادەنێت.

لە ڕووی ئابوورییەوە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا و عێراق، لە ڕێگەی پێکەوەبەستنی هەردوو وڵات لە ڕێگای هێڵێکی ڕاستەوخۆوە. بونیادنانی خاڵێکی سنووری نوێ کە ببێتە جێگرەوەی خاڵی سنووریی «خابور»، هەر بەتەنیا نابێتە هۆی کەمکردنەوەی کرێی گواستنەوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕی دوو لایەنە و زیادبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە ناوچەکە.

جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، بێگومان ڕەنگدانەوەی سیاسییشی دەبێت. ئەم دۆخە نوێیە لەپاڵ کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، لە هەمان کاتدا چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان[1] لە لایەک و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش لە لایەکی دیکەوە هەبێت. بونیادنانی هێڵێکی بازرگانیی نوێ و پاراستنی ئاسایشی ئەم هێڵە لەلایەن هەردوو وڵاتەوە کە لە ئۆڤاکۆییەوە تا بەغداد درێژ دەبێتەوە، لەپاڵ زیادبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، ڕێگا بۆ چالاکبوونی زیاتری تورکیاش لە ناوچەکە خۆش دەکات.

چالاکبوونی زیاتری تورکیا لە ناوچەکە و بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، ڕێگە بۆ پێداچوونەوە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خۆش دەکات. گەر بێتوو لە ڕوانگەی هاوسەنگیی سیاسییەوە لە نێوخۆی عێراقدا بنۆڕینە ئەم دۆخە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ئەنکەرە و بەغداد، پێگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر دەکات. بەم جۆرە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، جێگیری و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، دەبێتە هۆی دانانی خاڵی دەستپێکێکی نوێ لە بەگژداچوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (K.K.P) لە ناوچەی شەنگال، کە ماوەیەکی درێژە گفتوگۆی لە بارەی ئەنجامدانی چالاکی لەو ناوچەیە دەکرێت.

**بەرایی**


ئۆڤا کۆی لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە نزیک خاڵی سنووریی خابور لە ناوچەی بەیەکگەیشتنی سنووری نێوان دەوڵەتانی تورکیا، عێراق و سووریا. ئەم ناوچەیە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە بە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ دادەنرێت. لە بەری ئەم بەرەوەی ناوچەی ئۆڤا کۆی، ناوچەی «فیشخابور» دێت کە دەکەوێتە نێو سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ماوەیەکی درێژە تورکیا پرسی کردنەوەی خاڵێکی سنووریی نوێی لە ڕێگای دەروازەی ئۆڤا کۆییەوە لەگەڵ عێراقدا هێناوەتە بەر باس و بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجەش، لە پەیوەندیی بەردەومدایە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا[1].

جێبەجێکردنی پرۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی، دەرفەتی کرانەوەی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق لە ڕێگای هێڵێکی ڕاستەوخۆوە دەڕەخسێنێت. بەگوێرەی لێکدانەوەکان، ئەم ڕێگا بازرگانییە بە ناوچەکانی ئۆڤا کۆی، فیشخابور، تەلەعفەر، موسڵ و بەغدادا تێدەپەڕێت و تاوەکوو بەسرە لە باشووری عێراق درێژ دەبێتەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئازادکردنی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە خاڵی سنووریی خابور کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، لە هەمان کاتدا دەرفەت بۆ هەردوو وڵات دەڕەخسێنێت تاکوو بە شێوازێکی باشتر مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن.

لە ڕووی سیاسییشەوە، پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە کایەوە. ئەم پرۆژەیە لە سەرەتادا دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، تاکوو پێگەی خۆی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات. ئەم بابەتە لە ڕوانگەی

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەوە گرنگیی زیاتری بەدەست هێناوە، بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی گشتپرسی، بە مەبەستی سەربەخۆیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠١٧/٩/٢٥. زیاد لەوەش دابینکردنی ئاسایش بە درێژایی ئەم هێڵە لەلایەن هەردوو وڵاتەوە، دەبێتە هۆی فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی و بەهێزکردنی پێگەکەی لە ڕووی سیاسییەوە لە نێوخۆی عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر حکومەتی بەغدا کە ئاسایشی ناوچەکانی موسڵ و تەلەعفەر بپارێزێت، کە ژمارەیەکی زۆر لە شانە نووستووەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و گرووپە جیاوازەکانی سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەخۆ گرتووە، بە پێچەوانەی ئەمەوە تەنانەت بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش، کێشەی ئەمنی لە ناوچەکەدا بەردەوام دەبێت. گەر لە ڕوانگەی تورکیاوە بنۆڕینە ئەم بابەتە، ئەوا بونیادنانی هێڵێکی نوێی بازرگانی کە لەلایەن هەردوو وڵاتەوە پارێزگاریی لێ بکرێت، بە هۆی سەقامگیریی زیاتری سنوورەکانی باشووری تورکیا، دەرگا بۆ کۆمەڵێک پەرەسەندنی نوێ دەکاتەوە.

پاش ئەوەی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، تورکیاش دەتوانێت کۆمەڵێک هەنگاوی نوێ بنێت بۆ بەگژداچوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی شەنگال، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی ناوچەکە کە لەلایەن ئەم پارتەوە دەقۆزرێتەوە. کۆنترۆڵکردنی ناوچەی شەنگال کە بە خاڵی سەرەکیی پێکەوەبەستنەوەی قەندیل و باکووری سووریا دادەنرێت، لە پلانی ماوەدرێژی تورکیادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، چانسێکە کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت دەستبەرداری بێت.




ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، ئەو هۆکارانە خراونەتە ڕوو کە کار دەکەنە سەر پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان هەردوو وڵات. لە بەشی دووەمدا

کاریگه‌رییه‌کانی کردنه‌وه‌ی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی له‌سه‌ر په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان تورکیا و عێراق و ڕۆڵی ئه‌م پڕۆژه‌یه له‌ ڕووی ئابووری و دابینکردنی ئه‌من و ئاسایش له‌ ناوچه‌که‌ خراوه‌ته‌ به‌ر باس و لێکۆڵینه‌وه‌. له‌ به‌شی سێیه‌م و کۆتاییشدا تیشک خراوه‌ته‌ سه‌ر کاریگه‌ریی ناوچه‌ی شه‌نگال و پارتی کرێکارانی کوردستان له‌ ڕوانگه‌ی ئاسایشی تورکیاوه‌.

## په‌یوه‌ندیی بازرگانیی دوو لایه‌نه‌ی تورکیا و عێراق

له‌ ڕووی په‌یوه‌ندیی ئابووری و بازرگانییه‌وه‌، عێراق به‌ یه‌کێک له‌ گرنگترین ئه‌و وڵاتانه‌ ئه‌ژمار ده‌کرێت که‌ په‌یوه‌ندییه‌کی به‌هێزیان له‌گه‌ڵ تورکیادا هه‌یه‌ و جێگه‌ی گرنگیپێدانی ئه‌و وڵاته‌یه‌. به‌ ڕوانین له‌ قه‌باره‌ی په‌یوه‌ندییه‌ بازرگانییه‌کانی نێوان هه‌ردوو وڵات له‌م ساڵانه‌ی دواییدا، ده‌گه‌ینه‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که‌ ئه‌م په‌یوه‌ندییانه‌ گه‌شه‌سه‌ندنی دیاری به‌خۆیه‌وه‌ بینیوه‌. له‌ کاتێکدا قه‌باره‌ی هه‌ناره‌کردنی کاڵای تورکی بۆ عێراق له‌ ساڵی ٢٠٠٥، ته‌نیا نزیکه‌ی ٧٥,٢ ملیار دۆلار بووه‌، ئه‌وا له‌ ساڵی ٢٠١٧ قه‌باره‌ی هه‌ناره‌کردنی کاڵای تورکی به‌ ڕێژه‌یه‌کی به‌رچاو زیادی کردووه‌ و بۆ نزیکه‌ی ١,٩ ملیار دۆلار به‌رز بۆته‌وه‌[٢]. وه‌ک ده‌بینین له‌ ماوه‌یه‌کی که‌مدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی له‌نێوان هه‌ردوو وڵاتدا، به‌ هۆی پلانی گونجاو و په‌یڕه‌ویکردنی سیاسه‌تی دۆستانه‌وه‌، به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رچاو زیادی کردووه‌ و چاوه‌ڕوانی گه‌شه‌سه‌ندنی زیاتریشی لێ ده‌کرێت[٣]. به‌تایبه‌تی پاش پڕۆسه‌ی داگیرکردنی عێراق له‌ ساڵی ٢٠٠٣ له‌لایه‌ن ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکاوه‌، به‌رده‌وامیی کرده‌وه‌ توندوتیژییه‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رچاو تاکوو ساڵی ٢٠١٠، زیانێکی زۆری به‌ ژێرخانی ئابووریی ئه‌و وڵاته‌ گه‌یاندووه‌. هه‌وڵدان بۆ دووباره‌ بونیادنانه‌وه‌ و سڕینه‌وه‌ی شوێنه‌واری ئه‌و کاولکارییانه‌ له‌ ڕوانگه‌ی په‌یوه‌ندییه‌ ئابورییه‌کانی نێوان هه‌ردوو وڵاته‌وه‌، ده‌رفه‌تێکی گونجاوه‌ بۆ زیاتر په‌ره‌پێدان و گه‌شه‌سه‌ندنی ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌. گه‌ر بێتوو هه‌نگاوی پێویست له‌م باره‌وه‌ بنرێت، ئه‌وا بێگومان به‌ سوودی هه‌ردوو وڵات کۆتایی د یت .

له‌م ساڵانه‌ی دواییدا هه‌ندێک ڕووداو کاریگه‌رییان هه‌بووه‌ له‌سه‌ر چالاکییه‌ بازرگانییه‌کانی نێوان تورکیا و عێراق، له‌وانه‌: سه‌رهه‌ڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش له‌ ساڵی ٢٠١٤ و دروستکردنی هه‌ڕه‌شه‌ بۆ سه‌ر ئه‌من و ئاسایشی عێراق و ده‌وڵه‌تانی ناوچه‌که‌، هۆکار بوو بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی چالاکییه‌ ئابووری و بازرگانییه‌کانی نێوان هه‌ردوو وڵات. ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی موسڵ و فراوانبوون و درێژبوونه‌وه‌ی نفوزی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌م ڕێکخراوه‌ تیرۆریستییه‌ تاوه‌کوو به‌غدا، هۆکاری سه‌ره‌کی بوو بۆ نه‌مانی ئاسایشی

ڕێگا وشـــکانییەکان و وەستانی جموجـــووڵ و چالاکیی ئابووری و بازرگانـــی.

بـــەر لـــە ســـەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریســـتیی داعش، کۆمپانیا تورکییـــەکان لە ڕێگەی هێڵی زاخـــۆ، موســـڵ، تکریت، بەغـــداد و بەســـرەوە، کاڵا و کەلوپەلەکانیـــان دەگواســـتەوە بـــۆ ناوچەکانـــی ناوەڕاســـت و باشـــووری عێراق. بـــەڵام پاش بڵاوبوونـــەوەی ئـــەم ڕێکخراوە تیرۆریســـتییە لە ســـاڵی ٢٠١٤ لەســـەر خاکـــی عێـــراق و ڕووبەڕووبوونـــەوەی چەکدارانی ســـەر بەم ڕێکخـــراوە لەلایەن هێـــزە ئەمنییەکانـــی عێراقەوە، ڕێـــگای زاخۆ-موســـڵ-تکریت-بەغداد-بەســـرە چیـــتر پارێزراو نەبـــوو بـــۆ ئەنجامدانـــی کار و جووڵـــەی بازرگانـــی. بۆیـــە کۆمپانیـــا تورکییـــەکان ناچـــار بـــوون کـــە چالاکییـــە بازرگانییەکانیـــان لـــە ڕێگـــەی هێڵـــی زاخۆ، دهـــۆک، هەولێر، کەرکـــووک، بەغدا و بەســـرەوە بـــەرەو ناوچەکانی ناوەڕاســـت و باشـــووری عێـــراق ئەنجـــام بـــدەن. واتە ئـــەو ناوچانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریســـتیی داعشـــەوە کۆنـــترۆڵ کرابوون، چیتر بـــۆ ئەنجامدانـــی چالاکیی بازرگانـــی بـــەکار نەدەهێنرا.

بـــە درێژایی ئـــەم ماوەیە، چالاکییـــە بازرگانییەکانی تورکیا لەگـــەڵ حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتاندا لـــە ڕێـــگای خاڵی ســـنووریی خابـــورەوە بەردەوام بـــووە و هیـــچ گۆڕانکارییەکی ئەوتـــۆ ڕووی نـــەداوە تێیدا کە جێگـــەی باس بێت. لـــە قۆناغی یەکەمـــدا چالاکییە بازرگانییەکان لـــە ڕێگـــەی هێڵـــی زاخـــۆ و دهـــۆک و هەولێـــرەوە ئەنجام دەدرا، لـــە قۆناغـــی دواتـــردا تورکیا چالاکییـــە بازرگانییەکانی لـــەم هێڵەوە بەرەو ســـلێمانی و خانەقیـــن و لەوێشـــەوە بەرەو ناوچەکانـــی بەغداد و بەســـرە درێـــژ کردۆتەوە.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ململانێ و ناکۆکییەکانـــی نێـــوان حکومەتـــی ناوەندیـــی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی دەروازە ســـنوورییەکان و جیاوازیـــی بـــڕی گومـــرگ بۆ هـــەر جۆرە کاڵایەکـــی دیاریکـــراو، بۆتـــە هـــۆکاری زیادبوونـــی کـــرێ و درێژبوونـــەوەی مـــاوەی گواســـتنەوەی کەلوپـــەل و کاڵا هەناردەکـــراوەکان، بە جۆرێک ئـــەو کۆمپانیـــا تورکییانـــەی کـــە لـــە عێـــراق کار دەکـــەن، ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکـــەن کـــە ململانـــێ سیاســـییەکانی نێوخـــۆی عێـــراق بۆتـــە هۆی زیادبوونـــی خەرجییەکانیـــان. ئەم کۆمپانیایانـــە نارەزایەتییان نیشـــان داوە لەبەرامبـــەر وەســـتاندنی بارهەڵگرەکانیـــان بـــە درێژایـــی ڕێـــگاکان و چاوەڕوانیکردنیـــان بۆ ماوەیەکی درێژ لـــە خاڵـــە گومرگییەکان.

کۆمپانیا تورکییـــەکان، چ لە ئەنجامی ململانێ سیاســـییەکانی نێوخـــۆی عێراقـــەوە بێـــت یاخـــود بەســـنەبوونی خاڵـــی ســـنووریی خابور بۆ ڕاییکردنی کارەکانیـــان، هەوڵیـــان داوە بۆ گرتنەبـــەری ڕێگای نـــوێ وەک شـــوێنگرەوەیەک بـــۆ خاڵـــی ســـنووریی خابور، بە مەبەستی بەردەوامیـــدان بـــە پەیوەندییە بازرگانییەکانـــی نێـــوان تورکیا و عێراق لە ڕێگـــەی تێپەڕین بەو خاڵە ســـنوورییانەی کە لەلایەن

دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە کۆمپانیا تورکییەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی خاڵی سنووریی «جوربولاک» کە لە ناوچەی «ئاگری»ەوە دەچنە خاکی ئێران و دواتر لە ڕێگای خاڵی سنووریی «مێهران» لە خاکی ئێران، شمەک و کاڵاکانیان دەگوازنەوە بۆ عێراق. لە کاتێکدا ئەم هێڵە کە وەک جێگرەوەیەک بۆ خاڵی سنووریی خابور تەماشا دەکرێت، لە ڕووی درێژیی ماوەی ڕێگا و زۆریی خەرجیی گواستنەوەوە؛ کەمتر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کۆمپانیاکانی هەناردەکردن دەبێتەوە، بریتییە لە گرفتی دڵنیایی جۆری و پشکنینی کوالێتی بۆ جۆری کاڵاکان و پێدانی بەڵگەنامەی ڕێگەپێدان بە مەبستی هاتنەناوەوە، ئەم کردارە بە «پشکنینی کوالێتیی کاڵا بەر لە گواستنەوە» ناسراوە. هەر چەندە تێکڕای شمەک و کاڵاکان لەلایەن پەیمانگای ستانداردی تورکییەوە بۆ کوالێتیی کۆنترۆڵ؛ بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانیان هەیە، بەڵام ئەم بەڵگەنامانە لەلایەن هەریەک لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکراو نییە و گرفتی بۆ دروست دەکرێت. سەربارى ئەمە، هەریەک لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ سیستمی جیاواز بۆ پشکنینی کوالێتیی کاڵاکان بەکار دێنن و پەیڕەوی لە سیستمێکی یەکگرتووی دڵنیایی جۆری ناکەن[٤].

دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی «Bureau Veritas» و «TÜV Rheinland»، بۆ کوالێتیی کاڵا کار دەکات[٥]. هەر چی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە (٢٠١٧/٧/١)ەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ کۆمپانیای «Intertek Test»دا گرێبەستی کردووە و پشت بە بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی ئەم کۆمپانیایە دەبەستێت بۆ




هاتنەناوەی شمەک و کاڵا[٦]. کۆمپانیا تورکییەکان بەگوێرەی بڕی بەهای کاڵای گواستراوە، ناچارن بڕێکی دیاریکراو لە باج بدەن بەم کۆمپانیایانە لەبەرامبەر پشکنینی شمەک و کاڵاکانیان. بۆ نموونە؛ ئەگەر بێتوو بەهای کاڵای گواستراوە لەنێوان ١٠ بۆ ٦٠ هەزار دۆلار بێت، ئەوا پێویستە بڕی ٧٥٠ دۆلار بە کۆمپانیای «Intertek Test» بدرێت. بەڵام ئەگەر بێتوو بەهای کەلوپەل و

کاڵاکان لەسەروو ١٠٠ هەزار دۆلارەوە بێت، ئەوا بڕی باجی دیاریکراو بۆ ١١٠٠ دۆلار بەرز دەبێتەوە.

تورکیا بۆ ڕێگریکردن لەم دۆخە، دەتوانێت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا ڕێک بکەوێت و بڕی تێچوو لە بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی کەم بکاتەوە. بۆ نموونە؛ تورکیا بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ پەسەندکردنی بەڵگەنامەکانی پەیمانگای ستانداردی تورکی بۆ کوالێتیی کاڵا لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقییەوە، دەتوانێت هاوکاریی عێراق بکات لە دامەزراندنی پەیمانگایەکی هاوشێوە لە ڕێگەی دابینکردنی پێدانی مەشقی پێویست و بونیادنانی ژێرخانی دامەزراوەکە. سەرباری هەموو ئەمانە، پێویستە تورکیا لە بازرگانیکردنی لەگەڵ عێراقدا خۆی لەو باجانە ڕزگار بکات کە لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە سەپێنراوە. کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی وەک هێڵێکی بازرگانیی نوێ لەنێوان تورکیا و عێراقدا، خزمەتێکی باش بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەکات. واتە پێویستمان بە گرتنەبەری هەنگاوێکە، کە ئەنجامگیریی سیاسیی نوێ بەرهەم بێنێت و پێگە و دەسەڵاتی سیاسیی هەولێر لاواز بکات.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جووڵەی بازرگانی لەنێوان تورکیا و عێراقدا هەیە، بریتییە لە ناجێگیری و بەرز و نزمیی نرخی نەوت. لە ٨٥٪ی بودجەی بنەڕەتیی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. بەرز و نزمیی بەردەوامی نرخی نەوت، وای کردووە بودجەی دەوڵەتی عێراق ناجێگیر بێت[٧]. بڕی بودجەی تەرخانکراوی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٨، بریتی بووە لە ٨٥ ملیار دۆلار، کە نزیکەی ٧٠ ملیار دۆلاری لە ڕێگای داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە هاتووەتە خەزێنەی دەوڵەت[٨]. لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧، بە هۆی کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە کێڵگە نەوتییەکان و تەقاندنەوەی هەندێک لە بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعشەوە، زیانێکی گەورەی بە ئابووریی عێراق گەیاندووە. بە جۆرێک لە ماوەی نێوان ئەم ساڵانەدا، عێراقی لە ملیارەها دۆلاری داهاتی نەوت بێبەش کردووە.

پاش جێبەجێکردنی بەشی دووەمی سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، دەوڵەتی عێراق لە مانگی ١١ی ساڵی (٢٠١٨)ەوە توانیویەتی داهاتی زیاتر دەست بخات لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکەوە بۆ بەندەری «جەیهان»ی تورکی لە ڕێگای هێڵی هەناردەی بۆریی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. سەرباری هەموو ئەو زیانانەی کە لە پێشووتردا بەر داهاتی نەوتی عێراق کەوتووە، ئەم دۆخە نوێیە گرنگییەکی زۆری هەبووە لە گەشەسەندنی ئابووریی عێراقدا. تەنها لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠١٨، دەوڵەتی عێراق

> **داهاتی نەوتی دەرهێنراوی کەرکووک لەبریی دەوڵەتی ناوەندی؛ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێرەوە**

لەبەرامبەر ناردنی ٢٦٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ بەندەری جەیهان، بڕی ١٦ ملیۆن دۆلار داهاتی دەست کەوتووە، لە هەمان ماوەدا عێراق بڕی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕێگای بەسرەوە هەناردە کردووە و توانیویەتی نزیکەی ٦ ملیار دۆلار بەدەست بێنێت[9]. ئەگەر بێتوو بڕی نەوتی هەناردەکراوی کەرکووک بۆ ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرز بێتەوە، وەک پلانی بۆ دادەنرێت، ئەوا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بەجێ دە هێڵێت .

یەکێکی دیکە لەو پەرەسەندنانەی کە هۆکار بوو بۆ تێکچوونی هاوسەنگیی هێز و خراپیی دۆخی ئابووری لە عێراق، بریتییە لەو گشتپرسییەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە مەبەستی سەربەخۆیی لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام درا، کە ئەمەش بە سوودبینین بوو لەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕییەی کە لە ئەنجامی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش لە ناوچەکە دروست ببوو. هاوتا لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ مادەی ١٤٠ لە دەستووری فیدراڵیی عێراق، شاری کەرکووکی خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، بەو پێیەی کەرکووک بەشێکە لە ناوچە جێناکۆکەکان[10]. بەم شێوەیە داهاتی نەوتی دەرهێنراوی کەرکووک لەبریی دەوڵەتی ناوەندی؛ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێرەوە، بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ توانییان ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە لەژێر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوو، کەرکووکیان گەڕاندەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق.

ئەم ڕووداوانە سەرباری ئەوەی بوون بە هۆی دە ستلە کا ر کێشا نە و ە ی مەسعوود بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق گەیاندە خاڵی بنبەست. پاش هاتنەئارای ئەم دۆخە نوێیە، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە سەرجەم دەروازە

سنوورییەکانی ڕادەست بکات، بەڵام ئەم داوایەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەت کرایەوە. زیاد لەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هەر جۆرە دەستتێوەردانێک ڕەت دەکاتەوە کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئۆتۆنۆمییەکەی[١١].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئاڵۆزیی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، کاریگەریی خراپی هەبووە بۆ سەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق. بۆ نموونە؛ لە ئەنجامی ئەو لێکتێنەگەشتنانەی کە لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، لە ئێستادا لەنێو خودی عێراقدا زیاد لە باجێکی گومرگی وەردەگیرێت. دەسەڵاتی کارگێڕیی بەغداد بە دانانی خاڵی گومرگی زیادە لەسەر ڕێگای هەولێر-کەرکووک و سلێمانی-کەرکووک، جگە لەو باجەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەرگیراوە، دووبارە باج لەو شمەک و کاڵایانە وەردەگرێتەوە کە لە دەروازە سنوورییەکان هەرێمەوە هاوردەی عێراق دەکرێت. ئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەیە، سەپاندن و وەرگرتنی باجی گومرگییە لە دوو جێگەی جیاواز لە نێوخۆی یەک وڵاتدا، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر زۆرێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری هەناردەکردندا کار دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی هەردوو لا لە چەندین بۆنەدا بەڵێنی ئەوەیان داوە کە خاڵە گومرگییەکان کەم بکەنەوە بۆ یەک خاڵ و کار بۆ پەیڕەوکردنی شێوازێکی گومرگیی هاوبەش بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نەتوانراوە ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت[١٢]. سەرباری هەبوونی خاڵە گومرگییەکان، کۆمپانیاکانی هەناردەکردن کە لە ناوچەکەدا کار دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە لە کاتی گواستنەوەی بەرهەمەکانیان، ڕووبەڕووی کردەوەی توندوتیژ دەبنەوە، ئەمەش لە ڕووی دەروونی و ئابوورییەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆیان. تەنانەت لە هەندێک لەو ناوچانەی کە بۆشایی ئەمنییان تێدایە، شۆفێرە تورکەکان لەلایەن هەندێ گرووپی چەکدارەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە و بەزۆر سەرانەیان لێ وەر دەگیرێت. سەرباری سەرجەم هەوڵەکانی کەناڵە فەرمییەکانی تورکیا لەگەڵ هەریەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتانە، بەڵام تا ئێستا سەرجەم هەوڵەکان بێسوود بوون و بەردەوامیی ئەم دۆخەش؛ زیان بە بازرگانیی تورکیا لەگەڵ عێراق دەگەیەنێت.

لە ئێستادا پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و

عێراق کەوتۆتە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکار، لەوانە: کێشەی ئەمنی و ناسەقامگیریی ناوچەکە، قەیران و ململانێ سیاسییەکانی نێوخۆی عێراق، کە بە شێوەیەکی دیار کاری کردووەتە سەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان. تورکیا بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لەم کاریگەرییانە، پێویستە بەدوای دەروازەیەکی نوێدا بگەڕێت. لەم ڕووەوە پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی زۆر بەسوود دەبێت، ئەم پڕۆژە یارمەتیی تورکیا دەدات تا بە شێوەیەکی ئاسانتر دەستی بگات بە نێوخۆی عێراق. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، پێویستە پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە دەکەوێتە سەرشانی، دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیش بە ئەرکی خۆی هەستێت و هەنگاوی هاوشێوە بنێت بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە. بە مانایەکی تر: بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە.

بەگوێرەی ئەو پێشنیارەی کە تورکیا بۆ حکومەتی عێراقی کردووە، ئەم خاڵە سنوورییە لە ئۆڤا کۆییەوە دەست پێ دەکات و پاش تێپەڕین بە ناوچەکانی تەلەعفەر و موسڵ تاوەکوو بەغداد و بەسرە درێژ دەبێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانرێت هەردوو لا لە ڕێگەی هێڵێکی ڕاستەخۆوە پێکەوە ببەسترێنەوە، بەبێ ئەوەی پشت بە هەرێمی کوردستان ببەسترێت. لەبەرامبەر ئەمەشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق لە ڕێگای خاڵی سنووریی خابورەوە بەردەوام بێت و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بمێنێتە و ە .

بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی کە پێی وایە دەروازەی سنووریی خابور بەس نییە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندیی بازرگانی لەنێوان تورکیا و عێراقدا، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێویست بە کردنەوەی دەروازەی سنووریی



دیکە ناکات و دەتوانرێت لە ڕێگەی دەروازەی سنووریی خابوورەوە بەردەوامی بە چالاکییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات بدرێت. بەڵام ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەی تورکیاوە سەیری دۆخەکە بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە چالاکیی بازرگانیی ساڵانە بە بەهای ملیارەها دۆلار لەنێوان دوو وڵاتدا بەتەنیا لە ڕێگای یەک دەروازەی سنوورییەوە، کارێکی پڕ گرفتە و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە ناکات.



سەرباری ئەمە، جێبەجێکردنی پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا و سوپای عێراق، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش. لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوە هاوبەشانەوە، لەپاڵ زیادکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە بەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە کە لە ڕێگەی فشار خستنەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەتوانرێت هەوڵەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەربەخۆیی بوەستێنرێت. وەک ئەوەی زۆرێک لە سەرکردە سیاسییەکانی بەغداش ئاماژەی بۆ دەکەن، گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژموون و نفوزی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر چەندە لەپاش گشتپرسیی هەرێمی کوردستان، «مەسعوود بارزانی» لە ڕێگەی سەردانیکردنی بۆ بەغدا؛ هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادی دابێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغداد پێیان وایە پێویستە سوور بن لەسەر هەڵوێستە توندەکانیان بەرامبەر بارزانی[١٣].

بە کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی، جگە لە تورکمانەکانی ناوچەی موسڵ و تەلەعفەر، تورکمانەکانی کەرکووکیش دەتوانن سوودمەندبن لە جووڵە و چالاکییە بازرگانییەکانی ناوچەکە. ئەو هەنگاوانەی کە تورکیا دەیگرێتە بەر بە مەبەستی پاراستنی ئەم هێڵە، لە ماوەیەکی درێژدا دەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەڵات و نفوزی تورکیا لە ناوچەکە. لە کاتی هاتنەئارای پرۆسەی دووبارە ئاوادانکردنەوە و بونیادنانەوەی ئەو ناوچە سوننەیانەی کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە زیانیان بەر کەوتووە، دووبارە کاریگەریی تورکیا لەسەر

دانیشتووانی سوننیی ناوچەکە دەردەکەوێتەوە. بێگومان ئەم دۆخە کاریگەریی دیاری دەبێت لە ڕێگریکردن لە بەردەوامیی هەژموونی دەسەڵات و فراوانخوازیی شیعە لە ناوچەکە.

## کاریگەریی پڕۆژەی ئۆڤا کۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق

کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی، لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق. گەر لە ڕووی ئابوورییەوە لەم پڕۆژەیە بڕوانین، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتری پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەتایبەت دوای ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا ئەم پەیوەندییانە نزیکبوونەوەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە. لە ڕوانگەی تورکیاوە، عێراق بە یەکێک لە گرنگترین دەوڵەتە هاوردەکارەکانی ناوچەکە دادەنرێت. لە ڕوانگەی عێراقەوە، تورکیا لەپاڵ هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چین و هیندستان بە یەکێک لە گرنگترین دەوڵەتە بازرگانییەکانی جیهان دەژمێردرێت[١٤]. سەرباری هەبوونی ئەم دەرفەتە باشە لە بواری کار و بازرگانیدا، بەڵام نەبوونی چەند دەروازەیەکی سنووری بۆ گەیاندنی بەرهەمەکان بە عێراق، بە مەبەستی دابەشکردن و ساغکردنەوەیان، گرفتی لەبەردەم کار و جووڵەی بازرگانیدا دروست کردووە.

گواستنەوەی شمەک و کاڵاکان بۆ عێراق، لە ڕێگەی وشکانییەوە ئەنجام دەدرێت. بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بە هۆی بارودۆخی ئەمنیی عێراق، وەرگرتنی باجی گومرگی لەلایەن هەریەک لە هەولێر و بەغدادەوە، گەڕانەوەی بارهەڵگرەکان لە عێراقەوە بەبەتاڵی؛ دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی گواستنەوە. لەبەر ئەوە

> **“پێویستە چاوەڕوانیی ئەوە نەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵوێستێکی ئەرێنیی هەبێت بەرامبەر کردنەوەی پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی”**

کردنەوەی ڕێگایەک کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تورکیا و عێراق پێکەوە ببەستێتەوە، کارێکی زۆر گرنگە. کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر باسی لێوە دەکرێت، لەم ڕووەوە کارێکی گرنگە. تورکیا لە ڕێگەی هێڵێکی ڕاستەوخۆوە کە بە ناوچەکانی ئۆڤا کۆی، تەلەعفەر و موسڵدا تێدەپەڕێت، دەرفەتی

پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەغدادا بۆ دەڕەخسێت. هەر چی عێراقیشە، بە کردنەوەی ئەم پرۆژەیە، سەرباری ئەوەی لە ڕێگەی هێڵێکی ڕاستەخۆوە دەرفەتی پەیوەندیکردنی لەگەڵ تورکیادا بۆ دەڕەخسێت، لە هەمان کاتدا بە هۆی کەمبوونەوەی بڕی تێچووەوە، نرخی ئەو شمەک و کاڵایانەی کە لە تورکیاوە دێت، دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت.

ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەم شێوەیە کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی ئابووری بۆ هەردوو وڵات، پێویستی بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک مەرج هەیە. وەک دەزانرێت ئۆڤا کۆی دەکەوێتە ناوچەی «شرناخ»ەوە، ئەم ناوچەیە بە هۆی نزیکیی لە سنووری عێراقەوە، خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژییە و دەکرێت ببێتە شوێنگرەوەیەک بۆ خاڵی سنووریی خابور. بەڵام بەری ئەوبەری ئەم خاڵە سنوورییە کە ناوچەی فیشخابورە، لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەکی کرداری بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستە سەرەتا دەوڵەتی ناوەندیی عێراق فیشخابور بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و وەک هەنگاوی دواتر پێویستە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق سوور بن لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەش بەرامبەر ئەو نارەزایەتییانەی کە بەم هۆیەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دێتە ئاراوە.

وەرگرتنی هەڵوێستێکی لەم چەشنە، ڕەنگە بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق کارێکی قورس بێت، بە هۆی ئەو فشارانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەکرێتە سەری، لەبەر ئەوەی فیشخابور بە یەکێک لەو دەروازە سەرەکییانە دادەنرێت کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەکار دەهێنرێت بە مەبەستی ناردنی هاوکاریی سەربازی بۆ هێزەکانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سووریا (PYD)[15]. لەبەر ئەم هۆکارە، پێویستە لە سەرەتادا چاوەڕوانیی ئەوە نەکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵوێستێکی ئەرێنیی هەبێت بەرامبەر کردنەوەی پرۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی، چونکە لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان لە چەندین ڕووی جیاوازەوە گرنگیی زۆری هەیە بۆ ئەمەریکا. لە دۆخی کردنەوەی هێڵی بازرگانیی «ئۆڤا کۆی»ی موسڵ، کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی ئەم هێڵەی پێدا تێدەپەڕێت لەلایەن تورکیا و عێراقەوە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هاتوچۆی گرووپە تیرۆریستییەکان لە نا و چە کە .

ناوچەکانی موسڵ و تەلەعفەر کە دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای عێراقەوە، لە دیارترین ئەو ناوچانەن کە کاریگەریی شاڵاو و پەلامارەکانی ڕێکخراوی

تیرۆریستیی داعشیان لەسەر بووە. بەتایبەتی شاری موسڵ زۆری نەمابوو بەتەواوی وێران بێت، بە هۆی ئۆپەراسیۆنی بەردەوامی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ سەر ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. لە ڕووی ئابوورییەوە ناوچەکە زیانێکی گەورەی بەر کەوتووە و بەگوێرەی وتەی بەرپرسانی ئیدارەی موسڵ، دووبارە بونیادنانەوەی شارەکە پێویستی بە نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلار هەیە[١٦]، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی تێکڕای عێراقیش، پێویستی بە ٨٨ ملیار دۆلارە .[١٧] بۆ ئەوەی دووبارە ئەم ناوچانە بخرێنەوە سەر نەخشەی بازرگانی، پێویستە بەبێ لەدەستدانی کات؛ وەبەرهێنان لە چەندین بواری جیاوازدا ئەنجام بدرێت، وەک بونیادنانەوەی ژێرخانی ناوچەکە، کردنەوە و پاراستنی ئاسایشی هێڵەکانی گواستنەوەی وشکانی و دابینکردنی جێگەی حەوانەوە. پڕکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەم پێداویستییانە، دەبێتە هۆی دووبارە بونیادنانەوەی ئابووریی ناوچەکە و سەرلەنوێ بووژانەوەی. واتە تورکیا دەتوانێت لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی موسڵدا، بەرپرسیارێتیی گرنگ لەئەستۆ بگرێت. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کردنەوەی هێڵێکی نوێی بازرگانی بۆ عێراق لە ڕێگەی «ئۆڤا کۆی»یەوە، یەکەمین هەنگاوی ئەم دووبارە بونیادنانەوەیە.

لەپاڵ تێچووی ماددیی ئەم پرۆژەیەدا، پێویستە گۆڕانی دیمۆگرافیای ناوچەکە بەهەند وەربگیرێت. ناوچەی موسڵ وەک دووەم گەورەترین شاری عێراق، بە یەکێک لە گرنگترین ناوچە سوننەنشینەکان دادەنرێت. بەر لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکان؛ ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی نەینەوا نزیکەی ٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس بووە، لە کۆی ئەم ژمارەیە، نزیکەی ٦٥٪ی دانیشتووانی ناوچەکە لە عەرەبە سوننەنشینەکان پێک دێت. شاری موسڵ وەک ناوەندی ناوچەی نەینەوا و لە کۆی ئەو ژمارەی ئاماژەمان بۆ کرد، بە نزیکەی ٢ ملیۆن خێزان دادەنرێت[١٨]. چالاکییە تیرۆریستییەکانی داعش، هاوتا لەگەڵ جێگیرکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکە، بۆتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ناوچەکە. ئەو تورکمانە شیعییانەی کە لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە بەرەو ناوچەکانی بەسرە و نەجەف کۆچیان کردبوو، پاش تێکشکانی داعش و دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، دووبارە گەڕاونەتەوە ناوچەکانیان. لەبەرامبەر ئەمەدا، باس لە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی سوننەنشین دەکرێت[١٩].

لەگەڵ تەشەنەکردنی مەترسییەکانی ڕێکخراوی

تیرۆریستیی داعش لە موسڵ و دەوروبەری، بەشێک لە هاوڵاتیانی سوننە مەزهەبی ناوچەکە ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا. پاش شکستی ڕێکخراوەکەش، بەشێکی کەم لەم هاوڵاتییانە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. لە کاتێکدا بە تێڕوانین لە پێکهاتەی مێژوویی و کولتووریی شاری موسڵ، لەپاڵ پێکهاتەی دیمۆگرافیی شارەکەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تورکیا دەتوانێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆرەوە، ڕووبەری نفوزی خۆی لە ناوچەکە فراوان بکات و گەشەی زیاتری پێ بدات. ئەو پرۆژانەی کە بڕیارە بە هاوکاری و پشتیوانیی تورکیا لە ناوچەکەدا ئەنجام بدرێت لەپاڵ بووژانەوەی ئابووریدا، دەرفەت بۆ گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتییش دەڕەخسێنێت. بۆیە پێشبینی دەکرێت پرۆژەیەکی گشتگیری وەک ئۆڤا کۆی؛ گۆڕانکاریی سیاسیی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە کایەوە.

سەرباری ئەوەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەم قۆناغەدا نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلاری خەرج کردووە[٢٨]، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی کۆنترۆڵنەکردنی تەواوی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانە بسەپێنێت. حەشدی شەعبی لە تەلەعفەر لەگەڵ گرووپە تورکمانییە شیعەکاندا لە پەیوەندیدایە و لە ناوچەی شەنگالیش بەهاوبەشی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کار دەکات[٢٩]. لەگەڵ کردنەوەی ئەم دەروازە سنوورییەدا، پێویستە دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لەم ناوچانە بسەپێنێت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ئەم کارەش دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە:

یەکەم: دەوڵەتی ناوەندی دەتوانێت دووبارە دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانانە بسەپێنێت کە بۆشایی دەسەڵاتیان تێدا دروست بووە.

دووەم: دەوڵەتی ناوەندی دەتوانێت گرووپە جیاوازەکانی سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم دوو خاڵەی سەرەوەدا، وەک تورکیاش ئارەزووی جێبەجێکردنیان دەکات، پێویستە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بە ئەرکی دابینکردنی ئاسایشی هێڵی فیشخابور-تەلەعفەر-موسڵ هەستێت. پاش جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە، تورکیاش ئامادە دەبێت بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و دابینکردنی هاوکاری بۆ سەرجەم ئەو بوارانەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی پرۆژەکە، هەر لە دانانی پلانەوە تاکوو ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە، بەستراوە بە شێوازی کارکردن و بەدەمەوەهاتنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە. دەوڵەتی ناوەندی بە گرتنەبەری هەر

هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، دەتوانێت پێگەی سیاسیی خۆی بەهێزتر بکات.

بێگومان کردنەوەی دەروازەیەکی سنووریی نوێ وەک شوێنگرەوەیەک بۆ خاڵی سنووریی خابور، دەبێتە هۆی دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نایەوێت ئەو هێزە سیاسی و ئابوورییەی کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی چالاکییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراقەوە بەدەستی دێنێت، لەدەست بدات. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان دەڕەخسێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بابەتی کردنەوەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی؛ هێڵی سوورە بۆ ئەوان.

وەک ئاشکرایە پرۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی هەر بەتەنیا نابێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکوو لە هەمان کاتدا هێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات. بێگومان ئەم دۆخەش لە سوود و بەرژەوەندیی تورکیا دەبێت، چونکە بەهێزبوونی پێگەی سیاسیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق وا دەکات تورکیا بتوانێت بە متمانەی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. سەرباری هەموو ئەمانەش، بەهێزبوونی پێگەی دەوڵەتی ناوەندی زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری عێراق.

ئەگەر بێتوو حکومەتی بەغداد بتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەی شەنگال لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بکات و ئاسایش لەم ناوچەیە بەرقەرار بکات، دەتوانرێت هەنگاوی گرنگ بنرێت لەلایەن تورکیاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان.



وەک دەزانرێت پارتی کرێکارانی کوردستان بە بیانووی پاراستنی «ئێزیدییەکان» لە داعش، لەو ناوچانە جێگیر بووە. دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازی و بڵاوبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکە، بەدەستهێنانی هاوکاری و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی؛ وای کردووە ئەم ڕێکخراوە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر هەریەکە لە تورکیا و عێراق. سەرباری سەرجەم بانگەشەکانی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام



تا ئێستا ئەم ڕێکخراوە لە لایەکەوە بەردەوامە لە چالاکییە سەربازییەکانی، لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی چەکدارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچەکەوە، لە هەوڵی سڕینەوەی سەرجەم ئەو لایەنانەدایە کە وەک مەترسی بۆ سەر خۆی دەیانبینێت[٣٠]. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی سیاسیی هەولێر تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێکی کرداری دژ بەم ڕێکخراوە بنێت، لەگەڵ ئەوەی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێم و پارتە کوردییەکانیش بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە تورکیا دراوسێیەکی گرنگە بۆ ئەوان و لە هەستیاری و کاردانەوەکانی لە ڕووی ئەمنییەوە تێدەگەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەنگاوی پێویست نانێن و پێیان وایە کە پێویستە ئەم کێشەیە بە شێوازی ئاشتی چارەسەر بکرێت.

داخستنی سەرجەم ئۆفیسەکانی ڕێکخراوی پارتی تەڤگەری ئازادیی کوردستانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوەندی شاری سلێمانی و دەوروبەری[٣١]، گەرچی وەک هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان پیشان درا، بەڵام بێگومان هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت کە جێگەی باس بێت، لەبەر ئەوەی داخستنی ئۆفیسەکانی ئەم ڕێکخراوە بە مانای وەستانی چالاکییەکانی نایەت، هەر چەندە بە مانای ئەوە دێت کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێ نەدراوە[٣٢].

لە ڕاستیدا ئەو دیمەنەی کە لە هەولێرەوە دەبینرێت ئەوەیە کە ئیدارەی بارزانی، نە نیازێکی ڕاستەقینەی هەیە و نە هێز لە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا. لە شاری سلێمانی کە بە دووەم گرنگترین شاری هەرێم دادەنرێت لەدوای هەولێر، پارتی کرێکارانی کوردستان ئازادانە چالاکییەکانی خۆی لەم شارە ئەنجام دەدات. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ناوچەکەدا کار دەکەن، تەنانەت باس لەوە دەکەن کە لەنێو شارەکەدا لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە باج (ئابوونە) کۆ دەکرێتەوە. لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بارزانی لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن تورکیاوە وەک هاوبەشێکی باش دەرناکەوێت و کەوتۆتە ئەو هەڵەیەی کە پێی وایە تورکیا پێویستی بە ئەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکیا تا ئێستا ناچار بووە

پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا لە ڕێگای بارزانییەوە ئەنجام بدات. کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەنکەرە و بەغدا زیاتر لێک نزیک ببنەوە و ببنە هاوبەشێکی ڕاستەقینە و بەهێز، بەتایبەتی لە سایەی ئەو هەنگاوانەی کە بەهاوبەشی بۆ هێنانەدیی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکە دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەیگرنە بەر، بۆ ئەم مەبەستە تورکیا دەتوانێت سوود لە بەهێزبوونی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق وەربگرێت. ئەو هەنگاوانەی کە لە داهاتوودا لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە بۆ ڕێگریکردن لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەیگرێتە بەر، گرنگییەکی لەئەندازەبەدەریان هەیە بۆ تورکیا. بەم واتایە، پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی دەکرێت ببێتە خاڵی وەرچەرخان لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقەوە.

## پارتی کرێکارانی کوردستان و ناوچەی شەنگال

ماوەی چەند ساڵێکە جموجووڵەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی شەنگال بە جۆرێک زیادی کردووە، کە دەتوانرێت بەئاشکرا هەستی پێ بکرێت[٣٣]. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە ناوچەکەوە دێن، تەنانەت دوای تێکشکاندنی داعش لە ڕووی سەربازییەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوامە لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی زیاتر لە ناوچەکە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ دوو هۆکار بکەین کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دروستکردنی ئەم دۆخە، ئەوانیش:

یەکەم: دەستبەسەرداگرتنی شاری موسڵ کە بە دووەم گەورەترین شاری عێراق دادەنرێت، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک.

دووەم: بەرگرینەکردن و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێرش و



**«تورکەکان لەسایەی ئۆڤا کۆی دەتوانن ڕاستەخۆ دەستیان بگات بەناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق»**

پەلامارەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شەنگال.

لە ئەنجامی ئەم دوو هۆکارە، ناوچەی شەنگال زۆر بەخێرایی لەلایەن هێزەکانی ڕێکخراوی داعشەوە کۆنترۆڵ کرا. بە هۆی کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوە، دانیشتووانی ناوچەی شەنگال ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی گەورە بوونەوە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بە دەستی تیرۆریستانی داعش کوژران، هەزاران هاوڵاتییش ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی دیکە[٣٤]. پاش هێرش و پەلامارەکانی داعش لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بۆ سەر دانیشتووانی ناوچەی شەنگال، هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە بیانووی پاراستنی ئێزیدییەکانەوە، لە سووریا و قەندیلەوە ڕوویان کردە ناوچەکە و بە سوودبینین لە بۆشایی دەسەڵات کە لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە لە ناوچەی شەنگال دروست بووبوو، توانییان زۆر بەخێرایی دەست بکەن بە خۆجێگیرکردن و بڵاوبوونەوە لە ناوچەکە.

یەکەمین کاری پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکە، بریتی بوو لە دامەزراندنی «یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال» (YBŞ) نزیک لە خۆی، لە ڕێگەی چەکدارکردنی ئێزیدییەکانی ناوچەکەوە[٣٥]. لە درێژەی کارەکانیدا، ئەم ڕێکخراوە لە ڕێگەی دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازییەوە؛ خۆجێگیرکردن و بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکە خێراتر کردووە[٣٦]، بە جۆرێک کە لە ئێستادا دوای قەندیل، ناوچەی شەنگال بە گرنگترین ناوچەی نفوزی پارتی کرێکارانی کوردستان دادەنرێت. لە هەمان کاتدا بە سوودبینین لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی کە لەئارادایە، ئەم ڕێکخراوە بە ناوی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشەوە توانیویەتی هاوکاریی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەربگرێت[٣٧]. ئەم دۆخە لە ڕووی سیاسییەوە بۆتە هۆی بەهێزبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و لقە درێژکراوەکانی سەر بەم پارتە لە ناوچەکە. زۆرێک لە بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە شاری هەولێر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە، ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکەنەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پارتی کرێکارانی کوردستان لەپاڵ هێزە چەکدارەکانیدا، لە ڕووی سیاسییشەوە دەستی کردووە بە فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتی خۆی.

ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی بەرپرسانی ئیداریی شەنگال بۆ ناوچەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، دەتوانرێت وەک نموونەیەکی زیندوو پیشان بدرێت[٣٨].

هەر چەندە لەم ماوانەی دواییدا، بە هۆی فشارەکانی تورکیا، باس لە کشانەوەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکرێت لە ناوچەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەم ڕێکخراوە بوونی هەیە لە ناوچەکە[٣٩]. لە یەکێک لە ناوەندەکانی توێژینەوە کە سەنتەرەکەی دەکەوێتە شاری بەغدا، توێژەرێک وای دەبینێت کە بەردەوامیی جموجووڵەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەزاندنی سەروەریی خاکی عێراقە و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە. بە هەمان شێوە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ناوچەکە دەکەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرباری کەمبوونەوەی مەترسییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و تێکشکاندنی لە ڕووی سەربازییەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوامە لەسەر بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکە. ئەم ڕۆژنامەنووسانە بە پێویستی دەزانن کە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق هەنگاوی پێویست بنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە.

> **“مەسەلەی شەنگال لەڕوانگەی تورکیاوە، بەیەکێک لەهەستیارترین بابەتەکان دادەنرێت لەئایندەدا”**

زۆرێک لەو سەرچاوانەی کە باس لە بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن لە ناوچەکە، لە لێدوانەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبیدا لە پەیوەندیدان و بەهاوبەشی کار دەکەن[٤٠]، تەنانەت زانیاری هەیە کە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە مووچەیان پێ دەدرێت. زۆرێک لە بەرپرسان و ڕۆژنامەنووسانی بەغدا لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە پەیوەندیی هاوبەشی نێوان هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکەن، ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چەندین گرووپی چەکداریی جیاواز پێک هاتوون و پێویستە دەوڵەتی ناوەندی تەواوی ئەم گرووپە جیاوازانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەروەها سەرباری ئاماژەکردن بە سەختیی جوگرافیای ناوچەکە، باس لە ڕکابەری و ململانێی نێوان هەریەکە لە ئێران و ئەمەریکا دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، ئێران لە هەوڵی کردنەوەی ڕێڕەوێکی شیعەدایە (هیلالی شیعی)، بە مەبەستی پێکەوەگرێدانی شیعەکانی ناوچەکە و دەستگەیشتن بە خاکی سووریا و لوبنان. زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پاش تێکشکاندنی ڕێکخراوی داعش و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری ناوچە سوننەنشینەکان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، پرۆسەی بەشیعەکردنی ناوچەکە خێراییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە[٤١]. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بەکارهێنانی ناوچەکە لەلایەن ئەمەریکا وەک دەروازەیەک بە مەبەستی گەیاندنی هاوکاریی سەربازی بە پارتی یەکێتیی دیموکرات (PYD)، هەستیارییەکانی تورکیا بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، پرسی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەی لە لایەن تەنیا هێزێکەوە کردووە بە کارێکی ئێجگار دژوار.

مەسەلەی شەنگال لە ڕوانگەی تورکیاوە، بە یەکێک لە هەستیارترین بابەتەکان دادەنرێت لە ماوەی داهاتوودا. جێگیربوون و بەردەوامیی کار و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکە، هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و ناوچەکە دروست دەکات.

لە ڕوانگەی داهاتووی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقدا، پێویستە هەنگاوی بەپەلە و جددی بنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی شەنگال. بە گەڕانەوەمان بۆ دوایین ڕوونکردنەوە، هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە کارێکی قورس نییە. بەگوێرەی وتەی بەرپرسانی باڵای هەرێم، بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەی شەنگال؛ «کارێکە جێگەی قبووڵکردن نییە». بەرپرسان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە بە مەبەستی دووبارە گەڕانەوەی ژیان بۆ ناوچەکە، پێویستە ڕێگە بە گەڕانەوەی هاوڵاتیان و بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکە بدرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش، بانگهێشتی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دەکەن[٤٢].

پاککردنەوەی ناوچەکە لە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، پەیوەستە بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی کە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە بۆ ئەم مەبەستە دەگیرێنە بەر. هەڵوێستی بەرپرسانی بەغداد لەم بارەیەوە، نزیکە لە وتەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە. لەژێر کاریگەریی ئەم هەلومەرجەدا، پێویستە تورکیا بەردەوام بێت لە هەنگاوەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا. لەم ڕووەوە پرۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی دەتوانرێت وەک کلیلی کردنەوەی دەرگای بەردەوامیی

پەیوەنـدی و دانوسـتانەکانی نێـوان هـەردوو وڵات سـەیر بکرێـت. گەشەسـەندنی پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان هـەردوو وڵات، لـە ڕووی سیاسییشـەوە دەرفەتـی گرتنەبەری هەنـگاوی هاوبەش دەڕەخسـێنێت. کردنـەوەی خاڵـی سـنووریی ئۆڤـا کۆی، ئەگەری کردنـەوەی ڕێڕەوێکی پارێـزراو کـە لـە سـنووری باشـووری تورکیـا تـا بەغداد درێـژ دەبێـــتەوە، زیاتـر دەکات.

لـە هەمـان کاتـدا تورکیا و دەوڵەتـی ناوەندیـی عێراق دەتوانـن لە ڕێگـەی بونیادنان و کردنـەوەی ئـەم ڕێـگا بازرگانییەوە، ئەمن و ئاسـایش لە ناوچەکـەش بەرقەرار بکەن. ئـەم هەنـگاوە وەک چـۆن توانـای تورکیا لـە ئەنجامدانی چالاکـی بـۆ بەگژداچوونەوەی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـە ناوچەکـە زیـاد دەکات، لـە هەمـان کاتـدا دەرفەتی فراوانکردنـی نفـوز و دەسـتەڵاتی خۆی لـە ناوچەکە بـۆ دەڕەخسـێنێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا سەرباری هەڵسـەنگاندن و خستنەڕووی کاریگەریـی پـڕۆژەی خاڵـی سـنووریی ئۆڤـا کۆی لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیا و عێـراق، شـیکردنەوە بـۆ کاریگەرییەکانـی ئـەم پڕۆژەیە لەسـەر ئاسایشـی ناوچـەی تورکیـا ئەنجـام دراوە. یەکێک لـەو ئەنجامانـەی کـە لـە ڕێگـەی ئـەم توێژینەوەیـەوە بەدەسـتمان هێنـاوە، بریتییە لە فراوانبوون و گەشەسـەندنی پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانییەکانـی نێـوان هەردوو وڵاتـی تورکیـا و عێـراق لـە ڕێگەی هێڵێکی ڕاسـتەوخۆوە. کۆمپانیا تورکییەکان لە سـایەی ئەم هێڵـەوە کە بـە ئۆڤا کۆی دەسـت پێ دەکات و لە ڕێگەی تەلەعفەر-موسڵەوە تا بەغداد و بەسـڕە درێژ دەبێتەوە، دەتوانن بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەخۆ دەسـتیان بگات بـە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشـووری عێراق، بەم شـێوە دەتوانیـن ڕزگارمان ببێت لە سـەرجەم ئەو کێشـە و گرفتانـەی کـە لـە کاتـی ئەنجامدانـی کاری بازرگانـی لـە ڕێگـەی خاڵی سـنووریی خابـورەوە ڕووبەڕوومـان دەبێتەوە.

بـە تێڕوانین لـە پێکهاتەی دیمۆگرافیـی ناوچـەی موسـڵ و تەلەعفـەر، لـە دۆخـی دووبارەکردنـەوەی کونسـوڵخانەی تورکیـا لـە موسـڵ و دامەزراندنی هێڵێکی بازرگانیـی پارێـزراودا، چالاکی و جموجووڵەکانـی تورکیـاش لـە ناوچەکـە زیـاد دەکات، بەمەش دەرفەت دەڕەخسـێت بـۆ ئەنجامدانـی چالاکیی زیاتر بە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەسـەندنی زیاتـری نفـوزی شـیعە لـە ناوچەکـە.

کردنـەوەی ئـەم دەروازە سـنوورییە، بێگومان کاریگەریی سیاسـییش بـەدوای خۆیـدا دێنێت. بـۆ نموونـە؛ دەرفەت بـۆ دەوڵەتی ناوەندیـی عێراق دەڕەخسـێت تاکوو ئەم دەروازە نوێیـە وەک کارتێکـی فشـار دژ بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـەکار بهێنێت. لە ڕوانگەی تورکیاشـەوە، سەرباری

گەشەسەندن و فراوانبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت لەسەر کۆمەڵێک بنەمای نوێ کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێت، دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێک بخاتەوە. بەم شێوەیە تورکیا لە ڕووی ئابووری، سیاسی و ئاسایشەوە؛ دەتوانێت کۆمەڵێک سەرکەوتنی نوێ بەدەست بهێنێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بە شێوەیەکی کرداری، پێویستە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق ئەم ناوچەیە کە دەکەوێتە نێو سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؛ کۆنترۆڵ بکات و ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئامادە بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە ڕەنگە لەنێوان خۆی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەر هەڵبدات. کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی ئاسایش بە درێژایی ئەم هێڵە، لە ڕووی سیاسییەوە پێگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش بەهێزتر دەکات.

لەگەڵ ئەوەی گفتوگۆکان سەبارەت پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤا کۆی نوێ نییە، بەڵام تورکیا لەم ماوانەی دواییدا لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، دووبارە ئەم بابەتەی هێناوەتەوە بەر باس و لە ئێستادا بووە بە پرسێکی هەنووکەیی. بەتایبەتی پاش ئەنجامدانی گشتپرسی لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بابەتی کردنەوەی خاڵێکی سنووریی نوێ خێرایی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە. بە هاوکاری و پشتیوانیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و وەزارەتەکانی دیکە، لە دانیشتنەکاندا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە، خۆشبەختانە هەڵوێستی ئەرێنی وەرگیراوە.

**“دەرفەت بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دەڕەخسێت تاکوو ئەم دەروازە نوێیە وەک کارتێکی فشار دژ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت”**

لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی ناوچەکە بە شێوەیەکی کرداری ببێتە ڕێگایەکی بازرگانی و چالاکیی تێدا ئەنجام بدرێت، پێویستە هەردوو وڵات بە زووترین کات دەست بکەن بە ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان لەم پرۆژەیەدا. گەرچی لە ئێستادا هەر لە تواناکانی ژێرخانی ئەم دەروازە سنوورییەوە تاکوو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ئەم ڕێگا بازرگانییە و زۆر بابەتی تر، هێشتا لەسەر مێزی گفتوگۆکان لە چاوەڕوانیدان.

سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی سیتا www.setadc.org

https://setav.org/assets/uploads/2019/01/A264.pdf

پەراوێزەکان:

(١) باکووری عێراق دەستەواژەیەکە کە لەلایەن میدیا فەرمی و ئەکادیمییەکانی تورکیا لەبریی «حکومەتی هەرێمی کوردستان» بەکار دێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی دەستووری و ئیداری لە چوارچێوەی عێراقدا چەسپاوە و دانی پێدا نراوە. لەبەر ئەم ڕۆشنایە، گۆڤاری ئایندەناسی لەم نووسینەدا لەبریی دەستەواژەی باکووری عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت.

سەرچاوەکان:

1. “Bağdat Büyükelçisi Fatih Yıldız: Ovaköy Sınır Kapısı için Teknik Heyet Ziyaretleri Başlayacak”, TRT Haber, 2 Nisan 2018.

2. “Ülkelere Göre Yıllık İhracat”, TÜİK, http://www.tuik.gov.tr/PreIstatistikTablo.do?istab_id=1545, (Erişim tarihi: 21 Kasım 2018).

3. “Ülkelere Göre İthalat”, TÜİK, www.tuik.gov.tr/PreIstatistikTablo. do?istab_id=625, (Erişim tarihi: 21 Kasım 2018).

4. “Kuzey Irak Sevk Öncesi İnceleme Uygulamasında Yeni Dönem” , T.C. Ticaret Bakanlığı, https://eb.ticaret.gov.tr/portal/faces/blog/news Detail.(Erişim tarihi: 25 Kasım 2018).

5. “Irak Sevk Öncesi İnceleme Uygulaması Hakkında Duyuru”, T.C. Ekonomi Bakanlığı, https://www.deik.org.tr/uploads/irak-sevk-oncesi-inceleme-uygulamasi-hakkinda-duyuru-856.pdf, (Erişim tarihi: 26 Kasım 2018).

6. “Kuzey Irak Sevk Öncesi İnceleme Uygulamasında Yeni Dönem” , T.C. Ticaret Bakanlığı, https://eb.ticaret.gov.tr/portal/faces / blog/newsDetail?. (Erişim tarihi: 25 Kasım 2018).

7. “Irak’ın 2018 Bütçesi Yüzde 85 Petrole Dayanıyor”, Bloomberg HT, 7 Mart 2018.

8. “DEAŞ’ın Irak’taki Petrol Sektörüne Zararı Milyar Doları Buluyor”, Sabah, 18 Mayıs 2017.

9. Aref Mohammed, “Iraq Southern Oil Exports Around 3.3 Million Bpd in November: Oil Executives”, Reuters, 27 Kasım 2018.

10. Tartışmalı Bölgeler: Kerkük’ün tamamı, Salahaddin’in Tuzhurmatu bölgesi, Diyala’nın Hanekin, Karatepe, Celavla ve Mendeli bölgeleri, Musul’a bağlı Mahmur, Sincar, Şeyhan ve Başika bölgeleri. ABD öncülüğünde 2005’te hazırlanan anayasada tartışmalı bölgelerin durumu 2007’de yapılacak nüfus sayımı ve referandum sonucunda belirlenecekti. Fakat bu madde günümüze kadar uygulanmadı.

11. “Bağdat ile Erbil Arasındaki Yeni Kriz: Sınır Kontrolü”, Sputnik Türkiye, 3 Kasım 2017.

12. “Irak Hükümetinden Çifte Gümrük Vergisi Uygulamasına Son”, Haberler.com, 22 Kasım 2018.

13. “Barzani’den Bağdat’a Buzları Eritme Turu”, Hürriyet, 24 Kasım 2018.

14. “Irak Ülke Bülteni”, DEİK, (Ekim 2017), https://www.deik.org. tr/uploads/irak-ulke-bulteni-ekim-2017.pdf, (Erişim tarihi: 28

2018.

33. Sincar bölgesi etrafı dağlarla çevrili olup hem güvenlik hem de ticari açıdan avantajlı bir konuma sahiptir.

34. Bölge nüfusunun yüzde 80'inden fazlasını Ezidiler oluştururken yüzde 13'ünü Müslüman Kürtler ve yüzde 5'ini de Araplar oluşturmaktadır

35. "PKK'nın YPG'den Sonra Ezidiler Üzerinden YBŞ Atılımı", CNN Türk, 9 Mart 2017.

36. "Terör Örgütü PKK Sincar'da 3 Yeni Kamp Kurdu", Hürriyet, 27 Ekim 2018.

37. "Irak'taki Ezidi Demokrat Partisi Genel Sekreteri Şeşo: ABD, Sincar'da PKK'ya Destek Veriyor", Anadolu Ajansı, 21 Kasım 2018.

38. "PKK'dan Sincar'daki İdari Yetkililere Engelleme", Habertürk, 31 Ekim 2018.

39. "Güvenlik Raporu: PKK Hala Sincar'da", Hürriyet, 1 Nisan 2018. 41. "Kuzey Irak'ta PKK-Şii İttifakı", Sabah, 28 Kasım 2016.

40. Açıkçası Ninova ve Enbar gibi Sünni yoğun bölgelerden bu yönde haberler mevcuttur.

41. 43. "IKBY Hükümet Sözcüsü Dizayi: PKK'nın Sincar'daki Varlığı Kabul Edilemez", Anadolu Ajansı, 19 Kasım 2018.

25. "Sistani, Yeni Irak Hükümetinde Eski İsimleri İstemiyor' İddiası", Sputnik Türkiye, 10 Eylül 2018.

26. "Irak'ta Hükümeti Kurma Görevi Şii Siyasetçi Adil Abdül Mehdi'ye Verildi", BBC Türkçe, 3 Ekim 2018.

27. "Irak'ta Sadr'dan Abdulmehdi'ye 'Süreli Destek'", Anadolu Ajansı, 3 Aralık 2018.

28. 29. "Terör Örgütü DEAŞ'ın Irak'a Maliyeti: 100 Milyar Dolar", Habertürk, 11 Kasım 2017.

29. 30. Bağdat'ta ve Erbil'de yapılan saha araştırmasında ulaşılan bilgiler ışığında bölgede yaşayan siyasiler ve gazeteciler bu durumu defaatle teyit etmektedir.

30. "Terör Örgütü PKK, Sincar'da Ezidi Çocukları Silah Altına Alıyor!", Habertürk, 10 Aralık 2018. 32. Hikmet Durgun, "Süleymaniye Asayişi PKK'ya Yakın Olan Tevgera Azadi'nin 7 Ofisini Kapattı", Sputnik Türkiye, 29 Kasım 2018.

31. Hikmet Durgun, "Süleymaniye Asayişi PKK'ya Yakın Olan Tevgera Azadi'nin 7 Ofisini Kapattı", Sputnik Türkiye, 29 Kasım 2018.

32. ""Tevgera Azadi'nin Terörle İltisaklı Olduğunu da Açıklasınlar"", Anadolu Ajansı, 12 Aralık Kasım 2018).

15. "Irak ile Ticarette Kritik Öneme Sahip Olacak Ovaköy Sınır Kapısı için Çalışmalar Başlıyor", Akşam, 17 Ağustos 2018.

16. "Musul Kaymakamı Ereci: Musul'un İmarı için 50 Milyar Dolara İhtiyaç Var", Anadolu Ajansı, 11 Aralık 2018.

17. "Irak'ın Yeniden İnşası 88 Milyar Dolara Mal Olacak", BBC Türkçe, 12 Şubat 2018.

18. İdris Okuducu, "Ninova'nın DEAŞ Öncesi Demografik Yapısı", Timetürk, 12 Ekim 2016.

19. "Irak'taki Demografik Yapı Sünniler Aleyhine Değişiyor", Anadolu Ajansı, 4 Ekim 2016.

20. "Deaş Irak'ta Büyük Toprak Kaybetti", Haberler.com, 12 Nisan 2017.

21. "İbadi'den, 'İkinci Dönem Başbakanlığımı İran Engelledi' Açıklaması", Anadolu Ajansı, 12 Aralık 2018.

22. "Irak'ta Abdulmehdi Kabinesi Bugün de Tamamlanamadı", Anadolu Ajansı, 6 Kasım 2018.

23. "Irak'ta Kritik Bakanlıklarda Anlaşma Sağlanamadı", Sabah, 4 Aralık 2018.

24. "Sadr Irak'ta Etnik Yapıya Göre Hükümet Kurulmasına Karşı", Haberler.com, 1 Eylül 2018.

# هەڕەشەی هەژاری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئێران

## پارێزگای کوردستان وەك نموونە



سەید عەلی حەق شناس؛ قوتابیی دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئازادیی ئیسلامی، ئێران

سەید عەلی ڕەزا ئەزغەندی؛ مامۆستا لە بەشی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئازادیی ئیسلامی، ئێران

مەجید تەوەسولی روکن ئابادی؛ مامۆستا لە بەشی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئازادیی ئیسلامی، ئێران

وەرگێڕان: لوقمان سەیفور ئەسکەندەر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەوەیە کە بارودۆخی هەژاری و هەلومەرجی ژیان لە پارێزگای کوردستان، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە؟ ئەنجامی توێژینەوەکە دەرخەری ئەوەیە کە ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای کوردستان بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو زیادی کردووە و ناڕەزایەتیی گشتیی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەنجامی ئەم ناڕەزایەتییە لە هەستکردن بە جیاکاریی نەتەوەیی[1]، شوناسخوازیی نەتەوەیی، کەمبوونەوەی بەشداریی سیاسی و زیادبوونی ناڕەزایەتییە گشتییەکان وەک ئەوەی کە لە مانگرتنی کاسبکاران لەم پارێزگایەدا بینرا؛ دەرکەوتووە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی-شیکاری بە کەڵکوەرگرتن لە کتێبخانە، بەڵگەنامە و داتای ئاماری بەردەست، بەتایبەتی بەهاکان و تێڕوانینی ئێرانییەکان لەو دوو دەیەی ڕابردوودا؛ بەکارهاتووە.

تێبینی: لەبەر درێژی توێژینەوەکە و ناپێویستی و پەیوەستنەبوونی بە دۆسێی ئەم ژمارەیەی ئایندەناسییەوە، هەندێ بەشی ئەم توێژینەوە وەرنەگێڕدراوە.

**کلیلەوشە: هەژاری، ئاسایشی نیشتمانی، مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی، کۆماری ئیسلامیی ئێران، کوردستان**



## بەرایی

زۆربوونی فشارەکان و تەنگژە ئابوورییەکان، دەرکەوتنی هەڵاوسانی ئابووری، بێکاری و بەدوایدا زۆربوونی هەژاری لە کۆمەڵگادا، هەر سیستمێکی سیاسیی جێگیر لەناو خۆیدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەکات بەتایبەتی لە بواری ئاسایشدا. هەژاری و بابەتەکانی پەیوەست بەوەوە وەکوو: بێکاری، کەلێنی چینایەتی، گەندەڵی و جیاکاری، ئەو گۆڕدراوانەن (متغییر) کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەر وڵاتێك. بۆچوون و لێکۆڵینەوەگەلێکی ئەزموونیی زۆر لەسەر پەسەندکردنی ئەم پرسە بوونی هەیە، کە هۆکارگەلێکن بە ناوەرۆکی ئابوورییەوە، وەک: هەژاری، نایەکسانی، بێکاری، گەندەڵی و هەڵاوسانی ئابووری؛ پێدەچێت ببێتە هۆی شۆڕش و ناڕەزایەتیی گشتی و کۆمەڵایەتی و ببێتە هۆی "ضریب" ئاسایشی نیشتمانی و هەڕەشە لەسەر ڕژێمی سیاسیی وڵاتەکان دروست بکات. لەم دۆخەدا دوژمن دەتوانێت بە پیشاندانی حکومەتێک کە لەسەر سەرچاوە نەوتییەکان دانیشتووە، بەڵام توانای بنبڕکردنی هەژاریی نییە، ببێتە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینی هاونیشتیمانیان سەبارەت بە شایستەیی حکومەت و تواناکانی گوماناوی بێت. هەروەها

لاوزای و کێشە ئابوورییەکان پێدەچێ ببێتە هۆی لاوازیی ژێرخانی ناوخۆیی وڵات و لاوازکردنی ئاسایشی نیشتمانی. تەنها کۆمەڵگەیەکی وەبەرهێن و خاوەن گەشەی ئابووری و دوور لە هەژاری، دەتوانێت بۆ بەرگری لە خۆی و جێگیربوونی ئاسایش لە رووپەڕی کۆمەڵگە و نیشتمانیدا، وەک پێویست ئامادە بێت (شەهبازی و همکاران، ١٣٩:١٢٧).

پێویستییەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە؛ ناسین، پۆلێنکردن و بەدواداچوونی هۆکاری بەدیهێنەری هەڕەشەکانە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی. بە واتایەکی تر: ئەگەر نەتوانین بگەینە تێڕوانینێکی ڕوون و گشتی لە بارودۆخی ئێستا و هۆکارەکانی هاتنەکایەوەی، دارشتنی هەر جۆرە سیاسەت و بەرنامەیەک و جێبەجێکردنی بۆ باشترکردنی ئەم بارودۆخەی ئێستا نەک هەر ئەنجامی نابێت، بەڵکوو خودی ئەوە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و دەگۆڕێن بۆ هەڕەشە ئەمنییەکان. ئەم بارودۆخەی ئێستا بە دیاردەگەلێک خۆی نیشانی ئێمە دەدات، کە "هەژاری" بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئاماژە پێ دراوە و بە بۆچوونی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە، لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەڕەشە ئەمنییەکانە لە ناوخۆی وڵاتەوە. چەمکی هەژاری لەگەڵ دیاردەگەلێکدا وەک ناڕەزایەتیی گشتی کە هەندێ کات دەبێتە هۆی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا، یاخود بە شێوەیەکی فراوانتر لە هەستکردن بە نایەکسانی، شوناسخوازی نەتەوەیی، کەمبوونەوەی بەشداریی سیاسی و لە ڕوو زەینییەوە، لە بێگانەبوون بە بەهاکانی باڵادەست لە کۆمەڵگا؛ دەردەکەوێت. ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی بەدواداچوونی کاریگەریی هەژارییە لەسەر بێبەشبوونی ڕێژەیی و لێکدانەوەی کاریگەری و ئەنجامەکانیەتی لە پارێزگای کوردستان.

## چوارچێوەی تیۆری: تیۆری بێبەشبوونی ڕێژەیی (محرومیت نسبی)

لەم توێژینەوەیەدا بەدواداچوونێکی کورت و پوختمان کردووە بۆ دوو بابەتی ئاسایشی نیشتمانی، لەسەر بنەمای تیۆری دابەشبوونی ڕێژەیی.

بێبەشبوونی ڕێژەیی کە بە مانای جیاوازییەکانی نێوان چاوەڕوانیی بەهاییەکان و توانا بەهاییەکان پێناسە دەکرێت، ئەوەندە گشتگیرە کە دەکرێت باوترین پێش مەرجەکانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و تەنانەت شۆڕش کە لە شیکردنەوە و شرۆڤە تیۆرییەکان بەکار هاتووە، لەخۆ بگرێت. "ئێدواردز" باوەڕی وایە کە هەموو شۆڕشەکان بە هۆی "سەرکوتکردنی داواکارییە بونیادییەکان" سەر هەڵدەدەن و توندوتیژیی هەر شۆڕشێک بەپێی ڕێژەی هەمان سەرکوتکردنە کە لە حکومەتی پێشووتر ئەنجامی دەدرێت. هەستکردن بە سەرکوتکردن یاخود "هەستێکی

دەستبەسەرداگیراو" کاتێک دێتە بوون کە "خەڵک بگەنە ئەو هەستەی کە خواست و بیروباوەڕە ڕێپێدراوەکانیان سەرکوت کراوە یا بە لاڕێدا چووە، یاخود ویست و داوا ڕەواکانیان بەربەستی بۆ دروست کراوە (Edwards, 1927:33-30).

چەمکی "تەنگژە" لە تیۆری پێتی (Petee)دا هاوشێوەی بێبەشبوونی ڕێژەییە. خەڵک کاتێک هەست بە بارودۆخی تەنگژاوی دەکەن و بگەنە ئەو ئەنجامەی کە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیان واتە ئازادی و ئاسایش (ئابووری، سیاسی، کولتووری و...) کەوتووەتە مەترسییەوە، ئەم سەرکوتکردنە بە ناپێویست و قبووڵنەکراو و لە ئەنجامدا بە ناڕەوای دەزانن. ناڕەزایەتی کاتێک دروست دەبێت کە زۆرینەی خەڵک زیاد لە سنووری توانای خۆیان هەست بە بارودۆخی تەنگژاوی بکەن (Petee, 1938:33).

بەشێك لە تیۆریسەنەکانیش لە چەمکی "بەخۆداشکاوی" و "بێبەشبوون" بۆ شرۆڤەی هۆکارە پاڵنەرەکانی ناڕەزایەتی و توندوتیژی لە کومەڵگا بەکار دێنن. بۆ نموونە؛ لۆرنەر، جیاوازی لەنێوان خواستەکانی خەڵك و "ئەوەی هەیانە" بە هۆکاری خۆداشکاوی دەزانێت و دەرهاویشتە شۆڕشگێرییەکەی دەخاتە ڕوو. "زیادبوونی بەخۆداشکاوی لەو ناوچانەی کە گەشەکردن کەمتر بێت لەوەی کە خەڵك داوای دەکەن، لەوانەیە بە نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان دەستکەوتەکان و خولیاکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت. خولیاکان و ئاواتەکان پێشی دەستکەوتەکان دەدەن، تا ئەو ئاستەی کە زۆرینەی خەڵک تەنانەت ئەگەر پێشکەوتنێک بەرەو ئامانجەکەیان هەبێت؛ ناڕازین، لەبەر ئەوەی لەچاو ویست و خواستەکانیان کەمتریان دەست دەکەوێت." "کرۆزیر"یش باوەڕی وایە کە هۆکاری سەرەکیی هەموو شۆڕشەکان، بەخۆداشکاوییە و بە مانای "بێتوانایی خەڵک لە ئەنجامی کارێک کە حەزێکی زۆریان هەیە ئەنجامی بدەن، بەڵام لە بارودۆخێکدان کە لە توانا و دەسەڵاتی ئەواندا نییە" پێناسە دەکرێت (لۆرنەر، ١٣٣٨).

## هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتیمانی

بە واتایەکی گشتی و لەسەر بنەمای تیۆری "دیتریش فیشەر"، دەکرێت بڵێین هەر جۆرە ڕووداو یاخود ڕەوتێک کە ببێتە هۆی مەترسی لەسەر مانەوە و بوونی دامەزراوەیی کولتووری، بیروباوەڕ و پێناسەیی (و هەروەها مانەوەی ڕژێمی سیاسی، حکومەت یاخود دەوڵەت)، وەک مەترسی ئەژمار دەکرێت (کریمی ملە، ١٣٩٠: ٨٨). لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی تێڕوانینی کلاسیکی کە تەنیا جەختی لەسەر سەرچاوەی هەڕەشەی دەرەکی و لایەنە سەربازییەکانی ئەم مەترسییە دەکردەوە، بەڵام لە بەرداشتی نەرمەهێزدا، پێداگری لەسەر هۆکارە ئابوورییەکان، ژینگە، پەیوەندیی دەوڵەت و نەتەوە و هەروەها یەکپارچەسازی

یاخود نەتەوەسازی دەکات (بۆزان، ١٣٨١: ٣٠٧-٤٠٤). چییەتیی هەڕەشە، بەتەواوەتی ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتییە و بەدڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین دیاردەی هەڕەشە ناکرێت بەبێ بازنە بەیەکگرێدراوەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بێت. لەم ڕووەوە ناوەرۆکی هەڕەشەکانی دژ بە ئاسایش (هەڕەشەکان)، لە بنەڕەتدا لە پەیوەندییان بە پێکهاتەکانی تری سیستمی کۆمەڵایتییە کە پێناسە دەکرێن. هەروەها لە ناوەرۆکی هەڕەشەکانی سەر ئاسایش، مەترسی بوونی هەیە کە بە هۆی بوونی خۆیەوە سیستمێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە جووڵەوە. بە شێوەیەکی کورت دەکرێت بڵێین سەرچاوەی ئاسایش لە قوتابخانەی کۆپنهاگن-دا، "کۆمەڵگا"یە (شریف، ١٣٨٣: ٣٦٣-٣٤٥). هەر ڕەوتێك کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر مۆدێلە نەریتییەکانی وەك زمان، کولتوور، کاری هاوبەش، شوناس، دابونەریتی مەزهەبی و نیشتمانی هەبێت، وەک هەڕەشە بۆ سەر کولتوور و شوناس ئەژمار دەکرێت. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی هەڕەشە ئەمنییەکان، تایبەتمەندیی دوژمنی یاخود ئینکاریی ئاگایانە و نائاگایانەیە لە زەین، کردار یاخود بارودۆخێکی تایبەتە.

هەڕەشەکانی سەر ئاسایش وەک ئەوەی "ڕابیرێت ماندل" باسی کردووە، دەشێت لە پێنج تەوەر بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە:

- ئاسایشی سەربازی: پەیوەندیی بە کاریگەریی دوولایەنەی توانا سەربازییەکانی هێرشبردن و بەرگریی چەکداری دەوڵەتەکان و هەروەها لێکدانەوەی بۆ ئامانجەکانی یەکتر.
- ئاسایشی سیاسی: چاودێرە لەسەر جێگیربوونی ڕێکخراوەیی دەوڵەتەکان، سیستمی حکومەتەکان و ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە ڕەوایەتییان پێ دەدات.
- ئاسایشی کۆمەڵایەتی: پەیوەندیی هەیە بە توانای پارێزگاریکردن لە مۆدێلە نەریتییەکان، زمان، کولتوور، مەزهەب، شوناس و نەریتی

**"ڕۆڵی ئابووری لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا، چارەنووسسازە و هۆکارەکەی بۆ کاریگەرییە بەربڵاوەکەی لەسەر بەها نیشتمانییەکانی تر دەگەڕێتەوە"**

نەتەوەیی بە هەلومەرجێکی شیاو لە گۆڕانکاری.

- ئاسایشی ژینگەیی: چاودێرە لەسەر پاراستنی لە سنووری جیهانی وەک سیستمی پشتیوانیی گرنگ، کە هەموو ژیانی مرۆڤایەتی پشتی پێ بە ستووە.

- ئاسایشی ئابووری: واتە دەستکەوتنی سەرچاوەی دارایی و بازاڕی پێویست بۆ پارێزگاریکردن لە ڕێژەیەکی شیاو لە تواناکانی بەرهەمهێنانی نیشتمانی و خۆشگوزەرانی (ماندیل، ١٣٧٧: ٧٧).

ئەم پێنج تەوەرە جیاواز لە یەکتری کار ناکەن و هەر یەکێک لەوان، خاوەنی ناوەندێکی گرنگ لە هەناوی پرسی ئاسایشە و شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی ئەولەویەتەکان و بە پەیوەندییە بەهێزەکانیان پێکەوە گرێ دراون. لە لایەکی ترەوە، ئەم تەوەرانە بەردەوام لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە کە لەم سەردەمەدا بە شێوازێکی بەرچاو و جۆراوجۆر و پەرەیان سەندووە.

**هەژاری و ئاسایشی نیشتمانی**

وشەی هەڕەشەی ئاسایشی نیشتمانی و هەژاری، پێناسەگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. ئاسایش لە ڕووپەڕی نیشتمانی بە واتای مەترسی بۆ هەموو سەروەریی خاك، خۆشگوزەرانیی ئابووری و سەربەخۆیی سیاسیی وڵات دێت. ئەگەر ئەم سێ فاکتەرە گرنگە مەترسییان لەسەر بێت، بەو واتایە دێت ئاسایشی نیشتمانیی وڵات مەترسیی لەسەرە. نەبوونی خۆشگوزەرانیی ماددی و ئابووریی خەڵک کە زۆر جار دەرهاویشتەکانی لە گەندەڵیی ئابووری، بێکاری، هەژاری، جیاوازی، تاوانکاری و... دەردەکەوێت، کەلێنی نێوان نەتەوە و دەوڵەت زیاتر دەکات و هەر چەندە ئەم لێکترازنە زیاتر بێت، دوو فاکتەرەکەی تر واتە سەروەریی خاك و هەروەها سەربەخۆیی سیاسیی وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر چەندێك لێکترازانی نێوان دەوڵەت و نەتەوە قووڵتر ببێتەوە، دوژمنی دەرەکی بە

هۆی لاوازیی بەرگریی ناوخۆیی کە فاکتەری خەڵك لەوێدا ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە، لەوانەیە سەروەریی خاك بخاتە بەر مەترسی یاخود لە ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان کەڵک وەربگرێت و بە سوودوەرگرتن لە فرتوفێڵە سیاسییە جۆراوجۆرەکان و ورووژاندنی خەڵک، ئاسایشی ناوخۆیی بخاتە ژێر مەترسییەوە (فرجی راد. ١٣٨٢: ٣٠).

ڕۆڵی ئابووری لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا، چارەنووسسازە و هۆکارەکەی بۆ کاریگەرییە بەربڵاوەکەی لەسەر بەها نیشتمانییەکانی تر دەگەڕێتەوە. گەشەنەکردنی بەردەوام و بێبەشبوون لە خۆشگوزەرانیی ئابووری، هەستی نشتمانی لاواز دەکات و نائارامییە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لە ئەنجامدا دەبێتە زیادبوونی چەند پارچەبوونی ناوخۆیی. وەها لاوازییەکی ناوخۆیی، دەکرێت ببێتە هۆی کرداری دوژمنکارانە لەلایەن دوژمنانەوە (آزرمون، ١٣٧٩: ٣٦٨). لەبەر ئەم هۆکارە، بابەتی

هەژاری لە تەوەری ئاسایشی نیشتمانی و هەڕەشەکانی، گرنگییەکی زۆریان هەیە و بە شێوەیەکی گشتی جگە لە تیۆرییە مارکسییەکان، گرنگی بەم بابەت نادرێت. بە سەرنجدان لەسەر گرنگی و کاریگەریی هەژاریی ئابووری لە سەرهەڵدانی جۆرە جیاوازەکانی تری هەژاری و لێکەوتەکانی، دەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسەی هەژاری بکرێت: "هەژاری لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا یەکسانە بە بێتوانایی لە بەدیهێنانی پێویستییە سەرەکییەکانی ژیان و نموونەکەی ئەو کەس و خێزانانەیە کە توانای پێویستیان نییە لە دابینکردنی لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان، وەک: خواردەمەنی، پۆشاک، تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوون. هەروەها بێبەشبوون لە پێداویستییە گرنگ و سەرەتاییەکانی ژیان، وەک: پەروەردە، هەلی کار، بەشداریکردنی کایە کۆمەڵایەتییەکان و... (سازمان مدیریت و برنامە ریزی، بە نقل از مدنی: ٤٠). لە نموونە بنەڕەتییەکانی لاوازیی ئابووریی هەر وڵاتێک، بوونی هەژاری و بێبەشبوونە کە دەکرێت ببێتە هۆی مەترسی دروستکردن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی. هۆکاری زۆرێک لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دەوروبەری ئێمەدا ڕوو دەدەن، هەژاری و بێکاری و بێبەشبوونە لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی. بێکاری و هەژاری لە کاتێکدا ئاسایشی کۆمەڵاتی دەخاتە ژێر مەترسییەوە کە لە خۆگریی زۆرێک لە چینی گەنجانی ئێمەیە، کە بە هۆی ئەوەوە کاری تێکدەرانەی کۆمەڵایەتی و خراپتر لەوەش تاوان ڕوو دەدات (شیبازی و همکاران، ١٣٩٠: ١٣٣).

ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پرسی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، ژیانی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگریت، بە شێوەیەک کە دابینکردنی کۆمەڵایەتی وەک دیویکی تر لە دابینکردنی ئاسایش؛ بەرنامەڕێژیی بۆ دەکرێت. مەبەست لە دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بەدیهێنانی هەلومەرجگەلێکە کە پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی تاک دابین بکات. یەکێک لە دیاردە دەروونییە ناسراوەکان کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایش لە کۆمەڵگادا، بابەتی هەستکردن بە هەژاری و تێڕوانینی کۆمەڵگایە بۆ بابەتی هەژاری. بە بڕوای پسپۆڕانی ئاسایش، دیاردەی هەستکردن بە هەژاری دەکرێت زیاتر لە واقعیەتی هەژاری، هەڕەشە لە ئارامیی دەروونی بکات و



ئـەم تێڕوانینە خۆی لـە خۆیدا دەتوانێـت زەمینەکانی نائارامی دروسـت بـکات (ربیعـی، ١٣٨٩: ١٧٢). ئـەم تێڕوانینانـە لـە هەلومەرجێکـی تایبەتیـی کۆمەڵایەتیـدا، نائەمنیی تایبەت بە رهـەم دەهێنێت و یا رمە تیدە ر د ە بێـت بـۆ خۆدانەپاڵ ڕوەتێکـی تێکـدەری ئارامـی. تیۆریسـەنەکانی شـۆڕش باوەڕیـان وایـە کە بۆ دروسـتبوونی شـۆڕش لە سیسـتمێکی کۆمەڵایەتیدا، بە پلەی یەکەم بوونی نایەکسـانیی کۆمەڵایەتی-ئابـووری فاکتەری گرنگـە، بـەڵام لـەوە گرنگـتر هەسـتکردنی زەینی ئەندامانی کۆمەڵگایە بە نایەکسـانی (رفیع پـور، ١٣٧٩: ٦٦-٦٥).

## بێبەشبوونی ڕێژەیی لە پارێزگای کوردستاندا

لـەم بەشـەی وتارەکـەدا، سـەرەتا بەکورتـی لەسـەر بنەمای توێژینـەوەکان و سـەرژمێری و ڕێژەی هـەژاری لە سـێ دەیـەی ڕابـردوو و ئـەو ئامار و سـەرچاوانەی کـە بوونیـان هەیـە؛ دەیخەینـە بەرچـاو، بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتنێکمان هەبێـت سـەبارەت بـە بارودۆخـی هەژاری لـە وڵات و لەسـەروو هەمووشـیانەوە پارێـزگای کوردسـتان. دواتـر بـە پۆلێنکردنی مەترسـییەکانی سـەر ئاسایشـی نیشـتمانیی وڵات لەسـەر بنەمـای ڕۆڵـی هەژاری لە دروسـتبوون یاخود زیادبوونـی ئـەو مەترسییانە، جەخت لەسـەر ڕۆڵـی هەژاری بۆ مەترسی دروسـتکردن لەسەر ئاسایشـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران، بە هێنانەباسـی پارێزگای کوردسـتان دەکەیـن.

## بارودۆخی هەژاری و بێبەشبوون لە پارێزگای کوردستاندا

بـۆ دەسـتکەوتنی زانیاری لەسـەر بارودۆخی هـەژاری لە پارێزگای کوردسـتاندا، سەرەڕای ئامـاژەدان بـە هەنـدێ لـە ئامـارەکان، دەکرێـت سـوود وەربگیرێت لـەو توێژینەوانەی کە لەسـەر ئـەم بابەتـە بڵاو کراونەتـەوە و هەروەهـا لەم بازنەیەدا لـەو چاوپێکەوتنانەی کـە لەگـەڵ نوێنەرەکانـی پارێـزگای کوردسـتاندا کـراون سـەبارەت بـە بارودۆخـی هەژاری لەم پارێزگایەدا؛ سـوود وەرگیـراوە.

لەسـەر بنەمـای یەکێک لەم توێژینەوانە کـە بە ئامانجی بەراوردکردنی لانـی کەم داهات (معاش) لە ناوچە شارنشینەکانی پارێـزگای کوردسـتان ئەنجـام دراوە، بـە درێژایی سـاڵەکانی ١٣٧٥-١٣٨٧ (1996-2008)، ئەنجامـەکان دەریدەخـات کە لانـی کەم داهات بـۆ خێزانێکی دانیشتووی شـارەکانی پارێزگای کوردسـتان لـە سـاڵی 1996 یەکسـانە بە ٤٨٨٠٩٣٩ ڕیاڵ یان ٩/٤٠٦٧٤٤ ڕیـاڵ لـە مانگێکدا بـووە، کـە ئـەم ژمارەیـە لە سـاڵی 2008دا گەیشـتووەتە ٣٩٥٥٥٠٩٥ ڕیـاڵ، واتە نزیکەی ٣٢٩٦٢٨٥ ڕیـاڵ لـە مانگێکدا، بـە شـێوەیەک کـە ڕێـژەی ناوەندی گەشـەکردنی ساڵانەی هێڵـی هـەژاری لـە ناوچـە شارنشـینەکانی پارێزگاکـەدا لە ساڵەکانی 1996-2008 یەکسان بـووە بـە ١٩/٤٢%. هەروەها

لە ساڵەکانی 1996-2008، جگە لە ساڵی 2000، کە گرووپی نیشتەجێبوون (خانووبەرە)، سووتەمەنی و کارەبا زۆرترین پشکیان بەر کەوتووە، بەردەوام گرووپەکانی خۆراک زۆرترین پشک و لایەنی تەندروستی و دەرمان خاوەنی کەمترین پشکیان لە لانی کەمی داهاتدا بەر کەوتووە (جواهری و همکاران، ١٣٩١: ١٥٣). بارودۆخی هەژاری و نایەکسانی لە پارێزگای کوردستاندا بە درێژایی دەیەی ڕابردوو؛ گۆڕان و وەرچەرخانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەپێی داتاکانی ناوەندی زانیاریی ئاماری ئێران دەریدەخات، پێنوێنی جێنی(Gini coefficient)، ناوچە شارنشینەکان لە ٣٦٨٤/ لە ساڵی 2005 بۆ 2995/0 لە ساڵی 2013 کەمی کردووە. ڕەوتێکی هاوشێوەی ئەم داتایە لە ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگاکەدا دەبینرێت، بە شێوەیەک کە پێنوێنی جێنیی ئاماژەپێدراو لە ٠/٣٦٢٨ بۆ ٠/٢٧٨١ کەمی کردووە(محمدی، ١٣٩٦: ١٣٢).

پارێزگای کوردستان یەکێکە لە پارێزگا سنوورییەکان و بێبەشبووی وڵات، بە داهاتی تاکی ساڵانە 49% لە داهاتی تاکی ساڵانەی وڵات لە ساڵی 2011 و ڕێژەی دانیشتووانەکەی کە نزیکە لە یەك ملیۆن و نیو کەس کە 66%ی دانیشتووانەکەی لە ناوچە شارنشینەکان و 34%ی لە ناوچە گوندنشینەکان دادەنیشن. لێکدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ داتاکانی داهات لە خەرجییەکانی بودجەی خێزان لە پارێزگای کوردستاندا، دەریدەخات کە کەلێن و نایەکسانی لەنێوان ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان لە ساڵی 2008 بەرە بەرە ڕووی لە زیادبوون کردووە. خەرجییەکانی خێزانە شارنشینەکان لە ساڵی 2005دا، نزیکەی ١/٢١ ئەوەندەی خێزانە گوندنشینەکان بووە، لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2013، بەنزیکی ١/٢٣ زیادی کردووە. لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێت بینەری گۆڕانکارییەکی نەرێنی لە بڵاوبوونەوەی دانیشتووان بین کە خۆی لە کۆچکردن بۆ شارەکان و کەمبوونی ڕێژەی گوندنشینان دەبینێتەوە. بە سەرنجدان لەوەی کە ڕێژەی زێدەبەهای بەشی کشتوکاڵی لە تێکڕای کۆبەرهەمی ناوخۆیی پارێزگاکە دەگاتە 20%، ئەم بابەتە بووەتە هۆکاری زیاتربوونی کەنارنشینی (حاشیەنشینی) لە ناوچە شارنشینەکاندا و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زیادبوونی نایەکسانی لە پارێزگاکەدا. هەروەها چۆڵبوونی ناوچە گوندنشینەکان لە خەڵک، بەو پێیەی کە پارێزگای کوردستان لە پارێزگا سنوورییەکانی وڵاتە، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی ئەمنی (محمدی، ١٣٩٦: ١٣٣).


وەک هەڵسەنگاندنی یەکێک لەو توێژینەوانەی کە بۆ دەرخستنی هێڵی هەژاری لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای کوردستان ئەنجام دراوە، بە هەڵسەنگاندنی هێڵی هەژاریی خۆراک بە مەبەستی بەراوردی هێڵی هەژاریی ڕەهای خۆراک (خط فقر مطلق غذایی) و

بە سوودوەرگرتن لە مۆدێلی ئەنستیتۆی خۆراکی گونجاو (بژێویی) سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بەهای ڕیاڵی سەبەتەی خۆراکی گونجاو کە بە درێژایی ساڵەکانی 2010- 2013 ئەنجام دراوە (بهرامی، ١٣٩٧: ٣٠): هێڵی هەژاریی ڕەهای خۆراکی مانگانەی تاك بە هۆی بوونی هەڵاوسانی ساڵانە، ڕەوتێکی ڕوو لە بەرزبوونەوەی هەبووە و بە درێژایی ئەو ماوەیە، ساڵانە بە شێوەیەکی ناوەندی نزیکەی ٦/٩% گەشەی هەبووە، بە واتایەکی تر: خەرجیی دابینکردنی سەبەتەی ستاندەری خۆراك بەپێی پێوەری ئەنستیتۆی خۆراك بە مەبەستی دابینکردنی کالۆریی پێویست (٢٣٠٠ کیلۆ کالۆری) لە ساڵی 2013 بە بەراورد بە ساڵی 2010، نزیکەی ٣٢% زیادبوون پیشان دەدات.

لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکان، هێڵی ڕەهای هەژاریی گشتیی مانگانە لە رووبەری خێزاندا، لە ئاستی خێزانەکاندا لە ٣٥٤١١٥٠ ڕیاڵ بۆ ساڵی 2010 بۆ ٤١٨١٧٥٠ ڕیاڵ لە ساڵی 2013 زیادی کردووە کە دەکاتە ڕێژەی ١٨/١% گەشەسەندن (بهرامی، ١٣٩٧: ٣١). توێژینەوەیەک لەژێر ناوی "ڕاپۆرتی ئابووریی پارێزگای کوردستان" لەلایەن وەزارەتی کاروباری ئابووری و داراییەوە بڵاو کراوەتەوە، کە بە وردبوونەوە لە ساڵی ١٣٩٥ ڕاپۆرتێک لەسەر دابەشبوونی داهات لەناو خێزانە شارنشین و گوندنشینەکان خراوەتە ڕوو، وەک ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ داوە: لە ساڵی 2015 و 2017 بە شێوەیەکی ناوەندی، هەر خێزانێکی شارنشین لە پارێزگای کوردستاندا بڕی ٢٠٣ و ٢١٠ ملیۆن ڕیاڵیان خەرج کردووە کە ٣/٩٣% گەشەی هەبووە (وەزارەتی کاروباری ئابووری و دارایی، ١٣٩٥: ١٢٥).

بە ئاوڕدانەوەیەک لە پێوەرە ئابوورییەکانی پارێزگای کوردستان و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕێژەی مامناوەندی وڵات و تەنانەت ناوچەکەش، دەرخەری بارودۆخی ئابووریی داڕووخاوی ئەم پارێزگایەیە.

لە کاتێکدا کە کوردستان 2%ی کۆی ڕێژەی دانیشتووانی وڵات پێک دێنێت، بەڵام کەمتر 1%ی تێکڕای کۆبەرهەمی ناوخۆیی لەبەر دەستدایە، ڕێژەی داهاتی تاکی کوردستانی لە ڕێژەی مامناوەندیی نیوەی داهاتی تاکی وڵات کەمترە، ئاماری بێکاریی پارێزگای کوردستان؛ (١٣/٣%)ە کە دەکاتە پێنجەمین پارێزگای (لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان) بێکار و یانزەهەمین لە ئاستی پارێزگاکانی ئێران و بێکاریی گەنجان ڕێژەی بەرزی ٢٥%ی هەیە. هەروەها پێوەری گەشەی مرۆیی پارێزگای کوردستان لە ئاستی دواکەوتووترین پارێزگاکانی وڵاتە. سەبارەت بە گەشەسەندن لەنێوان شارەکانی پارێزگاکەدا، شاری مەریوان بە لە ٤٠/٥% (دانیشتووی شار ٤٦/٢% و دانیشتووی گوند ٢٧/٩%) و شاری سنە بە ٣١/٢% (دانیشتووی شار ٣٦/٦% و دانیشتووی گوند ١٥/٧%) خراپترین دۆخیان لە ڕووی بێکاریی گەنجانەوە هەیە. ئەم پێوەرە بۆ گەنجانی خاوەن بڕوانامە و بڕوانامەی زانکۆ



دەگاتــە ١٤/٨%، کــە ئامارێکی جێــی نیگەرانییە. ئــەم ئامار و ژمارانــە دەرخــەری بارودۆخی دژوار و قەیرانــاوی بێکارییــە، تایبەت بە گەنجانی دانیشــتووی دوو شــاری ســنە و مەریوان و پێویســتە هەنــگاوی بنەڕەتی و خێــرا لــەم بــوارەدا ئەنجام بدرێــت بۆ ئــەوەی لە زیانی کۆمەڵایەتیــی وەك بەرزبوونی تەمەنی هاوســەرگیری، مادده هۆشــبەرەکان، مەیلــی گەنجــان بۆ چوونەپــاڵ گرووپــە جوداییخــوازەکان و... ڕێگری بکرێــت (فتاحی و همــکاران، ١٣٩٥: ١٢-١٤).

**ئەنجامی بێبەشبوونی ڕێژەیی لە پارێزگای کوردستان**

بێبەشــبوونی ڕێژەیــی لــە پارێزگای کوردستاندا، بەتایبەتی لە لایەنی ئابوورییەوە (نایەکســانیی داهــات، بێــکاری، داهاتی نزمی تــاك و...) کاریگەریــی کردەیی و زەینیی لەســەر هاونیشــتمانیانی کوردســتان بەجێ هێشــتووە، کە لێرەدا گرنگترینیــان دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە:

**هەستکردن بە نایەکسانیی نەتەوەیی**

یەکێک لە گرنگترین و ســەرەکیترین ئالنگارییەکانی پەرەســەندنی بێبەشــبوونی ڕێژەیــی، پەیوەندی بە کێشــە نەتەوەییەکانــەوە بکەیــن. ئەم بابەتە بەتایبەتــی بە هۆی کۆی سیاســەتە گشــتییەکانەوەیە، کــە ئاســتی ناڕەزایەتییــەکان فــراوان دەکات و کەلێنــی ئابووری-کۆمەڵایەتــی قووڵــتر دەکاتــەوە. "جــان برێدلــی" بارودۆخــی نەتەوەیــی ئێــران بەم شــێوەیە پێناســە دەکات، ســتراتیژی گەشــەپێدانی ناوەند میحــوەر (مرکز محــور) بووەتە هــۆی لێکترازانــی ئابــووری- کۆمەڵایەتیــی گــەورە لەنێوان

> "گێر دەریدەخات کە "هەژارترین ناوچــەکان، سەرکــێشترین و ئاژاوەگــێڕترین ناوچــەکانــن""

ناوەند و دەرەوەی ناوەند، لە شوێنێکدا کە دابەشکردنی نایەکسانیی دەسەڵات، سەرچاوەکانی ئابووری-کۆمەڵایەتی و پێگەی کولتووری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. لەگەڵ ئەم بەخۆداشکاوییەی کولتووری-کۆمەڵایەتی و ئابووری، نائارامی لەنێوان گرووپە گەورە نەتەوەییەکانی وڵاتیش لە زیادبوونداییە (Bradley, 2016:181). ئەم بابەتە لەژێر کاریگەریی دوو هۆکاری گرنگدایە، لە لایەکەوە پشتیوانیی وڵاتانی ناوچەکە کە هاوئاراستەیی زمانی-مەزهەبیان نزیکە لەگەڵ نەتەوانەکانی ئێران و لە لایەکی تریشەوە سیاسەتە نەگونجاوەکانی ناوخۆ، هەردووکیان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی نەتەوەکانی ئێران هەست بە بێگانەبوون بکەن. کەلێنی نەتەوەیی نێوان ناوەند و دەوروبەر و پرسگەلی پەیوەندیدار بە بێبەشبوون، بەرە بەرە ڕێگەی بۆ شێوازە توندوتیژەکان لە پەیوەندییەکانی هەردوو لادا کردووەتە. لە ڕوانگەی تیۆری دابەشبوونی ڕێژەیی گێر، "جیاوازییە ناوچەییەکان لە گەشەسەندنی ئابووری لەنێوان نەتەوەکاندا، دەبێتە هۆی توندوتیژیی سیاسی لەلایەن ئەو ناوچانەی کە کەمتر گەشەیان کردووە". گێر دەریدەخات کە "هەژارترین ناوچەکان، سەرکێشترین و ئاژاوەگێرترین ناوچەکانن". لە نموونەکانی ئەم بابەتە، دەکرێت لە توندوتیژییەکانی کوردستاندا ببینین. سەرەڕای خواستە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان، تەنانەت ئەم نەتەوانە لە جێبەجێکردنی بۆنە مەزهەبییەکان بێبەشن و تەنانەت لە نموونەگەلێکی زۆردا مزگەوتی سوننەکان لە وڵاتدا ڕووخێنراون (Saleh, 2013:95).

داتاکانی ئاماری فەرمییش، ئەم بارودۆخە لە پارێزگای کوردستاندا پشتڕاست دەکاتەوە، لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندنی بەهاکان و تێڕوانینی ئێرانییەکان لە ساڵی 2002، دەرخەری ئەوەیە کە زۆرینەی ڕەهای نەتەوەکانی ئێران جگە لە پارێزگای کوردستان، بڕوایان وایە کە حکومەت بە شێوەیەکی یەکسان ڕێز لە بەهای هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی وڵات دەگرێت، بە شێوەیەکی ناوەندی نزیکەی لە سەددا ٧٠%ی هاوڕای ئەم بۆچوونەن، لەگەڵ ئەمەشدا لە پارێزگای کوردستان لەم ڕاپرسییەدا (زیاتر لە سەددا ٥٠%) بڕوایان بە نایەکسانیی ئابووری و جیاوازیی نەتەوەیی دەکرێت (وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، دفتر طرحهای ملی، ١٣٨١ (ویرایش یەکەم)، ١١٩). نزیکە دە ساڵ دواتر، نەتەوەکانی تریش تێڕوانینیان نزیک بووەتەوە لە تێڕوانینی خەڵکی پارێزگای کوردستان و وا دێتە بەر چاو کە هەستکردن بە یەکسانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەم شێوەیەك کە نزیکەی لە ٣٥% باوەڕیان وایە کە "حکومەت جیاوازی ناکات لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا" و زیاتر لە ٦٥% باوەڕیان بە جیاوازیی نەتەوەیی هەیە (وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، دفتر طرحهای ملی، ١٣٩٤: ١٧٣).

فاکتەرێکی هاندەر بۆ گۆڕان لە بێبەشبوونی ڕێژەیی نەتەوەیی بۆ توندوتیژی، ئەوەیە کە نوخبەی نەتەوەکان هەوڵی کۆکردنەوەی گرووپەکان بە ئامانجی دروستکردنی هەستێکی گشتیی بەهێز و یەکگرتوو بدەن، ئەم بابەتە تا ئێستا لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا ڕووی نەداوە، بەڵام مانگرتنی گشتی لە کوردستان و داخستنی بازاڕ لە شارە جیاوازەکان، ڕووداوێکی بێ نموونە بووە کە زیاتر لە ڕابردوو؛ گریمانەکانی ئەم توێژینەوە دەسەلمێنێت. پەیوەست بەم ڕووداوەوە، شارەکانی سنە، بانە، مەریوان و کامیران لە پارێزگای کوردستان؛ لەو شارانە بوون کە مانگرتنی گشتی تێیاندا ڕووی دا، لە ڕاستیدا دوژمنایەتی و ڕق، زیاتر لەلایەن نوخبەی نەتەوەییەوە بۆ سوودوەرگرتن لە توندوتیژی دژی ئەوانی تر کەڵکی لێ وەردەگیرێت. قادرزادە و محەمەدزادە پیشانمان دەدەن کە ڕێژەی چاولێکردن لە نوخبەی نەتەوەیی لە پارێزگای کوردستاندا یەکسانە بە لە (٥٣،٦٤%). ئەم ڕێژەیە کاتێک لەگەڵ ڕێژەی هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لە پارێزگای ناوبراو (٣٤،٧٤%) و پەیوەندیی نێونەتەوەییەکان (٧٩،٥٨) و هەروەها میدیا نەتەوەییەکان (٨٥،٤٦) یەك دەگرن، دەبێتە مایەی نیگەرانی. بەم شێوەیە لە کاتێکدا کە ئەم پێوەرانە لەنێوان کوردە شیعەکاندا زۆر لە خوارترە، ئامارەکان دەرخەری ئەوەن کە جۆری نەتەوەگەرایی لەنێوان کوردە سوننەکانی پارێزگاکەدا بەئاشکرا خەسڵەتێکی سیاسیی هەیە و یەکێک لە گرنگترین داواکارییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نەتەوەیی لە پارێزگای کورستاندا ئاشکرا دەکات. سەرباری ئەمەش، بە زیادبوونی چاولێکردنی نوخبە نەتەوەییەکان -کە لە ڕێگەی شرۆڤەی گوشارە بنەماییەکان و گۆڕینی بۆ بیر و باوەڕی گشتێنراو و گرێدانی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای کۆمەڵگا لەگەڵ زەمینە کولتوورییەکان، لە بەسیاسیکردنی بابەتی نەتەوەیی بەشدارن- شوناسخوازی نەتەوەیی توختر بووەتەوە. هەروەها بە زیاتربوونی پەیوەندی لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوان نەتەوەیی، تینی شوناسخوازی نەتەوەیی لەم پارێزگایە زیادی کردووە. پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی نێونەتەوەیی کاریگەریی هەیە، بە شێوەیەک کە زیاتربوونی پەیوەندی لەنێوان نەتەوەکان، دەرفەتێك بۆ بەراوردکاریی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ئەندامەکانی دەڕەخسێت. لە ئەگەری هەبوونی کەلێن لە ڕێژەی خزمەتگوزاریی ناوچەکان، هەستکردن بە جیاکاری بە جۆرێک شوناسخوازی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت (قادر زادە و محمد زادە، ١٣٩٧: ٣٩-٣٤).

## کەمبوونەوەی بەشداریی سیاسی

یەکێکی تر لە کاردانەوەکان بۆ بێبەشبوونی ڕێژەیی، دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردنی سیاسییە. ئەم کەمبوونەوەی

ژمارەی بەشداربووان لە هەڵبژاردەنەکان و ڕاگەیاندن یاخود جێبەجێکردنی هەنگاوی گشتگیر و ناباو لە شێوەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن -وەك بایکۆتکردنی هەڵبژاردن-، دەکرێت ئاماژەی نەرێنی بۆ ڕەوایی (مشروعیت) و دەستڕۆیشتوویی دەسەڵات بێت (گروه مطالعاتی امنیت، 1387: ١٩٨-١٩٧). ئەنجامی توێژینەوەی مەیدانی "لێکدانەوەی ڕەوتی بەشداریکردنی هاوشارییانی پارێزگای کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا (1997-2005)، کە لەنێوان ٣٣٢ کەس لە خوێندکاران و مامۆستای زانکۆی پارێزگای کوردستان ئەنجام درا، دەرخەری ئەوەیە کە ڕێژەی بەشداریکردن لە پارێزگای کوردستاندا بە شێوەیەکی مانادار لە ناوچەکانی دیکەی وڵات مەودای وەرگرتووە و بە ڕێژەی ناوەندی ٢٨% کەمترە لە ڕێژەی بەشداریکردنی نیشتمانی. وەک ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا یەکێکە لە بازنەکانی پەیوەندی لەنێوان نەتەوە و حکومەتەکاندا، کە ڕاگەیاندنەکان، مافی هاوشارییان، گۆڕانکارییە سیاسییەکان، گۆڕان و وەرچەرخانەکانی کوردستان و پرسە ئابوورییەکان؛ لە هۆکارەکانی دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکاندا بووە (نصری و مرسلی، ١٣٩٨: ٩٣). وەرچەرخانە مێژووییەکان دەرخەری ئەوەن کە لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی 80 و 90 و دامرکاندنەوەی شەڕە سەربازییەکانی ناوچەکە و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چەند ساڵەی گەشەپێدان، خەڵکی کوردستان بەهیوای زیادبوونی ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا و زیادبوونی وەبەرهێنانی ئابووریی دەوڵەت بوون، بەڵام بە شکستهێنانی ئەم چاوەڕوانییانەوە و تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤ چوار ساڵ لە سەرۆکایەتیی هاشمی ڕەفسەنجانی، هاوشارییانی ئەم پارێزگایە نەگەیشتنە داواکارییەکانی خۆیان. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە خولی دووەمدا، کوردستان تاکە پارێزگایەک بوو کە دەنگی "نەخێر"یان بە هاشمی ڕەفسەنجانی دا و زۆرترین دەنگیان دا بە ڕکابەرەکەی؛ ئەحمەد تەوەکولی. پشکی کوردەکان بەتایبەتی پارێزگای کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی خردادی ساڵی 1997 بەرچاو بوو و نزیکەی ٨٥%ی ئەوانەی تەمەنیان هیی دەنگدان بوو، بەشدارییان کرد. سەرلەنوێ بێهوابوون لە بەدەستگەیشتنی خواستەکانیان؛ بووە هۆکاری ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی سەرۆکایەتیی کۆمار، تەنیا (%٤٥،٧٩) دەنگدەران بەشداری بکەن. لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی ئێران، ڕێژەی بەشداریی گشتیی وڵات (%٦٧،٣٥) بووە، کە پشکی پارێزگای کوردستان گەیشتبووە لە سەددا (70،18%). بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمدا، پشکی کوردستان گەیشتە (32،6%). هەروەك

دەبینین کە کەمبوونەوەیەکی واتادار لەدوای بێهیوابوونی خەڵک لە گەیشتن بە خواستەکانیان لە پارێزگاکە ڕووی داوە. بەداواداچوونێکی خێرا بۆ ڕەوتی بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری گەورەی جێبەجێکاری وڵات، دەرخەری هەڵکشانی ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵکە لە هەڵبژاردنەکانی کە لە خولی حەوتەمینی سەرۆکایەتیی کۆماردا گەیشتووەتە لوتکە، بەڵام لەپاش چوار ساڵ، ئەم ڕێژەیە ڕوو بەرەو دابەزین چووە. ئەنجامە ئاماژەپێدراوەکان، سەلمێنەری ئەوە ڕاستییەیە کە دەوڵەتەکانی بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی حەوتەم و هەشتەم؛ نەیانتوانیوە وەڵامێکی گونجاو بۆ خواستەکانی ئەم پارێزگایە هەبێت. بە سەرنجدان بە ئامارەکان، کەمبوونەوەی ڕێژەی (٢٥،٥%) ی بەشداریکردنی خەڵکی پارێزگاکە لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەم و هەشتەم ڕووی داوە، ئەم کەمبوونەوەیە بەردەوام بوو بە شێوەیەك کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەم تا نۆیەمی سەرۆکایەتیی کۆمار گەیشتە نزیکەی (٦٧،٤١%) (غفاری و زرین کاویانی، ١٣٩٠: ٩٩-١٠٥).

## ئەنجام

لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی دەریدەخات بە پێچەوانەی تێڕوانینە باوەکان کە ئەولەویەت دەدەنە هەڕەشە سەربازییەکان، لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی پاش شەڕی سارد،



سەرچاوەی ناوخۆیی هەڕەشەکان زیاتر بووەتە جێی سەرنج و مەترسییە سەربازییەکان و لە کۆتایی لیستی مەترسییەکاندا دێت بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی. لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی بەدواداچوونی بۆ کراوە، پرسگەلی ئابووری و لەسەروو هەمووشیانەوە "هەژاری" و لەپاش ئەویش هەڵاوسانی بەرز، بێکاری و زیاتربوونی کەلێنی چینایەتی لە هەر کۆمەڵگایەدا، بارودۆخی سەرهەڵدان، دروستبوون و قووڵکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە دەکات و ئەم قەیرانانە دەبنە هۆی دروستکردنی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی. لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوانەی کە لەبەر دەستدان و بەپێی ئەو ئامارانەی کە بەدواداچوونیان بۆ کراوە سەبارەت بە هەژاری لە ئێراندا، لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئاماری هەژاری لە ئێراندا بەرەو هەڵکشانە. لە پارێزگا سنوورییەکاندا کە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە پارێزگای کوردستان بووە، ئاماری هەژاری بەراورد بە ناوچەکانی تری وڵات، لە بارودۆخێکی خراپتردایە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە، وەک ئەو پۆلێنکردنانەی کردمان سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی، هەڕەشەی کۆمەڵایەتی-کولتووری، ژینگەیی، ئابووری، سیاسی و سەربازی-زانیاری؛ مەترسیگەلێکن کە بە هۆی هەژارییەوە دەتوانرێت وەک مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەژمار بکرێت. لەم ڕووەوە گەشەسەندن و ئاسایش خاوەنی دوو لایەنن، لە لایەکەوە لە هەر شوێنێک ئاسایش هەبێت، گەشەپێدان بەردەوام دەبێت و دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی یەکێکە لە زەمینەی گونجاو بە گەشەکردنی نیشتمانی، لە لایەکی ترەوە لە هەر شوێنێک گەشەکردن هەبێت، ئاسایش بوونی هەیە. گەشپێدان و هەنگاونان بەو ئاراستەیە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بنەماکانی دەسەڵاتی نیشتمانی و ئاسایشی نیشتمانی. کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا ئاسایش بوونی نەبێت، هەلی وەربەرهێنان بوونی نابێت و کەمبوونەوەی هەلی وەبەرهێنانیش دەبێتەوە هۆی قووڵبوونەوەی دواکەوتوویی. بوونی نایەکسانیی جوگرافیایی و نیشتمانی و گەشەکردنی ناهاوسەنگیی بەشێک لە جوگرافیای وڵات، بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە یەکڕیزیی نیشتمانی و بووتە هۆی سەرهەڵدانی جموجۆڵە هەڵگراوەکان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە نەتەوەی جیاوازی تێدا نیشتەجێیە. هەندێ لە کێشە کولتوورییەکان لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوچەیی و ئابووریی دواکەوتوو و کەڵکوەرگرتنی ناتەواو لە توانا بەردەستەکانی پارێزگای کوردستاندا، لە تەنگژەکانی بەردەم ئەم پارێزگایەیە. هەر چۆنێک بێت پرسە بنەڕەتی و سەرەکییەکان لە هەڕەشەئامێزبوونی ئەم پارێزگایە بۆ سەر ئاسایشی

نیشتمانی، بە سەرنجدان لە بابەتی هەژاری و ئەو ئامارانەی کە سەبارەت بەم پارێزگایە ئاماژەمان پێ داوە، دەرخەری ئەو خاڵەیە کە پارێزگای کوردستان خاوەنی زۆرترین رێژەی هەژاری و بێکارییە لە وڵاتدا. لە لایەکی ترەوە گەشەنەکردنی ئەم پارێزگایە بووەتە هۆی هەرەشەگەلێکی وەک دیاردەی بازرگانیی ماددەی هۆشبەر، شەڕەنگێزی، دروستبوون یاخود نفوزی گرووپە تیرۆریستەکان و هەندێ کاتیش گرژییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی کە خستمانە ڕوو، ئەگەر گۆڕدراوی (متغییر) هەژاری بە ئاراستەی نەهێشتنی؛ بەرنامەدانان و سیاسەتڕێژیی بۆ بکرێت، بە چەند پێوەر و باشترکردنی یاخود لانی کەم دابینکردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، دەکرێت بڵێین کە رێژەی هەژاری کەمتر دەبێتەوە و ئاستی ئاسایشی نیشتمانی ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

سەرچاوە: گۆڤاری "رهیافت انقلاب اسلامی"، ساڵی سیانزەهەم، ژمارە ٤٧، هاوینی ٢٠١٩

پەراوێزەکان:

(١) توێژەران وشەی "قوم"یان بەرامبەر بە نەتەوە بەکار هێناوە، کە ئەمە وشەیەکی دەقیق نییە و کەمترخاندنی پرسی نەتەوەکانە و بە مانای ئیتنیک و گرووپی داخراوی خێڵەکی دێت، بۆیە گۆڤاری ئایندەناسی بۆ وشەی "قوم"ی نووسەران، وشەی "نەتەوە"ی لە دەقەکەدا بەکار هێناوە.

(٢) پێنوێنی جینی (Gini coefficient) یەکێکە لەپێنوێنە هەرەگرنگ و باوەکان کە بەکار دەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی نادادپەروەری لەدابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی، لەساڵی ١٩١٢ لەلایەن زانای ئامارناسیی ئیتالی (Corrado Gini) داهێنرا، پێنوێنێك ژمارەییە لەنێوان (٠-١)دا گوزارشت لە ئاستی نادادوەری لەدابەشکردنی داهات دەکات.

سەرچاوەکان:

- آزر، ادوارد ای، و چونگ این مون،١٣٧٩ ، امنیت ملی در جهان سوم، ترجمه پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران، انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- ارجمند، محمد جعفر جوادی، سید محسن توکلیان، ناهید قمریان نصر آبادی،١٣٩٣ ، بررسی نقش هویت قومی بر امنیت پایدار: مطالعه موردی منطقه کردستان ایران (قومیت کرد(، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، ش٢١.

- اسلامی، سیف الله،١٣٩٣، اندازه گیری شاخص رفاه اجتماعی طی چهار دهه گذشته در مناطق شهری کشور، مجله اقتصادی، ش٥ و ٦.

- بختیاری، حسین، علی صالح نیا،١٣٩٧ ، اولویت بندی تهدیدات امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران با روش تحلیل سلسله مراتبی، فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره٨، شمارەی ٤٧.

- بهرامی، رحمت الله،١٣٩٧ ، تحلیلی بر فقر شهری در شهرهای استان کردستان، دو فصلنامه علمی پژوهشی پژوهشهای بوم شناسی شهری، س٩، ش١، پیاپی١٧.

- پورخسروانی، انیس،١٣٨٢، مجموعه مقالات همایش بین المللی امنیت انسانی در غرب آسیا، دانشگاه بیر جند .

- جواهری، بختیار، بهرام سحابی، عابدین قاسمی و محمد هادی حاجیان،١٣٩١، برآورد حداقل معاش در مناطق شهری استان، کردستان، فصلنامه علمی-پژوهشی رفاه اجتماعی، س١٢،ش٤٥.

- خسروی نژاد، علی اکبر،١٣٩١ ، برآورد فقر و شاخصهای فقر در، مناطق شهری و روستایی، فصلنامه مدلسازی اقتصادی، سال٦، ش٢، پیا پی ١٨.

- ربیعی، علی، ١٣٨٩، شکاف درآمدی، دغدغه ی امنیتی کشورهای در حال گذار، مطالعه موردی ایران، فصلنامه راهبرد، ش٥٧.

- رضایــان قیه باشــی، احد، علی اصغر پــور عــزت و محمدرضا حافظ نیــا، ۱۳۹٦ ، آینــده پژوهــی تهدیدهــای نظامی-امنیتی ناشــی از تغییــر اقلیــم در ایــران، با اســتفاده از روش چــرخ آینــده، آینــده پژوهی دفاعــی، س۲، ش٤.

- رفعتــی حمیدرضــا، محمــد حســین صنیعی،۱۳۹٦، برآورد تهدیدات سیاســی با رویکرد کنــترل و مهار نقش آن در ارتقــای امنیت ملــی، فصلنامه امنیت ملــی، س۷، ش۲٥.

- شــاطریان، محسن، امیر اشنویی و محمود گنجــی پــور،۱۳۹۳ ، تحلیل راهــبردی مناطــق مــرزی، مطالعــه ی مــوردی: شــهرهای مرزی اســتان کردســتان، فصلنامه علمی-پژوهشــی مطالعات شــهری، ش۱۱.

- شــهبازی، نجفعلــی، بهــروز صادقی عمــرو آبادی و ســید علیرضا عزیز موســوی،۱۳۹۰ ، بررســی عوامل اقتصــادی موثر بر امنیــت اجتماعی، فصلنامه آفاق امنیت، ســال ٤، ش۱۲.

- صالحــی امیری، رضــا، ۱۳۸٥، مدیریــت منازعات قومــی در ایران، تهــران: مرکــز تحقیقات اســتراتژیك مجمع تشــخیص مصلحــت نظام.

- عبدالله، عبدالمطلــب (۱۳۹٥)، «بررســی میزان توجه به مؤلفه¬های هویت قومی و ملی بین دانشــجویان کرد و آذری در دانشــگاههای تهران»، فصلنامــه پژوهشــهای راهــبردی سیاســت، ســال چهارم، شــماره۱٦ ، (شــماره پیاپی ٤٦)، صفحات ۳۹-٦٥.

- فرجی راد، عبدالرضا،۱۳۸۲ ، فقر اقتصادی امنیت ملی را آشــفته میکند، روند اقتصادی، ش٥.

-قادرزاده، امید(۱۳۹۰)، «بررســی عوامــل موثر بــر ترجیحــات هویتی در مناطــق کردنشــین»، مجلــۀ علوم اجتماعــی دانشــکدۀ ادبیــات و علوم انســانی دانشــگاه فردوســی مشهد، صفحــات ۱۳-۱۳۳.

- کهنــه پوشــی، ســید هــادی، حمیــد جلیلیــان،۱۳۹۲، تاثیــر قاچاق کالا بر اقتصاد روســتاهای مرزی، مورد بخش خاو و میرآباد شهرســتان مریوان، فصلنامــه جغرافیا و توســعه، ش۳۲.

- کهنــه پوشــی، حمیــد شایان،۱۳۹۲، بررســی تاثیرات اقتصادی قاچــاق کالا بــر شــهرهای مــرزی مطالعه موردی، شــهر مریــوان، نشریه تحقیقــات کاربردی علــوم جغرافیایی، س۱۳، ش۲۹.

- کریمی ملــه، علی، ۱۳۹۱، تاملی نظــری در نســبت حکم رانــی خوب و امنیــت ملــی، فصلنامــه مطالعات راهبردی، ش٥۸.

- کاویانــی راد، مراد، ۱۳۸۹، تحلیل فضایی مخاطــرات محیطی و بحرانهای بــوم شناســی در ایــران، فصلنامــه مطالعــات راهبردی، ســال ســیزدهم، شمارەی دوم.

- کلانــتری، صمد، رســول ربانی و کامــران صداقــت،۱۳۸٤، ارتباط فقر با قانون گریزی و شــکلگیری آســیب اجتماعــی، رفاه اجتماعــی، ش۱۸.

- گــر، تدرابــرت، ۱۳۸۸، چــرا انســانها شــورش میکنند؟، ترجمه علی مرشــدی زاد، چ۳، پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- گمــرك جمهوری اســلامی ایران، ۱۳۹۱، دنیــای فــن آوری اطلاعــات و ارتباطات گمــرک ایران.

- گــزارش اقتصــادی اســتان کردســتان،۱۳۹٥، وزارت امور اقتصادی و دارایــی.

- مانــدل، رابــرت،۱۳۸۷، چهرەی متغیر امنیت ملی، تهران، پژوهشــکده مطالعــات راهبردی.

- مولایــی، محمد، زهــره رحمی راد، انــدازه گیری و مقایســەی حداقل.

- معیشــت خانوارهای شــهری و روســتایی ایــران طی ســالهای ۱۳۹۲-۱۳٦۸، تحقیقات اقتصــادی، دورەی٥۳، ش ۱.

- مســئودی، عبــاس، محمــد میرزایــی، بررســی عوامــل موثــر بر قاچاق کالا در اســتانهای مــرزی (مورد مطالعه: اســتان کردســتان)، پژوهش نامه مطالعات مرزی، ســال دوم، ش۱.

- نســاج، حمیــد،۱۳۸۸ ، جهانی شــدن و هویت اقوام ایرانــی با تاکید بر مولفــه های زبان و آداب و رســوم، فصلنامه تخصصی پژوهش در سیاســت نظــری، دوره ی جدید، ش٥.


- Atwood, J. Brian, 2003, The Link Between Poverty and Violent Conflict, New England Journal of Public Policy: Vol. 19.

- Ashraf, M. A. 2004, True Islamic Teachings Compared to Al-Qaeda's Doctrine, The Review of Religions, Vol. 99 NP.__

# ئابووریی سیاسی، پووکانەوەی دامەزراوەکان و گەندەڵیی فەرمی؛ دۆسێی عێراق


پرۆفیسۆر عەلی عەلاوی
وەیری دارایی حکومەتی عێراق


وەرگێڕان: پێشەوا جەلال محەمەد





# پرۆفایل

عەلی عەبدول ئەمیر عەلاوی، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری بەغدا لەدایک بووە، لە زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی، ماستەری زانستی ئابووریی خوێندووە و کاری بۆ بانکی جیهانی کردووە. پێشتر وەزیری گواستنەوە و هەروەها وەزیری بەرگری بووە لە حکومەتی کاتیی عێراق لە ٢٠٠٣-٢٠٠٤، پاشان وەزیری دارایی بووە لە حکومەتی ڕاگوزەر لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦. لە ئێستادا و لە کابینەی مستەفا کازمی، وەك وەزیری دارایی عێراق سەرقاڵی کارکردنە.

**بەرایی**

**چوارچێوەی تیۆری**

پێکەوەبەستنی بنەما کارگێڕییەکان، ڕێکخراوەکان، یاساکان، نەریتەکان و ئایدیاکان؛ دڵی مامەڵە ئابوورییەکانن. ئەمانە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر تێچووی مامەڵە داراییەکان و کاریگەرگەریی خراپیان دەبێت لەسەر چالاکیی بازاڕ. یاسا فەرمییەکانی کۆمەڵگا (یاسا و ڕێنماییەکان) و ڕێسا نافەرمییەکان (ڕێککەوتنەکان و یاسا ئەخلاقییەکان)، ئەو سنوورانەن کە مرۆڤ لەگەڵیاندا بەرکەوتەی هەیە.

ئەوانەی گوزارشت لە بنەما کارگێڕییەکان و یاسا فەرمییەکان دەکەن، ئەمانەن: لایەنە سیاسییەکان، یەکە ئابوورییەکان، لایەنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا پەروەردەییەکان.

بە بۆچوونی من و ئەزموونم لە دەزگای جۆراوجۆری حکومی و تایبەت، ئەم پێکهاتانە کلیلی گەشەی ئابووری و پێشکەوتنن. لەوانەیە بۆ ئەو کۆمەڵگا و ئابوورییانەی کە زادەی ململانێی و توندوتیژیی ماوەدرێژن، گرنگترین بن. پلاندانان و ڕێکخستنی گۆڕانکاریی دەزگایی، پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگا خێرا دەکات هەروەکوو ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی دوای جەنگ لە ئەڵمانیا، یابان، کۆریا، تایوان و لە ئێستاشا لە چین هاتنە ئاراوە.

گۆڕینی یاسا فەرمییەکان، بەشە ئاسانەکەیە. دەستوورەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانرێت بگۆڕدرێن و یاسا و ڕێنماییەکان چاکسازییان تیا بکرێت، بەڵام ئەو نۆرمانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بەو یاسایانە؛ کاتێکی زۆر زیاتری دەوێت بۆ گۆڕانکاری. هەموو کاتێک گواستنەوەی یاسا فەرمییەکانی کۆمەڵگا سەرکەوتووەکان بۆ کۆمەڵگایەکی تر، نابێتە ئەزموونێکی دڵخۆشکەر و سەرکەوتوو.

گۆڕانکاریی ئەرێنی دامەزراوەیی کە بتوانێت توانای ئابووری گەشە پێ بدات، ڕاستەوخۆ گرێ دراوە بە پێکهاتە سیاسییەکانەوە کە پێناسە و سەپاندنی یاسا

ئابوورییەکانی گەمەکە ئەنجام دەدات، هەروەها جێگیریی دەزگا سیاسییەکان، گونجاویی سیاسەتەکان، کوالێتیی یاسادانان و توانای ڕاپەراندنی ڕێکەوتننامەکان و گرێبەستەکان؛ بنەمای گرنگن بۆ باشترکردنی چالاکیی ئابووری.

### ناساندنی گەندەڵی

ڕاستگۆیی لێپرسراوانی کەرتی گشتی و دانانی فەزڵی کەرتی گشتی بەسەر کەرتی تایبەتدا لەناو چینی سیاسییەکان؛ زۆر گرنگن بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەیی سەرکەوتوو، لەو شوێنەوەیە گەندەڵی دێتە ژوورەوە. بەپێی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، «گەندەڵی سیاسی بریتییە لە دەستبەسەراگرتنی سیاسەتەکان، دەزگاکان و یاساکان لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و داراییەکان لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە کە پێگەکەیان خراپ بەکار دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی هێز و پێگە و سامان».

### پێناسەی گەندەڵی

«گەندەڵی؛ سوودمەندیی ژمارەیەکی کەمە لەسەر حسابی ژمارەیەکی زۆر، ئابووری دەشێوێنێ و دوای دەخات، ڕێگری لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەکات، سەرچاوەکانی وەکوو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەموو ئابووری تەخشان دەکات و بەفیڕۆی دەدات. زۆربەی کات کە دەزگاکانی دەوڵەت لاوازن، پەیوەندیدارە بە توندوتیژییەوە، وە بەشێکی بە هۆی گەندەڵییەوەیە. بەلای ملیۆنان کەسیش دیموکراسی واتە نەبوونی ئاسایش و «بازاڕی ئازاد»، کە تییدا دەوڵەمەندەکان زیاتر دەوڵەمەند دەبن لەسەر حسابی هەمووان.


### نیشانەکانی گەندەڵی لای میشێل جۆنستۆن

گەندەڵی؛ گەشەی ئابووری کەم دەکاتەوە، بە هۆی دابەشکردنی سەرچاوەکانەوە. چەندین لێکۆڵینەوە کاریگەریی نەرێنیی گەندەڵیمان نیشان دەدەن لەسەر گەشەی ئابووری و وەبەرهێنان.

• دوو جۆری گەندەڵی هەیە: یەخسیرکردن کە ڕەشووە و کاریگەریی دەکاتە سەر ئاڕاستەکردنی کاری بەرپرسان، بۆ نموونە «بردنەوەی کۆنتراکت» و بەزۆر وەرگرتن، لێرەدا بەرپرسانی کەرتی گشتی دەبێت ڕەشووەیان بدرێتێ تا ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بۆ نموونە «پارەدان بۆ کۆکردنەوەی خاشاک».

- زاڵبوون بەسەر جۆری یەکەم، زۆر قورسترە لە جۆری دووەم. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەدەگمەن جۆری دووەم دەبینرێت، بەڵام جۆری یەکەم دەردەکەوێت. لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، هەردوو جۆرەکە بەربڵاوە و دەبینرێت. مەسەلەی پێوانەکردنی گەندەڵی کێشەدارە، بەڵام شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێوانەیەکی داناوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ئاستی گەندەڵی.

- لە پێوانەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق بەبەردەوامی لە بەشی خوارەوە بووە، واتە لە




گەندەڵترین وڵاتان بووە. لە گریمانەی ١٠ پلە (بۆ نیشاندانی نەبوونی گەندەڵی)، عێراق خاڵەکانی لەنێوان ١,٥ و ١,٨ بووە لە ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٩.

- لە ساڵی ٢٠١٧، لە پێوانەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی؛ خراپترین پێوانەی تۆمار کرد کە (١٦٨)ەمین وڵات بوو لە کۆی ١٨٠ وڵات.

**جۆنستۆن چوار شێوەی گەندەڵی دەستنیشان دەکات، بەم شێوەیە:**

١. کاریگەری خستنە سەر بازاڕ: لێرەدا گەندەڵی بەدەوری بەکارهێنانی سامانەوە دەخولێتەوە تا کاریگەری دروست بکات لەناو دامودەزگا سیاسی و ئیدارییەکاندا، زۆر جار سیاسییەکان گەیشتن پێیان؛ دەخەنە کرێوە.

٢. یەکگرتنی نوخبە: لێرەدا تێکەڵاوبوونی کۆمەڵێک سیاسی، بازرگان، سەرکردەی سەربازی و نەتەوەییە، کە قازانجی گەندەڵییەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. دەتوانن هاوپەیمانی و تۆڕ دروست بکەن بۆ بەهێزکردنی خۆیان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی دژیانن. گەندەڵیی لەم جۆرە، لەوانەیە سەرمایەی زۆریان بۆ بەدەست بخات و ستراتیجێکیشە بۆ ڕێگەگرتن لە گۆڕانکاریی سیاسی.

٣. بنەماڵە و خێزان: لەم بارەدا تا ڕادەیەک ژمارەیەکی کەمی خەڵک؛ سامان، هێزی سیاسی یان توندوتیژی بەکار دەهێنن بۆ وەستانەوە دژی هەر نەیارێک و خەڵاتکردنی شوێنکەوتووانیان، لە وەها ژینگەیەکدا ڕۆڵ و پشکنینی دەزگاکان و گەرەنتی یاسایی؛ مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت.

٤. دەسەڵاتداری فەرمی: کاتێک نوخبەکانی ناو حکومەت کار دەکەن لەناو دامودەزگای لاوازی وەهادا کە زۆر بەکەمی پێشبڕکێی سیاسی و فراوان بوونی هەلە ئابوورییەکان دەبینرێت، لە بارودۆخی لەو شێوەیەدا بارەکە گونجاوە بۆ گەندەڵی و مانەوەشی. دەسەڵاتداری فەرمی یان فیگەری سیاسیی بەهێز و بەرژەوەندییەکانیان، هەموو کارتەکان دەگرنە دەست.

٥. لە عێراقدا هەموو جۆرەکانی گەندەڵی بوونیان هەیە، بەڵام زیاتر بە ئاڕاستەی جۆری بنەماڵە و خێزان و دەسەڵاتداری فەرمییە.

٦. لە عێراقدا هێڵێکی جیاکەرەوە نییە لەنێوان سیاسی و بازرگاندا، زۆربەی سیاسییەکانی عێراق باوەڕیان وایە کە ئۆفیسەکانیان هەلی دەوڵەمەندبوونیان دەداتێ لەسەر حسابی گشتی.


«دەسەڵاتداریی فەرمی» دوو مانای هەیە: یەکەم ئەو بەرپرس و سیاسییانەی کە کەم و زۆر خۆیان دەوڵەمەند دەکەن لە ڕێگەی گەندەڵییەوە، خۆیان دەخزێننە ناو ئابوورییەوە بە گۆڕینی هەموو دەزگاکانی حکومەت بۆ پڕۆژەی بەرژەوەندییەکان. دووەمیان ئەو بازرگانە تەماحکارانەن کە بە هاوکاری و پارێزگاریی کەسانی فەرمی، پێگەیەکی نیمچەفەرمی بۆ خۆیان دروست دەکەن و ئیمپراتۆریەتی خۆیان بنیات دەنێن. هەر کامیان بێت، جێگایان لە حکومەتدا نابێتەوە ئەگەر لە ڕێگەی بەرپرسانی حکومییەوە نەبێت کە هێزی سیاسیی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ پچڕینی سامان.

لە عێراقدا گەندەڵی بەم شێوازە لە بەرفراوانبووندایە، بە جۆرێک بوونەتە کارەکتەری شێوە حکومی کە هەندێ سێکتەری ئابوورییان پێ دراوە و قۆرخیان کردووە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان. ئەمە بەشێکی پەیوەستە بە هێزە میلیشیاکانەوە کە بەئاشکرا دەسەڵاتیان بەسەر قاچاغچێتی و بازرگانیی نایاسایی پەیوەست بە پیشەسازیی نەوت و بەرگری هە یە .

## حوکمڕانی

لە ساڵی ١٩٩٢دا بانکی جیهان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەوە لەژێر ناوی «حوکمڕانی و گەشەکردن»، کە تیایدا حوکمڕانیی پێناسە کردبوو وەک شێوازی بەکارهێنانی هێز بۆ ڕێکخستنی ئابووریی وڵاتێک و سەرچاوە مرۆییەکانی لە پێناو پێشکەوتنی. ئەوە یەکەم جار بوو کە بانکی جیهانی لە سنووری شێوازی کارکردنی لەسەر مەرجەکانی قەرزپێدان لا بدات و بچێتە ناو بازنە ناسیاسییەکانەوە.

لە ساڵی ١٩٩٦دا، بانکی جیهانی پێوەرە جیهانییەکانی




Iraq's Governance Ratings on WGI

حوکمڕانیی بڵاو کردەوە کە بوونەتە ستانداردێک بۆ پێوانەکردنی کێشەکانی حوکمڕانی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا. ئەو پێوەرانەش لە شەش پێوەر پێک هاتوون، کە بوونەتە پێوانە لەساڵی (١٩٩٦)ەوە بۆ زیاتر لە ٢٠٠ وڵات، ئەوانیش: دەنگ و لێپرساوێتی، جێگیریی سیاسی، نەبوونی توندوتیژی/ تیرۆریزم، لێهاتوویی حکومەت، چۆنایەتیی ڕێکخستن، حوکمی یاسا، کۆنترۆڵی گەندەڵی.

دەنگ و لێپرساوێتی: ئەو مەودایەیە کە هاوڵاتیانی وڵاتێک بتوانن بەشدار بن لە هەڵبژاردنی حکومەتەکەیان، هەروەها ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕێکخراوەیی، ئازادیی میدیا. ئەمە باشترین پێوەری بەدەستهاتوو بوو بۆ عێراق. لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەو ئازادی و مافە بێت کە لە دەستوور و پرۆسەی هەڵبژاردندا گەرەنتی کراوە. لەگەڵ ئەوانەشدا عێراق لە نزمترین پۆلێنی سەدیدا بوو کە ٢٢ بوو، بەپێی پۆلێنی ٢٠١٨.

جێگیریی سیاسی و نەبوونی توندوتیژی: ئەم پێوەرە بریتییە لە ئەگەری ئەوەی حکومەتێک ناجێگیر بێت و هۆکارەکانی توندوتیژی و نادەستووری بەسەریدا زاڵ بێت، وەکوو توندوتیژیی ناوخۆ و تیرۆریزم. لەمەدا عێراق نزمترین پۆلێنی سەدیی هەبوو کە ١,٤ بوو، بەپێی پۆلێنی ٢٠١٨.

لێهاتوویی حکومەت: کوالێتیی خزمەتگوزاریی گشتی و خزمەتگوزاریی مەدەنی و ڕادەی سەربەخۆیی لە فشاری سیاسی، کوالێتیی جێبەجێکردنی سیاسەت و دروستکردنی، هەروەها پابەندبوونی حکومەت بەو سیاسەتانەوە. لەمەشدا عێراق لە نزمترین پلەدا بوو لە پۆلێنی سەدیدا کە ٩ بوو.

چۆنایەتیی ڕێکخستن: توانای حکومەتە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و ڕێنماییانەی کە توانا دەدەن بە کەرتی تایبەت و گەشەی پێ دەدەن. لەمەشدا عێراق پلەیەکی زۆر خراپی هەبوو، لە پۆلێنی سەدیدا ٩ بوو، بەپێی پۆلێنی ٢٠١٨.

حوکمی یاسا: لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگا، لە ناویشیاندا چۆنایەتیی پابەندبوون بە کۆنتراکتەکان و مافی خاوەندارێتی، پۆلیس، دادگاکان، ئەگەری تاوان و توندوتیژی. عێراق لەمەدا تەنانەت خراپتر بوو بە پلەی ٣ لە پۆلێنی سەدی، بەپێی ٢٠١٨.

کۆنترۆڵی گەندەڵی: ئەمەش بەکارهێنانی هێزی گشتییە لە پێناو دەستکەوتی کەسی، کە گەندەڵیی بچووک و گەورە دەگرێتەوە. لەمەدا عێراق لە نزمترین پلەدا بوو لە پۆلێنی سەدیدا کە ٧ بوو، بەپێی پۆلی ٢٠١٨.

## چۆن گەیشتینە ئێرە؟ گوزەرێکی کورت بەمێژووی عێراقدا

### لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە لە ١٩٢١ بۆ ٢٠٠٣

لە کاتی دامەزراندنیەوە لە ساڵی (١٩٢١)ەوە هەتا (١٩٨٠)کان ، عێراق بە وڵاتێکی گەندەڵ دانەدەنرا، هەندێ لەو هۆکارانەی عێراقیان بەرەو گەندەڵی برد، بریتی بوون لە:

• پەرەپێدانی نەریت و باوەڕەکان لەسەر بنەمای ئایینی و بەها ئەخلاقییەکان بۆ بەڕێوەبردنی مامەڵە ئابوورییەکان، ئەمانە بە درێژایی چەند سەدەیەک پەرە پێ دران.


• بەهێزکردنی پشکنین و کۆنترۆڵ بەسەر ڕێکارە بیرۆکراتییەکانی بڕیاردان و کارگێڕی، ئەمەش زیاتر بەهێز کرا لە سەردەمی ئینتیداب (ژێرفەرمانی) لە ١٩٢١ بۆ ١٩٣٢ و بەردەوامی پێ درا تا (١٩٧٠)کان.

• سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئەوانەی لە یاسا دەرچوون لە ڕێگەی یاساوە.

• زیهنیەتی بەرژەوەندیی گشتی بە ڕێژەیەکی کەم گەشەی کرد لەنێو چینی سیاسییەکاندا، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە.

• هەندێ سەکردە لە دەسەڵاتی بەرزدا (لایەنگری پاشایەتی بێت یان کۆماری






لەدوای ١٩٥٨)، سەرقاڵی کۆکردنەوەی سەرمایەی کەسی بوون.

• داهاتی کەرتی حکومی تا ڕادەیەک ماماوەند بوو (تا سەرەتای ١٩٧٠)، بۆیە هەلی سەرهەڵدان و گەندەڵیکردن سنووردار بوو.

لە ١٩٧٠ بەدواوە، کێشە بنەڕەتییەکان دەستیان پێ کرد

• بەرفراوانبوونی کەرتی حکومی لە ڕێگەی خۆماڵیکردنەکانەوە و لەسەرووی هەمووشی تەقینەوە لە داهاتی نەوتدا.

• بەرزبوونەوەی داهات، کە وای کرد نەهێشتنی گەندەڵی لە جۆری «بەزۆر وەرگرتن»ی کردە حەتمی.

• دەرکەوتنی چوارچێوەی ئایدۆلۆجیی توند لە وڵاتدا، کە جەختی دەکردەوە لەسەر بنیاتنانی نەتەوە و بەئەمەکی بۆ تاکە حیزبێک. بەم شێوەیە حکومەت بوو بە دەستەیەک باوەڕدار بۆ لایەنێک.

• یاسای زۆر توند دژی لەیاسادەرچووان، لە ناویشیاندا لەسێدارەدانی سیاسی و بازرگانی گەندەڵ لەناو جەماوەردا.

ئەم گۆڕانکارییانە بوون بە ماسکێک بۆ داپۆشینی هەرەسەکان لەناو نۆرم و باوەڕە دامەزراوەییەکان کە مامەڵە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان بەڕێوە دەبرد، لە هەمان کاتدا خەڵکی بوونە ئامرازی کەمینی بەمۆدێرنکردن کە جەختی لەوە دەکردەوە خەڵکی لە رابردووی خۆی دا ببڕێت .

«فاکتەری ترس» و حەماسی ئایدۆلۆجی؛ جێی نەریت و باوەڕە دینی و ئەخلاقییەکانی گرتەوە، وەکو ئامرازێکی سەپاندن بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی. جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، پەستانی خستە سەر سیستمی ئیداری، بەڵام نەیتوانی جێگرەوەیەک بۆ پانتایی گەندەڵی دابنێت لە وڵاتدا. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوە بوو کە حکومەت ڕێژەی تێچووەکانی جەنگی بەردەوام زیاد دەکرد لە ڕێگەی قەرزی بیانییەوە (نزیکەی ١٤٠ بلیۆن دۆلار کە بەردەوام دانەوەی دوا دەکەوت)، ئەمە کاریگەریی ئەوتۆی نەخستە سەر ستانداردەکانی ژیان و داهات بەتایبەتی لە گەرتی گشتیدا.

**سەرەتای دارمان لە یاساکانی دامەزراوە فەرمییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٧٠ و دواتر**

• تاک حیزب دەستی کرد بە ئیمتیازدان بە ئەندامانی خۆی لە رووی ئیداری و پلە بەرزکردنەوەوە و یاسا و ڕێنماییەکان بەلاستیکی کران یان پشتگوێ خران.

• سیستمی دادوەری بووە بە شوێنی سازان و ئامرازێک بۆ دەستوەردان لە کاروبارەکان لەلایەن کەسانی پلە بەرزەوە.

• مافی موڵکداری بووە جێگەی نادڵنیایی، بە هۆی زەوتکردنی نایاسایی بە شێوەی بەربڵاو و دەستبەسەراگرتنی موڵکی قەرزاران بەتایبەتی ئەوانەی بە «دوژمنی دەوڵەت» دادەنران.

• دەستبەسەراگرتنی نایاسایی زۆر جار سەری دەکێشا بۆ پشتگوێخستنی بەهاکان لەلایەن گرووپی سەردەستەوە و لێرەشەوە کاریگەریی خراپی کردە سەر چەمکی متمانە و دادوەری و گوازرایەوە بۆ مامەڵە داراییەکان. چینێک دەرکەوتن کە ڕاستەوخۆ سوودیان لەو دەستبەسەراگرتنانە وەردەگرت.

• کولتوورێکی نوێ دەرکەوت کە ڕێگریی دەکرد لە مامەڵە و گواستنەوە داراییەکان و سەرمایە کەسی و گشتییەکانی بەکار دەهێنا لە شێوەی خەڵات و ڕەشوەوە و میراتی هێزە سیاسییەکان.

• لە کۆتایی جەنگی یەکەمی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١، عێراق ڕووبەڕووی کارەساتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دارمانی کارگێڕی بوویەوە.

• سزا نێودەوڵەتییەکان زۆر بەخراپی داهاتی حکومەت و بازرگانیی عێراقیان کەم کردەوە، هەڵاوسانی ئابووری بەرز بووەوە و دارمان لە داهاتدا ڕووی دا.

• لەگەڵ کەمبوونەوەی داهات و لاوازبوونی شێوازی داپڵۆسین و چەوسانەوەی حکومەت، بەرتیل (گەندەڵیی بەزۆر وەرگرتن) بڵاو بووەوە لەناو بەرپرسە حکومییەکاندا.

• مامۆستایان بەرتیلیان وەردەگرت تا نمرە بدەن بە خوێندکاران و دەریانبچێنن، دکتۆرەکان ڕەتیان دەکردەوە نەخۆش چارەسەر بکەن تا پارەیان پێ نەدرێت لەژێر مێزەکانەوە، ڕۆتیناتی مامەڵەکان تێکەڵی بەرتیل بوو.

• ئابووری لەژێر ئابڵووقەدا تۆڕی قاچاغچیی دروست کرد کە مامەڵەیان لەگەڵ بەرتیل و گەندەڵی دەکرد. حکومەت مامەڵەی لەگەڵ دەکردن بۆ زیادکردنی داهات (بۆ نموونە نەوتی قاچاغ)، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئابڵوقەکان.

• بە هەمان شێوە ئابڵوقە ئابووریەکان وای کرد کە دەوڵەت ناچار میکانیزمێک دابنێت بۆ دابینکردن و دابەشکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵک.

• سیستەمی دابەشکردنی گشتی (بایەع) بۆ کڕین و دابەشکردنی بەشەخۆراک و پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو دانیشتووان، ئەم پڕۆگرامە بەشێکی بۆ یارمەتی و بەشێکی بۆ مانەوەی «فاکتەری ترس» بوو.

**لە (٢٠٠٣)ەوە بۆ ئێستا**

لەدوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، ئاستی گەندەڵی لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە و دارمانی دامەزراوەیی لە هەموو شوێنێک دەرکەوت:

• بیرۆکراسیی هەڵتۆقیو و کارمەندی مەدەنی بە پارەیەکی کەم و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە جۆری بەزۆر وەرگرتن دەرکەوت.

• دادوەرییەکی لاواز کە دەکرا بەئاسانی بە لاڕێدا ببرێت، لەلایەن بەرپرسە باڵاکانەوە.

• دەوڵەتێکی تاک حزبی کە ئایدۆلۆجیاکەی قەدەغە کرا بوو.

• ئابوورییەکی قەیراناوی کە چەند پڕۆگرامێکی بەسەردا زاڵ کرابوو، بە شێوەیەک نەخشەڕێژی کرابوو کە بتوانێ پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مانەوە دابین بکات.

• دەرکەوتنی چینێک لە بازرگانی تاوانکار کە درێژەپێدەری بەرنامەی ئابڵوقە بوون، پەیوەندییان هەبوو بە چالاکییەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە. ئەم گرووپانە دەستیان گرت بەسەر بازرگانیی نایاسایی هەناردەی نەوت و قاچاغچێتیی جگەرە.

• تێکچوونی یاسای دامەزراوەکان، سنوورەکان، بیروباوەڕەکان؛ کە مامەڵە ئابوورییەکانیان بەڕێوە دەبرد.

• ئەو چاکسازییە نارێک و هەڕەمەکییانەی کە هیچ گوێی نەدا بەو فاکتەرانە و دواتریش هەوڵەکانیان ڕاگرت، دۆخێکی فەوزا و پشێویی هێنایە کایەوە کە عێراقی پەلکێش کرد بەرەو بوون بە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتەکان.

- ئەم بارودۆخانە خراپتر بوو کاتێک حکومەتی عێراقی وای نیشان دا زاڵ بووە بەسەر نارێکیی کارگێڕیدا لە ٢٠٠٤دا.
- دوورخستنەوەی ئەو بیرۆکراتانەی کە پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبوو؛ بۆشاییەکی دروست کرد کە بە کەسانی ئاست نزم و بێ ئەزموون پڕ کرانەوە، کە هەندێکیان بە هۆی شکستیان یان کاری هەڵەیانەوە دوور خرابوونەوە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا.
- نو و سینگە کا نی حکومەت بووە جێی کەڵەکەبوونی هاوڕێیانی یەکتر و ئەوانەی خۆیان هەڵواسیبوو بە چینی تازەی سیا سییە کا نە و ە ، ئە مە ش چینێکی بیرۆکراتیی دروست کرد کە هیچ یان کەمێک مەشقیان بینیبوو لە بارەی ئیدارەدانی مۆدێرن، ئەرکەکان و سنووردانانەکان.
- دەیان هەزار لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە بەدوای کاردا وێڵ بوون، گەڕانەوە بەو هیوایەی پۆستێکی حکومی بە مووچەی باش و ئەرکی کەم وەربگرن. ئەمانە سایکۆلۆجیای مافی هەبوونی سامانیان لای حکومەت لە ماوەی مەنفادا بۆ دروست بوو.

پشێوی، نارێکی، ناچالاکی، کاری کەسی، نەزانیی ئاشکرا؛ تایبەتمەندییەکانی سیاسەت داڕشتنی ئابووری بوون. ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کرد، حکومەتێکی سەرلێشێواو هەلێکی باشی بەخشی بە کەسانی بێ مۆراڵ و گەندەڵ تا سوود وەربگرن لەو نانیزامییە. گەڕان بەدوای قازانج بەبێ بەرهەمهێنان لای بازرگانەکان، بەرپرسانی حکومی، وەزیرەکان و بیانییەکان، بووە ڕێگای خۆدەوڵەمەندکردن. پاڵنەری سەرەکی بۆ بڕیارە ئابوورییەکان، بە لایەنی کەمەوە لە کەرتی گشتی



**هەرشتێک کۆنترۆڵی هەبوو بەسەر گەندەڵییەوە، لە ڕێگەی بیرۆکراسیەتی ترسێنراو و شێواو لاوازیان کرد. تاوانکارە قۆرخکارەکان و تۆڕە بازرگانییەکان خۆیان ڕێک خستەوە لە ڕێگەی هاوکاریی سیاسییە نوێیەکان و لەوێوە بەردەوامییان دا بە «قەیرانی» ئابووری لە عێراق**




بۆ قازانجکردنی ئەو کەسانە بوو. تێچووی گەشەی ئابووری زۆر بەرز بووەوە. چینی سیاسیی نوێ سالانێکی زۆریان بەهەژاری لە مەنفا و لە ژینگەیەکی بە کەم سەیرکراو بەسەر بردبوو، ئەمە وای کرد بە یارمەتیی سەرکردەکان؛ خۆیان ڕێک بخەنەوە و سامانی کەسی کۆ بکەنەوە لە ڕێگەی دەستبەسەراگرتنی وەزارەتە گرنگەکان و نووسینگەکانی حکومەت. هەر شتێک کۆنترۆڵی هەبوو بەسەر گەندەڵییەوە، لە ڕێگەی بیرۆکراسیەتی ترسێنراو و شێواو لاوازیان کرد. تاوانکارە قۆرخکارەکان و تۆڕە بازرگانییەکان خۆیان ڕێک خستەوە لە ڕێگەی هاوکاریی سیاسییە نوێیەکان و لەوێوە بەردەوامیان دا بە «قەیرانی» ئابووری لە عێراق. زیادکردنی گەندەڵی بۆ ئاستی هەرە مەترسیدار، لە ماوەی سالانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩ بوو. سەرەڕای تالانیی زۆر، هیچ بەرپرسێکی گەورە تاوانبار نەکرا و نەخرایە زیندانەوە. تەنها کەسێک کە نزیک بوو لەوەی لێپێچینەوەی لێ بکرێ، وەزیری پێشووی کارەبا بوو کە چەند ڕۆژێک دەستگیر کرا و دواتر لەلایەن کۆمپانیای ئاوی ڕەشی ئەمەریکاوە لە زیندان دەرهێنرا. وەزیری پێشووی بازرگانی لە ماڵەکەیدا خرایە زیندانەوە، دوای ئەوەی یاسای ئیداریی شکاندبوو.

**نموونەکانی مومارەسەکردنی گەندەڵی لە (٢٠٠٣)ەوە تا ئێستا**

دەستەی دەستپاکی (نەزاهە): دەزگایەکە بۆ چاودێریکردن و سەلماندنی گەندەڵی، بەڵام خۆی تۆمەتبارە بە گەندەڵی لە شێوەی بەزۆرەوەرگرتن و هەڕەشەکردن لە تۆمەتبارانی بەئامانجگیراو. سەرەڕای ئەمانە، سەرۆکی

> **٢٠٠٤-ئێستا: گەندەڵی کراوە لەدەزگای کڕینی دەرمانی وەزارەتی تەندروستی: زیانەکان لەم کەرتە دەگەنە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێک**



دەستەکە ناڕەزایەتیی ئەوە دەردەبڕێ کە ناتوانن دوای ئەو کەسانە بکەون کە لە یاسا دەرچوون بە هۆی پارێزگاریی سیاسییەوە. دەستەکە هەزاران کەیسی گەندەڵیی سەلمێنراوی لایە، بەبێ ئەوەی کاری یاساییان بە ر ا مبە ر ئە نجا م بدرێت.

٢٠٠٤-٢٠٠٩: زیانی هاوردەنیی بەرهەمە نەوتییەکان نزیکەی ١ بۆ ١،٥ملیۆن دۆلار بووە، بە هۆی دانانی نرخی زیاد و کەموکوڕی لە کەلوپەلەکان.

٢٠١٤-ئێستا: زیانی گەندەڵی لە دابینکردن و بازرگانیی سووتەمەنیی قورسی نەوت، نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بووە.

٢٠٠٦-٢٠١٠: زیانی گەندەڵیی وەزارەتی بەرگری لە کڕینی کەلوپەلی سەربازی لە هاوپەیمانی وارشۆ، نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بووە.

٢٠٠٩: زیانی گەندەڵی لە وەزارەتی ناوخۆ لە دابینکردنی ئامێری دۆزینەوەی بۆمب، نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بووە بە هۆی زیادکردنی نرخەوە (کەلوپەلی بێکەڵک نرخی هەر پارچەیەکی ٦٠ دۆلار بووە، بە ١٦٠٠ دۆلار ئەژمار کراوە. سەرچاوە: نیویۆرک تایمز).

٢٠٠٨-٢٠١٤: گەندەڵی لە وەزارەتی گواستنەوە: کڕینی فڕۆکەی بۆمباردی: بەڵگەنامە و کۆنتراکتی گواستنەوەی نادیارە. زیانەکەی بە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆ نە .

٢٠٠٤-٢٠١٩: شارەوانی بەغدا: کۆنتراکتی ئاو و ئاوەڕۆ، گواستنەوەی موڵک و فرۆشتنی: زیانەکانی بە نزیکەی ٢،٥٠٠ ملیۆن دادەنرێت.

٢٠٠٤-ئێستا: کارمەندی شاراوە (بندیوار) لە وەزارەتەکانی حکومەت، بەتایبەت وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ: زیانەکانی بە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار دادەنرێت بۆ هەر ساڵێک.

٢٠٠٤-٢٠١٠: دەوترێ کە گەندەڵی کراوە لە بنیاتنانی گۆڕە پا ندا .

٢٠٠٤-٢٠١٦: نووسینگەی حەج و عومرە: دەوترێت گەندەڵی کراوە لە فرۆشتنی گەشت و خزمەتگوزارییەکان بۆ حا جییا ن .

٢٠٠٤-ئێستا: گەندەڵیکردن لە دابینکردنی پەین و تۆو لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە.

٢٠٠٤-ئێستا: گەندەڵی کراوە لە دەزگای کڕینی دەرمانی وەزارەتی تەندروستی: زیانەکان دەگەنە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێک.

٢٠١٠-ئێستا: گەندەڵیکردن لە پڕۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەکان.

گەندەڵی هەیە لە دابینکردنی قەرزەکان و گەرەنتییەکان لەو دەزگا داراییانەی کە خاوەندارێتی دەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە وەکوو: بانکی ڕافیدەین، بانکی ڕەشید و تی بی ئای (TBI).

گەندەڵی کراوە لە مامەڵەکردن بە موڵکی ئەوقافەوە و گواستنەوە و فرۆشتنی موڵکی دەوڵەت دەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە.

ناشـــه‌فافی لـــه‌ كۆنتراكتـــی به‌رهه‌مهێنانـــه‌ هاوبه‌شـــه‌كان له‌لایـــه‌ن حكومه‌تـــی هه‌رێمی كوردســـتانه‌وه‌ له‌گـــه‌ڵ كۆمپانیا بیانییه‌كانی نـــه‌وت، كه‌ په‌رده‌ی داوه‌ به‌ســـه‌ر به‌رژوه‌ندییه‌كانی ســـه‌ركرده‌ سیاســـییه‌كانی حكومه‌تـــی هه‌رێـــم و ئه‌گـــه‌ر داتـــاكان بخرێنه‌ به‌ر ده‌ســـت؛ بـــه‌ بلیۆنان مه‌زه‌نـــده‌ ده‌كرێت.

یه‌كێـــك لـــه‌ كاره‌ خراپه‌كان بـــه‌ ئاڕاســـته‌ی بازرگانیـــی شه‌خســـی، داپۆشـــینی یاسایی ئـــه‌و بودجه‌ زۆره‌یه‌ كه‌ ســـاڵانه‌ ته‌رخـــان ده‌كرێـــت بـــۆ چینی سیاســـی (په‌رله‌مانتاران، ئۆفیسی ســـه‌رۆكوه‌زیران، ئۆفیســـی ســـه‌رۆككۆمار)كه‌ خه‌ڵاتـــی خۆیانـــی پـــێ ده‌كه‌ن.

خه‌رجیـــی پاڵپشـــتیی ســـه‌رۆكوه‌زیران، یه‌كێكـــه‌ لـــه‌ به‌رزتریـــن خه‌رجییـــه‌كان لـــه‌ جیهانـــدا (٥٠٠ ملیۆن ســـاڵانه‌). بودجه‌ی ســـه‌رۆكوه‌زیران ده‌گاته‌ ٩٠٠ ملیـــۆن دۆلار، كـــه‌ زۆربه‌ی له‌ حیســـاباتدا ده‌رده‌كـــرێ. بۆ ســـه‌رۆكایه‌تیی كۆمار، بودجه‌كه‌ ده‌گاتـــه‌ ٤٠٠ ملیۆن. به‌گشـــتی ٤٠٠ ئه‌ندامـــی چینی سیاســـیی عێـــراق خۆیان خـــه‌ڵات كردووه‌ بـــه‌ نزیكـــه‌ی ٢ بلیـــۆن دۆلار ســـاڵانه‌. ئه‌و ڕیفۆرمانه‌ی گیرانه‌ به‌ر به‌م دواییه‌، له‌ ســـاڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ده‌كـــرێ ئـــه‌و ژمارانـــه‌ كـــه‌م بكه‌نه‌وه‌.

گومانێكـــی وا نییه‌ له‌ســـه‌ر باجـــی داڕمانـــی دامه‌زراوه‌یی و زیادبوونـــی گه‌نده‌ڵـــی لـــه‌ ئابووریـــی عێراقـــدا. ئه‌ركـــی بنیاتنانـــه‌وه‌ی چوارچێـــوه‌ی دامه‌زراوه‌یـــی لـــه‌ كۆمه‌ڵـــگای عێراقـــی لـــه‌ هـــه‌ردوو ده‌زگای فه‌رمـــی و نافه‌رمـــی، جێبه‌جێكردنـــی یاســـا و ڕێنماییه‌كانـــه‌ بـــه‌ شـــێوه‌یه‌كی جـــددی ئه‌گـــه‌ر زیادكردنـــی ســـامانی نه‌وت نه‌بێته‌ نه‌فره‌تی نـــه‌وت.

## ئه‌نجام و پێشنیار

ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ لیســـتێكی درێژه‌ له‌و كارانه‌ی كه‌ پێویســـته‌ ئه‌نجـــام بدرێـــت، هه‌ریه‌كه‌یان گرنگیـــی خـــۆی هه‌یـــه‌. هه‌ریه‌كه‌یـــان بایه‌خـــی ئه‌ركی داهاتوومان بۆ دیـــاری ده‌كات، ئـــه‌م ئه‌ركانـــه‌ زۆر ماندووكـــه‌ر نین، به‌ڵام به‌ته‌واوی پێویســـتن.

## كاره‌ پێویسته‌كان:

١. چاكســـازی له‌ شـــێوازی دامه‌زراندنـــی كارمه‌نـــدی مه‌ده‌نـــی.

٢. دامه‌زراندنـــی ده‌زگای كارگێڕیـــی نه‌ته‌وه‌یـــی بـــۆ مه‌شـــقپێكردنی كارمه‌نـــده‌ مه‌ده‌نییـــه‌كان و ئه‌وانـــه‌ی كـــه‌ لـــه‌ داهاتـــوودا لـــه‌ پله‌ی ســـه‌ركردایه‌تیدا ده‌بـــن لـــه‌ بـــواری كارگێڕیـــدا (هه‌روه‌كوو قوتابخانـــه‌ی كارگێڕیی ئیكۆل له‌ فه‌ره‌نســـا).

٣. لابردنـــی ئـــه‌و پـــڕۆژه‌ و پرۆگرامانـــه‌ی كه‌ له‌ژێـــر ڕكێفی وه‌زیره‌كانـــن.

٤. دامه‌زراندنـــی بۆردێكـــی ســـه‌ربه‌خۆ و تایبه‌ت به‌ بنیاتنان بۆ دیزاینكـــردن و جێبه‌جێكردنی پرۆژه‌ ســـتراتیجییه‌كان.

٥. ڕێژه‌یه‌كی سه‌دی ته‌رخان بكـــرێ له‌ ســـامانی نـــه‌وت بۆ بنیاتنانـــی بۆرده‌كه‌.

٦. گۆڕینـــی كاری وه‌زیـــره‌ كۆمه‌ڵایه‌تییـــه‌كان (شـــاره‌وانی، نیشـــته‌جێبوون، كاروبـــاری كۆمه‌ڵایه‌تـــی، گواســـتنه‌وه‌، ته‌ندروســـتی، پـــه‌روه‌رده‌) بدرێته‌ پارێزگاكان بۆ ماوه‌ی ٣ بۆ ٥ ســـاڵ.

٧. زیادکردنی داهات بۆ پارێزگاکان بەو ڕادەیەی بێتەوە لەگەڵ خەرجی و لێپرسراوێتییان.

٨. دانانی بەرنامەی چڕوپڕ بۆ بنیاتنانی بەڕێوەبردنی پارێزگاکان.

٩. چاکسازی لە دەزگای دادوەری و پێدانی توانای تەواو و پێوانەی بێ پێچوپەنا.

١٠. چاکسازی بە داماڵینی سیاسەت لە سیستمی پشکنینی گشتی و دەستەی دەستپاکیی نەتەوەیی.

١١. دروستکردنی پۆلیسی دارایی بە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لێپێچینەوە و دەستگیرکردنەوە، هەروەها دادگای تایبەتی دژەگەندەڵی.

١٢. دروستکردنی دەسەڵاتێک بۆ هێنانەوەی سامانە دزراوەکان و ئەو سامانەی بە گەندەڵی بەدەست هاتوون، ڕاوەدوونان و ڕووبەڕووکردنەوەی بەرپرسە گەندەڵەکان و ڕاکردووەکان بە دادگا.

١٣. پێشنیارکردنی کێشەی زەروریەتی حکومەتی ئەلیکترۆنی لەناو سیستمی حکومەتی عێراقیدا.

١٤. دووبارە ڕێکخستنەوە و سەرمایەپێدانی بانکە حکومییەکان وەکوو مەسەلەیەکی بەپەلەی نیشتمانی .

١٥. دانانی بانکی گەشەی هەرێمەکان بۆ یارمەتیی پرۆسەی سەرمایەگوزاری لە ئاستی پارێزگادا.

١٦. دامەزراندنی بۆردی سیاسەتی ئابووریی نەتەوەیی لەگەڵ شارەزا و ئەکادیمییە عێراقییەکان، بە پاڵپشتیی ڕاوێژکارانی بیانی. بۆردەکە تاوتوێ و پێشنیار و هەڵسەنگاندن بکات بۆ سیاسەت و ستراتیجە ئابوورییەکان.

١٧. دامەزراندنی بۆردی سیاسەتی نەتەوەیی نەوت، کە ئاڕاستە و ستراتیجی سیاسەتی نەوت دیاری بکات.

١٨. دامەزراندنی بۆردی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی بۆ دانانی ئامانجی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان، لەوانەش ئاڵوگۆڕی داهات.

١٩. دامەزراندنی بۆردی ناوەندی بۆ کڕین، کە بەرپرسیار بێت لەو کۆنتراکتانەی لەسەرووی ٢٠ ملیۆن دۆلارەوەن.

٢٠. چاکسازی و ئاسانکردنی سیاسەتی باج و ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی باج.


٢١. توندوتۆڵکردنەوەی یاساکانی دروستکردنی کۆمپانیاکان و گۆڕینی لێپرسراوێتیی ڕێگەپێدان لە وەزارەتی گواستنەوەوە بۆ کەسانی شارەزای تۆمارکراو وەکوو پارێزەر یان ژمێریار.

٢٢. بەلامەرکەزیکردنی نامەی حساب لە بانکی بازرگانیی عێراق بۆ بانکە تایبەتەکان بەپێی یاسا و ڕێنمایی گونجاو.

٢٣. دامەزراندنی ئەنجوومەنی پیران لە پەرلەمانی عێراق بۆ پێداویستییە دەستوورییەکان.

سەرچاوە: تۆڕی ئابووریناسانی عێراق/ http:// iraqieconomists.net

# چۆن خزمەتی بەرژەوەندیـــــ
# لە ڕێگەی پاراستنی ئـــــ




مایکڵ نایت

توێژەر لە ئەنستیتۆی واشینتۆن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نزیک

وەرگێڕان: هۆشمەن عەتا

# ـــــــــیەکانی ئەمەریکا بکرێت
# ـــــــابووریی کوردستانەوە



ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ریكا ده‌ستوه‌ردان نه‌كات به‌ پلانی كاریگه‌ر و میكانیزمی به‌هێز، ئه‌وا كوردستانی عێراق یه‌كه‌مین ئابووریی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست ده‌بێت كه‌ داده‌ڕووخێت له‌ژێر فشاری ڤایرۆسی كۆرۆنا و دابه‌زینی نرخی نه‌وته‌وه‌.

بۆ جاری دووه‌م له‌ ماوه‌ی شه‌ش ساڵدا، هه‌رێمی كوردستانی عێراق، به‌شێك له‌ وڵات كه‌ زۆرترین پاڵپشتی و پشتگیری ئه‌مه‌ریكایه‌، له‌ مه‌ترسیی دارمانی ئابوورییدایه‌ به‌ هۆی تێكه‌ڵبوونی كۆمه‌ڵێك مه‌ترسیی كوشنده‌، له‌وانه‌: دابه‌زینی نرخی نه‌وت، په‌تای كۆرۆنا، چاكسازیی ئابووریی نیوه‌ناچڵ و نه‌بوونی یه‌ده‌گی نیشتمانی. له‌ نیوه‌ی دووه‌می ٢٠١٤، دابه‌زینی نرخی نه‌وت بۆ نیوه‌ له‌ ١١٠ دۆلاره‌وه‌ بۆ هه‌ر به‌رمیلێك بۆ ٦٠ دۆلار، هه‌رێمی كوردستانی عێراقی خسته‌ سه‌ر ئه‌ژنۆ، بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ حكومه‌ت ناچار بێت مووچه‌ی فه‌رمانبه‌رانی مه‌ده‌نی پاشه‌كه‌وت بكات بۆ ماوه‌ی چوار ساڵ، تا ئه‌و كاته‌ی هه‌رێمه‌كه‌ له‌ رووی داراییه‌وه‌ دۆخی باشتر بوو كاتێك كه‌ نرخی نه‌وت به‌ ئه‌ندازه‌یه‌كی باش به‌رز بووه‌وه‌.

ئێستاش جارێكی تر نرخی نه‌وت دابه‌زیوه‌ بۆ نیوه‌، له‌ نزیكه‌ی ٦٠ دۆلاره‌وه‌ بۆ خوار ٣٠ دۆلار، ئه‌مه‌ش له‌ كاتێكدا به‌ هۆی ڤایرۆسی كۆرۆناوه‌ داهاته‌ نانه‌وتییه‌ گه‌ شه‌ سه‌ ند و و ه‌ كا نی كوردستان دابه‌زین، ئه‌وانیش بریتی بوون له‌ گومرگ و رسومات و باج. له‌وه‌ش خراپتر، دارمانی ئابووریی ئه‌م جاره‌ی هه‌رێم؛ رێگای لێ ناگیرێت ئه‌گه‌ر حكومه‌تی هه‌رێم به‌خێرایی بریاری دروست نه‌دات. وه‌ ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی شكستی هێنا له‌ پاڵپشتیكردنی خێرا، وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا ده‌توانێت رۆڵێكی یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ بگێرێت له‌ هه‌ردوو باره‌كه‌دا.

**ئابووریی كوردستان چۆن كار ده‌كات و چۆن ده‌ڕووخێت**

هه‌رێمی كوردستانی عێراق وه‌ك حكومه‌تێكی هه‌رێمی نیمچه‌سه‌ربه‌خۆ له‌ناو عێراقدا، دوو جۆر سه‌رچاوه‌ی داهاتی هه‌یه‌: یه‌كه‌میان بریتییه‌ له‌ داهاتی ناوخۆیی خۆی، به‌تایبه‌تی له‌ بواری هه‌ناردەكردنی نه‌وت، كه‌ بریتییه‌ له‌ ٣٢٠،٠٠٠ به‌رمیل نه‌وتی رۆژانه‌ به‌هاوبه‌شی له‌لایه‌ن هه‌رێم و كۆمپانیا نێوده‌وڵه‌تییه‌كانی بواری نه‌وتدا به‌ده‌ست دێت، له‌گه‌ڵ بڕی ١٧٠،٠٠٠ به‌رمیلی رۆژانه‌ كه‌ له‌لایه‌ن حكومه‌تی هه‌رێمه‌وه‌ له‌ ناوخۆدا ده‌فرۆشرێ. به‌شی دووه‌می داهاتی هه‌رێمه‌كه‌ بریتییه‌ له‌ پشكی هه‌رێم له‌ داهات و بودجه‌ی ساڵانه‌ی حكومه‌تی فیدراڵیی عێراق، كه‌ ئه‌وه‌ش ساڵانه‌ بڕه‌كه‌ی جیاوازه‌، وه‌ك خۆی جێبه‌جێ ناكرێت، په‌یوه‌سته‌ به‌ دۆخی دارایی به‌غداد خۆیه‌وه‌.

له‌ كۆتاییه‌كانی ساڵی ٢٠١٩، ئابووریی هه‌رێم

بەباشـی کاری دەکـرد، ئەویش بـە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی نەوتـەوە، بـە جۆرێك کـە نرخـی یـەك بەرمیـل نەوتـی برێنـت گەیشـتە نزیکـەی ٦٤ دۆلار. خەرجیـی بەکاربردن و قـەرز و پابەندییە خز مە تگو ز ا ر ییە کا نـی فەرمانبـەران نزیـك دەبووەوە لـە ١,٢ ملیـار دۆلار، بـەڵام ئەمانـە زیاتـر تێکەڵەیـەك بوون لـە داهاتـی جۆراوجۆر، لەوانە: فرۆشـتنی سـەربەخۆی نـەوت (نزیکـەی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار)، پشـکی هەرێـم لـە بەغـداد (٣٢٨ ملیـۆن دۆلار)، داهاتـی نانەوتـی ناوخۆیـی هەرێـم (٢٦١ ملیـۆن دۆلار). ئەمسـاڵ لە چوارچێـوەی ئەو خۆئامادەکردنانـەی هەرێـم و بەغـداد بـۆ بودجـە، کورد پێشـبینیی دەکـرد داهاتێکـی گەورەتـری بەدەسـت بگات، تەنانـەت دوای ڕادەسـتکردنی ٢٥٠ هـەزار بەرمیـل نەوتـی هەرێـم بـە بەغـداد کـە دەیکـردە زیاد لـە ١,٤٤ ملیار دۆلار، بە پشتبەسـتن بە نرخی بەرزی نەوت لـە کۆتایی ٢٠١٩.

بـەڵام بـە هـۆی ئـەم قەیرانانـەی ئێسـتاوە، ئـەو وێنـەی کـە بڕیـار بـوو بکێشرێت؛ سـڕایەوە. سەرباری کەمکردنـەوەی خەرجییەکانـی بەکاربردنـی بۆ نزیکـەی ٩٥٠ ملیـۆن دۆلار، هەرێـم لـە ئێسـتادا تەنهـا ٦٤٨ ملیـۆن دۆلار بەدەسـت دەهێنێـت، بە جۆرێك کـە بـڕی (٣٢٨ ملیۆن دۆلار) لـە بەغـداوە بـۆی دێت، فرۆشـتنی سـەربەخۆی نـەوت بـە بـڕی (٢٧٠ ملیۆن دۆلار)، داهاتـی ناوخۆیـی غەیرەنەوتـی(٥٠ ملیۆن دۆلار). لـە ئەنجامـدا هەرێم تووشـی کورتهێنـان دەبێتەوە بە بڕی ٣٠٠ ملیـۆن دۆلار، ئەمـەش وای لە سـەرکردەکانی هەرێـم کردووە بیر لـە کەمکردنـەوەی ئەو بڕە پارەیـە بکەنەوە کـە دەیدەنە وەبەرهێنـە نێودەوڵەتییـەکان کە نزیك دەبێتەوە لـە (مانگانە دەگاتـە ٢٧٠ ملیـۆن دۆلار)، وەك بەدیلێـك لەجیاتـی پاشـەکەوتکردنی مووچـەی فەرمانبـەران کـە لە مـاوەی ٢٠١٥-٢٠١٩ جێبەجـێ دەکرا بۆ ڕاسـتکردنەوەی بودجـە.



> **"کورد پێشبینیی دەکرد داهاتێکی گەورەتری بەدەست بگات، تەنانەت دوای ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم بە بەغداد کە دەیکردە زیاد لە ١,٤٤ ملیار دۆلار"**



### ئەولەویاتەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە کوردستان
### ڕزگارکردنی کوردستان لە ئەمڕۆدا نەک کوشتنی لە سبەینێدا

ئابووریی هەرێمی کوردستان لەوانەیە لاوازترین ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، ناتوانێت دەستی بگات بە یەدەگی سیادی عێراق کە نزیک دەبێتەوە لە ٦٠ ملیار دۆلار، بە قەرزێکی زۆر جڵەوگیر کراوە کە زیاترە لە ١٠ ملیۆن دۆلار یان «نزیکەی لە سەددا حەفتای گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) ساڵانەی کوردستان»، هەروەها هەرێم ناتوانێت بچێتە گفتوگۆی قەرزە سیادییەکانەوە یان پاکێجی هاوکاری وەربگرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرێم یەکێکە لە بەهێزترین هاوڕێکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، هەرێمێک کە لەدایک بووە لە سایەی پاراستن و چەتری ئاسمانی ئەمەریکا و دواتریش پشتگیریی بێچەندوچونی ئەمەریکا لە مافەکانی کورد لە نووسینەوەی دەستووری عێراقیدا. بەم پێیە واشنتن دەبێت ئەم پلانە کاریگەرانەی خوارەوە وەربگرێت بۆ پاراستن و مانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان:



• گرەنتیکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق؛ کاتێك نرخی نەوت دادەبەزێت بۆ نزیکەی ٣٠ دۆلار، هەرێم ناتوانێت خەرجییەکانی لە ڕێی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتەوە دەست بکەوێت، بەشێکی بە هۆی ئەوەی کە دەبێ هەمیشە یانزە دۆلار کەمتر حساب بکرێت بۆ نەوتی هەرێم، چونکە ئەو برە دەڕوات بۆ کرێی بۆری و کەمکردنەوەی نرخ لەلایەن بازرگانەکانەوە. لە هەمان کاتدا، حکومەتی ناوەندی بە هۆی چاوەڕێکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێوە، بەڕێکردنی بودجەی ساڵانەی دوا کەوتووە. بۆ ئەوەی کورد دووچاری دوو لێدانی کوشندە نەبێتەوە، کاربەدەستانی ئەمەریکا لە عێراق پێویستە بەردەوام هانی بەغداد بدەن بۆ ئەوەی ئەو ٣٢٨ ملیۆن دۆلارەی کە مانگانە لە بودجەی ٢٠١٩ بۆ هەرێم دەهات؛ بەردەوام بێت (کە بۆ ئەمساڵ درێژ کراوەتەوە تاوەکوو یاسای نوێی بودجە پەسەند دەکرێت). کاتێکیش کە بودجە تێدەپەڕێنرێت، پێویستە واشنتن دەسەڵات و کاریگەریی خۆی بەکار بهێنێت لەناو عێراق و لای دامەزراوە نێودەوڵەتییە داراییەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کوردەکان سزا نەدرێن. هەرێم بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار مانگانە هەیە لە بەغدادەوە، بۆ ئەوەی کورتهێنان لە داهاتی نەوتی و نانەوتییەکانیان پڕ بکەنەوە. هەروەها کاربەدەستانی

> **“ هەرێم بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە٧٠٠ ملیۆن دۆلار مانگانە هەیە لەبەغدادەوە، بۆ ئەوەی کورتهێنان لەداهاتی نەوتیو نانەوتییەکانیان پڕبکاتەوە ”**

ئەمەریکا پێویستە دڵنیا بنەوە لەوەی کە هەرێم پشکی خۆی وەربگرێت لە هەر هاوکارییەکی دارایی یان پاکێجێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە دابین دەکرێت بۆ عێراق لەلایەن بانکی جیهانی یان هەر دامەزراوەیەکی ترەوە.

- دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەرێم پارەی کۆمپانیاکانی نەوت بدات؛ وەزارەتی وزەی ئەمەریکا زۆر بەجەددی کاری لەگەڵ هەرێم کردووە بۆ ئەوەی پشتگیری دارایی پرۆژەکانی سەرخانی کەرتی نەوت و غاز بکات، بەڵام ئەم پەیوەندییە دادەڕمێت ئەگەر هاتوو کوردەکان نەیانتوانی هەقدەستی وەبەرهێنەکان بدەن. پێویستە وەزارەت دەستبەجێ بە هەرێم ڕابگەیەنێت کە ئەو پلانەی ئێستایان کە بریتییە لە دواخستنی پێدانی هەقدەستی کۆمپانیاکان لە چوار مانگ دواکەوتنەوە بۆ لانی کەم نۆ مانگ دواخستن، وا دەکات کە متمانەی وەبەرهێنەکانی تر نەهێڵێت. لەجیاتیی ئەوە، سەرکردەکانی هەرێم پێویستە دەکات دەستبەجێ بە شێوازی تێلیکۆنفرانس لەگەڵ وەبەرهێنەکان کۆ ببنەوە تا گفتوگۆ و بیروڕا بگۆڕنەوە بۆ ئەوەی بە کۆی دەنگ بگەنە ئەوەی هەقدەستەکانیان بۆ ماوەیەك دوا بخرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە قەرزی سەپێنراو لەسەر هەرێم دابنرێت. ئەم پلانە پێویستە بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر وەبەرهێنێك بکەوێت، ئەوانی تریش بەشوێنیدا دەترسن و دەکشێنەوە.

- هاوکاری بکرێت تا غازی سروشتیی کوردستان جێگەی گازی هاوردەکراو (دیزڵ) بگرێتەوە؛ وەزارەتی وزەی ئەمەریکا لە دۆخێکی باشدایە بۆ ئەوەی هاوکاریی هەرێم بکات لەو پلانەی هەیەتی بۆ فراوانکردنی دابەشکردنی گازی سروشتی بۆ ئەو وێستگانەی کارەبا بەرهەم دەهێنن، کە هێشتا پشت دەبەستن بە هاوردەکردنی گازی گران. ئەم هەنگاوە بەتەنها وا دەکات مانگانە بە دەیان ملیۆن دۆلار بۆ هەرێم بگەڕێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بڕی بەرهەمی کارەبا زیاد دەکات بۆ نزیکەی ٧٥٠ مێگاوات بە نرخێکی کەم. دەشکرێت هەر بەو بۆرییانە، لە داهاتووشدا نەوت هەناردەی تورکیا بکرێت.

- کڕینی نەوتی کوردستان؛ یەدەگی ستراتیژیی نەوتی ئەمەریکا کە بەشێکە لە وەزارەتی وزەی ئەمەریکا، لەم دۆخەی نزمی نرخدا نەوت دەکڕێت، لە کاتێکدا زۆربەی ئەم کڕینانە لە ناوخۆدا ئەنجام دەدرێت و لە وەبەرهێنە ئەمەریکییەکانی دەکڕێتەوە، لە هەمان کاتدا بوار هەیە کە بڕێکیش لە دەرەوە بکڕێت، بۆ نموونە؛ واشنتن دەتوانێت بڕێك نەوتی کوردستان بکڕێت بە شێوازی قەرزی نەرم لەم کاتە هەستیارەی ئێستادا.

- هاوکاریی پێشمەرگە؛ ئەمەریکا لە ئێستادا مانگانە بڕی ١٧ ملیۆن دۆلار دابین دەکات بۆ هێزە ئەمنییەکانی

هەرێم، کە لە یەك کاتدا شەڕی داعش و ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەن. هەر چەندە ئەم هاوکارییە دابەزیوە بە شێوازێك کە ساڵی پار ٢٣ ملیۆن دۆلار بووە و بڕیاریشە لە مانگی نیسانی ئەمساڵیشدا کۆتایی پێ بێت. لەجیاتیی ئەوە، واشنتن دەتوانێت بەردەوامی بە هاوکارییەکان بدات و بۆ ماوەیەك کە پێویستە، وە بڕەکەشی زیاد بکات، بیگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی ساڵی ٢٠١٩.

• هاوکاری بۆ گەڕاندنەوەی سەرمایەی هەرێم لە بانکمید؛ وا دەردەکەوێ کە هەرێم بڕی یەك ملیار دۆلار سەرمایەی دەستی بەسەردا گیراوە لە بانکێکی لوبنانی، ئەو بڕە دەتوانێت پێشبینییە ئابورییەکان لە قۆناغی نزیکدا بگۆڕێت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو پێیەی لە جیهاندا گەورەترین وەبەرهێن و ئەکتەرێکی گەورەی خزمەتگوزارییە داراییەکانە، دەتوانێت ڕۆڵێکی باش بگێڕێت لە خێراکردنی گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە.

• دڵنیاکردنەوەی بارزانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی؛ سەرۆکی حکومەتی هەرێم ویستی خۆی نیشان داوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، بەڵام دەتوانرێ بوترێت کابینەی پێشوو ئەم هەوڵەی قورس کردووە بە هۆی ئەوەی کەمکردنەوە و پاشەکەوتی مووچەی لا برد لە کۆتایی ماوەکەیدا، بە جۆرێك کە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار خەرجیی گەڕاندەوە بۆ سەر شانی کابینەی نوێ. بە هۆی سەرقاڵبوونی حکومەتی نوێ بە ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ڕێکارەکانی ئەنجامدانی چاکسازی ئاستەنگیان بۆ دروست بووە. پێویستی بڕینی مووچە و دەرماڵە، تاقیکردنەوەی یەکەمن لەبەردەم سەرۆکوەزیرانی نوێدا. حکومەتی ئەمەریکا پێویستە بەگەرمی هانی ئەنجامدانی ئەو هەوڵانە بدات، فشار لە سەرکردە کوردەکان بکات لە سلێمانی، هەولێر و دهۆك تا بەئاشکرا پشتگیریی ئەو هەوڵانە بکرێت کە دەدرێن بۆ چاکسازی، نەك بۆ قۆستنەوەی دۆخەکە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی سیاسیی ماوەکورت.

• هەموو ئەم هاوکارییانە دەتوانن سوودی دیکەش بگەیەنن؛ لەوانە: زیادبوون و بەهێزبوونی سیاسەتی ئەمەریکا لە هەرێم، لە کاتێکدا ئەگەر حکومەتی هەرێم نەیویست پشتگیریی سەرکەوتنی سەرۆکوەزیرانی تازە هەڵبژێردراو بکات و کوردستانیش لەو کێشەیە ڕزگار بکات، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت فشار لە هەرێم بکات، چونکە سەرۆکوەزیرانی تازە بەنیازی تێپەڕاندنی پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵە. ئەگەر ئەو پلانانە سەرکەوتوو نەبن، واشنتن بژاردەی زۆر کەمی لەبەر دەست دەبێت بۆ هاوکاریکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی


# بێکاریی شاراوە و بندیواریی؛ مۆتەکەی یاسای چاکسازیی

**ئامادەکردن: بارام سوبحی**

حیزبە حکومڕانەکانی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێك لەمەوبەر و ئەو کاتەی کە شایستەی دارایی هەرێم بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕێکخراو دەگەیشتە هەرێمی کوردستان، لەسەر بودجەی حکومەت؛ مووچەیان بۆ هەزاران کادیر و هەوادار و لایەنگری خۆیان بە ناونیشانی جۆراوجۆر دابین کرد. لە ئێستادا کە چیتر وەکوو جاران پارە لە بەغداوە نایەت و نرخی نەوت ڕووی لە داکشانەو کۆرۆناش داهاتی ناوخۆی بەرەو نەمان بردووەو حکومەتیش ملیاران دۆلار قەرزارە، داوای بڕینی مووچەی ئەو کەسانە دەکرێت کە پێیان دەوترێت «بندیوار»، تاوەکوو حکومەت بتوانێت مووچەی مووچەخۆرانی ڕاستەقینە دابین بکات.

بەپێی ئاماری هەرێم، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان؛ شەش ملیۆن و سی و سێ هەزار و هەشت سەد و چواردە کەسە. لەو ژمارەیە، نزیکەی دوو ملیۆن و چوار سەد و سیانزە هەزار و پێنج سەد و بیست و شەش کەس تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمترە، واتە ڕێژەی ٤٠٪-ی دانیشتووان هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی دامەزراندن، هەروەها ژمارەی مووچەخۆرانیش یەك ملیۆن و (٢٥٥) هەزار و (٢٧٣) کەسە.





**لەشکری مووچەخۆران و تۆماری بایۆمەتری**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)، بە داهاتی ناوخۆ؛ مووچەی مووچەخۆران و خەرجیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دابین دەکرد. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤ کە یەکەم کابینەی حکومەتی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی پێك هات، عێراق بڕیاری دا ١٧٪-ی کۆی بودجەی گشتیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بنێردرێت. لە ٢٠٠٤ تا ٢٠١٤، حکومەتی هەرێم بەبەردەوامی بەشەبودجەی خۆی لە بەغداد وەردەگرت، کە بە شێوەیەکی گشتی مانگانە بە تێکڕا دەگەیشتە (ترلیۆنێك و ٢٠٠ ملیار) دینار.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، حکومەت بودجەی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرد و بە هەزاران کەسی دامەزراند. لە ساڵی (٢٠١٤)دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە ناردنەدەرەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە. لە پرۆژەبودجەی (٢٠١٤) دا، حکومەتی عێراق مەرجی ناردنی بەشەبودجەی هەرێمی بەستەوە بە ڕادەستکردنی (٤٠٠ هەزار) بەرمیلی ڕۆژانەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بەو مەرجە قایل نەبوو، بۆیە عێراق بڕیاری بڕینی بەشەبودجەی هەرێمی دەرکرد، لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان کەوتە ناو قەیرانێکی قووڵی داراییەوە و تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بەپێی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، تاوەکوو ساڵی ٢٠١٣، واتە پێش بڕیاری ئابووریی سەربەخۆ، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان کە بە تەنکەر فرۆشراوە، حەوت ملیار و (٩٠٠) ملیۆن دۆلار بوو.

لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا، دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بووە یەکێك لە دیارترین لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەردەم حکومەتی هەرێم و زۆرترین ناڕەزایی جەماوەریی لێ کەوتەوە. بە مەبەستی خاوێنکردنەوەی تۆماری مووچەخۆران و ئامادەکردنی داتایەکی ڕاست و دروست، ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٧١)، فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاریی وەکوو لایەنی سەرپەرشتیاری پرۆسەی بایۆمەتریی مووچە ڕاسپارد. پرۆسەکەش لە مانگی ١٠-ی ساڵی ٢٠١٦ دەستی پێ کرد.

لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی بایۆمەتری، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت کە سەرپەرشتیاری یەکەمی پرۆسەکە بوو، ڕایگەیاند لە پەیڕەوکردنی سیستمی بایۆمەتریدا، توانیمان زیاتر لە پەنجا هەزار مووچەخۆری بندیوار و وەهمی بدۆزینەوە، جگە لە سەد هەزار دوو مووچە و سێ مو و چە.

عیزەت سابیر کە لە خولی

پێشـــووی پەرلەمانی کوردستان، ســەرۆکی لیژنــەی دارایی بوو، ڕایگەیانــد کــە (٥٥) هــەزار مووچەخۆری وەهمی، ئاشــکرا بوون کە بندیــوارن و خۆیان لە بایۆمەتــری تۆمار نەکــردووە، ئــەو کەســانە پەیوەندییان بەو ژمارانەوە نییە کــە باس لە دوو مووچەییــان دەکرێــت. جگــە لــەو (٥٥) هــەزار مووچەخۆرە وەهمــی و بندیــوارە، (٦٢) هــەزار دوو مووچەیی و ســێ مووچەیــی لــە بایۆمەتــری ئاشــکرا بوون. لــەو (٦٢) هەزار دوو مووچەییە، (١٥) بۆ بیســت هــەزار کەســیان مووچەکانیان دەمێنێــت، بەتایبەتــی کەســوکاری شــەهیدان، ئەوەی تــر مووچەکانیــان دەبڕدرێت.

هیــوا ئەفەندی؛ ســەرۆکی فەرمانگــەی تەکنەلۆجیــا و زانیــاری لــە ئەنجوومەنــی وەزیرانــی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان، ڕایگەیانــد لــە سیســتمی بایۆمەتری ئاشــکرا بووە ســەد هــەزار کــەس لە کوردســتان دوو مووچەیــی و ســێ مووچەییــان هەیــە، ئەو ســەد هــەزار دوو مووچەیــی و ســێ مووچەییــە یــان چوار مووچەییــە تێکەڵــە بــە یاســایی و نایاســایی، چونکــە هەیــە بەپێــی یاســا زیاتر لە مووچەیەکــی هەیــە، لەگــەڵ ئەوەشــدا خەڵکانێــك هەیە بە نایاســایی هەیەتــی.

لەلایــەن خۆیانــەوە، ئەندامانــی ئــەم خولــەی پەرلەمانــی کوردســتان ژمارەیەکــی جیاوازتــر لــە ژمارەکانــی قوبــاد تاڵەبانــی ڕادەگەیەنــن. لــەو بارەیــەوە دابــان محەمــەد؛ ئەندامــی پەرلەمانــی کوردســتان لــە فراکســیۆنی گــۆڕان، دەڵێــت: «ژمــارەی ئــەو مووچەخۆرانەی زاراوەی بندیواریــان بــۆ بەکار دەهێنرێــت، (٣٥٠) هــەزار کەس بــەرەو ژوورە». هەروەها ئەندامــی پەرلەمانــی کوردســتان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردســتان؛ حەسیبە گەردی، دەڵێــت: «(١٠١) هەزار کــەس زیاتــر لە یــەك مووچە وەردەگــرن، (٨٦٠٠٠) کــەس زیاتر لــە یەك تا پێنــج مووچە وەردەگــرن و (٥٥) هــەزار بندیــوار هەیــە.»

**چۆن بندیوار چارەسەر بکرێت؟**

عەتــا قەرەداغیی نووســەر لە وتارێکدا، بەم جۆرە پێناســەی بندیوار دەکات: زارەوەی بندیوار لە کوردســتاندا بۆ ئەوانە بەکار دەهێنرێــت کــە بەبــێ ئەوەی کار بکــەن، مووچــە وەردەگرن. ژمــارەی ئەوانــەی کــە لــەم جــۆرەن، کــەم نیــن. بەشــی زۆری ئەمانــە یــان کادیرانــی حیزبەکانــن، یــان کەســوکاری بەرپرســانی حیزبی و حکومین، یــان ئــەو کەســە کەســێتییە لاواز و بێعیزەتانــەن بێ ئەوەی شــەرم بکــەن؛ مووچــەی بێ ماندووبــوون و بــێ کارکــردن وەردەگــرن. لــە ئەورووپا ئەو کەســانەی لەســەر سۆشــیال دەژین، بە چاوی ڕێزەوە ســەیر ناکرێــن، کەچــی ئەوانــەی لە کوردســتان بندیــوارن، خۆیان بــە هاوڵاتیی پلە یــەك دەزانن. زۆرێــك لەمانــە مووچەکانیان لــەو کارمەنــد و مامۆســتا دڵســۆزانە زیاترە، کــە بەجددی کار و ئەرکەکانیــان جێبەجــێ دەکەن.

لە عێــراق بۆ بندیــوارەکان وشــەی «فەزائــی» بــەکار

دەهێنرێت، واتە بوونەوەری گەردوونی. ئەم وشەیەش لەدوای دەستبەکاربوونی حەیدەر عەبادی وەکوو سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤-دا، لەناو جەماوەر و میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان برەوی سەند، چونکە عەبادی ڕایگەیاند پەنجا هەزار سەربازی وەهمی لە وەزارەتی بەرگری هەیە. لەدوای ئەو وتەیەش، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی عێراق ناوی (٧٥) هەزار کەسی وەهمی لە تۆمارەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دۆزییەوە.

مەبەست لە «فەزائییەکان»، ئەو فەرمانبەرانەن مووچەی مانگانە وەردەگرن و دۆسیەی فەرمییان هەیە، بەڵام لە واقیعدا بوونیان نییە. سەرۆکی پارتی ئوممەی عێراقی؛ میسال ئالوسی دەڵێت: «شەست هەزار کەس لە دۆست و خزمانی پەرلەمانتار و وەزیر و بەرپرسانی دەوڵەت هەن؛ مووچە وەردەگرن و وەهمین، بە پاساوی ئەوەی پاسەوانی کە سا یە تییە کا نن . »

بڵاوبوونەوەی ئەو داتایانە لە کاتێکدایە بەگوێرەی ڕاپۆرتی فەرمیی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان. بە جۆرێك لە تۆماری ئەو ڕێکخراوەدا و لە ساڵی ٢٠١٨-دا، عێراق لە پلەکانی کۆتایی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بووە. لە ٢٠١٧-دا لەنێو (١٨٠) دەوڵەتدا، عێراق پلەی ١٦٩-ی هەبووە. لە ٢٠٠٧-دا، پلەی ١٧٨-ی لەنێو گەندەڵترین وڵاتانی جیهان گرتووە. هەروەها بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٣-٢٠١٨، بە هۆی گەندەڵیی حکومەتەوە؛ (٣٢٠) ملیار دۆلار بەهەدەر دراوە.

حسێن ئەسەدی نووسەرێکی عێراقییە، لە بارەی بوونی فەرمانبەرانی بندیوار دەڵێت: «لە دیارترین هۆکارەکانی دامەزراندن لە عێراقدا؛ هۆکاری سیاسییە، ئەمەش ڕاستەوخۆ بە هەڵبژاردنەکانەوە گرێ دراوە، واتە بۆ دەستکەوتنی دەنگی زیاترە. کارێکی مەترسیدارە و دەچێتە چوارچێوەی قۆستنەوەی پۆستی گشتی بۆ مەرامی تایبەتی لە دەرەوەی چوارچێوەی وەزیفە، ئەمەش گەندەڵییە و یاسا سزای بۆ داناوە، بگرە دەچێتە چوارچێوەی کێبڕکێی نایاسایی و کڕینی دەنگەوە، بەمەش دەرفەتی بەردەم ڕکابەرەکان کەم دەبێتەوە و دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە لەبەردەم پارتەکاندا ناهێڵێت، بۆیە دەبینین زۆرینەی پارتەکان کێبڕکێ لەسەر پۆستەکان دەکەن، چونکە دواتر دەرفەتی دامەزراندنیان بۆ دەڕەخسێت و بەو هۆیەوە پێگەیەکی بەهێزتریان دەبێت.»

ئەبوبەکر هەڵەدنی؛ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، هاوڕای بۆچوونی ئەو نووسەرەیە و دەڵێت: «زۆربەی هەرە زۆری بندیوار هیی دوو حزبە



دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن و بۆ مەبەستی کاری حزبی و دەنگدان بەکار دەهێنرێن.»

لە بەرانبەردا ڕێبوار بابکەیی؛ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیری لە بۆچوونەکەی هەڵەدنی دەکات و دەڵێت: «(٦٠٪)ی بندیوارەکان سەر بە یەکێتین، واتە (٤٠٪)ی سەر بە پارتین.»

ئێستا کە حکومەت دووچاری قەیران هاتووە و دابینکردنی مووچە؛ بارێکی گرانی خستووەتە سەر شانی، هەروەها بە هۆی سیستمی بایۆمەترییەوە حکومەت ناوی بندیوارەکانی لەبەر دەستدایە، دەتوانێت ئەو کەس و بەرپرسانەی کە ناوی وەهمییان خستبووە لیستی مووچەوە؛ ڕەوانەی دادگا بکات، پاشان ئەو پارانەیان لێ وەربگرێتەوە کە بەنایاسایی وەریانگرتووە، دواتریش دەیتوانی ئەو سەد هەزار مووچەخۆرەی کە زیاتر لە مووچەیەك وەردەگرن، لەنێوان هەڵبژاردنی یەك مووچەدا سەرپشك بكات. ئەگەر بێتوو حکومەتی هەرێم سەد هەزار مووچە ببڕێت کە دوو مووچە و مووچەی بندیوار و خانەنشینی نایاسایی تێدایە، بەو هۆیەوە نزیکەی سەد ملیار دیناری بۆ دەگەڕێتەوە.

پڕۆسەی بندیوار و مووچەی خانەنشینی تەنها لە سلکی مەدەنیدا نییە، بەڵکوو لە سلکی سەربازییشدا هەیە، بە جۆرێك سەد هەزار خانەنشینی سەربازی بە ناوی پێشمەرگەی دێرینەوە مووچە وەردەگرن، کە زیاتر لە هەشتا هەزاریان پێشمەرگە نەبوون و بەنایاسایی ئەو مووچانەیان پێ دەدرێت، حکومەت دەتوانێت مووچەی ئەو هەشتا هەزار کەسە ببڕێت، بەڵام تا ئێستا هیچ کام لەو هەنگاوانەی نەناوە.

## پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی فەرمانبەران

بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکانی بودجە، نابێت ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی حکومی؛ ڕێژەی (١٪)ی دانیشتووان تێپەڕێنێت. هەر بۆ نموونە؛ چین کە گەورەترین

وڵاتی جیهانە لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە، چونکە ژمارەی دانیشتووانی؛ یەك ملیار و (٣٩٣) ملیۆن کەسە، ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی تەنها حەوت ملیۆن و (٦٠٠) هەزارە، کە دەکاتە (٠,٥٪)ی دانیشتووان. هەروەها لە وڵاتێکی وەکوو هیندستان کە ژمارەی دانیشتووانی؛ یەك ملیار و (٣٥٣) ملیۆن کەسە، ژمارەی فەرمانبەرانی (٢١) ملیۆن و نیوە و دەکاتە (١٪)ی دانیشتووان.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؛ ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە (٣٢٨) ملیۆنە، تەنها دوو ملیۆن فەرمانبەری کەرتی گشتی هەیە کە دەکاتە (٠,٦٪)ی ژمارەی دانیشتووان. ژمارەی دانیشتووانی کەنەدا؛ (٣٧) ملیۆن کەسە و ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی نزیکەی (٢٨٨) هەزارە، کە دەکاتە ڕێژەی (٠,٧٪)ی دانیشتووان.

لەسەر ئاستی ئەورووپا، ژمارەی دانیشتووانی فەڕەنسا (٦٦) ملیۆن کەسە و ژمارەی فەرمانبەرانی گشتی نیوملیۆنە، کە دەکاتە (٠,٧٪)ی دانیشتووان. ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا؛ هەشتا و سێ ملیۆن کەسە و ژمارەی فەرمانبەرانی (٤٥١) هەزار کەسە، کە دەکاتە (٠,٥٪)ی دانیشتووان. هۆڵەندا ژمارەی دانیشتووانی حەڤدە ملیۆن و (٤٠٠) هەزار کەسە، تەنها (٨١٥) هەزاریان مووچەخۆری دەوڵەتن. واتە لە هەر سەد کەسێك، تەنها شەش کەس مووچەخۆری دەوڵەتن.

ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێم پێنج ملیۆن کەس بێت و یەك ملیۆن و (٢٥٥) هەزار مووچەخۆری هەبێت کە دەکاتە (١٣٪)ی دانیشتووانی هەرێم، کوردستان سیازدە هێندەی ستانداردی جیهانی؛ مووچەخۆری هەیە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس خالید ڕەزا کە چەندین ساڵە لە هۆڵەندا دەژی، دەڵێت: «ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێ چاکسازی بکات و نەڕووخێ، دەبێ لێبڕاوانە دەست بکات بە چاکسازیی

**“ژمارەی دانیشتووانی فەڕەنسا ٦٦ ملیۆن کەسەو ژمارەی فەرمانبەرانی گشتی نیوملیۆنە، کە دەکاتە ٠,٧٪ی دانیشتووان”**

ڕاستەقینە. دەبێ میلاکات بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕێك بخاتەوە. لەجیاتیی ئەم بەمووچەخۆرکردنەی کۆمەڵگەی کوردستانی و دروستکردنی کۆمەڵێکی بێبەرهەم، دەبوو پلانی گەشەکردنی ئابووری، بووژاندنەوەی کشتوکاڵ بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، بووژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار و پیشەسازی جێبەجێ بکرایە. لەجیاتیی ئەو هەموو دامەزراندنە نایاساییانە، پلانی سیستمی سۆسیالی پێڕەو بکردایە. هەر هاوڵاتییەك لە کاتی بێکاری یان نەخۆشکەوتن و پەککەوتندا، لانی کەمی ژیانی بە یاسا بۆ دابین بکرایە.»

## یاسای چاکسازی و قەیرانی قەرزەکان

ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٠، کاتێك مەسروور بارزانی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا وەکوو سەرۆکی حکومەت متمانەی وەرگرت، لە تەوەری یەکەمی کارنامەی کابینەکەیدا ئاماژەی بە ئەنجامدانی چاکسازی کرد، پاشان ڕایگەیاند «حکومەتێکمان وەرگرتووە کە چەندین ملیار دۆلار قەرزارە، بەشی زۆری ئەم قەرزانەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ». لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٢، ئاشکرای کرد بڕی قەرزەکان؛ بیست و حەوت ملیار دۆلارە، کە بەشێکی زۆری قەرزی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمە لە ئەستۆی حکومەت.

کابینەکەی بارزانی لەبەردەم چەندین ئاڵنگاریی سەختدایە، لە لایەك بەغدا وەکوو جاران بودجە نانێرێت، لە لایەکی دیکە نرخی نەوت لە داکشاندایە. بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناش، داهاتی ناوخۆی زۆر کەم کردۆتەوە. ئەمە جگە لە بیست و حەوت ملیار دۆلار قەرزی کابینەکانی پێشوو. بۆیە ئەگەر چاکسازییەکی ڕیشەیی ئەنجام نەدرێت، ئایندەی حکومەت دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە سۆنگەی هەستکردن بەو مەترسییانە و پێویستیی ئەنجامدانی چاکسازی، ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم؛ پڕۆژەیاسای «چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق»دای پەسەند کرد. یاسای چاکسازی لە ٢٠٢٠/١/١٦، بە دەنگی ٨٩ پەرلەمانتار پەسەند کرا، دواتر نێردرایە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٣ پەسەندی کرد، پاشان ئەنجوومەنی وەزیران لە مانگی چواری ئەمساڵدا ڕاسپاردەی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دەرکرد و دەبێت لە مانگی حەوتی ئەمساڵدا یاساکە جێبەجێ بکرێت.

ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیعی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/٤/٧، دەقی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرماڵە، بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو کردەوە.

پەیڕەوەکە لە هەشت بەش پێك هاتووە و بەسەر (٢٥) مادەدا دابەش بووە. بەشی یەکەمی پەیڕەوەکە باس لە پێناسەکردنی دەستەواژەکان دەکات، بەشی دووەم باس لە ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی دەکات.

بەشی سێیەم ئاماژە بە نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی دەکات، بەشی چوارەم پەیوەستە بە بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ و بەشی پێنجەم تەرخان کراوە بۆ دەرماڵەکان. بەشی شەشەم تایبەتە بە ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت، بەشی حەوتەم پەیوەستە بە بواری خانەنشینی. هەر چی بەشی هەشتەم و کۆتاییە، باس لە حوکمەکانی کۆتایی پەیڕەوەکە دەکات.

محەمەد سەعدەدین بریاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، مانگی حەوتی ئەمساڵ یاسای چاکسازی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. وتیشی هەر وەزارەتێك بەگوێرەی ئەو مادانە یاساکە جێبەجێ دەکات، کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕاسپاردەی بە مەبەستی جێبەجێکردنی دەرکردوون.

## ژمارەی مووچەخۆران و سەرچاوەکانی داهات

ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان؛ یەك ملیۆن و (٢٥٥) هەزار و (٢٧٣) کەسە، بۆ دابینکردنی مووچەی ئەو ژمارەیەش، حکومەت پێویستی بە (٨٩٠) ملیار دینارە. لەو ژمارە مووچەخۆرە؛ (٦٠٪)، کە دەکاتە (٧٥٢) هەزار و (٩٥٩) کەس فەرمانبەرن، بە جۆرێك (٤٣٠) هەزار و (٢٣١) فەرمانبەری مەدەنی و (٢١٧) هەزار و (٩٧٩) پۆلیس و ئاسایشن و (١٠٤) هەزار و (٦٩٩) کەسیان لە سلکی سەربازیدان. بەپێی تایبەتمەندی و ڕێژەی فەرمانبەر لە وەزارەتەکان، زیاتر لە (٢٢٪)ی فەرمانبەرن لە وەزارەتی پەروەردە و (١٩٪)ی لە وەزارەتی ناوخۆ و (١٨٪)ی لە وەزارەتی پێشمەرگە و (٦,٥٪) لە وەزارەتی تەندروستین. لە وەزارەتەکانی حکومەت؛ (٤٩) جۆر دەرماڵە دەدرێت، لە (٥٢٪)ی مووچەی فەرمانبەران دەرماڵەیە و لە (٤٨٪)ی مووچەی بنەڕەتییە.

لە هەرێمی کوردستاندا (٤٠٪)ی مووچەخۆران کە دەکاتە (٥٠٢) هەزار و (٣٦٤) کەس، مووچەی خانەنشینی و تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی و شەهیدانە وەردەگرن، بە جۆرێك (٢٤٦) هەزار و (٢٦٩) کەسیان خانەنشینن، (١٥٩) هەزار و (١٥٨) کەس مووچەی چاودێریی کۆمەڵایەتی و (٩٦) هەزار و (٩٣٧) کەس مووچەی شەهیدانە وەردەگرن.

بەپێی ڕاپۆرتێك کە حکومەتی هەرێم ئاراستەی حکومەتی عێراقی کردووە، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢٠، تەنها بڕی (١٣ ترلیۆن) دیناری لە بەغداد

وەرگرتـــووە، داهاتـــی ناوخـــۆ لـــەو شـــەش ســـاڵەدا نزیکەی هەشـــت ملیـــار دۆلار بـــووە. داهاتی فرۆشـــتنی نـــەوت بە شـــێوەی ســـەربەخۆ، زیاتر لە چل ملیـــار دۆلار بـــووە. هەر لەو شـــەش ســـاڵەدا، حکومەت بـــڕی ملیارێـــك و (٥٠٠) ملیۆن دۆلار پـــارەی وەكـــوو یارمەتی لـــە ئەمەریكییەكان بـــە ناوی پشـــتیوانی لە هێزی پێشمەرگە وەرگرتـــووە. واتـــە بەتێكـــڕا داهاتـــی حكومەت لە شـــەش ســـاڵی ڕابردوودا گەیشـــتووەتە شەســـت ملیـــار دۆلار، ئەمـــە لـــە كاتێكدایـــە حكومـــەت لە مـــاوەی ئەو شـــەش ســـاڵەدا؛ بەنزیكەیی چـــل ملیار دۆلاری بە پارەی مووچەخـــۆران داوە.

لە مانگی ئایاری ئەمســـاڵدا، ســـەرۆكی حكومەتـــی هەرێمی كوردســـتان بڕیـــاری دا بـــە كەمكردنـــەوەی مووچـــە و خانەنشـــینی پلـــە بـــاڵاكان بە ڕێـــژەی (٥٠٪). بـــە بڕینی ئەو ڕێژەیـــە، تەنهـــا لـــە خەرجیی مووچـــەی پەرلەمانتارانـــی ئەم خولـــە، بـــڕی زیاتـــر لـــە (٤٤٨ ملیـــۆن) دینـــار بـــۆ خەزێنەی حكومـــەت دەگەڕێتـــەوە، لەنـــاو حكومەتیـــش كـــە (٣٢) كـــەس مووچـــەی پلـــەی وەزیـــری وەردەگـــرن، ئەگـــەر مووچەكەیـــان بـــە ڕێـــژەی (٥٠٪) كـــەم بكرێتـــەوە، بـــە كۆی گشـــتی بڕی (١٢٥ ملیۆن) دینـــار دەگەڕێتـــەوە بۆ ســـەر داهاتەكانـــی حكومـــەت. واتە تەنهـــا لـــە كەمكردنـــەوەی مووچـــەی پەرلەمانتـــار و وەزیرەكانی ئـــەم خولەدا، (٥٧٣ ملیـــۆن) دینـــار بـــۆ حكومەت دەگەڕێتـــەوە.

بڕیارەكـــە ئەو كەســـانەش دەگرێتـــەوە كـــە بـــە پلـــەی وەزیـــر و پەرلەمانتـــار خانەنشـــین كـــراون. لـــە كابینـــەی یەكەمـــی حكومەتی هەرێمـــەوە تاوەكـــوو بـــەر لە دەســـتبەكاربوونی كابینـــەی ئێســـتای حكومەت، (٤٦١) كەس بـــە پلـــەی وەزیـــر و بریكاری وەزیـــر و ڕاوێژكار خانەنشـــین كراون، هـــەزار و (٩٨) كەس بە پلەی تایبەت خانەنشـــین كراون كـــە (وەزیـــر، پەرلەمانتـــار، بریـــكاری وەزیـــر، بەڕێوەبەری گشـــتی، ڕاوێـــژكار) دەگرێتەوە. كـــۆی مووچـــەی ســـاڵێكی خانەنشـــینیی پلـــە تایبەتەكان، شەســـت ملیـــار و (٩٠٠) ملیۆن دیناره. هەروەهـــا (٥٠٦) كەس بە پلـــەی بەڕێوەبەری گشـــتی خانەنشـــین كراون. چل و چوار وەزیـــر و شەســـت بریـــكاری وەزیـــر و (٢٦٠) بەڕێوەبـــەری گشـــتی و (٧٥) ڕاوێژكار بە پلەی تایبـــەت خانەنشـــین كـــراون، كە ڕۆژێك لـــە ڕۆژان لـــەو پلە وەزیفییـــەدا كاریـــان نەكردووە.

ئەگـــەر ئـــەم ئامـــارە لەبەرچـــاو بگیرێـــت، ئـــەوا بڕیارەكـــەی حكومـــەت بـــۆ كەمكردنـــەوەی ڕێـــژەی (٥٠٪)ی مووچـــەی خانەنشـــینی پلە باڵاكان، بـــڕی دوو ملیار و (٥٠٠) ملیـــۆن دینـــار بـــۆ خەزێنەی حكومـــەت دەگەڕێنێتـــەوە. حكومەت دەتوانێت بە هۆیەوە، بەشـــێكی ئـــەو كورتهێنانـــە پڕ بكاتـــەوە كـــە لـــە خەرجیـــی مووچـــەی فەرمانبەرانـــدا بۆی دروســـت بووە.

### چارەسەر و پێشنیارەكان

بـــۆ چارەســـەری گرفتـــی زۆریـــی ژمـــارەی مووچەخۆران و نەهێشـــتنی بندیـــوار،

نووسەرێکی عێراقی پێشنیار دەکات چاکسازییەکی کارگێڕیی چڕوپڕ بەدوور لە هەژموونی حیزبەکان و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان ئەنجام بدرێت، تاوەکوو بتوانرێت هەلی کار بۆ هاوڵاتیانی شایستە دابین بکرێت و هەژموون و دەسەڵاتی پارتەکان لە دامەزراندندا کەم بکرێتەوە. جگە لەوەی تاوەکوو حکومەت دەگاتە ئاستی ستانداردی رێژەی فەرمانبەرانی حکومی، پێویستە حکومەت هەلی کار لە دەرەوەی کەرتی حکومی دابین بکات و هانی کەرتی تایبەتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتوگوزار و کەرتەکانی دیکە بدات، بە مەبەستی بووژانەوەی کەرتی ئابووری و رزگارکردنی بودجە لە کورتهێنان و ئاراستەکردنی بودجەی گشتی بەرەو بەدیهێنانی ئابوورییەکی پێشکەوتوو.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ناوەندێکی توێژینەوە؛ رێگاچارەکان لەوەدا دەبینێتەوە کە «یاسای چاکسازی» بە شێوەیەکی ورد و دادپەروەرانە جێبەجێ بکرێت و فراوان بکرێت، تاوەکوو سێکتەرەکانی خزمەتی گشتی، دادوەری و یاسادانانیش بگرێتەوە. پاشان حکومەت کار بکات بۆ رەخساندن و فراوانکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان لەبریی دامەزراندن، ئەوەش لە رێگەی زیادکردنی بودجەی تایبەت بە وەبەرهێنان و هاندانی پرۆژەی بچووك بۆ هاوڵاتیان و دانانی سیستمێکی بەهێزی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندانی بواری کەرتی ناحکومی.

لە ئێستادا سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی عێراق و هەرێم؛ پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، بۆیە توێژەران بۆ فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێم و دەربازکردنی لە هەژموونە مەترسیدارەکەی نەوت، پێشنیار دەکەن بوارەکانی پیشەسازییە هەمەجۆرەکانی وەکوو: خواردن، پێداویستیی رۆژانە، پترۆکیمیایی، گەشتوگوزار و چەند بوارێکی کشتوکاڵی هان بدرێن و پشتگیری بکرێن، جگە لە دامەزراندنی سیستمێکی بانکیی سەربەخۆ و متمانەپێکراو، لە پێناو هاندانی زیاتری گەشەسەندنی ئابووری و خولانەوە (سووڕی داهات) و بەکارهێنانی سەرمایەی نووستوو.

پێشنیارێکی دیکە؛ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەری وەزارەتی پەروەردە، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و خوێندنی باڵایە، بە شێوەیەك گرنگیی تەواو بدرێت بە خوێندنی پیشەیی و بەستنەوەی بە گەشەپێدانی بازاڕی کار و دروستکردنی نەوەیەکی گەنج کە کارامەیی (skill) تەواوی هەبێت، بۆ پڕکردنەوەی سێکتەوە ئابوورییە جیاجیاکان و دروستکردنی هەلی کاری نوێ بۆیان ئامادەکراو بێت.

سەرچاوەکان:
- خالید رەزا (٢٠٢٠/٥/٢٨)، تیشکێک بۆ سەر ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم، http://drawmedia.net/page_

.detail
- ئاراس وەلی (٢٠٢٠/٥/٢٦)، دەردەکورد، https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=170937.
- عەتا قەرەداغی (٢٠٦/١٢/١١)، پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەی بندیوار، https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=75630.
- ئاوێنە (٢٠٢٠/٦/١٢)، پەرلەمانتارێکی گۆڕان: لە هەرێمی کوردستان (٣٥٠) هەزار بندیوار هەیە، https://www.awene.com/detail?article=25315.
- زاری کرمانجی (٢٠١٩/٦/١١)، پەنجا و پێنج هەزار بندیوار هەن، https://www.zarikrmanji.com/Home/Details.
- ڕۆژ نیوز (٢٠١٨/٢/٢٨)، قوباد تاڵەبانی: توانیومانە زیاتر لە پەنجا هەزار مووچەخۆری بندیوار بدۆزینەوە https://ro-jnews.news/.
- پەیسەر پرێس (٢٠١٩/٨/٢٨)، بایۆمەتری ژێر بەرەی نەخستە سەر بەرە، https://www.peyserpress.com/detail/3263.
- درەو میدیا (٢٠٢٠/٥/٢٧)، ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێم، http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5991.
- درەو میدیا (٢٠٢٠/٥/١٣)، حکومەت چاوێکی لە قاپی بەغدا و چاوێکی لە دەستی سەرمایەدارانە، http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5911
- درەو میدیا (٢٠٢٠/٥/٢١)، حکومەت چۆن مووچەی مانگی داهاتوو دابین دەکات؟، http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5965.
- درەو میدیا (٢٠٢٠/٥/٢٣)، حکومەتێکی قەرزار، http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5968.
- کەی ئێن ئێن (٢٠٢٠/٢/٧)، یاسای چاکسازی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کرایەوە، https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=27003.
- ڕووداو (٢٠٢٠/٤/٧)، پەیڕەوی یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرماڵە و خانەنشینی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0704202018.
- کوردستان ٢٤ (٢٠٢٠/٥/٢٩)، لیژنەی دارایی کاتی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاشکرا دەکات، https://www.kurdistan24.net/so/news/fefc1bd4-3b3a-4b42-aae9-d21c0f97d112
- سبەی (٢٠١٩/٤/٢٤)، بە بڕینی دوو مووچە و بندیوار سەد ملیار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=13773.
- ئیلاف (٢٠١٤/١٢/١٠)، موظفون وهميون فى اروقة الوزارات العراقية، https://elaph.com/Web/News/2014/12/964617.html.
- حسين الاسدى (٢٠٢٠/٥/١١)، البطالة المقنعة تستنزف الاقتصاد العراقى، https://www.azzaman.com
- عادل عبدالزهره شبيب (٢٠٢٠/١/١١)، الفساد فى العراق ظاهرة اجتماعية وسياسية و اقتصادية خطيرە، https://www.iraqicp.com/index.php/sections/platform/ 30446-2020-01-11-19-57-56
- تۆڕی میدیایی خەڵک (٢٠١٨/٣/١٣)، ٦٢ هەزار دوو موچەیی و سێ مووچەیی لە بایۆمەتری ئاشکرا بوون، https://archive2016.xelk.org/detailnews.aspx?jimare=54552&babet=important&relat=5355
- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی (٢٠٢٠/٥/٣٠)، حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، لەمپەر و سیناریۆکان، https://www.centerfs.org/future-ranges-no-4-of-year-2020-ku/

# یاسای چاکسازیی هەرێم

## ئاستەنگ و پێشهاتەکان

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد فەتاح



لە هەر کات زیاتر هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاوپیاخشاندنەوە و چاکسازی هەیە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنە داراییەکانیدا. قەیرانی دارایی لە ئێستادا نەک لە دەروازەکانی هەرێمی داوە، بەڵکوو لەناو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا شۆڕ بووەتەوە. چاکسازی لە بوارەکانی سەرچاوەکانی داهات و دەروازە و دەرچەکانی، کە لە خولی پێشووی پەرلەمانەوە چەندین هەوراز و نشێویی بەخۆیەوە دی تا گەیشتە پەسەندکردنی، لە کارنامەی حکومەتی هەرێمیشدا وەک برگەیەکی سەرەکیی پەسەندکراوی سەرجەم لایەنەکانی پێکهێنەری کابینەش بوو، کە دیسانەوە لە پەرلەمانەوە دەنگی پەسەندکراویی بەدەست خست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەم لە ڕێکار و هەم لە چەسپاندنیدا ڕێگاکەی بێ هەوراز نییە، دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستانیش هاوکاری چەسپاندنیەتی؟ ئاستەنگەکانی

چیــن؟ پێشــهاتەکان و ســیناریۆکانی جێبەجێکردنــی کامانــەن؟

لــە ٧٦٪ی ســەرچاوەی داهاتی هەرێم پشــتی بە نەوت بەســتووە، چونکە ٣٤٪ی داهات لە فرۆشــتنی نەوتــی هەرێم و کۆکــن لەســەر ئــەوەی ئــەم پشتبەســتنەی حکومەتی هەرێم بە نــەوت و جــۆری ئیدارەدانی دۆسیەکە، ســەرچاوەی قەیرانە داراییــەکان بــووە. ئــەو بڕە لە داهات گەیشــتووە بە وەزارەتی دارایــی و ئابووریــی حکومەتی



٤٢٪ی لــە بەغــداوە دێت، کە ئەویش ســەرچاوەی ســەرەکیی هــەر فرۆشــتنی نەوتــە. زۆر لە پســپۆڕانی بــواری ئابووری هەرێمی کوردســتان، دەرخەری ئــەو پشتبەســتنە زۆرەیــە بە داهاتــی نــەوت کــە داهاتی ناوخۆ: ٢٤٠ ملیــار، نەوت: ٣٦٠ ملیــار، بــڕی نێــردراو لەلایەن حکومەتی عێــراق: ٤٥٢ ملیار و ســەرچاوەکانی دیکەش نزیکەی ٢٠ ملیارە.

د. خالیــد حەیــدەر؛ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی ئابــووری لە زانکۆی ســلێمانی، دەربارەی ئــەوەی چۆن داهاتی هەرێــم کەمتر پشــت بە نەوت ببەســتێت، پێی وایە پێویســتە پشــت بە توانا ناوخۆییەکان لە هەموو بوارەکان ببەســترێت. بۆ نموونە؛ کشــتوکاڵ کە دەتوانرێت پێش بخرێــت و توانای باشــی هەیــە تاکــوو پێداویســتییە ناوخۆییــەکان پــڕ بکرێتــەوە، ئەمــەش وا دەکات لەتەنیشــت داهاتــی نــەوت، داهاتێکــی دیکەمــان هەبێــت و بــەو بەرهەمــە خۆماڵییانە داهاتێکی دیکــە بــۆ هەرێم دەســتەبەر بکەیــن، چونکە ئەگــەر توانای کشــتوکاڵیمان بــەرز بێتــەوە، دەتوانین هەنــاردەی دەرەوەی بکەیــن و هاوڵاتییــش بە هۆی ئەوەی بەرهەمــی ناوخۆ بەکار دەهێنێــت، پــارەی هەرێــم ناچێتــە دەرەوەی وڵات. بــەم جــۆرە دەبێــت هــەوڵ بدەین

بگەین بە قۆناغی خۆژێنی و ئەو پارەی دەستمان دەکەوێت، نەچێتە دەرەوە. یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی داهات کە دەتوانین پەرەی پێ بدەین، کەرتی گەشتوگوزارە و ئەگەر بە شێوەیەکی باش کاری تێدا بکرێت، دەکرێت ببێت بە سەرچاوەیەکی باشی داهات، ئەویش ئەو کاتەی ژیان لەدوای کۆرۆنا ئاسایی ببێتەوە و گەشتیاران ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

باس لەوەش دەکات لەبەر ئەوەی چالاکیی نەوت زاڵە بەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، بەشی زۆری داهات پەیوەستە بە نەوتەوە، دابەشکردنی مووچەش کە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت؛ دڵنیایی تێدا نییە، ئەمەش کار دەکاتە سەر چالاکی و جووڵەی بازاڕ و خاوی دەکاتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆر هەیە لە هەرێم، ئەم مووچەیەش ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی هەرێمی پێوە بەندە، چونکە مووچەی هەر مووچەخۆرێک داهاتە بۆ چەند کەسێک یان زیاتری خێزانەکەی.

سەبارەت بە زیادکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان، عەلی حەمە ساڵح؛ سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی و ئەندامی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، باوەڕی وایە سیستمی باج پێداچوونەوەی گەورە و پێویستی دەوێت، وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا گەورەکان بەتایبەت کۆمپانیاکانی نەوت، گەیاندن و نیشتەجێبوون، چونکە دەتوانرێت بوترێت لەم دۆخەدا پارەی گەورە لای ئەوانە و ئەمەش پێداچوونەوەی دەوێت. جگە لەمانەش خاڵە سنوورییەکان، کۆمپانیاکانی خاڵە سنوورییەکان و ڕێگری لە کاری قاچاخییش پێداچوونەوەی دەوێت، بۆیە بە پێداچوونەوە لەم بوارانەدا، تا ئاستێکی زۆر دەتوانرێت باج و پاشانیش داهات زیاد بکرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان باس لەوەش دەکات، ٦٤ کۆمپانیای ئاسایشی هەیە، بەشێکی زۆری ئەرکی ئەم کۆمپانیایانە؛ ئەرکی دەوڵەت و دامەزراوەکانی حکومەتە لە پاراستنی کێڵگەکانی نەوت و غاز و هەندێک شوێنی گشتی و گەنجینەکان کە پارەیەکی زۆر لەو شوێنانە وەردەگرن.

سەبارەت بە وردەکارییەکانی ئەم هەنگاوانەش، عەلی حەمە ساڵح باس لەوە دەکات ئاستی یەکەم بریتییە لە ڕێککەوتنێکی سەنگین لەگەڵ عێراقدا و ئاستی دووەمیش دابەش دەبێت بەسەر چەند بەشێکدا، یاسای چاکسازی لە زووترین کاتدا وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، نەک هەوڵ بدرێت خانەنشینی نایاسایی بەشێکیان نەگرێتەوە و کەموکورتی لە هەندێک بەشیدا بکرێت، دەبێت یاساکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. دەشڵێت دەبێت پێداچوونەوە بە خاڵە سنوورییەکاندا بکرێت، کە پێی وایە بە کۆی ڕێگاکانی ئەوەی لە خاڵە سنورییەکاندا دەکرێن؛

بە چوار ڕێگا گەندەڵی دەکرێن:

قاچاخی کە ئێستا لە چەند شوێنێکەوە دەکرێت، لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت لە سێمیلکا و خاڵی سنووریی وەلید، لە باشماخیش دەکرێت، زۆر زۆرن و زیانێکی زۆریان لە داهاتی هەرێم داوە.

عەلی حەمە ساڵح بەم جۆرە دەربارەی هۆکارەکانی کەمبوونەوەی داهاتی هەرێم بەردەوام دەبێت و دەڵێت قاچاخی لە خاڵە سنوورییەکان، کاری کۆمپانیاکان، لێخۆشبوونی گومرگی و ترانزێت؛ ئەو چوار ڕێگایەن کە زیانێکی زۆریان لە داهات و ئابووریی هەرێم داوە و دەبێت چارەسەر بکرێن، کە بڕەکەی نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەبێت. دەشڵێت لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پێداچوونەوە بە سیستمی باجدا بکرێت، باج لە کەسێک وەربگیردرێت کە شایستەیە باجی لێ وەربگیردرێت. ئەگەر ئەم هەنگاوانە نەنرێن، بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان و حوکمڕانییەکەی توانای بەردەوامبوونیان نییە، کە بتوانێت مووچە بدات، ژیانی خەڵک ئاسایی بکاتەوە و جووڵە لە بازاڕدا دروست بکا ت .







> «ئەم یاسایە بەشێکی گەورە لەداهات بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوەو هەنگاوێکی گرنگە بۆ چاکسازی لە داهات و ئابووریی هەرێم»

## یاسای چاکسازی دەتوانێت هەرێم ڕزگار بکات؟

دوای چەند ساڵێك لە گفتوگۆی بەردەوام لە بارەی چاکسازی و ڕیفۆرم بۆ زیادکردنی داهات، کەمکردنەوەی خەرجییەکان، ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی داهاتی هەرێم، کەمکردنەوەی گەندەڵی و نەهێشتنی مووچەخۆری ناکردەیی، دواجار پرۆژەیاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر درا و بوو بە یاسا، لەگەڵ ئەوەی چەند ڕەخنەیەک لەسەر یاساکە هەیە، بەڵام بڕوا وایە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەشێکی گەورە لە داهات بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە و هەنگاوێکی گرنگە بۆ



چاکسازی لە داهات و ئابووریی هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا دوای چەند مانگێک هێشتا یاساکە جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بڕیار وایە لە کۆتایی مانگی حوزەیران یان سەرەتای مانگی تەمموز یاساکە جێبەجێ بکرێت.

ئەنجوومەنی وەزیران لە بارەی یاسای چاکسازییەوە کۆمەڵێك بڕیاری دەرکردووە، کە دەرکردنی کۆمەڵێك ڕێوشوێنە تاکوو وەزارەتەکان بیگرنە بەر تا بڕیارەکان جێبەجێ بکەن، وەزارەتەکان دەستیان بە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی یاساکە کردووە.

لە (٨)ی نیسانیش لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی؛ یەکەم کۆبوونەوەی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، کە هەریەک لە جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیرانی پلاندانان، ناوخۆ، شەهیدان، دارایی، پێشمەرگە، کاروباری کۆمەڵایەتی، پێشمەرگە، دیوانی وەزارەتی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەندامن تێیدا. لە کۆبوونەوەکەدا، پلان و میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساکە دانراوە.

**داهاتی هەرێم لە ئەگەری ئەنجامدانی چاکسازی**

بەپێی لێدوانەکانی د. عەبدولحەکیم خەسرۆ؛ بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئامانجی یاساکە دادپەروەری و شەفافیەتە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە شایستەن؛ لە بودجەی گشتی داهاتیان هەبێت. ئەم کاروبارانە ڕێك دەخرێن و هێزی پێشمەرگە و پاسەوانانیش ڕێك دەخرێنەوە. یاساکە چەند لایەنێکی گرنگی هەیە، وەک ڕێکخستنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە، خانەنشینی،

کاروباری کۆمەڵایەتی، میلاکی گشتی، قەرزی بازرگانی و ئەلیکترۆنی، سیستمی مووچە و سیستمی بانکی.

عەبدولحەکیم خەسرۆ دەربارەی جێبەجێکردن و بوارەکانی یاساکە، لە چەند لێدوانێکیدا باسی لەوە کردووە یاسای چاکسازی؛ هەموو بوارەکانی خەرجی و داهات و چەند بوارێکی دیکە دەگرێتەوە، بۆ هەر بوارێکیش کاتی تایبەتی بۆ دانراوە و لەو کاتەدا جێبەجێ دەکرێت. ئامانجی گرنگی یاساکەش ئەوەیە ئەوەی شایستەی مووچە و بەخشین بێت؛ وەریدەگرێت و ئەوەی پەیوەستە بە خانەنشینی، کەسوکاری شەهیدان و و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی، بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. یاسای هەرێم هەر مافێکی بە فەرمانبەرێک دابێت، حکومەت ناتوانێت و بۆی نییە دەستکاریی بکات، یاساکە ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی یاسا بەرکارکارەکان مافیان وەرگرتبێت، ئەوانەی بە یاسا مافیان بۆ دیاری کرابێت؛ پێیان دەدرێت و لێیان وەرناگیرێتەوە.

یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی چاکسازی؛ وەرگرتنەوەی قەرزەکانە، کە لە ڕۆژی ١٣ی ئایاری ئەمساڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری داوای لە بانکە بازرگانییەکان کردووە دەست بە ڕێکارە یاساییەکان بکەن بە هەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی یاسایی لە وەزارەتی دارایی.

لە هەمان کاتدا وەزارەتی دارایی؛ لیژنەیەکی بەدواداچوونی پێک هێناوە و ئامانج لە کاری لیژنەکەش، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانە. لیژنەکە بە ئەندامێتیی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران، داواکاری گشتی و بانکە بازرگانییەکان پێك هێنراوە، داوایان کردووە کە دەست بەسەر مۆڵکە ڕەهنکراوەکاندا بگیرێت، تاکوو بفرۆشرێن.

لە ئێستادا وەرگرتنەوەی قەرزەکان سەرجەم قۆناغەکانی تێپەڕاندووە، ڕێکارە یاساییەکان دەستیان پێ کردووە کە کۆمەڵێك ڕێوشوێن لەخۆ دەگرن کە قۆناغ بە قۆناغ دەبن، حکومەت پێویستی بە کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵەکان، پاشان فرۆشتنیان و بوونی کڕیار. لە قۆناغی دواتردا ئەو پارەیە بە میکانیزمێک ڕادەستی وەزارەتی دارایی دەکرێت، بەڵام تاکوو ئێستا ئەو میکانیزمە بەتەواوی ڕوون نییە، چونکە تا ئێستا کەس قەرزەکەی نەگەڕاندووەتەوە یان دەست بەسەر مولکەکەیدا نەگیراوە.

بەپێی تۆمارەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ ٨٥٠ ملیار دینار قەرزی لەسەر ٤٠ بازرگان و سەرمایەدار هەیە، هیچ یەکێک لەو بازرگان و سەرمایەدارانەش قەرزەکانیان نەگەڕاندووەتەوە.

عەلی حەمە ساڵح لە بارەی سوود و قەبارەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، پێی وایە یاسای چاکسازی تا نەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر کەس هەر ژمارەیەک بڵێ؛

ڕاست و ورد نییە، پێی وا نییە هیچ کەس بەوردی بزانێت چەند کەس بەناڕەوا پلەکەیان بەرز کراوەتەوە، چونکە زۆر زۆرە، لەبەر ئەوەی لە پلەی سەربازی هەیە، لە پلەی مەدەنی هەیە. کەس نازانێت چەند کەس بەناڕەوا خانەنشین کراوە، چەند کەس بەناڕەوا کراوە بە زیندانی سیاسی، کەمئەندامی سەنگەر و شەهید، بۆیە هەر ژمارەیەک بوترێت؛ ورد نییە و لە جێبەجێبوونی یاساکەدا دەردەکەوێت چەند داهات بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

چەند مانگێکە یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕێنراوە و دەبووایە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی تاکوو ئێستا کراوە، هەنگاوە ئامادەکارییەکانن لەلایەن دەستە و وەزارەتەکانەوە. بەشێک لە پسپۆڕانی ئابووری و پەرلەمنتارانیش ڕەخنەی ئەوە دەگرن، ویستی گەورە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە نییە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەربارەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، بۆچوونی وایە کە حکومەت تاکوو ئەم ساتە ناڵێت ئاستەنگ هەیە، لە ڕاستیدا خاوی و لەسەرخۆیی هەیە، بەپێی یاساکە ماوەی زەمەنی هەیە بۆ دەرکردنی ڕێنماییەکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە، هەروەها ئەو پەیڕەوەی ئەنجوومەنی وەزیران نووسیویەتی و بڕیارە لە (١)ی تەمموزی ئەمساڵەوە (٢٠٢٠) بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

«د. خالید حەیدەر»یش بەم جۆرە بۆچوونی خۆی لە بارەی ئاستەنگەکان دەردەبڕێت، ئەم یاسایە هەوڵ دەدات کار لەسەر زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بکات، باشترین ڕێگا ئەوەیە سەرەتا گۆڕانکاری لە مووچەی خاوەن پلە باڵاکان بکرێت، نەک فەرمانبەرانی ئاسایی کە مووچەکانیان کەمە. ئەو کەسانەی کە پۆستێکی باڵا وەردەگرن، دواتر بگەڕێنەوە بۆ ئەرکی خۆیان و لە کاتی خانەنشینیشدا لەسەر کاری پێشوویان خانەنشین بکرێن، نەک وەک وەزیر و پلە باڵاکانی تر، ئەمەش وا دەکات بڕێکی زۆر پارە بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە سەرجەم کایەکان بە پلەی باڵا خانەنشین کراون. یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم یاسای چاکسازی و کەمکردنەوەی مووچەی خاوەن پلە باڵاکان ئەوەیە کە ئەم کەسانە ڕەنگە بەئاسانی نەچنە ژێر باری جێبەجێکردنی یاساکە.

## پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر و کاریگەریی لەسەر داهاتی هەرێم

لەبەر ئەوەی بەشێکی گەورەی داهاتی هەرێم لە بەغداوە دێت، ئەم داهاتە؛ بڕەکەی، شێواز و کاتی ناردنی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا. هەر کاتێک پەیوەندییەکانی هەرێم و




بەغدا باش بێت و نرخی نەوت جێگیر بێت، بڕی ڕێککەوتن لەسەر کراو دەنێردرێت، بەڵام کاتێک کێشە دەکەوێتە نێوان ئەم پەیوندییەوە، بڕی نێردراوی بەغداش یان دوا دەکەوێت یان ڕادەگیرێت. د. خالید حەیدەر ئەم کێشە بەردەوامە بەم جۆرە شی دەکاتەوە: یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە هەرێم تواناکانی خۆی نەخستووتە گەڕ تاکوو پشت بە خۆی ببەستێت و تەنها چاوەڕوانی بەغدا نەبێت، کە بەردەوام کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ڕوو لە زیادبوونن. هەرێم چەند لە ڕووی داراییەوە پشت بە خۆی ببەستێت، ئەوەندە کەمتر پێویستی بە بەغدا دەبێت، واتە دەبێت چۆن لە ڕووی سیاسییە سەربەخۆیی هەیە و حکومەتی هەرێم هەیە، ئاواش سەربەخۆیی ئابووریی هەبێت. بێگومان سەربەخۆیی ئابووری، سەددا سەد نییە و هەموو وڵاتێک پێویستی بە بەرهەمی وڵاتانی دیکە دەبێت. کە حکومەتی عێراق تێدەگات هەرێم ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و داوای هاوکاری لە بەغدا دەکات، وەها دەکات مامەڵەی بەغداش لەگەڵ هەولێر بگۆڕێت و هەرێم لە گفتوگۆکاندا بەهێز دەرنەکەوێت.

لە بارەی لاوازی و بەهێزیی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە چییەوە بەستراوەتەوە، د. خالد حەیدەر پێی وایە ئەم بابەتە پەیوەندیی بەوەوە هەیە هەولێر تا چەند دەتوانێت لەگەڵ بەغدا ڕێک بکەوێت، لێرەش گرنگە هەرێم بە توانایەکی ئابووریی بەهێزەوە بچێتە ناو دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ عێراق، کە ئەوەش وەها دەکات بەغداش بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە بکات و بێمنەت نەبێت بەرامبەر هەرێم، بەڵام ئەگەر هەرێم بە لاوازی بڕواتە بەغدا، ئەوانیش مامەڵەیان دەگۆڕێت. بۆیە پێویستە هەرێم ببێت بە هێزی تەواوکەری عێراق نەک پێویستی بە بەغدا هەبێت، بەڵکوو دەبێت ئەوان پێویستیان بە هەرێم هەبێت.

**سیاسەتی ئابووریی هەرێم**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەخنەی زۆر لە سیاسەتی ئابووریی هەرێم گیراوە، بەوەی کە بە شێوەی ڕوون و زانستی دانەڕێژراوە و ئەوەشی هەیە چەندین کێشەی گەورەی تێدایە، کە تەنها پشت بە نەوت بەستراوە و ئەمەش هەرێمی کردووە بە پاشکۆی بەغدا.

د. خالید حەیدەر بۆچوونی وایە سیاسەتی ئابووری بریتییە لەو ڕێکار و هەنگاوانەی حکومەت دەیگرێتە بەر، یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئابوورییش سیاسەتی داراییە، هەرێمیش بەگشتی سەر بە عێراقە، بەغدا داوا دەکات داهاتە سنوورییەکان بنێردرێتەوە بۆ گەنجینەی ناوەندی، چاودێریی نەوت دەکات و داوای ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دەکات، ئەمەش وەها دەکات سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت هەرێم سیاسەتی ئابووریی هەبێت، بەڵام بەغدا بەردەوام خەریکی دەستوەردانە کە سیاسەتی دارایی و ئابووریی هەرێم بخاتە ژێر دەستی خۆی، بۆیە سیاسەتی دارایی هەرێم سەربەخۆ نییە و بەغدا بەردەوام دەستوەردان دەکات، واتە بەشێک لە بڕیارەکانی سیاسەتی دارایی هەرێم لە بەغدایە، بۆ نموونە بەغدا لە هەر کاتێکدا دەکرێت داوای داهاتی خاڵە سنوورییەکان و ناوخۆ بکات، نەوتی هەرێمیش هەمیشە کێشەیە لەنێوان هەولێر و بەغدا. ناڕوونیی پەیوەندییە سیاسییە ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق، ناسەربەخۆیی سیاسەتی دارایی-ئابووریی هەرێم بە هۆی دەستوەردانەکانی حکومەتی ناوەندی؛ وای کردووە سیاسەتی ئابووریی هەرێم زۆر سەربەخۆ و سەرکەوتوو نەبێت.

ئاماژە بەوەش دەکات لە ناوخۆی هەرێمیش گرتنەبەری ڕێکار و هەنگاوەکان لە سیاسەتی ئابووریدا سەرکەوتوو نەبووە، پەیکەری ئابووریی هەرێمیش هاوشێوەی عێراقە کە پشت بە نەوت دەبەستێت، کە نەوت نرخی دابەزێت؛ ئابوورییەکە دەپووکێتەوە و تووشی کێشە دەبێت. هەرێم دەیتوانی سیستمێکی ئابووریی باشتری هەبێت، نەک سیستمێک تەنها لەسەر پایەی نەوت بوەستێت، دەبووایە سیستمە ئابوورییەکەی هاوشێوەی عێراق نەبووایە، پشت بە کەرتەکانی دیکەی وەک کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، خزمەتگوزاری و کەرتەکانی دیکە ببەسترایە. بۆیە سەرنەکەوتنی ئابووریی هەرێم پەیوەستە بە هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکانیش.

سەبارەت بەوەی چی بکرێت هاوڵاتیانی هەرێم بەردەوام لەژێر ترسی دووبارەبوونەوەی دۆخی بڕینی مووچە و پاشەکەوتکردنیدا نەبن و ئەم دۆخە کۆتایی بێت، دەڵێت دەوروبەری هەرێم وڵاتی دۆست نین، ئابووریی هەرێمی کوردستان سەقامگیر نییە، سەرچاوەی سەرەکیی داهات؛ نەوتە و ئەمەش کێشەیەکی بنەڕەتییە و کەرتی حکومەتیش زاڵە بەسەر ئابووریی هەرێمدا. هەندێک لە یاساکان پێویستیان بە هەموارکردنە تاکوو ئیش و چالاکییە ئابوورییەکان بە

نەرمییەکـــی زیاتـــرەوە بەڕێـــوە بچـــن، دەبێت دەســـتتێوەردانی حکومـــەت کەمـــتر بکرێتـــەوە، ڕۆڵـــی کەرتـــی تایبـــەت زیـــاد بکرێت و چالاکتر بێت، پێویســـت بـــە ئیدارەکردنێکی زانســـتییانە هەیە کـــە تێیدا کەرتـــی تایبەت زیاتر بەشـــدار و چـــالاک بێت و لەو کەرتەشـــدا گرنگیی زیاتر بە کشـــتوکاڵ بدرێت. هاوردەکردن کەم بکرێتەوە و ئەوەشـــی دێت؛ باجی زیاتری بخرێتە ســـەر، تاکوو بەرهەمـــە ناوخۆییەکـــە لەلایەن هاوڵاتیانـــەوە بکڕدرێت، ئەمەش ســـەرەتایە بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئاسایشـــی خۆراک کە هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی ئابووری، ئاسایشـــی ئابوورییش ئەوەیە کە بتوانرێت هاوســـەنگی ڕابگیرێت لەنێوان خواســـت و خستنەڕوو. خواســـتی ئابوورییەکـــەت چەند پشت ببەســـتێت بە خستنەڕووی دەرەکی، واتە شـــت لـــە دەرەوە بهێبرێـــت و لـــە ئابوورییەکـــەدا بخرێتـــە ڕوو، ئـــەوا ئاسایشـــی ئابوورییەکـــەت دەکەوێتـــە مەترســـییەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەگـــەر توانـــای باشـــتر هەبوو لـــە ناوخـــۆ و خواســـتی ناوخۆ بـــە خســـتنەڕووی ناوخـــۆ پـــڕ بکرێتەوە، ئەو کاتـــە دەتوانرێت باس لـــە ئاسایشـــی خـــۆراک و ئابـــووری بکرێـــت. وتیشـــی، بە کەمکردنەوەی ڕۆڵـــی حکومەت و پشتبەســـتنی کەمتر بە نەوت، ڕێکخســـتنی پەیوەندییە ئابووری و سیاســـییەکان لەگەڵ حکومەتی عێـــراق، دەکرێـــت بـــاس لـــە ئایندەیەکی گەش و سەقامگیریی ئابـــووری بکرێت.


## ئایندەی ئابووریی هەرێم بەرەو کوێ؟

د ه ر ئه نجا مه كا نـــی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنا، دابەزینی نرخی نـــەوت، ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانـــی نێـــوان هەولێر و بەغـــدا، نەناردنـــی مووچـــەی فەرمانبەرانی هەرێم و وەســـتانی پێدانـــی مووچە بـــەم هۆیەوە، هێندەی دیکـــە لاوازیی ئابووریی هەرێمـــی دەرخســـت و زیاتـــر کەوتـــە ژێـــر پرســـیارەوە. عەلی حەمەســـاڵح وەک یەکێـــک لەو پەرلەمانتارانـــەی ماوەیەکـــە بەردەوام لەســـەر ئەم بابەتە کار دەکات، دەڵێـــت ئـــەم دۆخەی ئێســـتای حکومڕانیـــی هەرێمی کوردســـتان بە هیچ شـــێوەیەک توانـــای بەردەوامبوونـــی نییـــە، لەبـــەر بوونـــی گەندەڵییەکـــی زۆر لـــە خاڵە ســـنوورییەکان، لە سیســـتمی بـــاج. گەندەڵییەکی گەورە لە گرێبەســـتە نەوتییەکان هەیـــە کـــە خەرجییەکـــی زۆر زۆر هەیـــە لە پرۆســـەی نەوتدا، لـــە هەڵکەنـــدن، کۆمپانیـــا خزمەتگوزارییەکان، ســـکویریتی، گرێبەســـتی بـــۆری فرۆشـــتن، گەڕانـــەوەی پـــارە و گۆڕینەوەی دۆلار بـــە دینـــار کـــە دەبێـــت پرســـیار لـــەوە بکرێـــت بۆچی یـــەک بانک دیـــاری کـــراوە کە «ئارِ تی بانک»ە، ســـەد دۆلار بە ١٢٠ هەزار دەگۆڕێتـــەوە. ئەگەر پێداچوونـــەوە بـــەم بوارانـــەدا نەکرێـــت، بەردەوامبوونـــی ئەم دۆخـــە زۆر قورســـە.

د. خالیـــد حەیـــدەر پێیوایە کـــە سیســـتمی ئابـــووری بـــە یەکێـــک لـــە پێناســـەکان واتە دەستنیشانکردنی ســـەرچاوەکان، بەرهەمهێنـــان و ئاڵوگۆڕکردنـــی ئەو بەرهەمانە و دابەشـــکردنی. چۆنیەتیی بڕیاردان لە سیســـتمی ئابووریـــدا زۆر گرنگە، لێرەشـــدا ئـــەوەی گرنگـــە ئەوەیـــە ئـــەو

ئابوورییە لەژێر دەستی کەرتی گشتیدایە یان تایبەت، لەمەشدا چ بوارێک گرنگیی پێ دەدرێت، ئایا کشتوکاڵە، پیشەسازییە یان نەوت و بواری دیکەیە، بە تێگەشتن لەم بوارانە، دەتوانرێت قسە لەسەر سیستمی ئابووری بکر یَت .

د. خالید دەڵێت ڕوون نییە کێ ئیدارەی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام دەکرێت بوترێت کەرتی گشتی و حکومەت زاڵە بەسەر سیستمی ئابووریدا، ئەمەش بەو پێیەی بڕیار و یاساکان لای حکومەتن، واتە چوارچێوەی ئیدارەکردنی چالاکییە ئابوورییەکان لای حکومەتە. ناتوانرێت چوارچێوەیەکی زانستیی ڕوون بۆ سیستمە ئابوورییەکەی هەرێم دابنرێت و بوترێت سیستمی ئابووریی هەرێم ئەمەیە یان ئەمە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵبوونێک هەیە لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی لە ئیدارەکردنەکەدا، بەڵام شوێنپەنجەی کەرتی حکومەت زیاترە لە چالاکییە ئابوورییەکان. ئاماژە بەوەش دەکات لەبەر ئەوەی چالاکیی نەوت زاڵە بەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، بەشی زۆری داهات پەیوەستە بە نەوتەوە، دابەشکردنی مووچەش کە پشت بە نەوت دەبەستێت؛ دڵنیایی تێدا نییە، ئەمەش کار دەکاتە سەر چالاکی و جووڵەی بازاڕ و خاوی دەکاتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆر هەیە لە هەرێم کە ئەم مووچەیەش ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی هەرێمی پێوە بەندە. بۆیە کۆکردنەوەی داهات و دابەشکردنی، ڕوون نییە و لاوازە.




### سیناریۆکان

سەبارەت بە سیناریۆکان لە بارەی داهات، سیستمی ئابووری و سیستمی دارایی هەرێم و دەبێت چی بکرێت، د. خالید حەیدەر دەڵێت لەبەردەم چەند سیناریۆیەکداین.

سیناریۆی یەکەم: ئەوەیە کە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن بکرێت بۆ دانانی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ چالاکییە ئابوورییەکان و پەیوەندیی ئەم چالاکییانە لەگەڵ بەغدا.

ئایا هەرێم بەسەربەخۆیی ئیدارەی ئابوورییەکەی بکات و پارەکەشی بۆ خۆی بگەڕێتەوە، یان بەپێچەوانەوە تەنها بە ناو سەربەخۆیی دارایی هەبێت و بەغدا داوای هەموو داهاتی هەرێم بکات. پێویستە هەرێم بەردەوام بێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا، بەڵام بە نەهێشتنی کێشەکان، هەروەها دەبێت جێگیری و سەقامگیری هەبێت لە ئابوورییەکەیدا، بەپێی ڕێککەوتنەکانیش ئەو خاڵانەی لەسەر هەرێمن؛ جێبەجێیان بکات و بەغداش پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکان.

سیناریۆی دووەم: هەرێم توانای هەبێت کۆنترۆڵی سەرچاوە داراییەکانی خۆی بکات بە ڕەزامەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، بەو مەرجەی پەرلەمان چاودێرییەکی وردی سەر حکومەت و کارەکانی بێت لەم بوارەدا، دیوانی چاودێریی داراییش ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و هاوبەشی هەبێت لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی، واتە کەرتی تایبەتیش بەشدار بێت لە ئیدارەکردنی بواری ئابووریدا.

سیناریۆی سێیەم: ئەم سیناریۆیە تایبەتە بە ئیدارەکردنی ئابووریی هەرێم، لەم بوارەدا حکومەت تا ئاستێکی زۆر بکشێتەوە لە چالاکییە ئابوورییەکان و دەستوەردان لە ئیش و کاروباری ئابووری. حکومەت سەرقاڵی چاودێریکردن بێت و تەنها لە کاتی فریاکەوتن و قەیرانەکان دەستوەردان لە ئابووری بکات. واتە دەبێت هەوڵ بدرێت ئابوورییەکەی پشت بە کەرتی تایبەت ببەستێت، حکومەتێکی قەبارە بچووک هەبێت کە ئەرکی دابینکردنی ئاسایش، چاودێریکردنی بواری تەندروستی، پەروەردە، خوێندن و داد و بوارەکانی دیکە بێت. واتە قەبارەی حکومەت بچووک بکرێتەوە و لە کابینەکانی داهاتووشدا ژمارەی وەزارەتەکان کەم بکرێنەوە، تاکوو کەرتی تایبەت بەهێز بێت، ئەمەش وەها دەکات خەڵک کەمتر پشت بە حکومەت ببەستێت کە زۆربەی داهاتی خەڵک لەسەر ئەو داهاتەی حکومەتە، کە دڵنیایی تێدا نییە و هەر کاتێک کەم بووەوە و تووشی قەیران بوو، بازاڕ و ئابووریش تووشی قەیران دەبێت. ئەگەر ژمارەی ئیشکەران لە کەرتی تایبەت زیاتر بوو، ئابووریش بەهێزتر دەبێت، چونکە بوونی مووچە تێیدا؛ دڵنیایی زیاترە.

بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، مانگی تەمموز مانگێکی تا ڕادەیەک یەکلاکەرەوە دەبێت، بڕیار وایە هەنگاو بنرێت و دەست بە قۆناغە پێویست و گرنگەکانی یاسای چاکسازی بکرێت. ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن ئەگەر بەلەسەرخۆییش بێت؛ دەست بە جێبەجێکردنی یاساکە بکرێت، بەڵام تاکوو جێبەجێ نەکرێت، ناتوانرێت بەتەواوی قەبارەی داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەتی هەرێم مەزەندە بکرێت.

---

سەرچاوەکان:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی حەمە ساڵح (٢٠٢٠/٥/٢٨)، سلێمانی
- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. خالید حەیدەر (٢٠٢٠/٦/١)، سلێمانی

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

# خوێندنەوەی کتێبی

# "سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان"

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا پوختەی پڕۆژەی توێژینەوەیەکی زانستییە، کە لەلایەن توێژەرانی «سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی»، هەریەک لە «د. ئومێد ڕەفیق، د. عابد خالید، د. جەلال حەسەن، د. هەردی مەهدی)، لە ماوەی شەش مانگدا لە (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩- ٣٠ی ئازاری ٢٠١٩)، بە هاوکاریی «سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی – سلێمانی»؛ ئەنجام دراوە و بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەناوەڕاستی ساڵی




٢٠١٩ بڵاو کراوەتەوە. ئامانج لە پڕۆژەکە، خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی ئایندەییە بۆ ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستییەکان لە «ناوچە جێناکۆکەکان»، کە جێگای ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقن، لەگەڵ شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی ئەم سەرهەڵدانەوەیە و پاشان پێشبینیکردنی دیارترین کاریگەرییەکانی لەسەر ئایندەی ئاسایش و ئارامیی عێراق بەگشتی و ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی. لەم ڕوانگەیەوە کتێبەکە هەوڵی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە داوە: ئایا مەترسییەکانی سەرلەنوێ

سەرهەڵدانەوەی گرووپە ڕادیکاڵە تیرۆریستییەکان لەسەر ئایندەی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکان، چییە؟ گریمانەی سەرەکیی پڕۆژەکتێبەکەش ئەوەیە کە ناوچە جێناکۆکان ژینگەیەکی لەبارە بۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان و بەکارهێنانی ئەم ناوچانەش بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی کردەوەی تیرۆیستی لە هەموو عێراقدا، هەر چەندە حکومەتی ناوەندی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧دا کۆتاییهاتنی ئەم گرووپانەی لە عێراقدا ڕاگەیاند.

کتێبەکە لە سێ بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم لە سێ باسدا چوارچێوەیەکی تیۆریی بۆ چەمکە سەرەکییەکان خستووەتە ڕوو، باسی یەکەم و دوووم تەرخان کراوە بۆ ناساندنی هەردوو چەمکی «گرووپە تیرۆریستییە ڕادیکاڵەکان» و «ناوچە جێناکۆکەکان»، باسی سێیەمیش تایبەتە بە ناساندنێکی یاسایی بۆ چەمکی «تیرۆر» لە یاسای نێودەوڵەتی و لە یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا.

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا کە لە سێ باس پێک هاتووە، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی ئەو تیۆرانەی شیکردنەوەیان بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر و سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییە ڕادیکاڵەکان کردووە، لەو ڕوانگەیەوە کە تێگەیشتن لەو هۆکارانە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردن و پەیڕەوکردنی میکانیزم و ستراتیژی کاریگەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتن لە دیاردەی تیرۆر و گرووپە ڕادیکاڵەکان. ئەو هۆکارانەش دابەش بوون بەسەر دوو جۆردا، یەکەمیان فاکتەرە بونیاتییەکانن: وەک هەژاری و پێکهاتەی دیمۆگرافی و باژێرسازی. دوومیان فاکتەرە بنەڕەتییە ڕاستەوخۆکانن: وەک بێبەشکردن و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و زوڵم و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و گۆشەگیرکردن و چەوساندنەوە و توندڕەویی ئایینی و ئایدۆلۆژیای تێرۆریستی. باسی دووەم و سێیەمیش لەم بەشە تەرخان کراوە بۆ پرسی سەرهەڵدانی تیرۆر لە ناوچە جێناکۆکەکان

و شیکردنەوە بۆ هۆکارە سیاسییەکانی سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، بە شێوەیەک کە ئەم ناوچانە جگە لەوەی ژینگەیەکە زۆربەی هۆکارە بونیاتی و بنەڕەتییەکانی تیرۆری لەخۆ گرتووە، هەر لە بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە تا سەروەرنەبوونی یاسا و نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئاوارەبوون و دەستتێوەردانی دەرەکی. هاوکات بە وتەی کتێبەکە، لە ئێستادا چەندین هۆکاری تر هەن پرسی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا بە ناوچە جێناکۆکەکانەوە گرێ دەدەن، لە دیارترین ئەو هۆکارانەش: یەکەم: خودی ئەو ناوچانە بە حوکمی تۆبۆگرافیا و مێژووی چەوسانەوەی پێکهاتەکان لەپێش ٢٠٠٣ و باکگراوندی ئایینی و فرەیی پێکهاتەکان، هێلانەیەکی گەرمن بۆ لەخۆگرتن و گۆشکردنی تیرۆر. دووەم: ئەم ناوچانە هەمیشە جێی کێشەی بەردەوامی نێوان حکومەتی

عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، ئەمەش بەردەوام سەرچاوەی بەشێک لە ناسەقامگیری و بۆشایی سەروەر و یاسایی و ئاسایش بووە لەو ناوچانەدا کە هەلی لەباری بۆ گرووپە تیرۆرستییەکان ڕەخساندووە تا جووڵە و کردەی تیرۆیستیی تیا ئەنجام بدەن.

بەشی سێیەمی کتێبەکەش، چوار باسە، لە باسی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە ئاستی میدیایی و لێدوانی لایەنی پەیوەندیداری سیاسی و سەربازی لە عێراق و وڵاتانی هەرێمایەتی، سەرکەوتن بەسەر داعش و بگرە سەرجەم گرووپە تیرۆریستییەکانیشدا ڕاگەیانرا و هەر لایەن و هێز و بەرپرسێکی سیاسی وەک سەرکەوتوویەکی جەنگ لە شاشەکانەوە خۆی نمایش کرد، تا ئەوەی عێراق لە دوا مانگی ساڵی ٢٠١٧دا سەرکەوتنی ڕەسمی و کۆتاییهێنان بە داعشی لە میدیاکانەوە ڕاگەیاند، بەپێی ئەوەش دەبوو دوا پێگە جوگرافی و دوا چەکداری داعش لە عێراقدا بوونی نەمابێت، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە کاتی نووسینی کتێبەکەدا بەردەست بوون، لە کۆتایی ٢٠١٨ و سەرەتای ٢٠١٩، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە جووڵە و جێماوەکانی چەکدارانی داعش و گرووپانی تری تیرۆریست، هێشتا هەفتانە و مانگانە بینراون، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی کردەوە تیرۆریستییەکان، ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە داعش لەلایەن سوپا و سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراقەوە، هێندەی ڕاگەیاندنێکی سیاسی و بەشێک بووە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و زیادکردنی هەژموونی لایەنەکان بەسەر یەکتردا، ئەوەندە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە و بنبڕی داعش و تیرۆرستان نەبووە. لەبەر ئەمەش کتێبەکە دەڵێت هێشتا مەترسییەکان و زەمینەی سەرهەڵدانەوەی ئەو گرووپانە لە ئایندەی نزیکدا نەک ئەگەرە، بەڵکوو مەترسیی ڕاستەقینە و هەرەشەی واقیعییشە. لە باسی دووەمدا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە بەپێی سەرچاوە و زانیارییە بەردەستەکان، ڕێکخراوی داعش پاش شکست، بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی گرتنەوەی کەرکووک و کاردانەوەکانی پاش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوەدایە، هاوکات هەوڵ دەدات مۆدێلی شەڕ و چالاکییەکانیشی بگۆڕێت بۆ کردەوەی غافڵگیرانە و بەمەش بگەڕێتەوە سەر شانۆی ڕووداوەکانی عێراق. وێڕای ئەوەی لەپاڵ بەردەوامبوون لە ئامادەسازکردنی گەنجان و مێردمناڵان لە ناوچە سوننەنشینەکان و لادێ ڕووماڵنەکراوەکان، داعش شانە نووستووەکانی لەو ناوچانە ئامادە دەکاتەوە و لەمەشدا سوودێکی زۆری لە بەجێماوان و کەسوکاری داعشە پێشینەکان وەرگرتووە، زۆرینەی چالاکی و جموجووڵەکانیش لە زۆنی ناوچە جێناکۆکەکاندا خۆی دەبینێتەوە. لە باسی سێیەمی ئەو بەشەشدا، هۆکارەکانی بووژانەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جێناکۆکاندا خراوەتە ڕوو، کە بە پلەی یەکەم جوگرافیای ئاڵۆزی ناوچەکە و لەبارێتیی بۆ داعش، بەتایبەت ناوچەکانی سنووری موسڵ و مەخموور، لەگەڵ ناوچەکانی خوارووی

کەرکووک تا دەگاتە دیالە، سەلاحەدین و ڕەمادی. لە زۆرێک لەم ناوچانەشدا، پاشماوەکانی داعش سوودیان لەو بۆشایی و پانتاییەی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان وەرگرتووە بۆ خۆگواستنەوە و شمەک و هاتوچۆ و خۆمەڵاسدان و ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی.

لە باسی چوارەمیشدا، سەرەتا ستراتیژیەتی داعش دوای سەرهەڵدانەوەی لە ناوچە جیناکۆکەکان خراوەتە ڕوو، کە لەسەر سێ ئاست کار دەکات: یەکەم: هەڵوەشانەوەی خەلافەت و گەڕانەوە بۆ ڕێکخستن لە ڕێی ئەنجامدانی چالاکیی سەربازیی بچووك و زیندووکردنەوەی شانە نووستووەکان. دووەم: گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردن لە ناوەندێتییەوە بۆ ناناوەندێتی، بە گواستنەوەی دەسەڵات لە خەلیفە و خاوەنی دەسەڵاتی سەنتەرەوە بۆ والی و ئەنجوومەنی شوورا و لیژنەی کۆمیسیاران، بە شێوەیەک هەموو دەسەڵاتە واقیعییەکان بۆ والی و جێگری والییەکان گوازراونەتەوە، جا ئەو دەسەڵاتانە سەربازی بن یاخود کارگێڕی و دارایی. سێیەم: قۆستنەوەی دەرفەت و سوودوەرگرتن لە بۆشاییەکانی حوکمڕانی و پرۆسەی سیاسیی عێراق. لە کۆتایی ئەم باسەشدا، سێ سیناریۆ بۆ ئایندەی مەترسیی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان خراوەتە ڕووە، یەکەم: گۆڕینی ئەم ناوچانە لە ناوچەیەکی ژیانییەوە بۆ ناوچەیەکی سەربازی، کە تیایدا ژیانکردن تەنها لە سەنتەری شارەکان بێت و بەشێکی زۆر لە گوندەکان بۆ ڕێگرتن لە هاوکاری و یارمەتیدانی ئەم گرووپانە چۆڵ بکرێن. دووەم: چارەسەری یاسایی بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی لە ڕێی ئاساییکردنەوە و ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕاپرسی لە ناوچە جێناکۆکەکان لە پێناو ئارامکردنەوەی دۆخی سیاسی و کارگێڕی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە. سێیەم: لە ڕووی خۆ بە بەرپرسیارزانیی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ئەمەریکاش، کە گرووپە تیرۆریستییەکان مەترسیی ئاسایش بۆ هەموویان دروست دەکات، هاوکات لە ترسی بوونی ناوچەکە کە هێڵی تێپەڕبوونی «هیلالی شیعی»یە بە هێلانەی چەکدارە دۆستەکانی ئێران. سیناریۆی گونجاو بۆ هەرسێ لایەن، هەوڵدانیانە بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو ناوچانە بە سێ ئاراستە: ١. لە ڕووی سیاسییەوە، پێکهاتەکان و حکومەتی عێراق ڕازی بکرێن چارەسەرێکی لۆکاڵی بۆ دۆخی ئەو ناوچانە بدۆزرێتەوە کە هەمووان ڕازی بکات. ٢. لە ڕووی سەربازییەوە کار بۆ ژوورێکی هاوبەشی پرۆسەی سەربازی بکرێت بۆ کاری (هەواڵگریی سەربازی، پرۆسێسی سەربازی و پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی)، کە لێژنە هاوبەش و مەیدانییەکانی بۆ دروست کراوە. ٣. لە ڕووی کارگێڕی، ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان لە دەسەڵاتی ئەمنی داماڵرێن تا وەك دامەزراوەی مەدەنی کاری خۆیان بکەن، چونکە لەو ناوچانەدا زیاتر حوکمی سەربازی جێگیر کراوە.

# پێشبینی (التنبؤ - Prediction)

وەک یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئایندەناسی، لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە زانینی پیشوەخت و ڕێژەیی ڕووداوەکانی ئایندە بەر لە ڕوودانیان، بەپێی لۆژیکی یاسا زانستییە ئەزموونکراوەکان. ئەم چەمکە وەک چۆن لە ئێستادا جێگای گرنگیپێدانی زۆری زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانە، بە هەمان شێوە لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە یەکێک لە ڕەگەزەکانی بیروباوەڕی ئایینی بووە و لە سەرجەم ئایینەکاندا جۆرێک لە پێشبینی بە کۆتایی جیهان و هاتنی دوارۆژ و لێپرسینەوە هەیە، ئەمە جگە لە ئایندەبینییە مژدەبەخشەکان بە گەیشتن بە بەهەشت یان ترساندن بە کەوتنە ناو دۆزەخ. وێڕای ئەمەش، لە سەردەمی نوێدا هەندێک لە ئایدیۆلۆژیا سیکولارەکان لەسەر بنەمای پێشبینکردنی چەندین قۆناغ و ڕووداوی ئایندەیی، هانی هەوادارانی خۆیان داوە بۆ دارشتنی پلان و دیاریکردنی ئامانجەکانی خەباتی ئایندەیان لە بەرمەبنای ئاڕاستەکانی ئەو پێشبینییانەدا، وەک ئایدیۆلۆژیای مارکسی و پێشبینییەکانی سەبارەت ئایندەی ململانێی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و قۆناغەکانی سۆشیاڵ و کۆمۆنیزم، یان ئایدۆلۆژیای نازیزم کە خوازیار بوو لە سایەی بیرۆکەی "نیو ئۆردەرینگ"دا سەرلەنوێ هەموو جیهان لەژێر هەژموونی ڕەگەزی ئارياییدا ڕێک بخاتەوە.

پێشبینی، لای زۆرێک لە زانایان بریتییە لە یەکێک لە ئەرکەکانی زانست، بۆ نموونە "ڤان دالین" باوەڕی وایە کە زانست سێ ئامانجی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش بریتین لە زیادکردنی توانی مرۆڤ بۆ (ڕاڤەکردن و پێشبینیکردن و ڕکێفکردن) دیاردە و ڕووداوەکان. بۆیە ئەگەر ڕاڤەکردن لە زانستدا بریتی بێت لە دۆزینەوەی ئەو یاسایەی کە پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی سروشتی یان کۆمەڵایەتی، سیاسی ڕێک دەخات، وەک پەیوەندیی نێوان "گەرمی و بەهەڵمبوونی ئاو" یان "نادادیی ئابووری و شۆڕش"، ئەوا پێشبینی بریتییە لە خستنەڕووی ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوان گۆڕاوەکان و لێکەوتەکانی لە ئایندەدا. بۆ نموونە؛ هەر کاتێ نادادیی ئابووری هەبوو، ئەگەری ڕوودانی شۆڕشیش هەیە. بەم دوو کردەیەش (ڕاڤە و پیشبینی)، دەشێ مرۆڤ ئەو پەیوەندییەی نێوان گۆڕاوەکان ڕکێف بکات و بەر بە لێکەوتە خراپەکانی بگرێت. بۆ نموونە لە کاتی نادادیی ئابووریدا، دەشێت بە گرتنەبەری سیاسەتی



خۆشـــگوزەرانی و دووبـــارە دابەشـــکردنەوەی داهـــات؛ ڕێ لـــە ئەگـــەری ڕوودانی شـــۆڕش بگیرێت. بۆیە لە زانستێکی وەک سیاسەتدا، داڕشتن و دروستکردنی بڕیـــارە سیاســـییەکان چەنـــدە وەڵامدانـــەوەی پێداویســـتی و داواکارییەکانی خەڵکن، هێندەش ئامانجی دیزاینکردنـــەوەی ژیانی سیاســـییە لە ئاینـــدەدا.

ئـــەم تێگەشـــتنە بـــۆ پێشـــبینی؛ جێگەی ڕەخنەگرتنی "کارل پۆپـــەر"ە لـــە زانستە کۆمەڵایەتییـــەکان، کـــە پێـــی وایە پێشـــبینی لەم زانســـتانەدا ئـــارەزووی داڕشـــتنەوەی ئایندەیـــە نـــەک وەک زانســـتە سروشـــتییەکان زانینـــی پێشـــوەختی ئەگـــەری دووبارە ڕوودانـــەوەی دیاردەیەک بێت، بۆیە هەرگیز پیشـــبینی زانســـتە کۆمەڵایەتییـــەکان بـــە هەمان وردیـــی پێشـــبینیی زانســـتە سروشـــتییەکان نییـــە.

سەرچاوەکان:

1- Scruton, Roger(2007), Dictionary of Political Thought, 3rd Edition, The Palgrave Macmillan.

٢- وقيـــدي، محمـــد (٢٠١٠)، العلـــوم الإنســـانية والإيديولوجيا، دار الكتـــب العلميـــة دار الكتب ا لعلمية .

٣- أبـــراش، إبراهيم (٢٠٠٩)، المنهـــج العلمـــي وتطبيقاته في العلـــوم الإجتماعيـــة، دار المنهل.

٤- فـــان دالیـــن، دیوبولـــد (١٩٩٧)، مناهـــج البحـــث فـــی علـــم النفـس، ترجمـــة: محمد نبيـــل نوفـــل وآخريـــن، مكتبه انجلـــو المصرية.

٥- بوبـــر، كارل (٢٠٠٦)، منطـــق البحـــث العلمـــي، ت: محمـــد البغـــدادى، المنظمـــة العربيـــة للترجمـــة، ٢٠٠٦.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچەکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org


Center For Future Studies

ڕانانی ئاییندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org


Center Foe Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org





سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)

ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناتەوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش

نیسان ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)

حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان

لەمپەر و سیناریۆکان

2020 ایار

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطون
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية

مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية

ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419

دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ — ١١

المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) — ٧٧

ڕۆڵی نەوتی کەرکوك لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا — ١٧٩

Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin — 205




# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات**
**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات**

---

**ژمارە (٢) تەمموزی ٢٠٢٠**

---